هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

# هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی ( خوسرەو جاف )دا

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە
وەك بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

لەلایەن
سەمیر ئەحمەد ئیبراهیم بەکالۆریۆس - زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر- ٢٠٠٧

بە سەرپەرشتی
پ.د. عەبدوڵلا ئاگرین

ڕێبەندان ٢٧١٤ کوردی    ڕەبیعی یەکەم ١٤٣٦ کۆچی    کانونی دووەم ٢٠١٥ زایینی

## **بڕیاری سەرپەرشتیار**

**ئـەم نامەیـە( هونـەرەکانی گێڕانـەوە لەرۆمانـەکانی – خوسـرەو جـاف – دا ) لەلایـەن قوتابی( سەمیر ئەحمد ئیبراهیم) بەسەرپەرشتی من لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.**

**سەرپەرشتیار**

**پ.د. عەبدوڵڵا ئاگرین**

**رێکەوت: / / ٢٠١٤**

**بەپێی پێشنیازی سەرپەرشت ئەم ماستەرنامەیە پێشکەشبە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا**

**سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا**

**لە بەشی زمانی کوردی**

**رێکەوت: / / ٢٠١٤**

# بڕیاری لیژنه

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیە کە بە ناوی (هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی ( خوسرەو جاف) دا - یە خوێندەوە و لەگەڵ قوتابییەکەدا لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی گفتوگۆمان کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلە ی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.**

**پ. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان**

**سەرۆکی لیژنە**

**ڕێکەوت / / ٢٠١٥**

**پ. د. هیمداد حوسێن بەکر**

**ئەندام**

**ڕێکەوت / / ٢٠١٥**

**پ. ی. د. محەمەد ئەمین عەبدوڵڵا**

**ئەندام**

**ڕێکەوت / / ٢٠١٥**

**پ. د. عەبدوڵڵا ئاگرین**

**ئەندام و سەرپەرشتیار**

**ڕێکەوت / / ٢٠١٥**

**لە لایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین پەسند کرا.**

**پ. ی. د. شادان جەمیل عەباس**

**ڕاگری کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین**

**ڕێکەوت / / ٢٠١٥**

## پێشکەشە بە:

- ❖خاکی کوردستان و بەرگریکەرانی ئەم خاکە.
- ❖دایکی میهرەبانم و باوکی ئازیزم.
- ❖گیانی پاکی برای بچووکم ( فواد ئەحمەد) کە لە تەمەنی لاوی جێی هێشتین.
- ❖هاوسەری ژیانم (هۆزان).
- ❖چاوەگەشەکانی سیما و دیما.

## سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ پەروەردگاری میهرەبانم، کە دەرفەتی دا بەتەواوکردنی ئەم نامەیە، هەروەها سوپاسی بێپایانم ئاراستەی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە دەکەم:

١-سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی زمان-بەشی زمانی کوردی و سەرجەم مامۆستایانی ئەم بەشە, بەتایبەتی ئەو مامۆستایانەی کە لە قۆناغی بەکالۆریۆس و ماستەر وانەیان پێ وتم و سودیان پێگەیاندووم.

٢- بەڕێز مامۆستای سەرپەرشتیاری نامەکەم (پ. د. عبدالله ئاگرین)، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ و بەسەرنج و تێبینی و پێشنیارەکانی ڕێی بۆ ئاسانکردم. لەدەست نیشانکردن و دەستخستنی چەندین سەرچاوەی گرنگ هاریکاری کردووم.

٣- دایك و باوکم و سەرجەم براکانم دەکەم، کە بەهەموو شێوەیەك هاندەر و پشتیوانم بوونە لە درێژەدان بە خوێندن، بەتایبەتی لە خوێندنی (ماستەر)دا، سەبر و تەحەمولێکی لە ڕادە بەدەریانکردووم.

٤- (د. کارزان موحسین) دەکەم، کە چەندین سەرچاوەی گرنگی لە کتێبخانەکەی خۆیدا بۆ دابینکردم.

٥- هەریەکە لەمامۆستایان ( سۆران مامەند عەبدوڵڵا) و ( شاخەوان فەرهاد محەمەد) دەکەم کە لە رووی هەڵە چنینەوە بەنامەکەدا چوونەوە.

٦-بۆ هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا (بهزاد فتاح خورشید) کە لەم قۆناغەی خوێندنەی هەردووکماندا لە گەران کۆکردنەوەی سەرچاوەکان هاوکارویارمەتی دەری یەکبووین.

# پوختەی لێکۆڵینەوەکە


ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ, توانای لەخۆگرتنی چەندین بابەت و ڕووداوی هەیە, کە بە ناخ ومێشکی ڕۆماننووسدا دێن و دەچن, لە بەر ئەوە ڕۆمان لە هەموو بارێکدا بابەتی جیاوازی تێدا بەرجەستە دەبێ, کە پێویستە بەشێوەیەکی ورد بگێڕدرێتەوە, ئەوەش بە هۆی هونەرەکانی شێوازی گێڕانەوەکەی دێتە دی. ئەم لێکۆڵینەوەیەش, وەك لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکاری پراکتیکیە, هەوڵێکە بۆ دەست نیشانکردنی ( هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی خوسرەو جاف ) دا, ناوەڕۆکی ڕۆمانەکانی ( کۆردەرە – هیچ – پاشایان کوشت – راز – دەغدو ) بە گشتی لە کۆمەڵگای کوردی وەرگیراون, باس لە ئێش و ئازار و گرفتەکانی تاکی کورد و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان دەکەن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر دەروازەیەك و سێ بەش دابەشکراوە و هەر بەشێکیش لە دوو تەوەر پێکهاتووە. لەدەروازەدا باسی پێناسەو مێژووی گێڕانەوەی ئەدەبی کراوەو گرنگی و ڕۆڵی گێڕانەوە لەرەخنەی ئەدەبیداخراوەتەڕوو, لەگەڵ شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆماندا پێشکەش کراوە.

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە دابەشی سەر دوو تەوەری سەرەکی کراوە: لە تەوەری یەکەمدا پێناسە و مێژووی هونەری دیالۆگ لەگێڕانەوەی ڕۆماندا دیاریکراوە. پاشان هونەری دیالۆگ و جۆرەکانی لەڕۆمانەکاندا پراکتیزەکراوە. لە تەوەری دووەمیشدا پێناسەو مێژووی هونەری مۆنۆلۆگ لەڕۆماندا خراوەنەتە ڕوو. دواتر مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی لەڕۆمانەکاندا پراکتیزەکراوە.

**بەشی دووەم:** ئەم بەشەش لە دووتەوەر پێکهاتووە: لەتەوەری یەکەمدا باسی پێناسەو جۆرەکانی هونەری دواخراو کراوە, دواتر ئەم هونەرە بەجۆرەکانیەوە لە ڕۆمانەکاندا پراکتیزەکراوە. لەتەوەری دووەمدا : پێناسەو جۆرەکانی هونەری پێشخراو لەڕۆماندا باسکراوە, دواتر ئەم هونەرە بە جۆرەکانیەوە لە ڕۆمانەکاندا پراکتیزەکراوە.

**بەشی سێ یەم:** ئەم بەشەش دابەشی سەردوو تەوەر کراوە: لەتەوەری یەکەمدا باسی هونەری کورتکردنەوەو لابردن لەرووی تیۆرییەوە کراوە, لەگەڵ پراکتیزەکردنی هەریەك لەم هونەرانە لە رۆمانەکاندا. لەتەوەری دووەمیشدا رۆڵی هەریەکە لە هونەری دیمەن و هونەری وەسف لە رووی تیۆرییەوە دەست نیشانکراوە. لەگەڵ شیکردنەوە و پراکتیزەکردنی ئەم هونەرانە لە رۆمانەکاندا.

**لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا** بە چەند ئەنجامێك گەیشتووین و نوسیومانن, دواتر لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

# ((پێڕست))


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بڕیاری سەرپەرشتیار | أ |
| بڕیاری لێژنە | ب |
| پێشکەش | پ |
| سوپاس و پێزانین | ت |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە | ج |
| پێڕست | خ |
| پێشەکی | ١ |
| **دەروازە:** | |
| پێناسە و مێژووی گێڕانەوەی ئەدەبی. | ٣ |
| گرنگی و رۆڵی گێڕانەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا. | ٥ |
| شێوازەکانی گێڕانەوە. | ٧ |
| **بەشی یەکەم** | ١٠–٤٨ |
| تەوەری یەکەم: | |
| پێناسە و مێژووی هونەری دیالۆگ لە رۆماندا. | ١٠ |
| پراکتیزەکردنی هونەری دیالۆگ لە رۆمانەکانی ( کۆردەرە– هیچ– پاشایان کوشت – راز– دەغدو)دا. | ١٧ |
| تەوەری دووەم: | |
| پێناسە و مێژووی هونەری مۆنۆلۆگ لە رۆماندا. | ٣٧ |
| پراکتیزەکردنی هونەری مۆنۆلۆگ لە رۆمانەکانی(کۆردەرە – هیچ– پاشایان کوشت – راز– دەغدو) دا. | ٤٣ |
| **بەشی دووەم** | ٤٩ –٩٠ |
| تەوەری یەکەم: | |
| پەیوەندی کات لەگەڵ هونەری( دواخراو) و ( پێشخراو) دا. | ٤٩ |
| هونەری دواخراو (فلاشباك) لە رۆماندا. | ٥٠ |

| | |
|---|---|
| پێناسە و جۆرەکانی هونەری دواخراو. | ٥١ |
| پراکتیزەکردنی جۆرەکانی هونەری دواخراو لە رۆمانەکانی (کۆردەرە– هیچ– پاشایان کوشت– راز– دەغدو)دا. | ٥٤ |
| تەوەری دووەم: | |
| هونەری پێشخراو لە رۆماندا. | ٧١ |
| گرنگترین خاسیەتەکانی هونەری پێشخراو. | ٧٣ |
| جۆرەکانی هونەری پێشخراو. | ٧٤ |
| پراکتیزەکردنی جۆرەکانی هونەری پێشخراو لە رۆمانەکانی(کۆردەرە– هیچ– پاشایان کوشت– راز– دەغدو)دا. | ٧٥ |
| **بەشی سێ یەم** | ٩١ –١٣٣ |
| تەوەری یەکەم: | |
| هونەری کورتکردنەوە و لابردن لە رۆماندا:<br>١– هونەری کورتکردنەوە.<br>٢– هونەری لابردن. | ٩١ |
| پراکتیزەکردنی هونەری کورتکردنەوەولابردن لە رۆمانەکانی(کۆردەرە– هیچ– پاشایان کوشت– راز– دەغدو)دا. | ٩٤ |
| تەوەری دووەم: | |
| هونەری دیمەن و هونەری وەسف لە رۆماندا.<br>١– هونەری دیمەن | ١٠٥ |
| پراکتیزەکردنی هونەری دیمەن لە رۆمانەکانی (کۆردەرە– هیچ– پاشایان کوشت– راز – دەغدو)دا. | ١٠٧ |
| ٢– هونەری وەسف لە رۆماندا. | ١١٤ |
| پراکتیزەکردنی هونەری وەسف لە رۆمانەکانی (کۆردەرە– هیچ– پاشایان کوشت– راز – دەغدو)دا. | ١١٩ |
| ئەنجام | ١٣٢ |
| سەرچاوەکان | ١٣٤–١٣٩ |
| کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی | أ |
| کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | A |

# پێشەکی

# پێشەکی

گێڕانەوە یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکانی ڕۆمان، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم چەمکە بەسانایی هەست بەوە دەکەین تەمەنی ئەم چەمکە پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە، لە گەڵ هەبوونی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی لە سەردەمی شارستانیەتە کۆنەکانەوە گێڕانەوەش هەبووە، کاتێ مرۆڤەکان لە راوەشکار گەڕاونەتەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکان و دەستیانکردووە بە وێنەکێشانی ئەو شتانەی کە لەرۆژدا بینیوویانە لەوانەش: (( ئاژەڵ، گیانداری دڕندە، درەخت، ڕۆژ، ...)) یان هۆگری بوونە یا لێی ترساون. ئەم وێنانە زۆر پێش قسەکردن کەوتوون، بۆیە وێنە دەبێتە یەکەم کەرەستەی گێڕانەوە لە سەردەمە کۆنەکاندا،کە مرۆڤ پەنای بۆ بردووە بۆ دەربرین لە ویستەکانی، ئەمە سەرەتای گێڕانەوەیە. بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆرێك لە ڕەخنەگران بە بەشێکی گرنگ وستوونی سەرەکی دەقی دەزانن، چونکە هیچ دەقێکی ئەدەبی بە بێ گێڕانەوە نابێت. ئەمەش وایکردووە کە هونەری گێڕانەوە بە هایەکی بەرزو گرنگی هەبێت تاموچێژێکی تایبەتی و ڕۆڵی دیاری هەبێت کە چالاکی بەدەق دەبەخشێ، ئەمەش وا دەکات خوێنەر حەز لە خوێندنەوەی دەق بکات و بەردەوام بێت تا کۆتایی دەقەکە بخوێنێتەوە.

## هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی ئەم هونەرانە لە ڕۆمانەکانی (خوسرەو جاف) دا، لە ئەنجامی خوێندنەوە و تێڕوانیم بۆ ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە، بۆم دەرکەوت دەتوانم لە کارەکانم لایەنی نموونەی پراکتیکی لە ڕۆمانەکان دەست نیشان بکەم، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی لێزانی و لێهاتووی ڕۆماننووس لە کاری ڕۆماننووسیندا.

## سنوری لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، تەنیا پێنج ڕۆمانی ( خوسرەو جاف ) شیکراوەتەوە. ئەوانیش: ( کۆردەرە – هیچ – پاشایان کوشت – ڕاز – دەغدو )، جگە لەو پێنج ڕۆمانە نووسەر دوو ڕۆمانی تریشی هەیە ئەوانیش ڕۆمانی ( گەماڵ و دەربار)ن، بە پێویستمان نەزانی بەکاریان بهێنین، چونکە ئەگەر ئەم دوو ڕۆمانەشمان وەربگرتایە ئەوا سنوری باسەکەمان زۆر فراوان دەبوو، ئەو کاتەش ناچاردەبووین سەرپێیانە بەسەر شتەکاندا بچینەوە.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

بریتییە لەدەست نیشانکردن و بەرجەستەکردنی ئەو هونەرانەی، کە نووسەر لەڕۆمانەکانیدا بەکاری هێناون بەهەموو جۆرەکانیەوە، لەگەڵ بەهای هەریەك لەو هونەرانەی کە لە ڕەوتی پێشخستنی ڕۆمانەکەدان.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ڕێبازی ڕەخنەی (وەسفی – شیکاری) مان بۆ دیاریکردنی هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکاندا پەیڕەوکردووە.

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:

گومان لەوەدانیە لە لێکۆڵینەوەیەکی لەم بابەتەدا, گەلێك گیروگرفت دێنەڕێ, یەکێك لەو گرفتانەی هاتۆتە بەردەممان هەمە جۆری بەکارهێنانی زاراوەکانە لەلایەن لێکۆڵەرانەوە, کەبووە بەهۆی دوو دڵی بۆ لیکۆڵەر لە هەڵبژاردنی زاراوەدا. بۆ نموونە زاراوەی (فلاشباك) ئەم واتایانەی بۆ دانراوە: **دواخراوی, گەڕانەوە, پاشخراوی** ..., هەروەها بۆ زاراوەی (الاستباق) یش ئەم واتایانەی بۆ دانراوە: پێشکەوتن, پێشبینی, پێشخەری, پێشخراوی ... هتد. ئەم زاراوانەش زۆربەیان مانای بنەڕەتی زاراوەکانیان نەگەیاندووە.

## پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەسەر دەروازەیەك و سێ بەش و ئەنجامەکان دابەش کراوە:

لەدەروازەدا باسی پێناسە و مێژووی گێڕانەوەی ئەدەبی و گرنگی و ڕۆڵی گێڕانەوە لەرەخنەی ئەدەبیدا, لەگەڵ شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆماندا کراوە.

**بەشی یەکەم :** ئەم بەشە دابەشی سەر دوو تەوەری سەرەکی کراوە: لە تەوەری یەکەمدا پێناسە و مێژووی هونەری دیالۆگ لەگێڕانەوەی ڕۆماندا دیاریکراوە. پاشان هونەری دیالۆگ و جۆرەکانی لەرۆمانەکاندا پراکتیزەکراوە. لە تەوەری دووەمیشدا پێناسە و مێژووی هونەری مۆنۆلۆگ لەرۆماندا خراونەتەڕوو. دواتر مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی لەرۆمانەکاندا پراکتیزەکراوە.

**بەشی دووەم:** ئەم بەشەش لە دوو تەوەر پێك هاتووە: لەتەوەری یەکەمدا باسی پێناسە و جۆرەکانی هونەری دواخراوی کراوە, دواتر ئەم هونەرە بەجۆرەکانیەوە لە ڕۆمانەکاندا پراکتیزەکراوە. لەتەوەری دووەمدا: پێناسەو جۆرەکانی هونەری پێشخراوی لەرۆماندا باسکراوە, دواتر ئەم هونەرە بە جۆرەکانیەوە لە ڕۆمانەکاندا پراکتیزەکراوە.

**بەشی سێ یەم :** هەروەها ئەم بەشەش دابەشی سەردوو تەوەر کراوە: لەتەوەری یەکەمدا باسی هونەری کورتکردنەوە و لابردن لەڕووی تیۆرییەوە کراوە, لەگەڵ پراکتیزەکردنی هەریەك لەم هونەرانە لە ڕۆمانەکاندا. لەتەوەری دووەمیشدا ڕۆڵی هەریەکە لە دیمەن و وەسف لەرووی تیۆرییەوە دەست نیشانکراوە. لەگەڵ شیکردنەوە و پراکتیزەکردنی ئەم هونەرانە لە ڕۆمانە دیاریکراوەکاندا.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشماندا, گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین بەچەند خاڵێك دەست نیشانمان کردووە. دواتر ئاماژەمان بەسەرچاوە بەکارهێنراوەکان کردووە, پاشان پوختەی لێکۆڵینەوەکەمان بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕوو.

## * دەروازە *

- ❖ پێناسە و مێژووی گێڕانەوەی ئەدەبی.
- ❖ گرنگی و رۆڵی گێڕانەوە لە رەخنەی ئەدەبیدا.
- ❖ شێوازی گێڕانەوە لە رۆماندا.

## پێناسه و مێژووی گێڕانەوەی ئەدەبی:

له دارِشتنی ڕۆماندا گێڕانەوه به توخم و ڕەگەزێکی سەرەکی دادەنرێ، هەروەکو نووسەر و ڕەخنەگرانی ئەم بواره ئاماژەی بۆ دەکەن، گێڕانەوەی چەمکی به پێز دوور له وشه و دەستەواژەی ئالۆز و ڕستەی سواو دەبێته هۆی هاندان و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر، فره ڕەهەندیی گێڕانەوه و ئەو پەیوەندییه هەمەلایەنەی به چەمك و لایەنه هونەرییەکانی دەقەوه دەیبەستێتەوە، وایکردووه چەند پێناسەیەك هەڵبگرێت و بەچەند شێوەیەکی جیاواز وێنا بکرێت.

ئەگەر هەوڵبدەین پێناسەی ئەم چەمکه بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین گێڕانەوه بریتییه له: ((گێڕانەوەی ڕووداوێك، یان زیاتر لەڕووداوێك، که لەڕووداوێکی ڕاستیەوه هاتبن، یان دروستکراوی ئەندێشه بن ))[1], واته هەندێ ڕووداو ڕاستەقینەن و هەندێکیش دروستکراون. (جمال میر صادقی) له کتێبی (عناصر داستان)دا, بەم شێوەیه پێناسەی گێڕانەوه دەکات و دەڵێ : ((پیشاندەری شێوه و فۆرمێکه که نووسەر ئامانج و مەبەستەکانی له چیرۆکەکەیدا به خوێنەر ڕادەگەیەنێ که مەبەستەکانی (فیزیکی، زەینی، کەسی))[2] لەخۆ دەگرێت. واته نووسەر لەڕێگای چیرۆکەکەیەوه مەبەستەکانی و ئەوەی له ناخیدا پەنگی خواردووەتەوه به خوێنەری دەگەیەنێت. له فەرهەنگی (هەنبانه بۆرینه)شدا بەم شێوەیه پێناسەی گێڕانەوه کراوه، گێڕانەوه به واتای ((گێڕاندنەوه: گێڕاندنەوەش, به واتایی باسکردنی قسەی گوتراو))[3]. ئەمانه گوزارشت له ڕابردوو دەکەن نەك داهاتوو.

گێڕانەوه لای بنیاتگەره نوێیەکانی وەکو (تۆدۆرۆف و جینێت و ریکاردۆ) و کەسانی تر ((بریتییه له ڕێگەی یان چۆنیەتی خستنەڕووی, یان زنجیرەیەکی به دوای یەکدا هاتووی ڕووداوه ڕاستی و خەیاڵییەکان، له ڕێگەی گێڕەوەیەك یان زیاتر))[4]. واته خستنەڕووی ڕووداوه ڕاستی و خەیاڵیەکانه له ڕێگەی گێڕەوەیەك، تاکو ڕووداوەکان بگێڕێتەوه و باسیان بکات, گێڕەوەش هەندێکجار بەشداره له دەقەکەدا و هەندێك جاریش له دەرەوەی دەقەکەیه, بەڵام پرۆسەی خستنەڕووی حەکایەتەکه بەرەو ئامانجێکی ئاراستەکراو, بەهۆی پێکەوه خستنەگەڕی کۆمەڵێك لایەنەوه ئەنجام دەدرێت .

ئەگەر سەیری مێژووی (گێڕانەوه) بکەین هەست دەکەین لەدایکبوونی ئەم چەمکه پەیوەسته به بوونی مرۆڤەوه، واته هەر له سەرەتایی دروستبوونی مرۆڤەوه، گێڕانەوەش بەشێکی گرنگی ژیانی بەردەوامی ڕۆژانەی مرۆڤی داگیرکردووه، له کۆنەوه تاکو ئێستاش لەوێنەی سەر دیوار و ئەشکەوتەکانەوه، گێڕانەوەی ئەو ڕووداو و بەسەر هاتانەی، که مرۆڤەکان بۆ یەکتری دەگێڕێتەوه. ئەوەی لێرەدا مەبەسته (چەمکی گێڕانەوەیه) لەڕووی هونەرییەوه, واته ئەوکاتەی که به شێوەیەکی هونەری باس له گێڕانەوه کراوه ...., چەمکی (گێڕانەوه) لەڕووی تیۆرییەوه به گرنگترین لایەنی پێکهاتەی دەق دادەنرێت و پەیوەندی پتەوی

---

[1]- معجم مصطلحات الادب – مجدی وهبة، مکتبة لبنان، ١٩٧٤، ص٣٤١ .

[2]- عناصر داستان، جمال میر صادقی، انتشارات سخن, چاپ پنجم, تهران ١٣٨٥، ص٣٨٥ .

[3]– هەنبانه بۆرینه– هەژار، فەرهەنگی کوردی– فارسی، **چاپ ششم**, تهران، ١٣٨٨، ل٧٤١ .

[4]- تەکنیکی گێڕانەوه له ڕۆمانی (ئێواره پەروانه) ی بەختیار عەلی دا، جەلال ئەنوەر سەعید، چاپخانەی کەمال، سلێمانی،٢٠٠٩ ، ل٢٣ .

لەگەڵ سەرجەم لایەنە هونەریەکانی دیکەی دەقدا هەیە، بە تایبەت ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ زمان لە لایەك و کات لە لایەکی دیکەوە هەیەتی، کە لەگەڵ یەکتری گوتاری دەق بەرهەمدەهێنێت(٥) .

بۆ چەمکی (گێڕانەوە) زۆربەی ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن هەوڵە بەردەوامەکانی (ڤلادمێر پرۆپ) لەسەر راڤەکردنی حیکایەتی فۆلکلۆری دەکرێتە هەوڵی بەرایی ئەو یاسانەی لەسەر گێڕانەوە خراوەتەڕوو. لە شیعری فۆلکلۆریشدا لەسەردەستی یەکێك لە پێشەنگەکانی فۆرمالیستەکانی روسیا (ئەلیکسەندەر شکلۆڤسکی)یەوە بووە. سەرنجەکانی ئەم نووسەرە لەسەر شیعری فۆلکلۆری بوون لەوێوە پەی بە بچووکترین یەکەی گێڕانەوە برد بۆ نموونە رستەی ئەژدیهاکە کچی پاشای فراند(٦). بە بچووکترین یەکەی گێڕانەوە تەماشاکرد.

لە پاشان (پرۆپ) وەك چوار توخمی سەرەکیی لەو رستەیەی روانی لە ڕێگەی گۆڕاو و نەگۆڕەوە، کە ئاماژەی بەوە داوە وشەی (فراند) لە ئەفسانەی روسیدا جێگیرە, سێ وشەکانی تر گۆڕاوە, هەوڵەکانی (پرۆپ) بوونە هۆی ئەوەی گەلێك لێکۆلینەوە و راڤەکاریی بۆ (گێرانەوە) کرا، تا وای لێهات لەلای بونیادگەرایی و فۆرمخوازەکان, وەکو زانستێك سەیری بکرێت. بەهۆی ئەو فرەمانا و جوداییەی ، کە هەیەتی بۆ چەمکی گێڕانەوە (**narratology**) لەلایەن (تزڤیتان تۆدۆرۆڤ) ەوە گرنگی پێدرا(٧). پاشان لەلایەن رەخنەگری فەرەنسی (ئەلجیرداس جولیا گریماس)ەوە لێکۆلینەوەی لەسەر کرا، دوای ئەمانە هەندێك رەخنەگری دیکەش بە قووڵی لەسەر ئەم چەمکە وەستان لەوانەش جیرار جینیت بوو(٨).

---

5- دیداری رۆمانی کوردی، کۆکردنەوەو ئاراستەکانی گۆشەنیگا لەگێڕانەوەی رۆمانی (باڵندەکانی دەم با)دا، سیامند هادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب- هەولێر، ٢٠١٣، ل١٣٤ .

6- الشعرية- تزفيطان طودوروف- ترجمة: شكرى المخبوت و رجاء بن سلامة- دار توبقال للنشر- الدار البيضاء- الطبعة الثانية ، ١٩٩٠، ص٦٥ .

7- دليل النقاء الادبي .. اضاءة لاكثر من سبعين تيارا ومصطلحا نقديا معاصرا- د. ميجان الرويلى- د. سعد البارعى- المركز الثقافي العربي- الطبعة الخامسة- ٢٠٠٧، ص١٧٤ .

8- اشكالية المصطلح في الخطاب النقدى العربي الجديد- د.يوسف و غليسي- الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف - الطبعة الاولى, ٢٠٠٨، ص٢٨٠ .

## گرنگی و رۆڵی گێڕانەوە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا

گێڕانەوە، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە نەك وەك تەکنیك، بەڵکو وەك دیاردەیەك لە دەقە نا ئەدەبیەکانیشدا بەدی دەکرێت، مێژووەکەی بۆ سەرەتای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، دواتر لەناو دەقە ئاینییەکاندا هەستی پێکراوە، دواتر بۆ ژانرەکانی ئەدەب بە تایبەتی ئەفسانە و داستان و بابەتەکانی فۆلکلۆر گواستراوەتەوە، دواتر لە دەقە هونەرییەکاندا, وەك تەکنیك بەکارهاتووە و رەنگی داوەتەوە. ئاشکرایە ئاست و چۆنیەتیی گێڕانەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە گۆشەنیگایەکەوە بۆ گۆشەنیگایەکی تر دەگۆڕێت. واتە گێڕانەوە هەر ئەوە نییە بە شێوەیەکی ئاسایی و زمانێکی ساکار رووداوێك بگێڕدرێتەوە، بەڵکو پێویستە گێڕەرەوە لە گێڕانەوەدا لێهاتوویی وکارامەیی بنوێنێت لە تەوزیفکردنی چێژو خەیاڵ تاکو بۆگێرەوە (گێڕەوە) بە هەمان چێژ و لەزەتەوە بابەتی گێڕانەوەکە وەربگرێت. لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە گێڕانەوە هونەرە نەك زانست(٩).

لەم بارەیەوە (رۆلان بارت) پێیوایە, کە گێڕانەوە پەیوەست نییە بە باشی و خراپی ئەدەبەوە، چونکە گێڕانەوە شتێکی گشتییە، لە مێژووش باڵاترە. (وایت) یش هەمان بۆ چوونی (بارت) ی هەیە و دەڵێ: ((ئێمە کاتێك گرنگی بە گێڕانەوە دەدەین . واتە بانگەواز بۆ بیرکردنەوە لە سروشتی رۆشنبیری و لەوانەیە لە خودی سروشتی مرۆڤایەتیش بگەین))(١٠).

گێڕانەوە بە یەکێك لە گرنگترین بنەماکانی بینای هونەری دەقی هەر چیرۆکێك دادەنرێت و مەرجی سەرکەوتنی هەر کارێکی ئەدەبیش, تا ڕادەیەکی گەورە دەبەسترێتەوە بە جۆری ئەو رێگایەی، کە رستەی پێ رێکدەخرێت و دەگێڕدرێتەوە، چونکە ((لە ئەدەبدا رووبەڕووی ئەو رووداوانە دەبینەوە, کە بەشێوەیەکی دیاری کراو پێشکەش دەکرێن. هەموو شتێکی گشتی دیاردەکانی بەپێی ئەو دیتنەی لێیەوە پێشکەش دەکرێت و دەست نیشان دەکرێت))(١١).

گرنگی گێڕانەوە لەوەدایە, کە پەیوەندییەکی زۆری بە رەگەز و تەکنیکەکانی چیرۆك و رۆمانەوە هەیە، بۆیە گێڕانەوە ( واتا: ئاستی هونەری زمانی دەق ) بە رستەی کورت یان درێژ بە رستەی فرمان یان ناوی و ... هتد. , دەشێ گێڕانەوە باس لە شوێنێ بکات، یان کەسانی تر, دەشگونجێ کەسەکە لە خۆیەوە دەست پێبکات(١٢).

گێڕانەوە ناسنامەی هونەری زمانی دەقێك لەخۆدەگرێت، ئەو زمانە هونەرییەش لە رستە و دەربڕینی جۆراو جۆر پێکدێت، رستە و دەربرینەکانی گێڕانەوەش خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانن، کە نابێت درێژ دادڕێ و زۆر لە خۆکردنیان پێوە دیار بێت. مەرجیش نییە گێڕانەوە تەنها باس لە کەسێتیەکانی ناو

---

9- تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ی بەختیار عەلی دا جەلال ئەنوەر سەعید، ل٢٥ .

10– السردیه حدود الفهم, بول بیرون، ت: د. عبدالله ابراهیم، مجلة (الثقافة الاجنبیة)، بغداد ع . (٢)، ١٩٩٢، ص٢٧ .

11– بینای هونەریی چیرۆکی کوردی، پەرێز سابیر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢١١ .

12– بەرەو ئاستانەی رۆمان و گۆشە نیگاکان، عەبدوڵا سەراج، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٤ .

چیرۆك و رۆمان بكات، جاری وا هەیە گێڕانەوە باس لە شوێن و رووداو یان دیمەنێك دەكات، دەكرێت كەسێتیەكەش لە خۆیەوە دەست بە گێڕانەوە بكات و خۆی رووداو و بەسەر هات و شتەكان بگێرێتەوە، بێ ئەوەی پێویستی بە كەسێكی تر یان گێڕەرەوە هەبێت.

لە پاڵ دیاریكردنی گرنگی گێڕانەوە، رەخنەگران هەوڵی ئەوەیان داوە, ئەرك و سروشتی گێڕانەوە دیاری بكەن, بۆ ئەوەی بتوانن لە ئاست و جۆرەكانی بكۆڵنەوە. هەندێكیان لە ژێر كاریگەریی بیروڕا زمانییەكاندا جۆری بۆ چوونەكانیان دروست دەكەن و وەك دیاردەیەكی زمانەوانی تەماشای دەكەن و ((بە كۆمەڵە رستەیەكی بە دوای یەكداهاتوو))(١٣)ی دادەنێن. تۆدۆرۆڤ دەڵێ: (( تەنها گوتنێكە كە چیرۆكگێرەوە ئاراستەی خوێنەری دەكات))(١٤). بەپێی پێناسەی (تۆدۆرۆڤ) هۆیەكی گەیاندنە لەنێوان چیرۆكگێرەوە و خوێنەردا, بەڵام هەندێ رەخنەگری تر پێیان وایە, گێڕانەوە دەبێتە: ((ئامرازێك بۆ چنینی پەیوەندی نێوان ئەو بنەما هونەرییانەی دەقی چیرۆكەكەی لەسەر دروست دەبێت))(١٥). ئەمانە ئەوە دەردەخەن گێڕانەوە دەبێتە بنەمای بنیاتنانی دەقی چیرۆكەكە و بەبێ ئەم دەقەكە دروست نابێت. بۆیە گێڕانەوە, وەك یەكێك لە بنەما هونەرییەكان گرنگترین رۆڵ دەگێرێت لە بینای دەقی چیرۆكدا.

---

13– التحليل البنيوي للسرد، د. سامية احمد الاسعد مجلة الاقلام، العدد الثاني, السنة الرابعة عشرة، كانون الاول، ١٩٧٨، ص٤ .

14– سەرچاوەی پێشوو، ل٥ .

15– البناء الفني لرواية الحربية في العراق (دراسة لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة)، د. عبدالله ابراهيم، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافة العامة, بغداد، ١٩٨٨، ص١٦١ .

## شێوازەکانی گێڕانەوە:

شێوازی گێڕانەوە لە میانەی جۆری گێڕەرەوە دیاری دەکرێت، چۆنیەتی شێوازی گێڕانەوەش لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی تر دەگۆڕێت, لەم بارەیەوە زۆربەی زۆری ڕەخنەگران لەوانەش: ((ڕەخنەگری فۆرمخوازی رووسی (توماشفسکی) دوو جۆر شێوازی گێڕانەوە دیاری دەکات، کە بریتین لە: (گێڕانەوەی بابەتی **Objective**) و گێڕانەوەی خودی (**Subjective**)) (١٦).

## ١- گێڕانەوەی بابەتی (**Objecttive**)

لەگێڕانەوەی بابەتیدا ((نووسەر ئاگاداری هەموو شتێکە، تەنانەت، بیر و هەستی شاراوەی کارەکتەرەکانیش ))(١٧). چونکە بەلای (فلۆپێرەوە) نووسەر دەبێ بەشێوەیەك بێت لەجیهانەکەیدا کەس نەیبینێت، خاوەن تواناش بێت بەجۆرێکی وا لە هەموو شوێن و جێگایەك هەست بەبوونی بکەین و نەیبینین (١٨). ئەم زانیاریانە کە گێڕەرەوە هەیەتی تەنیا بەناو چیرۆکەکەوە پەیوەست نین، بەڵکو بەجیهانی دەرەوەی چیرۆکەکەشەوە پەیوەستن. گێڕەرەوە لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیدا لە دەرەوەی ڕووداوەکانی ناو دەقەکە دایە لە ڕێگەی بەکارهێنانی راناوی کەسی سێیەمی تاکەوە هەیە. گێڕەرەوە لەم جۆری شێوازی گێڕانەوەدا, وەك کەسێکی بێلایەن ڕووداو بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە و خۆی نابێت بە بەشێك لەڕووداوەکان . ئەو شێوازە گێڕانەوەیە سەربەستیەکی زۆری تێدایە بۆ نووسەر و ((فراوانترین ماوە دەکاتەوە و گەورەترین توانا دەبەخشێ بۆ سەربەستی جوڵانەوە))(١٩). نووسەر ناخاتە ژێر هیچ پرسیارێکەوە بۆ ئەوەی ئەو سەرچاوەی ئەو زانیاریانەمان پێبڵێ کە ئەو هەیەتی, وەك ئەوەی توانای هەیە لە بارەی روخسار و تایبەتمەندی شتەکان و کەسەکان زانیاریمان پێبدات، لە هەمان کاتدا زانیاری لەسەر ناوەوەی کارەکتەرەکانیش هەیە و بۆ وەرگر (خوێنەر)ی ئاشکرا دەکات.

دەبێت ئەوەش بزانین: ((بەکارهێنانی شێوازی بابەتی لەگێڕانەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکردنی داستان لەڕووی ئەوەی کەوا جۆری چیرۆکگێڕەوە لە داستاندا ئەو چیرۆکگێڕەوە هەموو شتزانەیە, کە دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە لە هەڵسوراندنی ڕووداو و کەسەکان و پێشکەشکردن و ئاراستەکردنیان لە بوارێکی فراوانی کات و شوێندا و هەموو شتێك دەربارەی دیوی دەرەوە و ناوەوەی کەسایەتی سەرەکی دەزانێت و پێشبینی هەموو شتێك دەکات))(٢٠).

---

16– شعرية الخطاب السردي، محمد عزام، مطبعة اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، ص٨٣ .

17– اساليب السرد في الرواية العربية، د. صلاح فضل، دار المدى للثقافة والنشر، دمشق، ٢٠٠٣، ص٢١ .

18– گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دا، د. پەری ساڵح موفتی، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی, چاپخانەی حاجی هاشم, چاپی یەکەم, هەولێر,٢٠١٢, ل١٦ .

19 – البناء الفني في الرواية التاريخية العربية (١٨٧٠-١٩٣٩)– دراسة فنية مقارنة، خالد سهر محي الساعدي، رسالة ماجستير ، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩م، ص٣٣ .

20– بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەرێز سابیر، ل٢٢٤ .

هەروەها حەکایەت و ئەفسانە و بەشێکی زۆری چیرۆك و رۆمانەکانی سەرەتاش بەهۆی شێوازی بابەتی و گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە رووداوەکان گێڕدراونەتەوە. نموونەش بۆ جۆری ئەم شێوازی گێڕانەوە رەخنەگرە ئەورووپییەکان بەتایبەتی یەکێکی وەك (تۆدۆرۆڤ ) ئاماژە بەراناوی کەسی سێیەمی نادیاری (ئەو) دەکات. کە پێی وایە رۆماننووسی ئەورووپی هەر راناوی کەسی یەکەمی (من) بەکارناهێنن، بەڵکو پشت بە راناوی نادیاری ئەویش دەبەستن. وەك لە بەرهەمەکانی (دیکنزو ستاندال و فلۆبێرو دیستۆیڤسکی) و چەندانی تر، کە لەبەرهەمەکانیاندا گۆشەنیگای دەرەکیان بەکارهێناوە. تێیدا نووسەر بیروڕای خۆی دەردەخات، ئەم جۆری گێڕانەوەش لە جۆری رۆمانی ئایدیۆلۆژییە[21].

هەر لە جۆری ئەم شێوازی گێڕانەوەیە لای رۆماننووسانی عەرەب ئەو رۆمانانەی, کە تێیدا گێڕەرەوەی هەمووشتزان باڵا دەستە لە دەرەوە رووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەویش رۆماننووسی سوری ( عبدالسلام عجیلی )یە کە لە رۆمانی ( باسمە لەنێو فرمێسکدا ) و ( سێ رەنگەکەی خۆشەویستی )دا, گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەردەکەوێت و توانایەکی لەرادە بە دەریان هەیە بۆ ناخی کەسایەتیەکان[22].

سەرەتای رۆمانی کوردیش شێوازی گێڕانەوەی بابەتی وەرگرتووە، وەك لە رۆمانی (ژانی گەل) ی "ئیبراهیم ئەحمەد" دا، کە گێڕەرەوەکەی دیار نییە و لەدەرەوەی کاتی رووداوەکانەوە دەقەکان دەگێڕێتەوە، کەسێ نییە رووداوەکان بگێڕێتەوە، چونکە ((ئەوەی لەم رۆمانەدا تێبینی کراوە ، گێڕەرەوە خۆی ئاماژە بە دەستپێکردنی بیرهاتنەوەکە دەکات کە لەرێی زەینەوە بەرەو رابردوو دەگەڕێتەوە – لێکۆلەر) و خۆشی کۆتاییەکەی دەست نیشان دەکا و لە رێی بەکارهێنانی راناوی (ئەو) ی کەسی سێیەمی تاکەوە گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات . ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم رۆمانە و گۆشەنیگای نووسەر لە سەر بناغەیەکی بابەتی دامەزراوە))[23]. واتە لەم رۆمانەدا یەك گێڕەرەوە هەیە، ئەویش نووسەرە ، کە ئەرکی گێڕانەوەی وەرگرتووە بەهۆی بەکارهێنانی راناوی (ئەو) ی کەسی سێیەمی تاك کە لە دواوەی تێکستەکەدایە.

## ٢- گێڕانەوەی خودی (Subjective)

لە گێڕانەوەی خودیدا، گێڕەرەوە لە رووداوەکاندا بەشداری دەکات و جێبەجێکەر و دروستکەری گێڕانەوەکەشە. گێڕەرەوە لەبەئەنجام گەیاندنی رووداوەکاندا رۆڵی هەیە و لەناوەوە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و بە بینینێکی خودییانە پێشکەشیان دەکات، زانیاریشی لە بارەی کەسەکانەوە زۆر نییە ((بەدیارنەبوونی گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەقە گێڕراوەکە زیندوتر و بەپێزتر دەبێت))[24] لە شێوازی (گێڕانەوەی خودی) دا, کارەکتەرەکان خۆیان لەگەڵ خوێنەر دەکەونە گفتوگۆ و ئازادییەکی تەواویان هەیە.

---

[21]- تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەراج) دا، ڕێزان رحمان خدر, نامەی ماستر, کۆلێژی پەروەردە, زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر, ٢٠٠٧, ل٥٢.

[22]– تقنيات السرد في عالم العجيلي الروائي، نضال الصالح، ج(الاسبوع الادبي)، العدد(٩٩١)، ٢٠٠٦، ص٦٤ .

[23]– بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، راز) نەجم خالید نەجمەدین ئەلوەنی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٨٧ .

[24]– البناء الفني لرواية الحرب العربية في العراق، د. عبدالله ابراهيم، ص١٩٥ .

گێڕەرەوەی شێوازی خودی (هەمان شتزان) دەبێ کارەکتەرەکانی ناویشی ئازادیەکی زۆریان هەبێت، چونکە گێڕەرەوە خودی ئەو کەسەیە، کە لەرووداوەکاندا بەشدارە، بۆیە سەربەستیەکی زیاتر بۆ کارەکتەرەکان دەرەخسێ.

گێڕانەوەی خودی (( لە بنەڕەتدا هیچ ڕۆلێك بۆ گێڕەرەوەی هەمووشتزان ناهێڵێتەوە، لە ڕێگەی گێرەوەکەوە شوێن پێی گێڕانەوەکە دەکەوین بەدوای سەرچاوەی زانینی گێڕەوەکە دادەگەڕێین ))[٢٥]. لەڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمەوە لە دەرەوەی رووداوەکانەوە دێنە ناوەوەی رووداوەکانەوە، چونکە گێڕانەوەکە بە زمانی قسەکەر کە کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکە ئەنجامیدەدات. وامان لێدەکات کە هەست بە ئێش و ئازاری پاڵەوان و کارەکتەرەکان بکەین و هەر لە گەڵیشیاندا بەشداری لە گێڕانەوەکە بکەین[٢٦]. لە شێوازی گێڕانەوەی خودیدا زیاتر کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست دەبێت، چونکە کارەکتەرەکان لێرەدا بە زمانی خۆیان گوزارشت لە خۆیان و بیر و بۆچوونەکانی خۆیان دەکەن و فرەدەنگی گێڕانەوە بەسەر پانتایی دەقەکەدا زاڵ دەبێت، چونکە ئەوەی بەکاری گێڕانەوە هەڵدەستێت تەنیا لەیەك گۆشەنیگاوە رووداوەکان نابینێت، بەڵکو کەسەکان هەریەکەیان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری رووداوەکان دەکەن، ئەمەش رۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی تاکدەنگی لە چیرۆك و رۆماندا.

ئەو شێوازەی لە رۆماندا بەکاردێت پێویستە زۆر روون و ئاسان بێت، (ستاندال) دەڵێ : ((تەنیا یەك بنەما دەزانم نابێ شێواز زۆر روون و ئاشکرا بێ یان زۆر ئاسان بێ. ))[٢٧]. لەسەر نووسەری رۆمانە ئارەزووی بەردەوامی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی رۆمان رابکێشێ، تاکو رۆمانێکی قەبارە گەورە بخوێنێتەوە، رۆمانێکی قەبارە گەورە ئەگەر تام و چێژێکی تایبەتی نەبێت, ئاوا خوێنەر نایخوێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە جۆرێك لە ئالۆزی و زوو ئاشکرا نەکردنی مەبەستەکان و بە دوای یەك هاتنی رووداوەکان هەیە، بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بە هیچ بێزاری و دابڕانێك نەکات لەکاتی خوێندنەوەی رۆمانەکەداو بەردەوام بەدوای زانیاریەکانی رۆماننووسەوە بێت ، کە رۆماننووس دەیەوێت زانیارییەکانی بە (خوێنەر – وەرگر) لە ڕێگەی خوێندنەوەی رۆمان بگەیەنێت. بەشێوەیەکی وا کە پەیوەندی لەگەڵ خوێنەرانی خۆی پەیدا بکات, کە خوێنەر هەموو شتێك بە تەواوی درکی پێبکات. بەشداری لەرووداو کێشەکانی جیهانی نووسەر بکات و لە هەموو شتێکی ئەم جیهانە بە هەڵوێست وەرگرتن دەربڕینی هاودەردی یا بێزاری – دژکردەوە و کاردانەوە پیشان بدات[٢٨]. لە رۆماندا ئەگەر شێواز پێویستی بەروونی و ئاشکرایی نەبێ، بەڵام مەبەستی رۆماننووس لە رۆماندا پێویستی بەروونی و ئاشکرایی هەیە، بۆ ئەوەی خوێنەر بە باشترین شێوە تێبگات.

---

25– تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانی(ئێوارە پەروانە) ی (بەختیار عەلی) دا، جەلال ئەنوەر سەعید، ل١٩٦ .

26– البناء الفني، في الرواية التاريخية العربية، خالد سهر محي الساعدي، ص٣٤ .

27– رۆمان و پیشەی نووسینی رۆمان، ئەدوارد بلشن– دایانداو بتفاید، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی سامی محمد, ئەژی گۆران لە عەرەبیەوە کردویەتی بە کوردی، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٢، ل٤٦ .

28– رۆمان چیە؟، مالکم برادبری، وەرگێرانی لە فارسییەوە جەواد مستەفا ستۆپەی گۆڤاری رامان، ژمارە (٤٨)، حوزەیرانی ٢٠٠٠، ل١٤٣ .

# * بەشی یەکەم *

## تەوەری یەکەم:

☒ پێناسە و مێژووی هونەری دیالۆگ لە رۆماندا.
☒ جۆرەکانی دیالۆگ.
☒ پراکتیزەکردنی هونەری دیالۆگ لە رۆمانەکانی:
(کۆردەرە – هیچ – پاشایان کوشت – راز – دەغدو) دا.

## تەوەری دووەم:

☒پێناسە و مێژووی هونەری مۆنۆلۆگ لە رۆماندا.
☒ جۆرەکانی مۆنۆلۆگ .
☒ پراکتیزەکردنی هونەری مۆنۆلۆگ لە رۆمانەکانی:
(کۆردەرە – هیچ – پاشایان کوشت – راز – دەغدو) دا.

## • تەوەری یەکەم:

## پێناسە و مێژووی هونەری دیالۆگ

دیالۆگ شێوەیەکی ئاسایی گفتوگۆکردنە بە هەبوونی دوو کەس یان زیاتر ئەنجام دەدرێ، نوسەران بۆ ئەوە پەنا دەبەنە بەر دیالۆگ تاکو هەست و سروشتی کارەکتەرمان پێ ئاشنا بکەن. دیالۆگ بە هەڵوێستی کارەکتەرەکانەوە بەندە، چونکە کاردانەوە جیاوەزەکانی کارەکتەر دەنوێنێ. لەگەڵ هەبوونی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییەدا دیالۆگیش هەبووە، دواتر ئەم هونەرە گوازراوەتەوە بۆ ناو چیرۆك و کورتیلە چیرۆك و رۆمان ...هتد.

دیالۆگ رێگەیەکی گرنگە چیرۆکنووس پشتی پێدەبەستێت بۆ جوولاندن و راگەیاندنی بیروراکان بە رێگەیەکی گونجاو بۆ ئەوەی وەسف و شیکردنەوەی پێویست بە دیمەن ببەخشێ, بۆیە بەگرنگترین سەرچاوەی خۆشی بەخشین دادەنرێت بۆ چیرۆك[٢٩].

(جمال میر سادقی) بەم شێوەیە پێناسەی هونەری دیالۆگ دەکات و دەڵێ : ((دیالۆگ گفتوگۆیەکە لەنێوان دوو کارەکتەر، یان زیاتردا کە لەسەر بابەتێك گفتوگۆ دەکەن))[٣٠] . هەریەك لە کارەکتەرەکان هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بابەتەکە دەردەبڕن کە گفتوگۆی لەسەر دەکەن . (فاتح عبدالسلام) یش, بەم شێوەیە پێناسەی دیالۆگی کردوە و دەڵێ : ((دیالۆگ ئەو گفتوگۆ گوتراوانە دەگرێتەوە، کە لەنێوان کارەکتەرەکانی چیرۆکدا ئالوگۆر دەکرێت و بەرپرسیاریەتی گواستنەوەی جولانەوەی رووداوەکان لەخالێکەوە بۆ خالێکی دیکەی ناو تێکستەکە لەئەستۆ دەگرێت))[٣١]. (باقر جواد الزجاجی) بەم شێوەیە پێناسەی ئەم هونەرەی کردووە و دەڵێ : ((سیفەتێکی عەقلّییە ، ناسنامەی هزری و دەروونی تایبەتی بەکارەکتەرەکان دەدات، ئەو ناسنامەیەی لەناو دەقی ئەدەبیدا کارەکتەرێك لە ئەوانی دیکە جیا دەکاتەوە))[٣٢].

قسەکردن پەیوەندی بە عەقڵەوە هەیە و زیاتر نێوەندە لە برِی ئەوەی خودی مەبەست بێت و تەواوی ئەو بیرو باوەڕانە دەگوازێتەوە کە لە بیری پاڵەوان یان کارەکتەرێکدا هەن .

## مێژووی سەرهەڵدانی هونەری دیالۆگ

لەرووی مێژووییەوە سەرەتای بایەخ و گرنگی گفتوگۆ لەوکاتەوە سەرچاوە دەگرێ کە فەیلەسوفانی, وەکو سوکرات و ئەفلاتوون لە نووسین و بیر و فەلسەفەی خۆیاندا پشتیان بە گفتوگۆ بەستووە، ئەو شێوە گفتوگۆیەی سوکرات و ئەفلاتوون ئەو هێزی گەیاندن و کاریگەرییەی خۆی لە دەستداوە، کە دەبوو ((گفتوگۆ ئەنجامی بدایە, چونکە لەراستیدا ئەو گفتوگۆیانە تەنها رەگەزەکانی(ململانێ)بوون بەبێ ئەوەی گۆڕان و

---

29– بناء الرواية، د. عبدالفتاح عثمان، مكتبة الشباب، مصر، ١٩٨٢، ص٢٧٣ .

30– عناصر داستان، جمال مير صادقی، ص٤٦٦ .

31 – الحوار القصصي تقنياته وعلاقاته السردية، فاتح عبدالسلام، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت ، ١٩٩٩، ص٢٩ .

32– الرواية العراقية وقضية الريف، باقر الجواد الزجاجي، دار الحرية للطباعة، العراق بغداد، ١٩٨٠، ص١٦٧ .

پەرەسەندنی کارەکتەرەکان دەربخات))[٣٣]. لەگەڵ ئەمەشدا هیچ گومانی تێدا نییە ئەو مۆرکە کەرنەڤاڵییەی گفتوگۆکانی سوکرات و ئەفلاتوون لە تەك شێوە ئاڵۆز و رەهەندە فەلسەفییەکاندا هەیانە رۆڵ و کاریگەریی بەرچاویان لە پێکهێنانی ئەو شێوە گفتوگۆیە و شێوەی دارشتندا هەبوو[٣٤]. بۆیە دەبینین ئەو پەیوەندییانە بوارێك و بزاوتن بە گفتوگۆکان دەدەن, بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بێزاری و دوورەپەرێزی دووربخاتەوە کە مرۆڤ تووشی بێزاری دەکات, بەڵام مۆرکی فیکری وەك سیمایەکی دیاری ئەو گفتوگۆیانە هەر دەمێنێت. هەروەها ((دیالۆگی ناو شانۆگەرییەکان، تا هاتنی دیستۆیفسکی وەکو هونەرێك سوودی لێوەرنەگیرا))[٣٥]. واتە دیالۆگ یەکێکە لەو هونەرانەی لە هونەری شانۆگەرییەوە هاتۆتە ناو رۆمان, رۆماننووسیش سوودی لێ وەردەگرێت، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوە دا رووداوەکان بەرەو پێشەوە ببات . لە لایەکی ترەوە زانیاری زیاتر دەربارەی کارەکتەرەکان بخاتەروو, چونکە لە دیالۆگدا کارەکتەرەکان هەندێ جار راستەوخۆ قسە دەکەن بە بێ یارمەتی حیکایەتخوان ، ئەمەش وا دەکات خۆیان زانیاری دەربارەی خۆیان پێشکەش بکەن. بەم شێوەیە ئەم هونەرە ((لەنێوان چیرۆك و شانۆگەریدا هاوبەشە، جیاوازی نێوانیشیان لەوەدایە، چیرۆکنووس دەتوانێ ئەم هونەرە سات لە ساتێك بەکاربهێنێ, بەڵام شانۆنووس ناتوانێ دەستبەرداری ببێ))[٣٦] . دیالۆگ رۆڵی دەبێت لەبەرەو پێش بردنی رووداو و نیشاندانی مەبەستە شاراوەکانی تێکست جا چ مەبەستی نووسەر بێت (رۆماننووس), یاخود نیشاندانی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی یاخود هەلوێستی کەسایەتیەکان بێت لە ئاستی گرفت و کێشەکان، ئەمەش جەخت لە پەیوەندی گفتوگۆ دەکاتەوە لەگەڵ (( گشت توخمەکانی تری ناو دەق وەکو دیمەن – رووداو – شوێن بۆ خوێنەر روون دەبن ))[٣٧] لێرەدا, پەیوەندی دیالۆگ لەگەڵ توخمەکانی تردا روون دەبێتەوە . ئەو ململانێیەی لەنێوان کارەکتەرەکان روودەدات بەرێگای دیالۆگەوە دێتە ئەنجام ((دیالۆگ هۆکاری گەیاندنی ململانێیە لەنێوان چەند کەسانێك))[٣٨]و ململانێیەکان دیالۆگ روون دەکاتەوە .

دیالۆگ زمان حاڵی کارەکتەرە، کارەکتەریش بنیاتنەری کارەسات و رووداوەکانن, ((دیالۆگ هەمیشە لەگەڵ هەڵوێست و رووداوەکان یەکدەگرێتەوە و واتایان پێدەبەخشێت))[٣٩]. خستنەرووی دیمەنەکان بە

33– الحوار القصصی، فاتح عبدالسلام، ص١٤ .

34–سەرچاوەی پێشوو،ص١٤ .

35– قضایا فن الابداعی عند دیستویفسکی، م. ب. باختین، ترجمة: د. جمیل نصیف التکریتی، وزارة الاعلام، بغداد، ١٩٨٦ ، ص٢٦٢ .

36– سەرچاوەوی پێشوو، ل٢٦٣ .

٣٧– الحوار القصصی، فاتح عبدالسلام، ص٢٩–٣٠ .

38– النقد التطبیقی والتحلیلی، د. عدنان خالد عبدالله، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص١٣٠ .

39– فنون الادب، توفیق الحکیم، مکتبة الانجیلو المصریة، ١٩٦٨، ص١٤ .

٤٠– تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، د. نجم خالد نجم الدین، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژ(٢٤)، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٨٧ .

شێوەیەکی ڕێکوپێك یەك لە دوای یەك وا دەکات ڕووداوە سەرەکی و لاوەکییەکان لای وەرگر ئاشنابن. چەندە دیالۆگ گەشە بکات و لەگەڵ ڕۆژگاردا بگونجێت ((ئەوەندە جولانەوەی نوێ لەرووی زەمەنی دەقەوە دروست دەبێت))[٤٠] و دەقەکە لە بازنەیەکی داخراودا ناسوڕێتەوە . هەنگاو بەهەنگاو بە پێی تێپەڕبوونی کات ، کاتەکەش گۆڕانی تیدەکەوێت و لە جووڵەیەکی بەردەوامدا دەبێت و ناتوانێت یاری بە کات بکرێت .

پێویستە زمانی دیالۆگ هاوشان بێت لەگەڵ ئاستی رۆشنبیری کەسێتیەکان و کار وکردەوە و رفتارەکانیاندا, رۆماننووس یا چیرۆکنووس راست و رەوان و سەلیقەدار هونەرمەند ...., لە دابەشکردنی دەمەتەقێکان (دیالۆگ) دا پێڕەوی ئاستی ڕۆشنبیری دەروونی کەسێتیەکان دەکات و ... هەرچین و بەرەیێك گفت و لفتی جیاواز و ... تەنانەت هەر مرۆڤێك بە جۆرێك دەدوێت و ... وشە و زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە[٤١].

ئەو دیالۆگانەی رۆماننووس لەناو دەقێکدا دروستیان دەکات، پێویستە سادەیی و ساکارییان پێوە دیار بێت، بۆیە ((ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان کەسانی چیرۆکەکەدا دەکرێ دەبێ ئاسایی بێ و دروستکراو نەیەتە بەر زەینی خوێنەر ))[٤٢]. دەبێت لە دیالۆگدا خوێنەر وا هەست بکات، دیالۆگەکان پەیوەندی راستەوخۆیان بە دیوی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرەکانەوە هەیە، نەك دیالۆگەکان یەك شێوە ئاواز و دید و بیر و بۆ چوون بگەیەنن، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی لاوازی دەقەکە، کە نەیتوانیوە ناسنامەی یەکە یەکەی کەسێتییەکان بە دیار بخات، بە واتایەکی تر دیالۆگەکان شێوەی سروشتی کەسایەتییەکان بگەیەنن، نەك شێوەی دەستکرد و دروستکراوی رۆماننووس بگەیەنن.

لەنێوان دیالۆگ و گێڕانەوەدا پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو هەیە، کە دەتوانین بڵێین دیالۆگ تەواوکەری گێڕانەوەیە و ((ئەگەر شتێك نەتوانرێ لە رێگەی گێڕانەوەوە دەرببڕێت ئەوا لە رێگەی دیالۆگەوە دەردەبڕێت))[٤٣].

هونەری گێڕانەوە هونەرێکی فراوانە و پانتایەکی زۆری ناو دەق داگیر دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت هەندێ ئەرك جێبەجێ بکات و لە بری ئەو دیالۆگ ئەو ئەرکانەجێبەجێ دەکات. ئەو ئەرکانەی دیالۆگ لەناو دەقی ئەدەبیدا دەیانبینێت ئەرکی گرینگن.

## مەرجەکانی دروست بوون و پێکهاتنی دیالۆگ :

١- پێویستە دیالۆگ ، سروشتی و گونجاو بێت .

٢- پێویستە ئاسان و بە چێژ بێت .

---

41 – ئەندێشە جوانەکان رۆح لە چیرۆکی هونەریی کوردیدا، رەوف حەسەن، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠٠٥ ، ل٣٥ .

42 – نووسینەکانم لە بواری رەخنە و لێکۆڵینەوە دا سالانی ١٩٩٥ – ١٩٨٨، حسێن عارف، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٩ .

43 – البناء الفني في الرواية التاريخية العربية، خالد سهر محي الساعدي، ص٩٢ .

٣– دوورکەوتنەوەی نووسەر لە دووبارە بوونەوەی دیالۆگەکان و پچڕانیان و بەکارهێنانی وشە و زاراوەی وشك و گران.

٤– دەبێت دیالۆگ لەخزمەتی ڕێکخستنی ڕووداوەکان و دەرخستنی کارەکتەرەکاندا بێت و پەیوەندیان بەڕووداوەکانەوە هەبێت و بە تەواوی دەریان بخات[٤٤].

ناکرێت ڕۆماننووس دیالۆگێك بسازێنێت, کە زۆر لەخۆکردنی پێوە دیار بێت، چونکە دیالۆگ ڕاستەوخۆ گوزارشت لە کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمان دەکات، ڕووداوەکان لە ڕێی دیالۆگی کەسێتیەکانەوە ڕووندەکرێنەوە.

هەروەها ڕۆماننووس دەبێت ڕەچاوی دووبارەبوونەوە، یان پچڕانی دیالۆگەکان بکات . دیالۆگەکانی ناو ڕۆمانیش کاتێك چێژ بەخش دەبن، کە کەسایەتییەکان هەریەکەیان بە شێوەیەك گوزارشت لە خودی خۆیان بکەن و هەریەك لەکەسایەتیەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان لە یەکتری جیا بێت .

## شارەزایان چەند ئەرکێکیان بۆ دیالۆگ دەست نیشان کردووە :

١– دیالۆگ ئەو تەوەرەیە بیرۆکەی دەق و ناوەڕۆکە قووڵەکەی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ بەهۆی ئەو ئەرکانەوە دیالۆگ بە باشترین شێوە دەگەیەنرێتە خوێنەر .[٤٥]

٢– گونجاوترین ڕێگەیە بۆ گەیاندنی یارمەتی وەسفی شیکاری و هەواڵ و دیمەنە .[٤٦]

٣– گواستنەوەی جووڵەی ڕووداوە لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی دیکەی ناو دەق.[٤٧]

٤– دیالۆگ قسەی نێوان کەسەکان پیشان دەدات تاکو کردار و هەڵچوون و بیرو خاسیەتی ڕۆحی و ڕەوشتی ئەوان پیشان بدات .

٥– لە ڕێی دیالۆگەوە دەکرێت باسی سروشت و ژینگەی جوگرافی ژیانی کارەکتەرەکان بکرێت، بەهۆی ئەمەوە خوێنەر ئەسل و نەژاد و باری چینایەتی ئەوانی بۆ دەردەکەوێت[٤٨].

٦–هەمە جۆری و چالاکی بەچیرۆك دەبەخشێ و کەشی گێڕانەوە بەرەوکەشی ڕووبەڕوو بوونەوە دەبات[٤٩]. دیالۆگ هونەرێکی لاوەکی نییە، بەڵکو گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە ورووژاندن و جووڵە بەدەق دەبەخشێت.

---

44– النقد الادبي، الجزء الاول في اصول النقد ومبادئه، احمد امين، دار الكتاب العربى لبنان الطبعة، ١٩٦٧، ص١٤١ .

45– النهايات المفتوحة، دراسة نقدية في فن انطوان تشيكوف القصصى، شاكر النابلسي، – المؤسسات العربية للدراسات والنشر ط٢، بيروت، ١٩٨٥، ص٥٥

46– تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوریدا، نەجم خالد نجم الدين, ل٢٨٧ .

47– الحوار القصصى، فاتح عبدالسلام، ص٢٩ .

48– تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، نەجم خالد نجم الدين, ل٢٨٧ .

49– گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا، د. پەری ساڵح موفتی، ل٢٠٦ .

## جۆرەكانی دیالۆگ

بەكارهێنانی راناو لە دیالۆگدا بەپێی جۆری دیالۆگەكە دەردەكەوێت، جۆرەكانی دیالۆگیش بەشێوەیەكی گشتی دەبن بە چەند جۆرێكەوە :

١- دیالۆگی راستەوخۆ .

٢- دیالۆگی ناراستەوخۆ .

١- دیالۆگی لێكدراو .

## ١- دیالۆگی راستەوخۆ:

(فاتح عبدالسلام) بەم شێوەیە پێناسەی دیالۆگی راستەوخۆ دەكات و دەڵێ: ((دیالۆگی راستەوخۆ گفتوگۆی نێوان دوو كارەكتەر یان زیاترە, كە بە نۆرە لە دیمەنێكی ناو چیرۆكدا بە شێوەیەكی راستەوخۆ دێتە ئەنجام))[٥٠]. واتە دوو كارەكتەر یان زیاتر لەناو چیرۆكدا لەبارەی بابەتێك گفتوگۆ دەكەن، بابەتەكە رووندەكەنەوە، یاخود هەریەكەیان بە نۆرە بیروڕای خۆیان بەرامبەر بابەتەكە دەردەبڕن, یاخود هەڵوێستی خۆیان نیشان دەدەن. دیارە لە ((دیالۆگی راستەوخۆدا، رۆماننووس راناوی كەسی یەكەمی تاكی (من) بەكاردەهێنێت، چونكە كەسایەتیەكان خۆیان دەدوێن و بۆچوون و هەڵوێستی خۆیان پێشكەش دەكەن ، بەتایبەتی لەرێی كەسایەتی سەرەكییەوە كاتێ لەگەڵ كەسایەتیەكانی تری ناو رۆمانەكە گفتوگۆ دەكەن، راناوی كەسی یەكەمی تاك (من) بەكاردەهێنێت))[٥١]. واتە لێرەدا كارەكتەرەكان راستەوخۆ لە بەرامبەر یەكتر دەكەونە گفتوگۆ و بەبێ ئەوەی گێڕەرەوە لەسەر زمانی ئەوان گفتوگۆیان پێشكەش بكات. هەندێكجار بۆ جیاكردنەوەی گفتوگۆی نێوان كارەكتەرەكان لە سەرەتای هەر رستەیەكدا هێڵێكی بچووك بەم شێوەیە (-) دادەنرێت . بنچینەی ئەم هونەرە لە ((شانۆ وەرگیراوە كارەكتەرەكان بە شێوەیەكی رووبەڕوو نواندنەكانیان نیشانی بینەر دەدەن، بەڵام خستنەڕوو لە هونەری چیرۆكنووسین بەوە دەناسرێتەوە كە گوتارێكە گێڕەرەوە قسەی كارەكتەرەكان بە جێگیری دەهێڵێتەوە بەبێ ئەوەی خۆی تێكەڵ بكات ، هەندێك جاریش خستنەڕووی پێدەوترێت))[٥٢]. (پیرسی لەبووك) وای دەبینێ كە, ((شانۆی جووڵەو بیرەكان بێت و ناویشی دەنێ : درامای قسەكەر (**الدراما الناطقة**)[٥٣], چونكە كارەكتەرەكان خۆیان دەربڕی خودی خۆیانن لە رێگەی قسەكردن لە چوار چێوەی رووداوەكاندا .

## ٢- دیالۆگی ناراستەوخۆ:

ئەمەش پەیوەندیی بەو قسەو گفتوگۆیانەوە هەیە, كە لەنێوان كارەكتەرەكان دەكرێت، بەڵام لێرەدا كارەكتەرەكان راستەوخۆ لەگەڵ یەكدا ناكەونە گفتوگۆوە، بەڵكو گێڕەرەوە یاخود ((رۆماننووس هەڵدەستێت

---

50- الحوار القصصی، فاتح عبدالسلام، ص٤١ .

51- تەكنیكی گێڕانەوە لە رۆمانەكانی (عەبدوڵلا سەراج)دا، ڕێزان رحمان خدر، ل١٥٩ .

52- گێڕانەوە لە چیرۆكەكانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا، د. پەری ساڵح موفتی، ل٢٠٨ .

53- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨ .

به خستنەڕووی ئەو کردار و گوفتار و ڕەفتارانەی کە کارەکتەرەکان پێی هەڵساون ، بەڵام گێڕەرەوە کامە ڕووداوی لا گرنگ بێت ئەویان دەگێڕێتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدات گفتوگۆیەکە وەکو خۆی بگوازێتەوە))[٥٤]. واتە گێڕەرەوە نایەت هەموو ئەو گفتوگۆیانە بگێڕێتەوە، کە لەنێوان کارەکتەرەکاندا ڕوودەدات، بەڵکو مەبەستی سەرەکی گواستنەوەی ناوەڕۆکی قسە و گفتوگۆکانە, ڕۆحی گفتوگۆکان لەسەر زمانی کارەکتەرەکان دەگێڕێتەوە.

ڕۆماننووس لە دیالۆگی ناراستەوخۆدا: ((لە ڕێی بەکارهێنانی راناوی کەسی سێیەمی نادیار (ئەو) بیروڕاو هەڵوێستی کەسایەتیەکان وەکو خۆی دەگێڕێتەوە ، لێرەدا ڕۆماننووس گێڕەرەوەیە و لە ڕێی ئەوەوە دایەلۆگی نێوان کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە پێشکەش دەکرێت بە بەکارهێنانی چەند وشەو دەستەواژەیەك ، وەك (گوتت، گوتی، وتی، گوتیان, پرسی .... هتد ), یان ڕۆماننووس هەر یەکسەر هەردوو راناوی (تۆ، ئەو، بەکاردەهێنێت))[٥٥]. هەروەها گێڕەرەوە دەتوانێت راستەوخۆ ناوی کارەکتەرەکان ببات و گفتوگۆکانیان پێشکەش بکات .

## ٣- دیالۆگی لێکدراو: بە شێوەیەکی گشتی دیالۆگی لێکدراو دەبن بە دوو بەشەوە:

**١- دیالۆگی شیکاری . ٢- دیالۆگی (وەسفی + شیکاری).**

### ١- دیالۆگی شیکاری:

ئەم دیالۆگانە زیاتر خەسڵەتی شیکاریان پێوە دیارە و لە وەسفەوە دوورن, چونکە وشە و دەربڕینەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ پەنابردنە بەر وەسف مەبەستی شیکاری و ڕوونکردنەوەی هۆیەکان دەدەن بە دەستەوە. ئەم گفتوگۆیە یارمەتی گێڕانەوە دەدات, تاکو بەهۆی جووڵە هەستیەکانی کارەکتەرەوە نەستەکانیمان بۆ ئاشکرا بکات و پیشانمان بدات .

گفتوگۆی شیکاری لەبەر ئەوەی پێویستی بە پانتاییەکی زۆر هەیە لە دەقدا، بە پێچەوانەی چیرۆك و کورتەچیرۆك، لەڕۆماندا بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاردێت، ئەو زمانەشی, کە لەم گفتوگۆیە دا بەکاردێت خاوەن توانایەکی دەربڕی ئەو تۆیە کە لە توانای گفتوگۆی رووت و وەسفی چڕترە[٥٦]. لە بنیاتناندا گفتوگۆی شیکاریی پشت بە کۆمەڵێك تەکنیك و ئامرازی جۆراوجۆر دەبەستێت, وەکو: (بیرهاتنەوە، مەزراندنی پەند و قسەی نەستەق، هەڵهێنجان و پێشبینیکردن ، شیکردنەوەی دەروونی کارەکتەرەکان و بەراوردکردن و درێژەدان بە راڤە کردن ....هتد[٥٧].

---

54- الحوار القصص، فاتح عبدالسلام، ص٩١ .

55- تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەراج)دا، ڕێزان ڕەحمان خدر، ل٩٨ .

56 - گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجی خواروو دا (١٩٩١ - ٢٠٠٣)، د. جلال ئەنوەر سەعید، چاپخانەی کەمال، سلێمانی ، ٢٠١٣، ل٧٩ .

57- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩ .

## ٢ – دیالۆگی (وەسفی + شیکاری):

ئەم جۆرە دیالۆگە وەك لەناوەکەیەوە دیارە خۆی لە دوو تەوەر دەبینێتەوە ئەوانیش وەسف و شیکردنەوەن، کە پشت بەوەسفی کەسایەتیەکان دەبەسترێت, بۆ راڤەکردنی بۆچوونەکان. واتە لەلایەکەوە لە دەرەوە وەسفی کارەکتەرەکان دەکەن و لەلایەکی ترەوە ناخی ئەو کاراکتەرانە راڤە دەکەن. جۆری ئەم دیالۆگانە سەرەڕای وەسفکردنیان لێکدانەوەش بەخۆیەوە دەبینێ . ((دیالۆگ لە دوو توانای بنچینەیی پێکهاتووە. یەکەم توانایەکی وەسفکەر و دووەم توانایەکی شیکەرەوەییە. بۆیە سیمای ئەم پێکهاتەیە راستیە لەم جۆری دیالۆگەدا))[٥٨]. لەوانەیە هەندێ جار وەسف لەم جۆرە دیالۆگەدا زۆر درێژ بێت، راڤەکردنیش لەدوای تێڕامان و ووردبوونەوەیەکی قوڵەوە دەبێت و زیاتر پشت بە وەسفەکە دەبەستێ, وەسفەکە دەبێتە بوارێك بۆ دەرخستنی بۆ چوونە شیکاریەکانی هەڵوێستێك، یان حاڵەتێك لەحاڵەتەکان هەردوو تواناکان تێکەڵ دەبن و دیالۆگێکی چرو پڕ دروست دەکەن . لە رۆمانی کوردیشدا ئەم دیالۆگە بەرچاو دەکەوێت و نووسەران زۆر بە وردی بەکاریان هێناوە. (خوسرەو جاف) یش لەرۆمانەکانی خۆیدا لە بنیاتنانی دیالۆگدا پشتی بەم جۆرە دیالۆگە بەستووە.

58– الحوار القصصی، فاتح عبدالسلام، ص٦٦ .

# پراکتیزەکردنی هونەری دیالۆگ لە رۆمانەکانی
# (کۆردەرە – هیچ – پاشایان کوشت – راز – دەغدو) دا:

## یەکەم: دیالۆگی راستەوخۆ

### أ- لەرۆمانی (کۆردەرە)دا:

زۆرجار ئەم دیالۆگانە لە رێی (کارەکتەر – گێڕەرەوە) راستەوخۆ پێشکەش دەکرێت, چونکە ئەم جۆرە کارەکتەرانە دوو رۆڵ دەبینن . یەکەمیان رۆڵی کارەکتەر و دووەمیان رۆڵی گێڕەرەوە, لەرۆمانی (کۆردەرە)دا, ئەم جۆرە تەکنیکە لەلایەن رۆماننووسەوە بەکارهاتووە. کارەکتەری سەرەکی (ئەکبەر), لەم دەقەدا رۆڵی گێڕەرەوە دەبینێت, لەبەر ئەوە بەکارهێنانی راناوی (م), کە راناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاکە، بۆیە راستەوخۆ بەشداری دیالۆگەکان دەکات لە پاڵ ئەوەی، کە دەقی دیالۆگی کارەکتەرەکانی تریش, وەکو خۆیان پێشکەش دەکات:

**((– قۆمیسەر تا بازووی هەبوو زللەیەکی ئالاندە بن گوێماو چاوم بریسکایەوە کەوتە پولەکە**

**وتم: – باشە بۆ لێم ئەدەیت .... گوناهم چی یە ؟ لەم کەین و بەیندا شورتەیەك ئەو سنووقە گەزۆکەشی دۆزی یەوە دای بە دەستی قۆمیسەرەوە ، قۆمیسەر لەسەرخۆ سنووقی کردەوە ، سنووق پڕ بوو لە کاغەزی نووسراو .**

**وتی :**

**– ئەم سنووقەیش هی تۆیە .... ؟**

**– بەڵێ ئەویش هەر هی منە .... ! !**

**– بەخوا جوانە .. بۆ وا ئەزانیت دەوڵەت نووستووە ... ! !**

**لە چرکەیەك دا کەلەپچەیان کردم بێ ئەوەی بزانم لەسەر چی، رووم کردە قۆمیسەر وتم :**

**– دەوڵەت خەوتوو بێت یا هۆشیار بەمن چی چ کارم بە خەوو هۆشیاری دەوڵەتەوە هەیە... ؟ .**

**– چاو چاو چەند زمانی درێژە ... ئەی ئەم شەونامانە هی دایکمە ... ؟))**[٥٩].

ئەکبەر هەم وەکو یەکێك لە کارەکتەرەکانی نێو ئەم رۆمانە و هەم, وەکو گێڕەوەیەك باسی گفتوگۆی خۆی و قۆمیسەرەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە بێئاگایی خۆی لەو شەونامە یاساغ بووانەی دەخرانە نێو سندوقی گەزۆکانەوە دەردەبڕێت, کە دەبێتە هۆی زیندانیکردنی بۆ ماوەی دووساڵ و ساڵێکیش لەژێر چاودێری دەمێنێتەوە.

هەروەها ئەکبەر دیالۆگی نێوان خۆی و زەهرای خوشکی دەگێڕێتەوە, سەبارەت بەسوتاندنی کیتاوخانەی ئەم شارەوە لەلایەن کۆنەپەرستانەوە, لە دوایشدا ناڕەزایی خەڵکی ئەوشارەی لێدەکەوێتەوە.

---

59 – رۆمانی کۆردەوە، خوسرەو جاف, مطابع دار الجماهیر للصحافة, بغداد, ١٩٨٩, ل١١٧ .

**((چاوت لێیەتی،کۆنەپەرستان دەست بەردارنین و لە تەقەلادان، دوێنێ شەو کیتاوخانەکەیان سووتاند، لەمەولا نابێت بەزەییمان بە منداڵیشیان دابێتەوە...!!. ئەم توێژە چڵکاو خۆرانەی ئیمپریالیسن, ئەبێ لەم وڵاتەدا ریشەکەن کرێن و لەناو ببرێن...!!.**

**وتم:**

**-کێ دەڵێ لەسەر دوژمنایەتی تایبەتی نەبووە...یا...؟.**

**-قسەکەی بریم ووتی:**

**نا،کاکە نا، ئەوەی زۆر ئاشکرایە ئەو کیتاوخانەیەیان بۆیە سووتان، هەر لە بەرئەوەی رۆژنامە و گۆڤاری پێشکەوتن خوازانەی تیادا دەفرۆشراو، برادەرانیش جار جارێك لەوێدا کۆدەبوونەوە...))**[٦٠] لەم دیالۆگەدا دەردەکەوێت، کە (زەهرا)ش وەکو ئافرەتێك نارەزایی خۆی دەردەبرێت، بەرامبەر بە سوتاندنی کیتاوخانەی ئەم شارەوە, بۆیە پێی باشە کە چڵکا وخۆرەکانی ئیمپرالیستی شارەکەش ریشەکێشی کرێن و لەناوببرێن, لە بەرامبەر ئەو کارەی کەدوێنێ شەو کردوویانە.

## ب-لەرۆمانی ( هیچ ) دا:

لەم رۆمانەدا، رۆماننووس بەهۆی دیالۆگی کارەکتەرەکانەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ رووداوەکان دەگێرِرێتەوە، چونکە خودی کەسیەتیەکانی سەربەست کردووە، بۆ ئەوەی خۆیان بدوێن و باس لەرووداوەکان بکەن. بۆیە هەریەك لەم کارەکتەرانە دەبنە گێرەوە و گێرانەوەی رۆمانەکە بەرەو پێش دەبەن. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی, کە چەندین گێرەرەوە ئەرکی گێرانەوەکە بگرنە ئەستۆ . لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەر سوودی لە چاوی کامیرا وەرگرتووە بۆ گێرانەوەی رووداوی هەریەك لە کارەکتەرەکان، چونکە راستەوخۆ جووڵە و هەڵسوکەوتیان تۆمار دەکات. وەك لە دیالۆگی نێوان( محە و نەنەخەجە)دا, کە (نەنەخەجە) بەیداخەکەی سەی سۆنەی پێیە و دوعای باران بارین دەکات, (بلە عەتار) و هەلوێستی (محە) بەرامبەر (بلە عەتار) و شەرکردن لە گەڵی و لێدانی و ... هتد، لە ئەنجامی هەموو ئەمانەوە کەسێتی (محە) دەردەکەوێت کە خەریکی دزیکردنە و پیاو کوشتنیشی بە لاوە ئاساییە، ئەوەتە کە محە بە نەنە خەجە دەڵێ : **((- بۆ چی هەر لە باران بێ وەرین !؟ خۆزگە هەر باران بایە . وا بارانیش باری، چ دەردێکمان دەوا دەکا، ها ؟! لێگەرِێ ئێمە زەمانێکە بارمان لە گا کەوتووە و هەر بە تەمایشین ...**

**- نا، ئێمە ئومێدمان هەر بارانە، ئەمما تو بە گونتۆ ... دزی یە دەی کەی، راوو رووتە دەی کەی، پیاو کوشتنیشە کۆتاییت نەکردووە .**

**- ئۆ هۆوو، هەم بەزمەکەی بلەیە، نەنە تۆیش لێم هاتوویتە زوان ... سەیری ئەم چارەی منەکە، ئەو بۆ هەر دزی یەکەی من دیارە خەڵکی هەموو فریشتەیە !؟ خۆ ماست نی یە بە دەمەوە دیار بێت . ))**[٦١] لەم دەقەدا بەهۆی دیالۆگی نێوان (محە) و (نەنەخەجە)ەوە، کە رێگای نمایش کردنە، ئەو لایەنەی کەسێتی (محە) دەردەکەوێت, کە دز و جەردە و پیاو کوژە ..., لە پاشانیش, کە لەگەڵ (بلە عەتار) تێك دەگیرێت.

---

60 - **رۆمانی کۆردەرە , ل٢٢٩-٢٣٠.**

61– رۆمانی هیچ، ل٨ .

**((محە ڕاپەڕی یەخەی بلەی گرت، بلە مێزەری کەوتە مل و سوێر بوویەوە، محەش هاتە وێزەی داو هەی شەپەلاخێ پیادە مالی. ))**[62] لەم شەڕەشدا, لایەنی ئازایەتی و چاونەترسی کەسیەتی محە دەردەکەوێت.

لە دیالۆگی نێوان (محە) و (پەریزاد)ی خێزانی دەردەکەوێت, کە (محە) تۆ بەی کردووە و وازی لە دزی هێناوە . ئەوەتە کە ژنەکە سکالای ئەوە لای دەکات, کە برسییانە و هیچیان نییە و ئەویش هیچ رەنجێك نادات، (محە)ش, دەڵێ: **((چی بکەم ؟ کارە نی یە، پارە نی یە، تازە ئیتر دزیشم پێ ناکرێت ، تێ گەیشتی ؟ دزی ناکەم، حەی عەلەسەلات دزی ناکەم ؟!**

**– پیاوەکە، لە شاخی شەیتان وەرە خوارێ، تۆ سەیری خەڵکی کە، شەویان لێ دێت، لە ماڵ وەدەردەکەون و بەدەستی پڕەوە دەگەڕێنەوە، ئەی نەت بیستووە، ((دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە))؟ ئێمەش لە بر سا وا رەش دا گەڕاوین و ریخۆڵەمان وشك بووەتەوە.**

**– ژنەکە، لێم گەڕێ، من تۆ بەم کردووە، تۆبە ... تازە دزی بە من ناکرێت و تۆبەش ناشکێنم . تاموڵ کە، خوا دەروویەکیش لە ئێمە دەکاتەوە.))**[63] جۆری ئەم دیالۆگە راستەوخۆیە، چونکە بوار بە کارەکتەرەکان دراوە لە رێگەی قسە و هەڵس و کەوت و رەفتاریانەوە خۆیان پێشکەش بکەن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی خوێنەر باوەڕ بە رووداو کەسێتیەکان و رەفتار و هەڵس و کەوتیان بکات. چونکە کارەکتەرەکان خۆیان ئەنجامیان دەدەن، نەك لەلایەن گێڕەرەوە باس بکرێت .

## ج– لەرۆمانی(پاشایان کوشت) دا:

لەگەڵ ئەوەی گێڕەرەوە گێڕەرەوەیەکی بابەتییە،بەڵام لەهەندێ دەقی رۆمانەکەدا, رۆماننووس بەهۆی دیالۆگی راستەوخۆی کەسەکانەوە رووداوەکان پێشکەش دەکات بەبێ بەشداریکردن یاخود لێکدانەوە و قسە لەسەرکردن, بۆ نموونە لە گفتوگۆیەکی نێوان (مەحمود مەسرەف) و (مەحمود پاشا) ی میری باباندا، سەبارەت بە هێرشی سوپای فارس و ئامادەکارییەکانی لەشکری بابان و هاوکاریی "جافەکان" هاتووە : **((– نەت وت ئامادەیی تێکرایی گەیشتە کوێ ؟**

**– وا نازانم کاروبار هێندە ناجۆر و نارێك بێت ، کە پاشا بەم شێوەیە نیگەرانە و ناشوفتە بێت ، قەینا ژمارەی دوژمن زۆرترە و توانای بەربڵاوترە ، بەڵام ئەوەی ئێسە هەمانە دوژمن لێی بێ وەریە .**

**– وەك چی ؟**

**– ئیمان قوربان ئیمان ... باوەر بە خۆبوون – باوەر بە خۆل وخاکی ئەم وڵاتە ... زۆر روویداوە تاقمێکی کەم بەسەر جەماعەتێکی زۆردا سەرکەوتوون ، بەئیزنی خوا .**

**– ئەمانەی ئەی لێی هەمووی راستن و منیش ئەیزانم .**

**– ئەوە بڵێ ئەم عەجەمانە چییان لێمان دەوێ ؟ ئەمانوڵلا خانی ئەردەڵان چ خوێنێکمان پێ دەگیرێ ؟ ! بۆ وازی لە هاندان و دوژمن سازی نەهێناوە ، هەرماوەیەك جارێ ئێرانمان لێ هاندەدا ؟!**

**– پاشا ئاشکرایە . بە تیکەیەکی چەورو نەرم و ئاسانمان دادەنێن .**

---

62– سەرچاوەی پێشوو، ل٩ .

63– رۆمانی هیچ, ل١٢ .

**– دەیانەوێ هەڵمان لووشن، بەڵام پاشا خۆش بێت شاخمان لەکەلاوەیاندا گیردەکا و هەڵمان دێننەوە ....!**

**– بەحەول و قوەتی خوا ، هەر دەبێت ... بیرورای عەشایەر چۆنە ؟**

**– هەموو هاتوونەتە دەم شەڕەکەوە، پاشا لەئامادەیی تێکرایی ئاسوودەبێت ، جێگەی نیگەرانی نییە.**

**– ئەی لەشکری جاف بۆ نەگەیشتن**

**– قوربان ، بەڕێگەوەن ، ها کازانیت، خرۆشان و گەیشتن ))**[٦٤].

هەست دەکەیت, لەم دەقەی سەرەوەدا گفتوگۆیەك لەنێوان دوو کەسێتیدا روویداوە، بۆ باسکردن و تاوتوێکردنی بابەتێك, رووداوی هێرشکردنی سوپای فارس خۆئامادەکردنی سوپای بابان بۆ رووبەڕوو بوونەوەی، بەبێ ئەوەی گێڕەرەوە دەستی خستبێتە نێو پرۆسەکەوە، بەمەبەستی پێشکەش کردن بێت, یاخود لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەڵوێست و تێروانینیان, هەروەها دەتوانین لەڕێیەوە بە ئاسانیی هەست بە تێروانین و باری کۆمەڵایەتی و ئاستی چینایەتی کەسێتیەکانیش بکەین، سەرەرای بەرجەستە بوونی وردەکاری و ئاستی بەرەو پێشچوونی رووداوەکان، لەبەرئەوەی کەسێتیەکان بە زمانی ئاسایی خۆیان دواون و وتەکانیان دەربڕی هەست و ویستیانە، ئەمەش بەرجەستەکەری بنەمایەکی گرنگی دیالۆگی راستەوخۆیە، چونکە (( زمانی گێڕانەوە خودی زمانی نووسەرە، بەڵام زمانی دیالۆگ، زمانی کارەکتەرەکانە))[٦٥] .

## د– لە رۆمانی (راز) دا:

رۆمانی (راز)یش لەچەند کارەکتەرێکی سەرەکی پێکهاتووە, لە هەندێ شوێنی رۆمانەکەدا, کارەکتەرە سەرەکییەکان دەوری گێڕەرەوە دەبینن, جگە لەوەی گێڕەرەوەی هەمووشتزان لەنێو رۆمانەکەدا هەیە, لێرەدا ئەم دیالۆگە لەنێوان یەکێك لە کارەکتەری سەرەکی و ئەفسەری گوزەرنامەی ئێرانە, کە کارەکتەر (د.پیران)دەوری گێڕەرەوە دەبینێت، دیالۆگی نێوان خۆی و ئەفسەری گوزەرنامەی ئێران دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

**((منیش لە ریزی هاووڵاتیانی خۆمدا وردەوردە لە کونەباجەی تایبەتەوە نزیك بوومەوە وگوزەرنامەم لەژێر شووشەکەوەدا بە دەستی ئەفسەری دانیشووەوە ، سەیرێکی گوزەرنامەی کرد و ئاورێکی لێ دامەوە وتی :**

**– بۆ گوزەرنامەکەت نەگۆڕیوە و هێشتا هەڵگری گوزەرنامەی بە ئارامی شاهەنشاهیت ؟ نازانێت بڕیارمان داوە هەرچی گوزەرنامەی سەردەمی شاهییە کۆی کەینەوە و وەك خۆی بیخەینە سەوەتەی بۆ گەنی مێژووەوە ؟**

**– بەڵێ دەزانم ، تا ئێستا نەمپەرژاوە .**

**– دەتپەرژێتە ئەوەی بە خۆتا راگەیت و رەشمو لەمل کەیت . ناتپەرژێتە سەر جێبەجێکردنی فەرامینی ئیسلامی؟...**

---

64– رۆمانی پاشایان کوشت، خوسرەو جاف, چاپخانەی ئاراس, هەولێر, ٢٠١١, ل٣٨ .

65– تەکنیکی دایەلۆگ لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی کورتە چیرۆکی کوردیدا، نەجم خالید نەجمەددین، ل٢٨٥.

**– یانی نازانیت کەرەوات لەملکردن لەم وڵاتە تازە ئازادکراوەی ئیسلامی رەفتارو کردارێکی لێ نەبووراوە و بە تاوان دەژمێردرێت ؟**
**ئاورێکم لە پرۆفیسۆر و رۆنشتاو و هانس و فراولە دایەوە ، هێشتا چو یەخسیرێکی بێ دایك، بێ لێپرسینەوە ڕاوەستابوون، خەریکی سەیری وتووێژی من و کابرای لێپرسراوی گوزەرنامە بوون .**
**– نا نەمزانیوە، بەڵام وا زانیم .**
**– هەر ئەوەندە ؟**
**– ئەی خۆ هەڵم ناواسی، مەگەر خەزنەی شام برپیوە ؟ ))**[٦٦].

جۆری ئەم دیالۆگە دیالۆگی راستەوخۆیە, لەنێوان (د.پیران) و ئەفسەری گوزەرنامەی ئێران, لەکاتی سەردانی کۆمەڵەی دێرینناسان بۆ وڵاتی ئێران. لە گفتوگۆکانیان دەردەکەوێت, کە سەردەمی شا نەمایە و سەردەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامی, کە گفتوگۆکانیان سەبارەت بە گوزەرنامەی کۆنی سەردەمی شاهییە و تا ئێستا گوزەرنامەکەی نەگۆریوە, کەلەلایەن دەسەڵاتی نوێوە بریاری گۆرینی گوزەرنامەی پێشوویان دەکرد . هەروەها شتێکی تر روون ئەبێتەوە، کەلەو وڵاتە تازە ئازادکراوەدا کەرواتە لەملکردن بەرەفتار و کردارێکی دژ بەدەسەڵاتی نوێیە و لەوەڵامدا کارەکتەر بێئاگایی خۆی ڕاگەیاندووە بەرامبەر بەم بڕیارە تازەیە .

هەروەها لە دیالۆگێکی تردا دووبارە ئەم کارەکتەرە (د.پیران)دەکەوێتە, دیالۆگەوە لەگەڵ (فراولە) سەبارەت بە پێکهێنانی بابەتی هاوسەرگیری, بۆ ئەوەی تووشی هیچ گرفتێ نەبن لەم وڵاتەدا بەوەی کە رۆژانە بەردەوام پێکەوە کاریان دەکرد, کە هەردووکیان ئەندامی تیمەکەی پرۆفیسۆر (رۆنشتاد) بوون, کە بەدوای دۆزینەوەی (رازی زیرین)ینەوە بوون,کە لەبەرلینەوە بۆ ئێران هاتبوون لە وێشەوە بۆ چیای داڵەهۆ.

**((– دەڵێم, بۆخۆمان لەم گیروگرفتە رزگار نەکەین**
**– دەتوانین؟**
**–ئا.**
**–چۆن چۆنی؟**
**–گەلێك سادە وئاسان سبەی بەپێی شەریعەتی ئیسلام شووم پێ دەکەیت و مارەت دەبرم و تەواو.**
**– تەواو یانی چی؟**
**–یانی حەقیان بەسەرمانەوە نابێ وەدەبین بەژن و مێرد , وەك هەر ژن و مێردێکی تەواو. ))**[٦٧] جۆری ئەم دیالۆگەش راستەوخۆیە, چونکە (د.پیران) راستەوخۆ گفتووگۆ لەگەڵ فراولە دەکات, بەبێ بەشداریکردنی گێڕەرەوەی هەموو شتران, کە گفتووگۆکانیان سەبارەت بەپێکهێنانی بەبابەتی هاوسەرگیرییە.

## هـ– لە رۆمانی (دەغدو) دا:

لەم رۆمانەدا, سەنگەر دوو دەوری پێدراوە, یەکەمیان کارەکتەری سەرەکییە و دووەمیان گێڕەرەوەشە لەبەر بەکارهێنانی راناوی (م), کە راناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاکە, راستەوخۆ بەشداری دیالۆگەکان دەکات، هەروەها دیالۆگی کارەکتەرەکانی تریش پێشکەش دەکات .

---

66– رۆمانی راز، خوسرەو جاف, چاپخانەی ئاراس, هەولێر, ٢٠١١, ل٢٤ .

67- سەرچاوەی پێشوو, ل٤٧.

**((خەمیس)) هاتە لامەوە و بە ئەسپایی وتی :**

**– دەتەویَ چەند فلسێکت دەست بکەویَ ؟**

**بە پێشنیازەکەی لە دڵەوە ئاڵۆز بووم و بە دەنگێکی نیگەرانەوە وەڵامم دایەوە :**

**– کاکە خەمیس راستە دەوڵەمەندنین ، بەڵام نیازمەندنین و پێویستیمان بەو یارمەتییەی نییە .**

**– کاکە تۆ بە هەڵە لە من تێگەیشتیت ... خۆ من پارەت بە بە لالش نادەمیَ ، یان لە خۆڕا یارمەتیت نادەم .. کارێکە دەزانم پێت دەکریَ دۆست و هاوالَی یەکین و دەمەویَ ئەو خێرەی بۆ تۆ بێت ... ئەگینا خەلکێکی زۆر ئامادەن ..**

**– وەکو چی ؟ !**

**– لۆری بارکردن ، بە شەوانە**

**– بۆ شەوانە ؟ !**

**– ئاخر ، بارو ماڵەکە قاچاغە..**

**– خەمیس .. ئەو کارە بەمن ناکرێت ..... بۆ خۆت دەزانی ئێمە دوورخراوینەتەوە ...))**[٦٨]

لەم دیالۆگەدا دەردەکەوێت, کە (خەمیس) دەیەوێت یارمەتی (سەنگەر) بدات, ئەویش دۆزینەوەی ئیشی شەوانەیە لۆری بارکردنە بە شەوان, بەڵام (سەنگەر) سەرەتا بەم ئیشە رازی نابێت, چونکە خێزانێکی دوورخراوەن لەوە دەترسێت جارێکی تر تووشی گرفت ببنەوە لەلایەن رژێمی بەعسەوە ... هتد.

پەیوەندی نێوان دیالۆگ و راناو پەیوەندیەکی زۆر گرنگە, چونکە جۆری راناوی بەکارهاتوو جگە لەوەی کاتی دیالۆگەکەکان دیاری دەکات، لە هەمان کاتدا, دەبێتە هۆی دیاری کردنی گۆشەنیگای گێڕەرەوە. هەروەها جۆری دایالۆگەکان لەڕووی راستەوخۆیی یان ناراستەوخۆییەوە . لەو دایالۆگانە، کە هەندێکمان لەوەوپێش دەستنیشان کرد بۆمان دەردەکەوێت بەکارهێنانی راناوی لکاوی (م), کە بۆ کەسی یەکەمی تاك و راناوی جودای (من) دەوری سەرەکیان لەوەدا هەبووە جۆری دایەلۆگەکان ببنە دیالۆگی راستەوخۆ .

## دووەم دیالۆگی ناراستەوخۆ:

## أ– لەرۆمانی (کۆردەرە) دا:

(ئەکبەر) لەگێڕانەوەی بیَ هەڵوێستی باوکی لەکاتی بیَ ئیشی باوکی هەڕەشەی نەهێشتنی چوونە قوتابخانەی خۆیان (ئەکبەر، زەمان، رەزا) لە دایکیانی دەکرد, بە بەهانەی ئەوەی پیشەیەك بکەن باشترە ، تاکو بژێوی ژیانیان دابین بکەن، کە (ئەکبەر) بۆمانی دەگێڕێتەوە و دەڵیَ بە دایکمی دەووت:

**((مەکتەب ... بی مەکتەب ... مەکتەب رۆیشتنی ئێوە نابێتە نان و پیاز، ئەبیَ فێری ئیش و سەنعەت بىن خۆ ئەوندە فێربوونە شەوانی جومعە سورەتێك بۆ مردوە کانمان بخوێنن وەئیمام  ئیتر ناڕۆنە مەکتەب دالگەی داما و هەراسان و پەشۆکا و دەستی دەکردە پشتوێنەی باوکمدا و دەپارایەوە :**

---

[68]– رۆمانی دەغدو، خوسرەو جاف, لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان, ٢٠١٣, ل[١٧] .

**– تو تەمام ئیمام گەل ... بێڵە بچنە مەدرەسە ، تو کارت نەوت ... خۆم ئەڕایان زەحمەت کیشم ... تاوسانان کارو سەنعەت فێر ئەون  با بچنە مەدرەسە ... جورئیمە بەدبەخت و بیچارە ... بیڵیان بانەونە نوکەر و کولفەت مەردم ... !!. ))**[٦٩] لەم دیالۆگەدا, هەڵوێستی هەریەك لە دایك و باوکی ئەکبەر روون دەبێتەوە, رۆماننوس وێنەی باوکی ئەکبەر وەکو باوك سالارێك بێگوێدانە دوارۆژی رۆڵەکانی و کارکردن تەنیا بۆ ئەمڕۆ, هەروەها بەبێ گوێدان بە ئارەزووی مناڵەکانی ئەیویست بڕیاری کۆتایی هەر بەخۆی یەکلابکاتەوە نیشانداوە. هەروەها وێنەی دایکی (ئەکبەر)یشی وەکو دایکێکی ئامادەبووی بەرخودانی و قوربانی و زەحمەتیە, بۆ ئەوەی هیوا و دوارۆژێکی پڕشنگدار بۆ رۆڵەکانی بەدەست بێنێت, تاکو لە دوا رۆژدا رۆڵەکانی نەبنە چەوساوە و ژێردەستەی خەلکانی تر.

هەروەها لە شوێنێکی تری رۆمانەکەدا, (ئەکبەر)ی گێڕەرەوە دیالۆگێکی نێوان (خاڵۆ حوسەین) و (شامۆراد)مان بۆ دەگێڕێتەوە, کە خاڵۆ حوسەین پرسیاری کاتی تەواوبوونی جادەی ئەم شارە لە شامۆڕاد دەکات, ئەویش لە وەڵامدا دوعای تەواو نەبوونی جادەکە دەکات, چونکە خۆی کریکاری تیا دەکرد, بژێوی تەواوی ژیانی خێزانەکەی لەسەرئەم کارە بوو, هەرچەندە درێژەبکێشێ بۆ تەواو بوونی ئەوەندە زیاتر سوودی بۆی دەبێ, بۆ ئەوەی هەندێ پارەی زیاتر دەست کەوێت بۆ بەردەوامی دابینکردنی پێداویستیەکانی خێزانەکەی.

**(( لەباوە نوور دەرچووین خالۆ حوسەین لە ئاوێنەکەوە نواڕی یە خانەی دووهەم  وتی:**

**– شامۆراد ناڵێن ئەم جادە کەی تەواو دەبێت؟**

**– شامۆراد جگەرەی دەکێشا فە یلەسوفانە وەڵامی دایەوە:**

**– خوا بکات قەت تەواوی نەکەن...!**

**– باشە بۆ دوعای وادەکەیت؟.**

**– جا بۆ نەیکەم .. چیم نەکراوە..!؟. لەوەتەی دەستیان کردووە بەم جادەیە ماڵ و منداڵم حەساونەتەوە .. جادە تەواوبێ بێکار دەبم انشاءالله قەت تەواو نابێت!!. ))**[٧٠] جۆری ئەم دیالۆگەش ناراستەوخۆیە, چونکە گێڕەرەوە هەڵساوە بە گێڕانەوەی گفتوگۆی کارەکتەرەکان, کە لەسەر زاری خۆیانەوە پێشکەشی دەکات.

## ب– لە رۆمانی (هیچ) دا:

رۆمانی (هیچ) رۆمانێکی فرەدەنگە، بەو واتایەی کە زیاتر لە گێڕەرەوەیەکی هەیە، هەر بۆیە یەکێ لە پیاوەکانی (مارف ئاغا)ش لە رۆمانەکەدا دەوری گێڕەرەوەی پێدراوە، کاتی گوێبیستی دیالۆگێکی نێوان مارف ئاغا و قایمقام بووە لە رابردوودا، بەڵام لەکاتی ئێستادا بۆ هاورێیەکەی دەگێڕێتەوە, کە دیالۆگەکە سەبارەت بە گرتنی سەید حەکیم و محەی رێگرە .

**(( خۆزگە لە کونێکەوە مارف ئاغات دەدی .**

**– بۆ ، چی دەوت ؟**

---

69 -رۆمانی کۆردەرە, ل٨٠.

70- سەرچاوەی پێشوو, ل١٠١

**– له تاوا سمێڵی دەکرمان ، دەی وت :**

**– تەنها مانگێك مۆلەتم بدەن ، سەید حەکیم و محەتان بە باڵ بەستراوی دەدەم بە دەستەوە .**

**قایمقامیش دەی وت :**

**– ئاغا، هیچ لە دەستی من دا نەماوەتەوە . فەرمان لە موتەسەڕیفەوە هاتووە . تەنها هەفتەیەك مۆڵەتت هەیە بۆ تەسلیمی ئەو دوو کەسە . یا دەبێ ئەم ناوچەیە پێنج هەزار دینار خاوە بە دەوڵەت بدەن, ئەگینا پێنجەکە دەبێتە دە ... ))**[71] لە دیالۆگی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە دەردەکەوێت, کە فەرمانی گرتن بۆ (سەید حەکیم) و (محە) دەرچووە, کە تاکو ئێستا نەگیراون, هەربۆیە ئاغاش داوای مانگێك مۆلەت دەکات بۆ گرتنیان, چونکە ئەمان بەئاسانی ناگیرێن, کە پێشتر ئاغا هەندێ پیاوی ناردبوون بۆ گرتنیان, بەڵام دوو لە پیاوانی مارف ئاغا بە دەستی محەوە دەکوژرێن . قایمقامی گەرمیانیش لە هەفتەیەك زیاتر مۆلەت نادات بۆ گرتنیان, چونکە لەبن دەستی ئەم نەماوە و کەوتۆتە دەستی موتەسەریفەوە, ئەگینا دەبێ پێنج هەزار دینار خاوە بدەن بە دەوڵەتەوە .

لە نموونەیەکی تری دیالۆگی ناراستەوخۆ، کە گێڕەرەوە (رۆماننووس), بەشدارە لە خستنەڕووی دیالۆگی کارەکتەرەکان, کە لە رێی وشەی (وتی) دیالۆگێکی نێوان (حەمدیە)ی خوشکی (رەجەب) و (حازم)ی هاورێی رەجەب دەگێڕرێتەوە و دەڵێ:

**((حەمدی یە لە ناخەوە هەستی حەسادەتی بزاو ، دانی بەسەر لێودا ناو دیسانەوە خۆی گرتەوەو خوێن ساردانە ، وتی :**

**– پەلەتە ، مەترسە ، هەر پێی دەگەی ...**

**حازم لە کاتێك دا پشت ملی دەخوراند ، دەمیشی کردبوویەوە دانە کرمە ژنەکانی وەدەرکەوت ، وتی:**

**– جا پێی دەگەم ؟**

**– درۆت لە من بیستووە ؟**

**– بە ئیمانم ... کەم .. ؟**

**– ئەی بێ ئیمان !**

**حازم کلیلی ترومبێلەکەی بۆ رەجەب درێژکرد ، وتی : گرامە فونێکم بە دیاری بۆ گولچین هێناوە ...))**[72] لەم دەقەدا, گێڕەرەوە دیالۆگێکی نێوان ئەم دوو کارەکتەرە دەخاتەڕوو, سەبارەت بە نیاز خراپیان بەرامبەر بە گوڵچین، کە حەمدیە داوا لە حازم دەکات پەلە نەکات و ئارام بگرێت و نەترسێت, رێگایەکی بۆ دۆزیوەتەوە, بۆ ئەوەی بە گوڵچین بگات, مەرامی سێکسی خۆی پێدا برێژێت، هەربەم بۆنەشەوە حازم دیاریەکی بۆ گوڵچین هێنا بوو, کە بریتی بوو لە گرامەفۆنیکێك بۆ ئەوەی زیاتر لێی نزیك ببێتەوە هەڵیبخەڵەتێنێ وکاری سێکسی لەگەڵدا بکات .

---

71– رۆمانی هیچ، ل٦٦ .

72– سەرچاوەی پێشوو, ل١٦١–١٦٢

## ج– لەرۆمانی (پاشایان کوشت)دا:

گێڕەرەوە لە زۆر شوێندا دیالۆگەکانی بەشێوەی ناراستەوخۆ پێشکەش کردووە و خۆی بەڕێوەیان دەبات و دەیانگوێزێتەوە . بۆ نموونە کاتێك (کەیخوسرەو بەگ) میوانداریی (مستەریچ) ی نێردراوی ئینگلیز دەکات، (مستەریچ) لە کتێبخانەکەی (کەیخوسرەو بەگ) دا چاوی بە کتێبی (شەرەفنامە) دەکەوێت و داوا لە (کەیخوسرەو بەگ) دەکات پێی ببەخشێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دیالۆگێك لەنێوانیاندا، بەڵام دیالۆگەکەیان ناراستەوخۆ و لەلایەن گێڕەرەوەی رۆمانەکەوە پێشکەش دەکرێت : (( **(ریچ) هەروا چاوی بە چوار دەوری نێو دەواردا دەچەرخاند، چاوی کەوتە سەر ڕێزەکتاوەکانی سەر مێزەکە هەستایە سەرپا، بەرەو لای کتاوەکان ڕۆیشت، دانە دانە سەیری بەرگ و قەدو قەوارەیانی دەکرد و بە توندی پەرەکانی هەڵدەدایەوە و لە بەرخۆیەوە دێرێك و ناوی کتاوەکەی دەخوێندەوە .**

**(حافف )، گوڵستانی سەعدی ، خەیام , خەمسەی نیزامی شانامەو .. و ... شانامەی دانا و کتاوێکی هەڵگرت بەسەر سامی و وردەکارییەوە دەستی بەهەڵدانەوەی پەرەکانی کرد بزەیەکی سەرکەوتووانە کەوتە سەر لێوی گەڕایەوە سەر جێگەی, داوای چەند قومێك لە قلیان روویکردە کەیخوسرەو بەگ و وتی :**

**-لە عادەتی منەوە دوورە داوای شت لە کەس بکەم، بەڵام ئەمڕۆ لە میر داوایەکم هەیە، نازانم میر بۆمی جێبەجێ دەکات، یا خەیر.**

**کەیخوسرەو بەگ لەسەرخۆ، جووت جووت دانەی تەزبێحەکەی لەسەرەوە تا خوار و لە خوارەوە تا سەر دەگرت و بەرەڵڵای دەکرد، تەزبێحەکەی لە لەپێکدا تۆپەڵ کرد و دای بەو لەپی تریدا وتی :**

**– میوانی ئازیزمان داوا ناکات ... بەڵکو فەرمان ئەدا ..**

**– زاڵم فەرمان نەدا . ئەوی راستی بێت لە دەمێکەوە بە دوای کتاوی " شەرەف نامە" کەی بەدلیسیدا دەگەرێم وەچنگم نەهێناوە، وا بەخت هێنای ، ئەمڕۆ لەنێو کتاوەکانی جەنابتا دیمەوە ، دەڵێم بە هیممەت یا ...**

**میر نەیهێڵا "ریچ" قسەکەی تەواو بکا پێی بڕی و وتی :**

**– جا هەر ئەمە؟ باوەر بکە ئەگەر لێم قبووڵ بکەیت ئەسپە "شێ" یش ئەخەمە تەکی مەگەر خوا بزانێ چەندە ئەسپە شێم بەلاوە ئازیزە. ))**[٧٣]

تێبینی دەکەیت, ئەم دیالۆگەی سەرەوە بەشێوەی ناراستەوخۆ پێشکەش کراوە و گێڕەرەوەکەی, کە گێڕەرەوەیەکی دەرەکیە، لە چوار چێوەیەکی درامیدا گێڕاویەتییەوە لە رێگەی وەسف کردنی شێوازی هەڵسوکەوت و جووڵەی کەسێتیەکان و بەرێوەبردنی پرۆسەکە، سەرەڕای تێکەڵکردنی هەردوو کاتی ئێستاو رابردووی رووداوەکان ئێستای گێڕانەوە و رابردووی بەڕێوەچوونی رووداوەکان، بەڵام تایبەتمەندییەکانی کورتکردنەوە و دەستکارییکردن لە پرۆسەکەدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو گێڕەرەوە زۆر ورد و بە دوور و درێژی سەرجەم جووڵەی کەسێتییەکان و دەربراوەکانیانی نواندووەتەوە بەبێ دەستکارییکردنیان، تەنها دەستتێوەردانیشی لە پرۆسەکە بەرێوەبردن و پێشکەشکردنی دیالۆگی نێوان کەسێتییەکانە، ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دیالۆگی ناراستەوخۆ، کە (سیزا قاسم) ناویناوە (وێنەی گێڕانەوە), چونکە لەپێشکەش

---

73– رۆمانی پاشایان کوشت، ل١٣ .

کردنی پرۆسەکە دا ((لەنێوان گێڕانەوەو وەسفدا جۆرە تێکچرژانێك هەیە دەکرێ ناوی بنێین وێنەی گێڕانەوە، ئەم وێنەیە کە شتەکانی بە جوڵانەوەیی پێشکەش دەکات ، بەڵام وێنەی وەسفی شتەکان بە وەستاوی پێشکەش دەکات))[٧٤]. کەواتە دەشێت گێڕەرەوەی بابەتیی پرۆسەی دیالۆگەکە بەو شێوەیەی روویداوە و بەرێوەچووە بگوێزێتەوە و پێشکەشی بکات ، بە بێئەوەی کردەکانی کورتکردنەوە و پچراندن ئەنجام بدات .

لە نموونەیەکی تری جۆری ئەم دیالۆگە لەم رۆمانەدا, بۆ نموونە: کاتێ عەبدوڵڵا بەگی کەیخوسرەو بەگی جاف، کورتەی پەیامی زارەکیی باوکی کە بریتییە لە راوبۆچوونی جافەکان لە ئاست کێشە و گرفتە ناوخۆیەکانی ناو میرنشینی بابان بە پاشای بابان رادەگەیەنێت, کە ئەوان وەك عەشیرەتی جاف هیچ کاتێك پشتی میرنشینی بابان بەرنادەن و دەڵێ: (( **باوکم فەرموویەتی بە عەزرەت بگەیەنم بۆ ئێمەی جاف ناکۆکی و دووبەرەکی نێو بنەماڵەی بەبە شتێکی تازەنییە و لە کۆنەوە لەگەڵ ئەم ژانەدا دەست و پەنجە نەرم دەکەین ئێمەش لە شەڕی براکوژی نێو ئێوەدا نە ئەوساو نە ئێستایش بەشداریمان نەکردووە و نایشیکەین ... تا دارولئیمارەی بەبەش لەسەر پێ بێ هەرگیز رووی لێ وەرناگێڕین و تابیشیتوانین پارێزگاری لێ دەکەین ، وەك تا ئێستا کردوومانە.** ))[٧٥]. هەر بەم شێوەش وەڵامی نامەیەکی سلێمان پاشای داوەتەوە .

## د- لە رۆمانی( راز ) دا:

گێڕەرەوەی هەمووشتزان سەرەتا لە رێگەی وەسفی فراولەوە خۆی تێکەڵ بە گێڕانەوەکە کردووە، کە گفتوگۆیەکی نێوان پیران و فراولە دەخاتەڕوو: ((**هێمن هێمن قۆپچەی خوارینی کراسەکەی داو سێ دوا دوگمەی ژێر گەردنی نەبەست و سنگی تا ڕادەیەك ئاواڵە و دەرکەوت . شەقی تارێك و رۆشنی نێوانی خرپنی دوو مەمکانی چەقی ناوەراستی سینە و بەرۆکی وەدەردەخست . رووی وەرچەرخاندە لای پیرانەوە وتی :**

**- من ئامادەم**

**پیران ئاورێکی سەراپای لێ دایەوە وتی :**

**- پێم وایە شتێکت لە بیر چووە .**

**- وا نازانم**

**- با**

**فراولە لە دوو دڵانە دیسانەوە ئاوڕێکی تری لە ئاوێنەکە دایەوە و بە دەوری خۆیدا چەرخاو ووتی:**

**- حەرامزادە, تەواوم .**

**- نا, ئازیز، نا چاویلکەت لە بیر چووە .**

**- یانی چی ؟ ! ئێمە بەرەو کۆنفرانسێکی زانیارییانە دەرۆین ، رەنگە پێویستیت بە یاداشت و نووسینێك ... خوێندنەوەیەك بێت، بێ چاویلکە پێت ناکرێ. ))**[٧٦]

---

74- بناء الرواية (دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ) سيزا قاسم، دارالتنوير للطباعة, الطبعة الاولى, بيروت, ١٩٨٥ ، ل١١٣.

75- رۆمانی پاشایان کوشت، ل٦٧ .

76- رۆمانی راز، ل٩ .

لێرەدا گێڕەرەوە دیالۆگی نێوان پیران و فراولە دەخاتەڕوو، کە دیالۆگەکەیان سەبارەت بە چاویلکەیە، پیران پێی رادەگەیەنێت، کە چاویلکەی لە بیرچووە, لە کۆنفراسی دێرینناسان لە بەرلین پێویستی پێدە بێت ... هتد .

## هـ– لە ڕۆمانی (دەغدو) دا:

لەم رۆمانەشدا, گێڕەرەوە لە ڕێگەی وەسفی کارەکتەرەکانەوە خۆی تێکەڵ بە دیالۆگەکان دەکات, وەك لەم دیالۆگەدا, گێڕەرەوە خۆی تێکەڵ بە پرۆسەی گێڕانەوەکە کردووە و دەڵێ : **((گەرمی دەروونی دەوروبەری لە بیر بردبووەوە ، ئەو بەبێ هیچ فرمێسکەکانی بەرەڵا بوو، من لە تەنشتیدا بووم، باوکم روو بە روومان ژانتایەکی لە بندەستیدا دانابوو تا کەسی تر لە تەنیشتیەوە دانەنیشێت .. ئارام بۆ دەرەوە دەیروانی, تا ئەو حەلە دووجار وشەی کچێم لێ بیستبوو, ئەمجارەیان بە دایکمەوەی ژەنی و وتی :**

**– کچێ بەس بگری ، خۆ بەرەو سەر بڕین ناڕۆین ؟ ..**

**– خۆزگە سەریان دەبڕین و لەم دەربەدەری و غەریبیە ڕزگارمان دەبوو ... ئەمە حاڵە .. نازانم بەرەو چ ولاتێك دەڕۆم ...**

**– توخوا ئەوە قسەیە، چیم پێ دەکرێ ؟ .. ؟ کارمەندی دەوڵەتم و دوورخراومەتەوە و تەواو ... هتد.**

**باوکم شا دەماری لا گەردنی ئاو سابوو ، کە بێدەنگ بوویەوە شا دەمار دامرکایەوە ، ئینجا لەسەر خۆی هاتەوە قسە !**

**دەڵێم هەرچۆنێك بووە ئەمساڵ بەسەر دەبەین تا سەنگەر تاقیکردنەوەی بەکالۆریاکەی دەدا ئەو دەم بیری لێدەکەینەوە چی بکەین و چی نەکەین ... ))**[77]. گێڕەرەوە خۆی یەکێکە لە کارەکتەری سەرەکی نێو رۆمانەکە و دیالۆگی نێوان دایکی و باوکی دەگێڕێتەوە, سەبارەت بەراگواستنەوەی زۆرە بەملێ بۆ شارۆچکەی زوبێر و گریانی بەردەوامی دایکی و دڵنەواییەکەی باوکی, کە بەس بگریت خۆ بۆ سەربڕین نایان بەن و ئەو کارمەندی دەوڵەتە و دوور خراوەتەوە و تەواو ..., ئەگەر نەگەڕێتەوە سەر کار وەدەری دەنێن و رەنگە بشیگرن ... هتد .

لەشوێنێکی تری دەقی رۆمانەکەدا, سەنگەر دیسان دیالۆگێکی دایك و باوکی, سەبارەت بەقسەکانی کابرای بەرێوەبەری ئاسایشی شارۆچکەی زۆبێر دەگێڕێتەوە و دەڵێ: **(( باوکم بە دڵنیاییەوە دەستی دایکمی گرت و ئارام بەسەر شانیدا و وتی:**

- **نیگەران مەبن, ئینشأ ڵڵا خێرە.. تینوومە, نەختێك ئاوم بۆ بێنن ...**
- **دایکم بێ سەبرانە قیژاندی :**
- **دەبڵێ دڵم تەقی...**
- **کچێ, لەسەرخۆت, ئەوانەی ئێمە بیرمان لێ کردبویەوە هیچیان نەبوو ... کابرا, ئیشی بە منە ... کوڕێکی هەیە ... ئەگەر بتوانم وانەی (فیزیا)ی پێ بڵێمەوە و ئەگەر پلەی باشی هێنا , بەڵێنیدا دووبارە**

[77]– رۆمانی دەغدو، ل ٥ .

**بمگەڕێنێتەوە موسڵ ... ))**[٧٨]. جۆری ئەم دیالۆگەش ناراستەوخۆیە, چونکە لەلایەن سەنگەر دیالۆگەکان گێڕدراونەتەوە, مەبەستی نووسەر لەم جۆری دیالۆگەدا گفتوگۆی حیکایەتەکە نییە, بەڵکو مەبەستی گەیاندنی ناوەرۆکەکەیەتی.

## سێیەم دیالۆگی لێکدراو:

## ١–دیالۆکی شیکاری:

### أ– له رۆمانی(کۆردەرە) دا:

جۆری ئەم دیالۆگە زیاتر خەسڵەتی شیکاریان پێوە دیارە, بۆ نموونە: کاتێك گێڕەرەوەی هەمووشتزان (ئەکبەر) هۆکاری زیادبوونی لێدانی دڵ روون دەکاتەوە, لەکاتی گفتوگۆی لەگەڵ تکت بڕەکە, نەوەك بەوە بزانێت گوزەرنامەکەی ساختەیە و بەناوی (رشید مجید عبدالله) نییە, بەڵکو (ئەکبەر)ی بێ تەسکەرەیە .

**((دەمەوێ تکتی لوبنان بېڕم ... !! .**

**بێ ئەوەی سەر هەڵبڕێت وتی : گوزەرنامەکەت ئامادەیە ... ؟**

**وتم :– بەڵێ**

**وتی ئا بمدەرێ ...**

**دەستم کرد بە گیرفانمداو گوزەرنامەم دایە دەستی یەوە ... چەند پەڕەیەکی هەڵدایەوە بە وردی سەیری دەکرد ... دڵ لە سینەم دا لێدانی بەرزبوویەوە ... لەوە دەترسام گوێی لە ترپەی دڵم بێت و بزانی من رەشید مجید عبدالله نیم و ئەکبەری بێ تەسکەرەم. ))**[٧٩]

هەر لە رۆمانی کۆردەرەدا, سەبارەت بەدیالۆگی شیکاری, کاتێ ئەکبەر گفتوگۆی نێوان خۆی و عەلی فەرمان مان بۆ دەگێڕێتەوە، سەبارەت بە پەیداکردنی بڕێ پارە بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی لە دەرەوەی وڵات, (عەلی فەرمان) یش بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ کێشەکەی, خواردنی مافی باوکی لەلایەن ئەو کابرایەی, کە قاچاغچیەتی بۆ دەکرد دەخاتە بەر گوێی ئەکبەر بۆ وەرگرتنەوەی مافی خانەوادەکەی, کە بەڵێنی بەباوکی دابوو, ئەگەر ناویان نەهێنێت هاوکاری مادی خێزانەکەیان بکات .

**(( عەلی فەرمان هەڵی دایەوە و وتی :**

**ئەگەر بە چاکی هەنگاو بنێیت ، بیرێکی باشم بۆ کردویتەوە و دەبێتە خاوەن پارەیەکی زۆر وتم !**

**– چۆن ... ؟**

**– من دەزانم برا دەران دەستیان کورتە و توانایەکی وایان نییە ، یارمەتی نەقدینەم بدەن، بەڵام قسەکەی علی فەرمان خستمیە گومانەوە، علی فەرمان زۆری رانە گرتم و وتی :**

**-لە بیرتە ئەو کابرا نامەردەی وا باوکت قاچاخچیەتی بۆ دەکرد و لە دادگاشدا ناوی نەهێنا، بە هیوای یارمەتی دانی ئێوە ... ؟.**

**وتم :**

---

78– سەرچاوەی پێشوو, ل١٥

79– رۆمانی کۆردەرە، ل١٨٧ .

**– چاکم له بیره ... ! ! .**

**وتی :**

**– ئەو نامەردە ئێستاش هەر خەریکی ئەو بەزمەیە، ئێمەش، تەواوی ئەو زانیارییانەت دەدەینێ، دەبێ زیرەکانە قسەی لە گەڵدا بکەیت، تا ئەو حەقە کۆنەتان بۆ بگەڕێتەوە ...؟ یا بە جۆرێکی تر رەفتاری لەگەڵ دا دەکرێت ... ئەمەش بزانە ئەمە بە باج سەندن مەزانە و واتێ نەگەیت کە سەرانەی لێ دەسێنیت، جانەوەرێکی وا ئەوەی ناوی ویژدان و ئابرو و شەرەفە لێی بێگانەیە جگە لە ئەمانەش مافێکی رەوای خۆتانیشە ... ! ! ))**[80].

## ب–لە رۆمانی (هیچ) دا:

ئەم جۆرە, لە رۆمانی (هیچ) یش بەکارهاتووە، کە لەشێوەی هۆیەتیش (سببی) بۆ رازیکردنی لایەنی بەرامبەر بەکاردێت. کاتێك پوورە پەزە هەوڵدەدات گوڵچینی خوشکی حەمە پەشیمان بکاتەوە و واز بهێنێت ئەوەندە نەچێتە خەستەخانە بۆ بینینی رەجەب, کە گوڵچین لە ناخی دڵەوە عەشقی رەجەبە و کچێکی سەر کەش و یاخی بێ سڵ کردنەوە مل لە نادیار دەنێت و شتەباوەکان تێك دەشکێنێت و باوەڕی بە گۆڕان و بەرەو پێشچوون هەیە.

**((کچە سەرتاشراوەکە ، بەسە بۆ چ کۆڵ نادەی ؟ ئەم هاتوو چۆی خەستەخانەیە بۆ نابڕێتەوە ؟ ..**

**– بۆ مەگەر چیم کردووە ؟**

**– نا بەخوا ، هیچت نەکردووە ئاخر تۆ بە من ناڵێی ، تۆ لە کوێ و رەجەبێکی نەناس و نەناسراو لە کوێ ؟**

**– حەز لەیەك دەکەین و تەواو .. مەگەر حەز لەیەك کردن تاوانە ؟**

**– نا حەز لەیەك کردن تاوان نییە، هەر زەگی و شەو بە دزی یەوە بێداری و دەست لە ملان گوناهە .**

**– پوورە پەزە قوڵی مەکەرەوە و پەل و پۆی لێ دەرمەهێنە .**

**پەریزاد بە توڕەی یەوە ووتی :**

**– پەل و پۆی لێ دەردێنم ، یا توو بوگیت بە پەندی زەمانە !**

**– باشە بۆ بوگم بە پەند ؟ بۆچی هەر من حەزم لە خەڵك کردووە ؟ مەگەر لە کێ کەمترم ؟**

**– ئەم جۆرە حەز لێ کردنە هی ناو کتاوە ، کتاو . یا لە رەجەبەوە فێری بووکیت ؟**

**– لە هەردووکیانەوە**

**– قسەی قۆڕ مەکە ، رەجەب بێگانەیە، بیگانە، هەتا وەکو زمانی یەکتر نازانن .**

**– من نای زانم ، ئەو دەیزانێت. با نەشی زانم ، سبەی فێر دەبم ، شت نییە ئینسان فێری نەبێت، ئەگەر بیەوێت ، خۆشەویستی زمانی ناوێت .**

**– گوڵە ئەم بەزمە .. لای خۆمان نەبووەو نەکراویشە .**

80– سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥ .

**– بۆچی هەرچی لە پێشدا نەبووبێ و نەکرا بێت، ئیتر نابێت بکرێت ؟! ))(٨١)**

لەم دیالۆگەدا, پوورە (پەزە) هەرچی لەگەڵ گوڵچین دەڵێت و ترسی دەخاتە دڵیەوە, بۆ ئەوەی واز لە رەجەب بهێنێت, بەڵام بێسوودە, چونکە گوڵچین باوەڕی بەخۆشەویستیەکی راستەقینە لەگەڵ رەجەب هەیە، چوەتە لای رەجەب لە نەخۆشخانە و یەکتر لە ئامێزگرتنیش, کە خەڵکی بە کارێکی خراپی دەزانێ بەلای ئەمەوە ئاساییە و خۆشەویستی ئەم شتانەشی لەگەڵدایە .

گوڵچین دوای ئەوەی رەدووی رەجەب دەکەوێ بۆ بەغدا, داوا لە رەجەب دەکات کە لای مەلا مارەبڕی بکات, لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیەوە کەسێتی هەریەکەیان زیاتر دەردەکەوێت و بیر و بۆچوون و زۆر لایەنی نادیاریان بە تایبەتی هی رەجەب ئاشکرا دەبێت.

**((خوا هەڵناگرێت ، گوناحە ، تا کەی بێ مارە و تەڵاق بین ؟ خوا بەرداری نیە ئەم گوناهانە دوا رۆژ یەخەی خۆمان نەگرێت ، لە منداڵەکانمان گیرا دەبێت . ئێمە ناشکوری نەبێت عومەتی ئیسلامین ..**

**– تۆ یەشتا ، هەر لادێ یانە بیر دەکەیتەوە ، زۆرت ماوە لە مانای دڵ و دڵداری تێ بگەی .. مارە و تەڵاق گۆرستانی دڵداری یە . لێگەڕێ ماچێکی دڵداری هەزار تەپاو تلی ناو جێگەی ژن و مێردی دەژی .**

**– بۆچی هەر کەسێك مارە بڕا ئیتر بۆی نییە دڵداری بکا ؟**

**– با ، بەڵام ئەو تامەی نییە .**

**– ئەگەر مەلایەك لە یەکتر مان مارە ببڕێت چی لە مەوزوعەکە دەگۆڕێت ؟**

**– وەك وتم دڵداری لەزەتەکەی زۆرترە . ئەگینا بۆ من چ بە مارە چ بێ مارە ، وەك یەك وایە ...**

**– گوێ بگرە چی دەڵێم من روونم کردۆتەوە ، چەند تۆم خۆش دەوێت . خۆمم ئافەرۆزی تایفە و تیرە و دۆست و ناسیار کردووە لەبەر تۆ ، بەو خۆشەویستی یەم قەسەم لنگت لە لنگم ناکەوێت . تا لە یەکتر مارە نەبڕیەین . سبەیش نا ، ئەمڕۆ . ئەگینا خراوتریش ئەکەم .**

**– دڵەکەم قسەی خۆش زۆرە بیکەین ئەوەندە پابەندی بیروڕای لادێ یانە مەبە و سەختی لێ مەنوە. ))(٨٢)**

لەم گفتوگۆیەدا کەسێتی هەریەك لە رەجەب و گوڵچین بە رێگەی نمایش کردن ئاشکرا دەبێت و خوێنەر لەم گفتوگۆیە ئەوە تێبینی دەکات, کە گوڵچین ئافرەتێکی پاك و بێگەردە و حەز ناکات بێ مارە بڕین لەگەڵ رەجەب پێکەوەبن و بەلایەوە حەرامە. ئەمەش ئەو لایەنەی ناخ و دەروونی گوڵچین بەدەردەخات, کە خاوەنی کۆمەڵێك رەوشت و بەهای جوانە, کە لە کۆمەڵگەکەیەوە بۆی ماوەتەوە و لەو عیشق و خۆشەویستیەدا لەگەڵ رەجەب راست دەکات و نیەتی پاکە و رەجەبی, وەکو مرۆڤێك دەوێت و حەز دەکات لای مەلا خۆیان لەیەك مارە ببڕن و بە حەڵاڵی لەگەڵ یەکدا بن . بەڵام کەسێتی رەجەب وا بەدەردەکەوێت ئەو پاکی و بێ فێڵیەی گوڵچین و ئەم ڕەوشت و بەها جوانانە و ئەو عیشق و خۆشەویستییە راستەقینەیەی لەدڵی گوڵچین دا هەیە ، هیچ کام لەمانە لای رەجەب بوونیان نییە و خاوەنی هیچ جۆرە رەوشت و بەهایەك نییە و ئامادەیە تا سەر بەبێ مارە بڕین لەگەڵ گوڵچین دا بێت, چونکە ئەم گوڵچینی, وەکو کالایەك نەك مرۆڤێك دەوێت و خۆشی چێژی لێوەربگرێت و وەك دوایش دەردەکەوێت پارەی پێ پەیدا دەکات ... هتد .

---

81– رۆمانی هیچ، ل٥٢–٥٣ .

82-سەرچاوەی پێشوو, ل٨٨.

## ج- له رۆمانی (پاشایان کوشت) دا:

لەم دەقەی خوارەوەدا (داود پاشا) والی بەغدا فەرمانی شەڕ دەدات بە ( گوێزلگ پاشا ) و فەرمانیشی وایە, کە دەبێ (مەحمود پاشا)ی بابان ملکەچی فەرمان و راسپاردەکانی گوێزلك پاشا بێت، ئەوانیش بۆ ئەم بڕیارە لەناو خۆیاندا ئەو فەرمانە تاوتوێ دەکەن, کە هەموویان رازی نابن ملکەچی ئەو فەرمانە بن, بەڵام (مەحمود مەسرەف) پێشنیاری ئەوە دەکات, کە پەلە نەکەن لە بڕیاریاندا, دواتر مەبەستەکەی خۆی دەخاتەڕوو, کە بۆ ئەوەی زەرەرو زیان نەکەن بۆ ماوەیەك بچنە ژێر فەرمانیان, تاکو کاتیان بۆ دەرەخسێت و تۆڵەیان لێ بکەنەوە .

**((مەحمود مەسرەف هاتە نێو قسەکانیانەوە و وتی :**

**– هەلبکوتینەسەری ..... هەڵدەکوتین ، با ئێمەش بە زمانی ئەوان بۆ ماوەیەك بدوێین و گفتوگۆ بکەین، رەنگە زیانی تیا نەکەین .**

**– ڕۆشنی کرەوە .**

**– دەڵێم بۆ ئەوەی زەرەرو زیان و کوشتار نەدەین ، بابە زاهیر سەر بۆ فەرمانەکەی داود پاشا داهێنینەوە : سبەی لە خزمەتی پاشا وابەرە و بارەگای گوێزلك بڕۆین فەرماندەری ئەم شەڕەی لێ قبوولْ بکەین ، تا هێمنە و هێدی دەبێتەوە : ئەو حەلە شەوەیخوونیان ببەینە سەر ))**(٨٣).

هەر سەبارەت بە دیالۆگی شیکاری لەم رۆماندا, کاتێ (کەیخوسرەو بەگ) لەگەڵ (مەحمود مەسرەف) دەکەوێتە دیالۆگەوە, سەبارەت بە ژن هێنان بۆ (عەبدوڵڵا)ی کوڕی و (مەحمود مەسرەف) و (عەبدوڵڵا پاشا) ش, لەگەڵیان بچێت بۆ ماڵی ئەورەحمانی ... هتد.

**(( کەیخوسرەو بەگ وتی :**

**– بڕیارم دابوو ئێوارە سەرێکت لێ بدەم . کارێکی خێرمان پێتە .**

**– کارێکی خێرو بە من ؟ !**

**– ئا ، بە تۆ دەمانەوێ ژن بۆ عەبدوڵڵا بهێنین .**

**مەحمود مەسرەف لە تەرزی قسەکەی میری جاف تێ نەگەیشت ، هەرچی سەری دەهێنا و سەری دەبرد, بۆ خۆی کچی وا, یا خوشکی وای نییە، لە ڕێك عەبدوڵڵا بەگدا بێ, بۆیە لە گێژاودا مابووەوە ...**

**کەیخوسرەو بەگ نەیهێلا زۆر بیر بکاتەوە, وتی :**

**– دەمەوێ عەبدوڵڵا پاشا و تۆ لەگەڵماندا بێن بۆ خوازبێنی، بۆ ماڵی ئەورەحمان بەگی میران ... ))**(٨٤) .

لەم دیالۆگەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت, کە کاری ژن و ژنخوازی بەهایەکی گرنگی هەیە لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا, هەروەکو (کەیخوسرەو بەگ) داوا لە (محمودمسرەف) دەکات, کە لەگەڵی بچێت بۆ ماڵی (ئەورەحمان بەگ)ی میران, بۆ داواکردنی گوڵئەندامی کچی بۆ عەبدوڵڵای کوری, ئەوەش نیشانەی بەرز راگرتنی پرۆسەی ژنخوازیە, کە رۆماننوس خستۆتیە ناو دەقی رۆمانەکەوە.

---

83– رۆمانی پاشایان کوشت، ل٦٣ .

84– سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢ .

## د- له رۆمانی ( راز ) دا:

له دیالۆگی نێوان ئەفسەری لێپرسراوی گوزەرنامەی ئێران و فراوله، ئەفسەری گوزەرنامه بەوه تۆمەتباری دەکات, که ئەوان بێمەرامەکی تایبەت بەخۆیانەوه نەهاتوون بۆ ولاتەکەیان, بەتایبەتی لەو کاتەدا سەردەمی گۆڕانی شاهی بۆ ئیسلامی بوو . که ئەفسەرەکه به چاوی گوماناویەوه سەیری فراوله دەکات, وای دەبینێت جاسووس بن, فراولەش بۆ لابردنی گومانی ئەفسەرەکه, دەڵێ: هەرکەسێ پرچی زەردبێت چاوی شین بێ دەبێ جاسوس بێ .

**((- ئێمه دێر یناسین، به پێی بەرنامەیەکی جیهانی هاتووین. کابرای ئەفسەر قسەی فراولەی به تووڕەییەوه بڕی, وتی :**

**- لەگەڵ منداڵدا قسه دەکەی. لەم ڕۆژانەدا، ئێمه هەرچی جاسووسی سەفارەتی شەیتانی گەوره هەن دەستگیرمان کردوون، دەتەوێت بیسەلمێنم دێرینناسیت ؟**

**- بیسەلمێنی یان نەو، ئەوه باسێکی ترەو ڕەنگیشه گومانتان بێ جێگه نەبێت, بەڵام واتای ئەوەش نییه هەر کەسێ پرچی زەرد بێت و چاوی شین بێ، دەبێ جاسووس بێت. ))**(٨٥) لەم دیالۆگەدا ئەوه دەردەکەوێت, که کاتێکی هەستیاری گۆڕینی فەرمانڕەوای دەسەلات بوو. له شاهییەوه بۆ ئیسلامی, بۆیه بەچاوی گوماناوییەوه سەیری هەموو کەسێکی بێگانه و نزیك له دەسەلاتی پێشوویان دەکرد.

## هـ - له رۆمانی (دەغدو) دا:

گفتوگۆی شیکاری ئەو گفتوگۆیەی نێوان سەنگەر و دایکی سەبارەت بەدەستنیشان کردنی کچی پوری بۆ سەنگەر لەلایەن دایکییەوه, بەڵام سەنگەر ئامادەنییه لەو کاتەدا ژن بهێنێت, چونکه ساڵێکی کۆلێژی ماوه, تاکو خوێندن تەواو بکات .

**((- دەی دایه بزانم کێت بۆم دەست نیشان کردووه ؟**

**دایکم ئاوڕێکی قوڵی له رووخسارم دایەوه و وتی :**

**- گاڵتەت به قسەکەم دێت ؟**

**- نه به گیانی تۆ .... بەڵام من جارێك ژنی زەمانەم چیمه له ژن هێنان، تازه من ساڵێکی ترم ماوه ... تا کۆلێژ تەواو کەم ..**

**-کوڕه خۆمنیش نانم به ساجەوه نەسوتاوه دەڵێم گوارەی کچی پورت تا بڵێی خانمه و کچی باشه، با باسیان لەگەڵی بکەمەوه ... ))**(٨٦) لەم دەقەدا, سەنگەر بۆ دایکی روونیدەکاتەوه, که ئامادەیی ژن هێنان نییه, چونکه قوتابییه و ساڵێکی کۆلێژی ماوه کۆلێژ تەواو بکات, بۆیه به چاکی نازانێ لەوکاتەدا ژن بهێنێت .

هەر سەبارەت به دیالۆگی شیکاری له رۆمانی (دەغدو)دا, زۆرجار کارەکتەره لاوەکییەکان رازگری کارەکتەره سەرەکیەکانن. سەنگەر, وەکو یەکێ له کارەکتەری سەرەکی نێو رۆمانەکه, که له حاڵەتێکی دەروونی خراپدایه و بەردەوام شەوانه خەون ئەبینێت و ڕۆژانیش هەر بەردەوام له فکریدا دەبێت, بۆیه ئەو

85- رۆمانی راز، ل٢٦ .

86- رۆمانی دەغدو، ل٤١ .

نهێنییه لای تحسین ی هاوڕێی باس ئەکات, ئەویش ئەیباته لای خودەیده له (لالش) و راڤەی خەونەکانی بۆ دەکات و پێی دەڵێ: **(( ئەوەی که تۆ دەیبینی رۆحه و رۆحێکی سەرگەردانه و بەختت یاره له ڕوحه ئاشۆفته و بەد تەشه و توند خووەکان نییه و لەسەر خۆ ئارام وه خێرخوازه ... ))**[87] لەم دەقەدا, خودەیده راڤەی خەونەکەی سەنگەر دەکات, که ئەو خەونەی له خەودا دەیبینێت ئەوه رۆحه و رۆحێکی شەڕانگێزنییه و بەڵکو رۆحێکی خێرخوازه .

## ٢–دیالۆگی (وەسفی + شیکاری)

### أ– له رۆمانی (کۆردەره) دا:

گلەییه بەردەوامەکانی رەزاش له ئەکبەری برای له هێنانی ئەو هەموو حەلوا گەزۆیه له مامۆستا هۆشیار بۆ عەلی فەرمان، کەچی ئەوانیش بۆ تەنیا جارێك تامی حەلوایان نەکردووه و نازانن تامی چۆنه, که له رێی جێناوی کەسی یەکەمی کۆ (ئێمه) و جێناوی لکاوی یەکەمی تاك (م) به شێوەیەکی هونەرییانه دیالۆگەکه له شێوەیەکی وەسفی و شیکاری پێشکەش کراون که رەزا دەڵێ : **((– تۆ هەر حەڵوا گەزۆ دەهێنیتەوه و دەڵێیت هی خەڵکه ... هی مامۆستا هوشیاره ... ئەمانەته ... ئەمانەت. دەکەڕەتێك چکێکیش بۆ ئێمه بێرەوه ... با هەر نەبێ بزانین تامی چۆنه ... ؟ ... ئەم ئەمانەته بۆ نەبڕایەوه ... ؟ .. نازانم (علی فرمان) ئەم هەموو حەڵوا گەزۆیه چۆن دەکاته زەقنه بووتی ... ؟ چۆن نا ترەکێت ... ئەگەر مامۆستا هۆشیار ئەوەندە سەخاوەت و مەندە گلەیەك بۆ بەشی تۆشی نادات ... ؟.**

**– ئەو بەشت نادا خۆت بۆمان بسێنه .. ! !**

**– رەزا باوەڕ بکه من حەلوا گەزۆ له دەربەندیخانا نابینم، دەڵێن له سولەیمانییەوه دەیهێنین ... ئەمجاره به مامۆستا دەڵێم سنووقێکیش بۆ ئێمه بهێنێ ! ! ! .. تێرت خوارد.... ؟**

**– کوانێ تا تێر بخۆم .... ؟**

**– تا مولت بوێت ئەم سنووقه ئامانەته . ))**[88] ئەکبەر هیچ زانیارییەکی نەبوو سەبارەت بەو حەلوا وگەزۆیانەی, که مامۆستا هۆشیار له دەربەندیخانەوه پێی دەنێرێت بۆ عەلی فەرمان له خانەقین, که دواتر بەهۆی بوونی نامەی نهێنی (شەونامه) لەنێو حەلوا و گەزۆ کانەوه, که دەبێته هۆی گرتن و زیندانی کردنی ئەکبەر بۆ ماوەی دوو ساڵ و ساڵێکیش له ژێر چاودێری مایەوه.

هەر سەبارەت به جۆری دیالۆگی (وەسفی + شیکاری) له رۆمانی کۆردەرەدا هونەری لێکچواندن له دیالۆگی وەسفیدا بەکارهاتووه .

**((– هەتیو نازانم کەی دەیبریتەوه ... ؟ سەعاتێکه گینگه گینگته و جیکه جیکته بێڵه بادەر سەکانمان بخوێنین ... ! ! .**

---

87– سەرچاوەی پێشوو، ل٥١ .

88– رۆمانی کۆردەره، ل١٠٧ .

**دەلا چۆ مردوت مرێ تویش ئەڵێی بەرگی کیتاوی ... سەری لەسەر بەرز ناکەیتەوە . پشویەك بدەیت ... گەوجە دەرس تەواو نابێت .**
**بەڵام تەمەن دەرواو تەواو ئەبێت ... تەواو ... ! ! .**
**– یانی چی تەواو ئەبێت ... ؟**
**یانی ئەوە ئەڵێم ئەگەینە دەرسەکانمان ، بەڵام ناگەینە تەمەن که دەروات ... لێی گەڕێ هەناسەیەك بدە ... ! !))**[٨٩]. لەم دیالۆگەی نێوان دووکارەکتەرە دەگەین, کە ئەمان دوو قوتابین لە دەرەوەی وڵاتدا دەخوێنن بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن, بەڵام یەکێ لە دوو قوتابی یەکە بەهۆی دەنگی قوتابی یەکەی ترەوە بێزاری خۆی دەردەبڕێت لە وەڵامی قوتابی یەکەی تر کە قوتابیە کە بەبەرگی کتاوی دەچوێنێت و راڤەی ئەوەدەکات, کە دەرس تەواو نابێ, بەڵام تەمەن دەرواو تەواو دەبێت.

## ب– لە رۆمانی ( هیچ ) دا:

لە دیالۆگی نێوان پوورە پەزەو عارفی کوری دایکی داوای ئەوەی لێدەکات, کە چیتر کاری خشت برین نەکات و واز بهێنێت , بەڵام عارف نارەزایی دەردەبڕێت ناتوانێ واز لەم کارە بهێنێت و ناچێتەوە سەر ڕێگای باوکی, کە پیشەی دزی و چەتەیی و رێگری بوو, کە ماوەیەك وازی هێنا بوو, بەڵام بەهۆی زۆری دایکی دواجار گەرایەوە سەر کارەکەی پێشووی. **((رۆڵە ! ئەم لاساری یەت تاکەی ؟ کەی دەست لەم خشت بڕینە هەڵ دەگری ؟ تف هەڵدەی دەمەییت . بەم زستانە ناوسکت دەبێتە خوێن. خۆ ناشوکری نەبێت موحتاجی کەس نین .**
**– دایە ، تکات لێ دەکەم لەم رووەوە مەدوە. من خۆ منداڵ نیم و چاکە و خراپەی خۆم لەیەك دەدەمەوەو دەزانم چی دەکەم.**
**– کام لەیەکدانەوە ؟ نیوەڕۆکار، ئێوارە قورکاری و شەویش هەر خەریکی هات و چۆ و گفتوگۆ و شەو بێداری . کەی گوزەران وا دەبێت ؟**
**– بەسە ، دایە ! بیبڕەوە. من دەمەوێت بە عەرەقی ناو چاوانی خۆم نان بخۆم ، نەك نانی چەپاو و تاڵان و خاوە . باش لە بیرمە ، باوکم تۆبەی کردبوو ، بە دەوری دزی دا نەدەرۆیشت . تۆ بووی هەردوو پایت کردە کەوشێك و دەست بەردار نەدەبوویت ، تا ئاوا بە تەواوی ئاڵووەی هەزار کاری رەواو ناڕەوا بوو. ))**[٩٠] لەم دیالۆگەدا دەردەکەوێت, کە عارف گەورە بووە و توانای کارکردنی هەیە و دەیەوێت بەعەرەقی ناو چاوانی خۆی نان بخۆات، نەوەك بچێتەوە سەر ڕێگای باوکی کە دزی و جەردەیی بوو .

لە نموونەیەکی تری ئەم جۆرە دیالۆگەدا, کاتێ عارف و فەرهاد بە ڕێگەوەن بۆ ئەوەی بچن کاری خشت برین بکەن عارف بە فەرهاد دەڵێت: لە بیرنەکەی ئێوارە لای مامۆستا ئومێد کۆبوونەوەمان هەیە چەند کەسێکی تریشی لێیە، کە باسێکی بەکەلکی ئامادە کردووە و فەرهادیش دەربارەی مامۆستا ئومێد دەڵێ : **((خۆزگە لە بنەماڵەی دەست رۆیشتووان نەبوایە، هەرچی دەمەوێت خۆمی لێ نزیك کەمەوە، پێم ناکرێت .**

---

89– سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣١ .

90– رۆمانی هیچ، ل١٠٣ .

**– بۆچی ڕەفتارێکی نا شایستەی لەگەڵتدا کردووە ؟**

**– نەوەڵا ، بە پێچەوانەوە ، تا بڵێی سادە و بێ ئالایش و ناسک بووە لە گەڵما .**

**– جا ، ئیتر وا دەزانم زوڵمی لێ دەکەیت و تێ فکرینەکەتیش بێ مانایە . ڕەنگە ناخۆ ئاگا لە عاستێ بێ گوناھ ھەست بە کەمایەتی بکەیت ، ئەگینا بێ بەڵگە ئاوا تێ فکرینێك ڕەوانی یە . دەڵێن: ((غورووزو تەوازوع ، ھەردوکیان وەك یەك زیان بەخشن)). ئێمەش چو مارکسیستێك دەبێ لەسەر ئەو بیرو ڕایە ھەنگاو بنێین .))**[91] لەم دیالۆگەدا, فەرھاد ھەڵوێستی خۆی بەرامبەر مامۆستا ئومێد ئاشکرا دەکات, ھەروەھا ئەوە دەردەکەوێت, کە عارف بووەتە مارکسی و لە پێناو ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا خەبات دەکات, لەگەڵ ھاوڕێکانیدا کۆبوونەوە ئەنجام دەدات .

## ج– لە رۆمانی (پاشایان کوشت) دا:

ھونەری لێکچوواندن لە گفتوگۆی وەسفی دا لەلایەن رۆماننوسەوە بەکارھاتووە, ھەروەك لەم دەقەی خوارەوە دەردەکەوێ. ((**– پێم وایە ئەگەر سبەی مووچە و مواجیبی سوپا بدەیت باشتر بێت . ئەحمەد بەگی خەزنەدار نەختێك لە پاشا نزیك بووە وتی :**

**قوربان، وەك دەزانی ئێمە شەڕمان لە پێشە و شەڕیش بێ زەر ناکرێت جگە لەمانەش چەکدار و سەرباز وەك سەگ وان تابرسیان بێت باشتر پەلامار دەدەن پێم وایە سەگ بەبرسییەتی بمێنێتەوە باشترە ، بەتایبەت لە ئاوا رۆژگارێکدا... ))**[92]. لێکچواندنی سەرباز و چەکدارانی بابان بەسەگ لەلایەن ( ئەحمەد بەگ ) ی خەزنەدار و ئەم قسەو باسە لەناو لەشکری (بەبە) بڵاوبویەوە و کاربەدەستانی سوپا بریاریاندا لە سزای ئاوا قسەکردنێکدا ( ئەحمەد بەگ )ی خەزنەدار بکوژن, کە بووە ھۆی ئەوەی سوپای( بەبە) لەنێویەکدا شەڕبکەن و کوشتارگەیەکی گەورە روویدات.

## د– لە رۆمانی (راز) دا:

لەم رۆمانەشدا, رۆماننووس ھەوڵی داوە ئەو دیالۆگانەی کە لەنێوان کارەکتەرەکان روودەدات . ھەندێ جار لایەنی وەسفی و شیکاری بگرێتەخۆ، ھەروەکو چۆن لەم دەقەی خوارەوە ھاتووە, کە ئەردەشێرخان لای پرۆفیسۆر وەسفی دەست و پەنجەی فریشتاوی فراولە دەکات, کە گێڕانەوەکەش لە ڕێگەی گێڕانەوە ڕەوتی بەرەو پێشەوە بردووە. **(( ئەگەر دەست و پەنجە فریشتە ئاسای ئەو نەبووایەو تیماری نەکردمایە، زامەکەم دەیخستم ، وا دەمبینی چەندە سەر حاڵم ھی ئەو پەنجەسیحراوییانە، وەك دەشزانی تا بە ئەوڕۆ لەم کوشت و کوشتارەدا بیرم لە ئافرەت نەکردووەتەوە، بەڵام ئەم ژنە شتێکی سەیرە ژیلەمۆی دەروونمی گڕ تێ بەرداوە. ))**[93]

---

91– سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥ .

92– رۆمانی پاشایان کوشت، ل١٣٥ .

93– رۆمانی راز، ل١٣٣ .

لێرەدا ئەردەشێرخان ئەوە روون دەکاتەوە, کە چارەسەری برینی زامەکەی لەلایەن فراولەوە بۆکراوە, هەروەها سەرسامی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر ئەو جوانییەی کە ئەم ئافرەتە هەیەتی, تا ئەو رادەیەی, کە کار لە دڵ و دەروونی بکات و بەردەوام بیری لێبکاتەوە.

## هـ- لە رۆمانی (دەغدو) دا:

سەرەتا (کارەکتەر – گێڕەرەوە ) لە رێگەی وەسفی گوارەی کچی پوری بەردەوامی بە گێڕانەوەکە دەدات و دەست دەکات بە گفتوگۆ و هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە ژن نەهێنانی لەکاتی ئێستادا دەخاتەڕوو: **((گوارەی پووزام گەلێك ژیرانە هاتە نێو باسەکەوەو زۆریش بە دڵنیاییەوە ژمێراو ئەو باسەی ڕاگەیاند ... کەسایەتی و باوەڕ بە خۆ بوونم لە دڵا ستایش و سەلماند دەستم برد و دەستم گرت و لەسەر خۆ وتم :**
**– ئەگەر یەکێك ژن هاوەر بێت و تۆز کاڵێك زەوقی هەبێت پێم وا نییە لە تۆ باشتری وە دەست کەوێت, دایکی منیش چەند جارێك ئەم باسەی لەگەڵما کردۆتەوە، بەڵام گرفتاری من پەیوەندیەکی بەمەرجەکانی تۆوە نییە ، ئافرەت هەر ئەوەندە خان و مان و جوان سەلار دەبێت لەوەی دڵنیام ئەوەی تۆ ببیتە هاوسەری دەگاتە پۆپەی خۆشبەختی، شتێکە من ژن هێنەر نیم ... ))**[٩٤]. لێرەدا سەنگەر ئەوە روون دەکاتەوە کە ئامادەی هێنان نیە نە لەئێستا و نە لەداهاتوودا, بۆیە نایەوێت ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت.

## پاش لێکدانەوە و شیکردنەوەی چۆنیەتی گێڕانەوەی رووداو لە رێی دیالۆگەکانی ئەم رۆمانانەوە دەکرێ بڵێین :

١- یەکێك لە سیفەتەکانی دیالۆگ ئەوەیە, کە ئێستایی دەبەخشێتە کاتی رووداوەکان هەرچەندە لە رابردووشدا رووی دابێت, لەکاتی گێڕانەوە, یاخود قسەکردن بەکاتی ئێستا قسەی پێدەکرێت جا دیالۆگی راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ.
٢- هەرچەندە دیالۆگ دەنگی تایبەتی کارەکتەرە، بەڵام گێڕەرەوە تاڕادەیەك خۆی تێکەڵ بە دەنگی کارەکتەرەکان کردووە, لە پێشکەش کردنی هەندێ دیالۆگدا .
٣- گێڕەرەوە لە پێشکەش کردنی دیالۆگەکان پشتی بە دیمەن و گێڕانەوە بەستووە .
٤- دیالۆگ رۆڵێکی گرنگی هەیە, لە ئاشکراکردنی نهێنییە شاراوەکانی دەقدا, چونکە لە دیالۆگەکاندا کارەکتەرەکان رووبەرووی یەکتر دەبنەوە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێ و ئەو ئالۆزیەی دێتەکایەوە کە گێڕەرەوە پلە بە پلە دەیان خاتەڕوو .
٥- لە رۆمانە فرە دەنگەکاندا دیالۆگ رووبەرێکی زۆری دەقی گرتووە، چونکە هەر کارەکتەرێك خاوەن دەنگی خۆیەتی .
٦- دیالۆگ لەرۆمانەکاندا تاڕادەیەك گێڕانەوەی رۆمانەکەی دەوڵەمەند کردووە، لە هەر دیالۆگێکدا رووداوێکی جیا لەوی تر باس دەکرێت, هەرچەندە بەشێکی زۆری رۆمانەکان لەسەر هونەری دیالۆگ بنیاد نراوە .

---

94- رۆمانی دەغدو، ل١٣٧ .

## • تەوەری دووەم:

### پێناسە و مێژووی هونەری مۆنۆلۆگ:

(مۆنۆلۆگ) زاراوەیەکی ((گریکییە لە لێکدانی هەردوو وشەی (**Monos**) (تاك) و (**logos**) قسەکردن دروستبووە))[٩٥]. لەناو دەقدا (تاك) پاڵەوان یان کارەکتەر قسە لەگەڵ خودی خۆی دەکات، یا زۆرجار ئەو قسەکردنەی لەگەڵ پاڵەوان و کارەکتەرەکانی تری نێو دەقەکەیە، کە ئەم قسانەش دەلالەتکردنە لە ناخی پاڵەوان یان کارەکتەر بەرامبەر بابەتێك دەری دەبڕێت.

(ئیدوارد دوجاری) یەکەم کەسە، کە ئەم هونەرەی بەکارهێناوە و دەڵێ:((مۆنۆلۆگ: چارەسەرکردنی بیرە شاراوەکانی نزیك ناوچەی نەستە))[٩٦]. ئەمە بابەتە تایبەتییەکانی هزری مرۆڤ دەردەبڕی، بەڵام (رۆبرت همفری) بەرپەچی ئەم رایەی داوەتەوە و دەڵێ: ئەم تەکنیکە بۆ پێشکەشکردنی هۆش و چارەسەرکردنییەتی، ئیدی لەهەر ئاستێك لە ئاستەکاندا بێت, واتە تەنیا ئاستی نائاگای(نەست) ناگرێتەوە، بەڵکو گرنگی بەهەموو پێکهاتەکانی ئاگای(هەست) و کردارەکانی دەدا نەك تەنیا یەکێکیان[٩٧]. (حسێن عارف) لە بارەی مۆنۆلۆگەوە دەڵێ: (واتە قسەکردن لەگەڵ خۆدا، باشترینە. ئەم شێوەیەش یەکێکە لەو تەکنیکانەی داهێنەرانی رێبازی (شەپۆلی هۆش)ە، لە هونەری چیرۆکنووسیندا بەوە بەناوبانگە، کە هەرچەندە دیوی دەرەوەی مرۆڤ لە هەڵسوکەوت و کردار و رەفتاریدا ناخاتە پشتگوێ، بەڵام پتر بایەخ بە دیوی ناوەوەی دەدا و شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناو ناخی و جڵەوی بۆ شل دەکا، کە بەبێ سڵکردنەوە لە هەست و نەست و خواست و ئاوات و ئارەزوو و رازی خۆی بدوێ ))[٩٨]. واتە هەموو ئەو حەزو ئاوات و ئارەزووانەی بخاتەڕوو، کە بە کپکراوی لەناو هەست و زەین و هۆش و ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە .

لە پێناسەیەکی تر لە بارەی مۆنۆلۆگەوە (حەسەن جاف) لە کتێبی (چیرۆکی نوێی کوردی) دا، کە دەڵێ: (مۆنۆلۆج لە هەموو جۆرەکانی تری تەکنیك زیاتر لە چیرۆکی نوێماندا بەکارهاتووە، ئەم هونەرەش بە مەبەستی خستنەڕووی دیوی ناوەوەی کەسانی چیرۆکەکە. واتە دیوی نەستی ( لاشعوری) کەسەکە بەکاردێت, کە لە ئەنجامی تیۆرەکانی فرۆیدەوە دەربارەی شیکردنەوەی دەروون هاتە کایەوە ...)[٩٩] . کەواتە خواست و نەستەکانی مرۆڤ کەوتۆتە قولایی ناوەوەی مرۆڤ و لە هەمبەر (منی باڵا) و داب و نەریتدا دژ یەك راوەستاون و هەر بەو جۆرە بۆ دەربڕینی ئەو خواستە شاراوانە، کارەکتەری مرۆڤ دەخاتە نێو رەوشتی خواستە کپکراوەکانی، بۆ ئەم پەنا دەبات بۆ خۆدواندنێکی بێدەنگانە ....، واتە خاوەن مۆنۆلۆگەکە

---

95– روایت داستان ( تئورهای پایەیی داستان نویسی ), محمود فلکی, چاپ اول, نشر بازتاب نگار, تهران– ١٣٨٢,ص٤٢.

96– تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفری، ترجمة دكتۆر محمود الربيعی، دار المعارف، مصر، الطبعة الثانية، ١٩٧٥ ، ص٤٢ .

97– سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤ .

98–شێوەکانی تەکنیك لە چیرۆکی ساڵانی دوای(١٩٧٠)دا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ (٦٣)، ١٩٩٧, ل٨ .

99– چیرۆکی نوێی کوردی، حەسەن جاف، چاپخانەی علاو، بەغدا، ١٩٨٥، ل٨٧ .

دواندنێك لەگەڵ ناخی خۆیدا دەكات، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ كەسێك, یاخود هیچ وەڵامێك بكات، هەر ئەمەش وایكردووە ، بەبێ ترس قسە بكات ...

هەر لەبارەی مۆنۆلۆگەوە دەوترێت: (مۆنۆلۆگ گێڕانەوەی رووداو باس و بەسەر هاتێكە لەلایەن كەسێتییەكی رۆمانەوە تەنها ((لە خۆیەوە بۆ خۆی دەگێڕێتەوە))[١٠٠]. واتە كەسێتییەكە لەناو خودی ناوخۆیەوە دەكەوێتە قسەكردن و پرسیاركردن و وەڵامدانەوە و دڵنیابوون و گومانكردن دڵەروكێ و هەستكردن بە نا ئارامی هەندێكجار بە ئارامی و خەیاڵ و كردەوەی جوان و ناشرین بە بیر و هزر و مێشك دا دێت و دەچێت ... هتد. لە دیاردە و رووداو شتەكان، بێ ئەوەی هیچ كەسێكی دیكە بەشداری ئەم گێڕانەوە بكات و كاریگەری بەسەریەوە هەبێت .

(عەبدوڵڵا سەراج) لە بارەی مۆنۆلۆگەوە دەڵێ: ((رۆماننووس بەهۆی دوانی ژوورەوە (مۆنۆلۆگ) وێنەی كەسایەتیەكانمان بۆ دەكێشێ ...))[١٠١].

لە پێناسەیەكی دیكەی مۆنۆلۆگدا (ئیدوارد دوجاردین) دەڵێ: (( رێگەیەكە بۆ بردنە ناوەوەی راستەوخۆی خوێنەر بۆ ژیانی ناوەوەی كارەكتەر، بەبێ هیچ خۆتێكەڵكردنێك لەلایەن نووسەرەوە بەهۆی راڤەكردن و سەرنجدانەوە ))[١٠٢]. واتە تاڕادەیەك ئەم تەكنیكە نوێیە ئەركی رۆماننووسی كەمكردووە, لەوەی خوێنەر چاوەڕێی رۆماننووس بكات هەموو شتێك لە بارەی كارەكتەرەوە بڵێت و بە خوێنەری بناسێنێت، بەڵكو ئیتر كارەكتەرەكە خۆی بە خوێنەر دەناسێنێت، بەمەش ئاوێتە بوونێك دروست دەبێت لەنێوان خوێنەرو كارەكتەری رۆماندا.

هەروەها لە پێناسەیەكی تری مۆنۆلۆگدا جیا لە هەموو پێناسەكانی تر بەم شێوەیە لەبارەی مۆنۆلۆگەوە دەڵێ: ((پێشكەشكردنی هەواڵەكە وەرگێڕاوە و هەواڵی رۆژی قیامەت دەدات) (احداث الساعة)، رەخنە دەگرێ لەو كەسانەی، كە لە رێگەی راست دەرچوون و هەواڵی ڕۆژی تازە دەدا لە كێشە و گرفتی ڕۆژانەی خەڵك بە شێوەیەك، كە زۆر سوك بێ لەسەر دڵ و مرۆڤ زۆر زوو لێی تێبگات و ئەمە شتێكی زۆر هونەرییە و هونەرێكی تەواو كاملە ...))[١٠٣].

لای زۆربەی خوێنەران و هەندێك لە رەخنەگر و لێكۆڵەران سنوری مۆنۆلۆگ تێكەڵ بە سنوری شەپۆڵی هۆش دەكرێت، لەكاتێكدا دوو تەكنیكی جیاوازی رۆمانی نوێن و هەریەكەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە, واتە ((مۆنۆلۆگ زاراوەیەكە زۆربەی جار لەگەڵ شەپۆڵی هۆش تێكەڵ بە یەكتر دەكرێن، بەڵام مۆنۆلۆگ وردتر لە شەپۆڵی هۆش بەكاردێت، لەبەر ئەوەی زاراوەیەكی ڕەوانبێژیە و بەشێوەیەكی گونجاو و زیاتر تەكنیكێكی ئەدەبییە))[١٠٤]. راستە مۆنۆلۆگ و شەپۆڵی هۆش دوو تەكنیكن پەیوەندیان بە دڵ و دەروون و جیهانی

---

100– سیما تازەكانی رۆمانی كوردی لەنێوان ساڵی (١٩٩١–٢٠٠٠)، كارزان موحسین قادر، نامەی ماستر، زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی زمان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٨٧ .

101– بەرەو ئاستانەی رۆمان و گۆشە نیگاكان، عەبدوڵڵا سەراج، ل١٣ .

102– گێڕانەوە لە چیرۆكەكانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا، پەری صالح موفتی، ل١٩٣ .

103– النص والاسلوبية بين النظرية والتطبيق، عدنان بن ذريل، من منشورات اتحاد الكتاب لعرب، ٢٠٠٠، ص٧١.

104– تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ص٤٢ .

ناوەوەی شاكەس یان كەسێتییەوە هەیە، هەروەها گوزارشت لەو دید و بۆچوون و ئەگەر و بیرۆكانە دەكات، كە هێشتا نەپرژاونەتە سەر زمان و قسەیەكی ئاساییان لێ پێك نەهاتووە، بەڵام هەریەكەیان بارودۆخ و زەمینەیەكی جیایان هەیە، بۆ نموونە لە شەپۆلی هۆشدا حاڵەتی شێوازی شپرزەیی و تاڕادەیەكی زۆر لە نا هۆشیاری بە گفت و قسەی كەسێتییەكەوە دیارە, كە خۆی لە وشەو رستە و دەربڕینی تێكشكاو، گوێنەدان بە پەیڕەوكردنی ڕێساكانی زمان دەنوێنێت، بەڵام حاڵەتێكی لەم جۆرە و لەم شێوەیە لە مۆنۆلۆگدا بەدی ناكرێت، چونكە مۆنۆلۆگ گفتوگۆیەكی راست و رەوانی نێوان (خود و خود)ە, بەشێوەیەكی پوخت و رێكخراو دەسازێنێت. بەهۆی مۆنۆلۆگەوە، لەپاڵ ئەوەی دڵ و دەروون هەستی كەسێتییەكەوە شارەزا دەبین, دەتوانین خوێندنەوەیەكی وردیش بۆ بیرۆكە و تێگەیشتنەكانی بكەین, چونكە مۆنۆلۆگ (قسەیەكی نەبیستراو و گۆنەكراوە), كە كارەكتەر بەهۆیەوە ناخی خۆی دەردەبڕێت)[١٠٥]. مۆنۆلۆگ دەتوانێت ئەو راز و نهێنیانە ئاشكرا بكات, كە لە ناخی كەسێتیەكەدا پەنگی خواردووە و ئێمەی خوێنەر لەبارەیانەوە زانیاریمان نییە، بێگومان ئەو بیرۆكانەش بەهێز و سەرەكی ترن, كە تا ئێستا بە گفتوگۆ و دەربڕینێكی ئاسایی و سەر پێیی نەدركێندراون و قورسی و سەنگیان لە دەست نەداوە ئەگەری ئەوەیان لێدەكرێت، خاڵی وەرچەرخانی دەق پێكبێنن .

## مێژووی سەرهەڵدانی هونەری مۆنۆلۆگ لە رۆماندا:

مۆنۆلۆگ لەرووی دەركەوتن و پەیدابوونییەوە مێژوویەكی كۆنی هەیە, هەر لە سەرەتای دەركەوتنی رۆمانەوە بەكارهێنراوە[١٠٦]. پێشتر لە دەقە داستانییە كۆنەكاندا شێوە سەرەتاییەكەیدا بەدی دەكرێت و (دەستكەوتی شانۆگەرییە رەسەنەكانە)[١٠٧]، كەچی تێبینی دەكرێت مۆنۆلۆگ لە رۆمانی كلاسیكیدا سەرەڕای بەكارهێنانی، وەك تەكنیكێكی لاوەكی دەركەوتووە، بەو مانایەی رۆماننووس لە هەندێ شوێنی رۆمانەكەیدا سوودی لێوەرگرتووە, بەڵام لە چاو تەكنیكەكانی تری گێڕانەوە زۆر بە كەمی بەكاری هێناوە، هەروەك چۆن مۆنۆلۆگ لە كلاسیكدا زیاتر لە رێی حیكایەتخوانی هەمووشتزانەوە ئاراستەكراوە نەك راستەوخۆ لە زمانی خودی كارەكتەرەكانەوە . لە بەرامبەردا مۆنۆلۆگ لە رۆمانی هاوچەرخدا ، بەتایبەتی لە رۆمانی (شەپۆلی هۆش) دا شوێنی تایبەتی هەیە، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە وەكو هونەرەكانی تر، نووسەری رۆمانی (شەپۆلی هۆش) بەشێكی زۆری رووداوەكانی ناو دەقەكەی لە رێگەی ناخی كارەكتەرەوە پێشكەش بە خوێنەر دەكات بەجۆرێك رۆماننووس زەینی كارەكتەرەكان دەكات بە شانۆی رووداوەكان[١٠٨].

---

105– القصة السيكولوجية، (دراسة في علاقة علم النفس لفن القصة)، ليون ايدل، ترجمة، محمود السمرة، بيروت، ١٩٥٩، ص١١٧ .

106– تيار الوعي في الرواية العربية الحديثة، دراسة اسلوبية، د.محمود غنايم، الطبعة الثانية دار الجيل، بيروت، ١٩٩٣، ص١٤ .

107– شەپۆلی هۆش لە رۆمانی كوردیی باشوری كوردستاندا (بە دیالێكتی كرمانجی ناوەراست (١٩٧٢–٢٠٠٢) دیار فایەق مەجید، نامەی دكتۆرا، سكۆلی زمان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠١٣ز .

108– نظرية الادب، او ستن وارين و رينية ويلك، ت: محى الدين صبحى، مطبعة خالد الطرابيشى، بدون مكان الطبع، ١٩٧٢، ص٢٩٣ .

## هۆکارەکانی بەکارهێنانی هونەری مۆنۆلۆگ:

بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لەلایەن نووسەرانی نوێی ڕۆمان و چیرۆکەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك، کە گرنگترینیان ئەمانەن :-

١- چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکان بۆ ئەوەی خۆیان لەگێڕانەوەی تەقلیدی کۆنی و چیرۆك و ڕۆمان ڕزگار بکەن، کە وەك زنجیرەیەك لە سەرەتا بۆ لووتکە و دواتر بۆ کۆتایی خستنەڕووی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکان بەشێوەی هێڵێکی ڕاست، تا کۆتایی قسەکردنی نووسەر لەجیاتی کەسایەتی و کارەکتەرەکان لە شوێنی ئەوان قسەکردن لەسەر ژیان و بارودۆخ و هەڵس و کەوت و هەست و سۆز و حەزوو ئارەزوو هیواو ئاوات ... . ئەم تەکنیکە (مۆنۆلۆگ)، بووە ڕزگارکەری نووسەر لەو هەموو بارە قورسی و کێشە و گرفتانە، هەروەها (دوورکەوتنەوەی خودی نووسەرە، لە دووبارە بوونەوەی دیالۆگەکان و پچڕینیان) بە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی وشك و گران لە دیالۆگدا(١٠٩).

٢- ((کاریگەری ڕەمزییەکان بوو، کە تێڕوانینێکی ورد و قووڵیان بەرامبەر بە ناخی کەسەکان و کۆمەڵگاش هەبوو))(١١٠). واتە بەهۆی مۆنۆلۆگەوە، لە پاڵ ئەوەی لە دڵ و دەروون و هەستی کەسایەتیەکان شارەزا دەبین ، دەتوانین خوێندنەوەیەکی وردیش بۆ بیرۆکە و تێگەیشتنەکانی بکەین، چونکە مۆنۆلۆگ وەك پشکێنەری ناخی کەسێتی دەتوانێت ڕاز و نهێنی ئەو بیرۆکانە ئاشکرا بکات, کە لە ناخی خودی کەسێتیدا پەنگیان خواردوە و ئێمەی خوێنەر لە بارەیانەوە زانیاریمان نییە. بێگومان ئەو بیرۆکانەش بەهێزو سەرەکی ترن ، کە تا ئێستا بە گفتوگۆو دەربڕینێکی ئاسایی نەدرکێندراون و قورسی و سەنگینیان لە دەست نەداوە, ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت خاڵی وەرچەرخانی دەق پێکبهێنن، چونکە مۆنۆلۆگ (قسەیەکی نەبیستراو گۆنەکراوە) کەسێتی بەهۆیەوە گوزارشت لە بیرۆکەکانی ناخی خۆی دەکات(١١١).

٣- لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە (مۆنۆلۆگ) و پەنابردن بۆی، بۆ ئەوەیە کارەکتەر دەربڕی خودی خۆی بێت لەبەر ئەوەی (واقیعەتی ناوەوەی)[١١٢]کارەکتەر دەنوێنێت بەهۆی وردبینی و کارامەیی نووسەرەوە دێتە دی، بۆ ئەوەی کارەکتەر خۆی بە خوێنەر بناسێنێت، کە پێویستە لە ناخیدا دەربڕی، بۆ ئەوەی وەرگر شارەزای ناخی کارەکتەرەکان بێت.

ئەم هۆکارانە بوون بە مایەی ئەوەی مۆنۆلۆگ لەلایەن ڕۆماننووسە هاوچەرخەکان بایەخی زیاتری پێبدرێت. بە تایبەتی لە میتۆدی (شەپۆڵی هۆش) دا .

---

109– سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی، کارزان محسین قادر، ل٨٥ .

110– بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم وزین) ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی بەختیار عەلی، سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، ل١٨٩ .

111– سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی، کارزان محسین قادر، ل٨٦ .

112– گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)، د. پەری صالح، ل١٩٠ .

## جۆرەکانی مۆنۆلۆگ

رۆبرت همفری لە کتێبی (تیار الوعی) دا دوو جۆر مۆنۆلۆگ دیاری دەکات :

١- مۆنۆلۆگی راستەوخۆ.

٢- مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ.

ئەوەی ئەم دوو جۆرە مۆنۆلۆگە لەیەك جیادەکاتەوە جێناوەلکاوەکانە، واتە ئەگەر گێڕەرەوە یەکێ لە کارەکتەرەکان بوو و کارەکتەرەکە جێناوی کەسیی قسەکەری (من/ م) بەکارهێنا, ئەوا ئەو مۆنۆلۆگە دەبێت بەراستەوخۆ، واتە بەهۆی جێناوی کەسی یەکەمی قسەکەرەوە راستەوخۆ لە زەینی کەسایەتیەکانەوە دەگات بە خوێنەر و (هەموو کۆت و بەندەکانی نێوان کەسایەتی و خوێنەر هەڵدەوەشێنێتەوە[١١٣]، هەر بۆیە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مۆنۆلۆگی راستەوخۆ ئەوەیە ((دیوی ناوەوە بەبێ کورتکردنەوە پێشکەش دەکات و خوێنەر هەست بە دەست تێوەردانی گێڕەرەوە ناکات))[١١٤]. بە پێچەوانەوە لە مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆدا گێڕەرەوە جێناوی کەسی سێیەمی قسەکەر بەکاردەهێنێ و بەهۆی سەرنج و تێبینی و روونکردنەوەکانیشەوە دەیسەلمێنی, کە ئەو گۆشەنیگایەی زانیارییەکان ئاشکرا دەکات خودی رۆماننووسە .

## ١- مۆنۆلۆگی راستەوخۆ:

ئەم بەشە پێوەندی بەلایەنی هۆشیاری خوێنەرەوە هەیەو ئامادەنەبوونی نووسەرە لەنێو دەقە ئەدەبیەکەدا، (ادوار دی جاردان) لەم بارەیەوە دەڵێ: ((بریتییە لەو ئامرازەی راستەوخۆ خوێنەر بەرەو ژیانی ناوەوەی کارەکتەرەکان دەبات بەبێ ئەوەی نووسەر هیچ شیکردنەوەیەك و روونکردنەوەیەك بە دەستەوە بدات ... ئەمەش گوزارشت کردنە لەو بیرۆکانەی کە زۆر لە نەستەوە نزیکن))[١١٥]. مۆنۆلۆگی راستەوخۆ وەکو ئامرازێك وایە, کە خوێنەر راستەوخۆ شارەزایی پەیدا دەکا لەوەی, کە لە ناخی کارەکتەرەکاندا هەیە یان ئەوانەی دەچێتە خانەی جیهانی نەستییەوە (بێئاگای). لەم جۆرە مۆنۆلۆگەدا, رووداوەکان بەبێ دابڕان درێژەیان هەیە. گفتوگۆیەکان نازانرێت لە کوێ دەست پێدەکات و لە کوێ کۆتایی دێت. ((ئەو جۆرەیە کە گرنگی بە هەبوونی نووسەر ناداو وای دادەنێت کە هیچ گوێگرێك لە ئارا دانییە))[١١٦]. ئەم مۆنۆلۆگە پەیوەندی بە گێڕانەوە و گێڕەرەوە هەیە, چونکە مۆنۆلۆگە, کە لەلایەنی ناخودی کارەکتەرێك دەوروژێنرێت .

## ٢- مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ:

---

113- تیار الوعي، الارهاصات الاولى للرواية الجديدة، د. سلمية خليل، مجلة المخبر، ابحاث في اللغة والادب الجزائري- جامعة محمد خيضر- بسكرة، عدد: (٧)، الجزائر، ٢٠١١، ص١٨٩ .

114- تيار الوعي في الرواية العربية الحديثة، د.محمود غنايم، ص٢٤ .

115- تيار الوعي في الرواية المصرية المعاصرة، د. محمود الحسيني، مطبوعات الرافعي- طنطا- ١٩٩٥- ص٢٧ .

116- تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ص٢٤ .

((ئەو جۆرە مۆنۆلۆگەیە, کە نووسەرێکی هەمووشتزان هەندێك بابەتمان پێشکەش دەکات,  وەك ئەوەی لە هۆشی کارەکتەرەوە هاتبێ و هێشتا بە قسە دەرنەبڕدرابێت، کە هەست بەبوونی نووسەر و خوێنەر دەکرێت, چونکە نووسەر بە هەندێك لێدوان و وەسفکردن لە بارەی بابەتەکە ئامۆژگاری خوێنەر دەکات))[117]. یاخود بەهۆی چەند ئاماژەیەك خوێنەر لەرووداوەکانی ناخی کارەکتەر ئاگادار دەکاتەوە . بەتایبەتی کاتێك گێڕەرەوە دەچێتە ناو مێشکی کارەکتەر و لە ڕێگەی زمانی خۆیەوە بارودۆخە دەروونییەکانی کارەکتەرەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە, ئەمەش ((وا دەکات کارەکتەر بەبێ سانسۆر باس لە هەموو نهێنییە شاراوەکانی بکات و بیانخاتە ڕوو ))[118].

لێرەدا زۆرجار هەردوو راناوی (تۆ و ئەو) بەکاردێت,  جگە لەمەش, هەندێك وشە و دەستەواژەی وەك: ((رووم کردە ناخی خۆم، خۆم دواند، لە دڵی خۆمدا گوتم، لە دڵی خۆیدا گوتی, بەخۆم دەڵێم ، لەگەڵ خۆیدا دوا، ...))[119] . بەکاردێت بۆ ئەوەی بە تەواوی لە ڕێگەی ئەمەوە خوێنەر بۆ دیوی ناوەوەی کارەکتەر روبچێت و بۆ قوڵایی دەروونی شۆڕببێتەوە و لە هەستە شاراوەکانی بگات .

117– الحوار القصصی, فاتح عبدالسلام، ص١١٣ .

118– تەکنیکی شەپۆڵی هۆش لە رۆمانەکانی (حەسارو سەگەکانی باوکم) ی (شێرزاد حەسەن)، مەهاباد ازاد،  گۆڤاری (واتە)، ژمارە (٤), ساڵی یەکەم تەمووزی ٢٠٠٨، ل٧١ .

119– تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەراج) دا، ڕێزان رەحمان خدر، ل١٧٩ .

# پراکتیزەکردنی هونەری مۆنۆلۆگ و جۆرەکانی لە رۆمانەکانی (کۆردەرە – هیچ – پاشایان کوشت – راز – دەغدو) دا :

## أ– لە رۆمانی (کۆردەرە)دا:

رۆماننووس لەم رۆمانەدا, لە ریی بەکارهێنانی هونەری مۆنۆلۆگ بە پێی کات و شوێن, ناوەوە و بیرکردنەوەی ناخی کارەکتەرەکانی دیکە رادەگەیەنێت. نووسەر لەکاتی گێڕانەوەی رۆمانەکە پەنای بۆ بەکارهێنانی هەردوو جۆری مۆنۆلۆگ بردووە. (ئەکبەر) کارەکتەرێکی سەرەکی رۆمانەکە لە رێگەی مۆنۆلۆگی راستەوخۆ خۆی دەدوێنێ دەربارەی ئەو هەموو جوانییەی مەنیژە, کە بەرامبەری کەم تەرخەم بووە و دەڵێ: **((دەربارەی ئەو هەموو جوانی یە کەوتمە بیرەوە ، زۆرتر خۆمم سەرزەنشت دەکرد، کە چۆن تا بە ئەمڕۆ، لە ئاستی ئەو هەموو جوانییەی مەنیژە دا کەم تەر خەم بووم، مەنیژە هەمان مەنیژەی چەند جاری پێشوو بوو من لە کوێ بووم ... ؟ . ئایا هەستی خنکاوی ناو گۆماوی بیر و ئەندێشەی بەر بڵاوم لە کوێ بوو ... بۆ نەبزا بوو ... ؟ ))**[١٢٠]. ئەکبەر لەم مۆنۆلۆگە راستەوخۆیەدا, خۆی سەرزەنشت دەکات, کە بێئاگای بووە, لەو جوانییەی کە مەنیژە هەیەتی و رەخنە لە هەستی خۆی دەگرێت, کە هەستێکی خنکاوی هەبووە، کارەکتەر ناخی خۆی رادەگەیەنێ, بەبێ ئەوەی نووسەر بەشداری بکات و گوێگرێك هەبێت .

لە مۆنۆلۆگێکی تری راستەوخۆدا, کە ئەکبەر راستەوخۆ خۆی دەدوێنێ بەبێ ئەوەی هەست بەبوونی نووسەر و گوێگر و خوێنەر بکرێت، کە جێناوی کەسی یەکەم بەکاردەهێنێ لەوکاتەی, کە مەنیژە گوزەر نامەیەك بۆ ئەکبەر دەهێنێت بۆ ئەوەی بچێت بۆ دەرەوەی وڵات, بەناوی (رشید مجید) ەوە, لە دڵی خۆیدا ناڕەزایی دەردەبڕێت و بەرەوای نازانێت بکرێت بە یەکێکی تر و دەڵێ : **((من ناوی ئەکبەر شارەنگی تابلۆ فرمێسکاویەکەی ژینمە، کەی رەوایە خۆم نەبم و بکرێم بە یەکێکی تر .... نە گەردە نەگیرم ... نە دزو ... نە پیاو کوژ ... نەتالان کەرو ... نەشالاو بەر .... تا لە یاسا بترسم و خۆم لە ژێر ناوێکی تر بشارمەوە .... رەنگە پێم بڵێن روخێنەر ، تێك و پێك دەر ... گێرە شوێن ... هەر چیم پێ بڵێن قەینا کا ... بەڵام لێم گەڕێ ... وتەکانم شایانی ئەوە نییە لێی بترسیت و بتەوێت بەچە ترسێنم بکەیت و منیش لە ترسا لە ژێر ناوێکی تردا سەر لە نوێ لە نووکەوە دەست پێ بکەم. ))**[١٢١] لەم دەقەدا, لەرێگای مۆنۆلۆگی راستەوخۆوە, شارەزای باری دەروونی ئەکبەر ئەبین, کە لە بارێکی دەروونی خراپدایە, کاتێ دەڵێ: (نە دزو نە جەردە نە پیاو کوژ) ئەم بارە دەروونییەی کارەکتەر بەرامبەر بە گۆرینی ناوی لە ئەکبەرەوە بۆ (رشید مجید) ەوە بوو. بۆ چوونە دەرەوەی وڵات, بەمەبەستی تەواو کردنی خوێندن, کە بەناوی ئەکبەرەوە رێگری لێدەکرا, بچێت بۆ دەرەوەی وڵات.

ئەکبەر لەگێڕانەوەی رووداوەکانی موسیبەت نامەی خالۆ رەمەزان, کە گریان ببووە شەو چەرەی ئەو سەردەمەی ژیانیان تا ئەو رادە ماندوو دەبوون لە گریان، بە دەم گریانەوە خەویان لێدەکەوت, کە هەریەکە

---

120– رۆمانی کۆردەرە، ل١٤٦ .

121– سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤ .

گریانەکەی بەهانەیەك بوو بۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك، دایکم و نەنکم گریانەکەیان نیشانەی خوا پەرستی بوو، ڕەزا و زەمانیش بۆ خراپی بارودۆخیان بوو لە قوتابخانە لە کاتێکدا من نەدەگریام باوکم لێم توڕە دەبوو، بۆیە لە دڵی خۆمدا دەمووت: **((خۆ من ڕەزاو زەمان نیم لە قوتابخانە باش نەبم و لە تاوانا بگریم))**[١٢٢] لێرەدا ئەکبەر لە ڕێی ئەم مۆنۆلۆگە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ڕووداوەکان و نهێنییە کان دەخاتەڕوو .

**مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ** لە ڕێی بەکارهێنانی ڕاناوی (تۆ – ئەو) هەست بەبوونی نووسەرو گوێگر دەکرێت. ئەوەتا گێڕەرەوە هەر لە ڕۆمانی (کۆردەرە)دا, ئەو هەڵوێستانەی خەڵك بەرامبەر باوکی کچە (هەیاس) دەخاتەڕوو لەهەمبەر ئەو دڵ ڕەقییەی کە بەرامبەر ئەو دوو خۆشەویستە دەنوێنێت, کە کچەکە نادات بە (فەیزەك) و لە بەرامبەر دانی تەڵا بە (فەیزەك) داوای ژن بە ژنی دەکرد و ڕێگری بە شوودانی کچەکەی بوو, بۆیە لە ئەنجامدا پێکەوە هەڵاتن. **(( چەند کەسێك لەبەرخۆیانەوە دەیانووت: دە بڕۆ بخۆ، ئەوە دەردت بێ ... دونیایەکیان هێنایە تکا هەر وتت نەو ... پر بەپێسی یەتی ... ! . ))**[١٢٣]. لێرەدا نووسەر گیرو گرفتەکانی کۆمەڵ دەخاتەڕوو, کە کۆمەڵگا بەدەستییەوە دەناڵێنێت. وەك ئەوەی کوڕوکچێك یەکیان خۆشدەوێ و نادرێن بەیەك.

ئەکبەر لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی چۆنیەتی تەواوکردنی خوێندن و تووشبوونی بە نەخۆشی یەکانی دڵ و چەوری خوێن و بەشداری نەکردنی لە کاری سیاسی بۆ عەلی فرمان و مەنیژەی دەگێڕێتەوە لە ئێوارە خوانێك لە ماڵی عەلی فەرمان کە لە دوای شۆڕشی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨) سەردانی ماڵی دایکی و هاوڕێیانی دەکات وەکو گێڕەرەوەیەك لەگۆشە نیگای مەنیژەوە باسی خۆی دەکات, کە مەنیژە دەڵێ: **((با بزانم ئەکبەر حەسانەوەی جیهانی سەرمایەداری ئەم دیوو ئەو دیووی چۆن کردووە و بە چ شێوەیەك برژاندوویەتی))**[١٢٤]. واتە حیکایەتخوان کارەکتەرەکانی سەربەست کردووە لە نواندنی هەڵوێستدا. هەرچەندە لە گۆشەنیگای خۆشیەوە بێت. جگە لەوەی حیکایەتخوان هەوڵیداوە گۆڕانکاریەکانی ئەکبەرمان بۆ بخاتەڕوو کە بە سەری هاتووە, پێشتر چۆن بووە . واتە ئەم مۆنۆلۆگە بەراورد کردنە لەنێوان ڕابردوو و ئێستای کارەکتەردا لەڕووی هەڵوێست و هەڵسوکەوتی لەڕووداوەکانی داهاتوودا .

## ب– لە ڕۆمانی (هیچ) دا:

لەم ڕۆمانەدا مۆنۆلۆگ ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، جۆری مۆنۆلۆگ لە ڕۆمانەکەش زیاتر پەیوەندی بە دەستنیشان کردنی گۆشەنیگا و پێگەی گێڕەرەوە هەیە، بە تێڕوانینی توێژەر، ئەو دەنگەی زانیارییەکان ئاراستە دەکاتەوە لەنێو ئەم ڕۆمانەدا، گێڕەرەوە/ کارەکتەر، ئەمەش وا دەکات بڕگەکانی مۆنۆلۆگ ببن بە جۆری مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆ. بۆ نموونە کاتێك معاونە سوور سەردانی مارف ئاغا دەکات, بۆ ئەوەی بەشی خۆی ببات, کە مارف ئاغا بەڵێنی پێدابوو پێی بدات لەو بەشەی, کە لە محەی

122– ڕۆمانی کۆردەرە ، ل٢٠ .

123– سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢ .

124– س. پ، ل٢٢٤ .

ڕێگری وەردەگرێت, کاتێ ڕانە مەڕێکی زۆری دزی بوو لە حاجی کەلەك و محەش پێی نادات و دوو پیاوی سەر بە ئەو دەکوژێت و دەچێتە شاخ لەوکاتەدا مارف ئاغا دەکەوێتە حاڵەتی مۆنۆلۆگەوە و لەبەرخۆیەوە دەڵێ: **((قەینا محە باوە حیز، ئەمەت لەسەر نەڕوا . ئا سەیر بکە ، بزانە چۆن ناڵت دەکەم ! ))**[١٢٥]. لێرەدا مۆنۆلۆگەکە لە جۆری ڕاستەوخۆیە و زەینی کارەکتەر لە ئێستای گێڕانەوەدا بڕیاری ئەوە دەدات, کە تۆڵە لە محەی ڕێگر بسەنێتەوە, چونکە ((مۆنۆلۆگ بەستراوەتەوە بەئێستای باری دەروونی کارەکتەر، کە بایەخ بە چی ئەدات و بە چییەوە سەرقاڵە، بێزاری و شکست خوارن یان گەشبینی و هیوا ))[١٢٦]. کەواتە زەین لە ئێستادا لە چالاکیدایە و بەهۆی مۆنۆلۆگەوە، بیری تۆڵە سەندنەوە لە محەی ڕێگر دەکات.

لە نموونەیەکی دیکەدا، کاتێ ئەو پیاوەی لای مارف ئاغا دەگەڕێتەوە, کە محەی ڕێگر ناردبوونی بۆ لای کە دەست لە سەری هەڵگری و دەست بەرداری بێ و ناوی لای معاونە سوور بکوژێنێتەوە . ئاغاش مەرجی ئەوە دەکات لە پێشدا خۆی بە دەستەوە بدات، ئەو حەلە بۆی تێدەکۆشێ, محەش دەکەوێتە حاڵەتی مۆنۆلۆگەوە و دەڵێ: **((سەیر ! سەیر ! چ ڕۆژگارێکە تێی کەوتووین ؟ خۆ مە هەر کەس بۆ خۆیەتی ئاخر خەزێنەی شام بڕیوە ؟ کا بەم هوروژاندووە ؟ ئەرێ ناڵێن چیم کردووە ؟ بۆچی هەر من دزم ؟ هەر من پیاو کوژم ؟ ئەگەر پیاوی مارف ئاغا بامایە سەد فریشتەم بکوشتایە ئاو لە ئاو تەکانی نە دەخوارد ... دیارە نام هێڵن هەی لەو ڕۆژەی بڵێم چش ... ئەو کاتە ئاغا پەنجەی خۆی دەگەزی و دزانێت چی بە خۆی کردووە . من بشکوژ ڕێم هیچ لە دەست نادەم ئەو بە تەمایە عومری نووح بکا ..! ))**[١٢٧]. ئەم مۆنۆلۆگە لە ڕێی کارەکتەرەوە بەبەکارهێنانی جێناوی یەکەمی قسەکەرەوە پێشکەش کراوە، بۆیە دەبێت بە مۆنۆلۆگێکی ڕاستەوخۆ، چونکە کارەکتەر هەستی خۆی دەڕدەبڕێت لەو کارەی کە دەیکات بە تەنیایە ئەگەر پیاوی ئاغاش بوایە ئەوا هیچی بەسەر نە دەهات و بیر لەوەش دەکاتەوە, کە بشکوژرێ هیچی بۆ ناکرێ .

لە نموونەیەکی دیکەی جۆری ئەم مۆنۆلۆگەدا, کاتێ گوڵچین ڕەدووی ڕەجەب دەکەوێت. بۆ شاری بەغدا، چونکە ڕەجەب خەڵکی ئەو شارەیە دوایی ئەوەی مارە بڕی دەکات و لای مەلای ئەو شارە لەکاتی گەڕانەوەیان پیاسەیەك بەناو شاری بەغدا دەکەن و گوڵچین لەکاتی بینینی ئەو شارەدا دەکەوێتە حاڵەتی مۆنۆلۆگەوە, لەبەرخۆیەوە دەڵێ: **((ڕاست بوو، دەیان وت، بەغا دەریایەکە بۆ خۆی، نە بەری هەیە و نە لێوار ... بە ئەندازەی شارە مێروولەیەك خەڵکی تێدایە خۆ وەڵڵا کەمیان و تووە ! ...))**[١٢٨] لێرەدا کارەکتەر ڕاستەوخۆ بەبێ بەشداری نووسەر, هەستی خۆی بەرامبەر گەورەیی ئەو شارە دەردەبڕێت, کە

---

125- ڕۆمانی هیچ، ل٤٩ .

126– الزمن والسرد القصصي في الرواية الفلسطنية المعاصرة بين ١٩٧٣–١٩٩٤، د. محمد ايوب, دار سندباد للنشر والتوزيع، القاهرة, ٢٠٠ , ص١٣٧.

127– ڕۆمانی هیچ، ل٨١ .

128– سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨ .

پێشتر بۆی باس کرابوو، بەڵام ئێستا بە چاوی خۆی گەورەیی ئەم شارە دەبینێت, بۆیە دەکەوێتە حاڵەتی مۆنۆلۆگەوە.

لەم رۆمانەدا بەشێکی کەم لە مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ دەبینرێتەوە، کە رۆماننووس بۆ ئاشکراکردنی زەینی کارەکتەرەکانی رۆمانەکە پشتی پێبەستووە: بۆ نموونە کاتێ (گوڵچین) و (رەجەب)ی هاوسەری, بۆ یەکەم جارە سەردانی ماڵی حەمدیەی خوشکی دەکەن و لەو ماڵەدا چەند دیمەنێك دەبینرێت لەوانەش بەزمی خواردن و خواردنەوە و سەماکردن و تێك ئاڵانی حەمدیە و حازم لەو کاتە گوڵچین دەکەوێتە حاڵەتی زەینەوە، کە لەلایەن

گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە, پێشکەش دەکرێت: ((**گوڵچین بە دیدەنیی ئەو تێ ئاڵانە بێ شەرمانە لەبەر خۆیەوە هەرچی بیری دەکردەوە، نەدەگەیشتە هیچ کوێ و مرۆی کوێ یەو کەوتۆتە چ دونیایەکەوە... بۆچی خەڵکی ئەم شارە هەروا بێ شەرمانە تێکەڵ دەبن، یا رەوشتی شار بۆ ئاوایە؟!**))[129]. ئەم مۆنۆلۆگە لەجۆری ناراستەوخۆیە، چونکە لە رێگەی گێڕەرەوەی هەمووشتزان زەینی کارەکتەر لە بەرامبەر دیمەنی تێك ئاڵانی حازم و حەمدیەی خوشکی رەجەب پێشکەش دەکرێت.

هەروەها لە نموونەیەکی تردا، کاتێ حازم و رەجەب دەکەونە دیالۆگەوە حازم داوای ئەوەی لێدەکات، هەروەکو چۆن حەمدیەی خوشکی بەرامبەر پارەیەکی زۆر توانی بۆی رازی بکات. بەم شێوەیەش دەبێت گوڵچینی خێزانی بۆ رازی بکات، بۆ ئەوەی کاری سێکسی لەگەڵدا بکات، بۆیە کاتێ رەجەب لەحازم جوێ دەبێتەوە دەکەوێتە حاڵەتی زەینەوە. ((... **تێ دەفکرا چۆن چۆنێ کارێك بکا نە شیس بسووتێ نە کەوا. دەست و دڵ بازی حازم و گەنجێکی پڕ لە زێڕ و مرواری وەك گوڵچین لەدەست دان هەردووکیانی هەڵ دەسەنگاند، کامیان؟ هەی تێ دەفکر... دەست و پەل و پۆی دەکوتا و نەدەگەیشتە سەر رێچکە و رێگایەك، تا بیگەیەنێتە مەنزڵگا و هەوارگەیەك.**))[130].

لێرەدا دەروونی کارەکتەر لەرێی گێڕەرەوەی رۆمانەکە پێشکەش دەکرێت، کە لە حاڵەتێکی دوو دڵی دایە, بەهۆی بەرژەوەندییە تایبەتیە گڵاوەکانیەوە، کە دەیەوێت کارێك بکات کە نەبێتە هۆی لەدەستدانی هەم گوڵچین و هەم ئەو پارە زۆرەی کە حازم بەرامبەر رازیکردنی گوڵچین دەیدات.

## ج- لە رۆمانی ( پاشایان کوشت) دا:

لە گفتوگۆی نێوان (میر کەیخوسرەو ) نوێنەری پاشای ئینگلیز و (مستریچ) کە (میر کەیخوسرەو ) چەند پرسیارێکی لادروست بووە, لە بارەی وڵاتیان لە بارەی هەڵسان و دانیشتنیان لە بارەی لەشکرو سوپایان لە بارەی دوژمنایەتیان لەگەڵ (ناپلیۆن), کە داوا لە (مستریچ) دەکات کەمێك باسی شەڕەکەی (واترلۆ) ی بۆ بکات. (مستریچ )یش لەبەر خۆیەوە دەڵێ : ((**ئەم دونیا چ بچووکە . لەم گۆشە لە بیرچووەی دونیایەدا، لەناو ئەم کێوو کەژە سەر بە ئاسمان کێشاوەدا کوردێکی کێویلە هەواڵی شەڕی "واترلۆ" م لێ**

---

[129] - رۆمانی هیچ، ل١٢٧.

[130] - سەرچاوەی پێشوو، ل١٤١.

**دەپرسێت و تێنووی دەنگوباسی (ناپلیۆنە)**(١٣١). جۆری ئەم مۆنۆلۆگە ناراستەوخۆیە, چونکە گێڕەرەوە بەشدارە لەخستنەڕووی هەڵوێستی (ریچ ) بەرامبەر بە (میر کەیخوسرەو), کە کورد کێویلە و نەفام و نەزان نییە و لەهەواڵی دەرەوە بێئاگانینە و زانیاریان هەیە , ئەویش لە رێگەی ئەو پرسیارەی کە (میر کەیخوسرەو) لە (ریچ)ی کرد.

## د- لە رۆمانی (راز) دا:

(دکتۆر پیران) لەو کاتەی لە گوزەرنامەی ئێرانە دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ قۆمیسەری رەگەزنامەی ئێراندا. قۆمیسەرەکە بەوە تاوانباری دەکات بیروڕای تاغووتی یەشتا لە کەللەی دایە و دانی بە جمهوریەتی نەناوە و قرواتە لە ملکردنەکەشی بە تاوان ناوە، بۆیە قرواتەکەی ملی لەلایەن ( حوسێن ئاغا ) دەکرێت بە دووپارچە و پرۆفیسۆریش بەم دیمەنە زۆر نیگەران دەبێ لەبەر خۆیەوە دەڵێ : **((چ بە ئاسانی لە وڵاتی خۆتدا ماف و بوونت پاشێل دەکرێت ! خۆم بە دۆمەڵانێکی بێ رەگوڕیشە هاتە بەرچاو. لە باوانی ئازیزانما گومان لێکراو . سەد خۆزگە بە تاوانبار دەخوازێ و ... ))**(١٣٢) . لەم دەقەدا, کارەکتەری سەرەکی ( پرۆفیسۆر) لە حاڵەتێکی دەروونی خراپدایە و خۆیی بێ گوناهـ دەزانێ , بۆیە لەبەر خۆیەوە دەڵێت: لە وڵاتی خۆتدا, کە ماف و بوونت پاشێل بکرێ , وەکو کەسێکی بێ کەس خۆی ئەهاتە بەرچاو ، ئەم جۆرە مۆنۆلۆگە مۆنۆلۆگێکی راستەوخۆیە, کە کارەکتەر لەگەڵ خۆی دەدوێت لە رێگەی ئەم خۆدواندنەوە شارەزایی گۆڕانی لە ناکاوی ناخی شاراوەی کەسەکان ئەبین. و ((دوورە لە دەستێوەردانی نووسەرو گوایە گوێگر نییە, کەچی لە واقیعدا نووسەر و خوێنەر هەیە, بەڵام لەکاتی خوێندنەوە و گێڕانەوەی رۆمانە دەبێ هەست بە بوونیان نەکرێت. ))١٣٣ .

( پرۆفیسۆر ) لە باسی ( ئاغا موهندس ) لەگەڵ خۆیدا چەندین جار کەوتبووە بیرکردنەوە سەبارەت بە ( ئاغا موهندس ) ئەو کاتانەی, کە ( عەلی حەسەن ) نێوی موهندسیی دەهێنا و دەڵێ: **((لەبیری خۆمدا روخسار و قەدو قەلافە تێکم نابووە سەریەکەوە هەرچیم لە یەك دەدایەوە هێرش پیشەیی و دڵڕەقی و مۆنی و گرژی و, توند ڕەفتاری زیاتر نەمدەتوانی بە شێوەیەکی تر بیهێنمە بەرچاوم, کاتێك بە زمانێکی پاك و خاوێن بێ گرێی ئەڵمانی خۆی ناساند و بەخێرهاتنی لێکردین بۆ ساتێك حەپەسام.))**(١٣٤) جۆری ئەم مۆنۆلۆگەش راستەوخۆیە, چونکە پرۆفیسۆر باسی ئاغا موهندیس مان بۆ دەکات، کە پێشتر ئاغا موهندیسی نەبینیبوو، کە لە بیری خۆیدا جۆرە وێنە و شێوەیەکی لادروست ببوو, وێنەیەکی دڵ رەقی و مۆنی و گرژی توند رەفتاری ..., بەڵام کاتێك خۆی ئەم کەسایەتیە ( ئاغا موهندیس ) دەبینێت جیابووە, لەگەڵ ئەو کەسایەتیەی پێشتر خۆی وێنەی بۆ کێشابوو. واتە دوو وێنەی جیاواز لای پرۆفیسۆر دروست بووە, وێنەیەك پێش بینینی و وێنەیەك دوای بینینی .

131– رۆمانی پاشایان کوشت، ل١٤ .

132– رۆمانی راز، ل٢٧ .

133– تاريخ الرواية الحديثة، ر.م. البيريس، ت: جورج سالم، الطبعة الاولى، منشورات عويدات، بيروت– لبنان، ١٩٧٥، ص٤٦ .

134– رۆمانی راز، ل١١٢ .

هەر سەبارەت بەم جۆری مۆنۆلۆگە لەم رۆمانەدا, کاتێك گێڕەرەوە سەرسامی فراولە سەبارەت بە(ئاغا موهندیس ) دەخاتەڕوو و فراولە لەبەر خۆیەوە دەڵێ : (( **لەنێو ئەم هەردەو بەر دەلانەدا لەم هەڵدێرگا هەزار بە هەزارەدا کوردێکی کێویلەی ملهور و یاخی ڕێز رەسم و رواڵی دونیای پێشکەوتوو مۆدێرینی بۆ بەجێ بهێنێ.** ))[135]. لەم دەقەدا, گێڕەرەوە سەرسامی کەسایەتی فراولەمان بۆ دەخاتەڕوو لە بەرامبەر ئەو شتانەی, کە ( ئاغا موهندیس ) هەیەتی لەنێو ئەم ئەشکەوتە, لە قەنەفە و کورسی و مێز و تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ ... هتد, کە وای نازانێ لەنێو ئەشکەوتدا ئەم جۆرە شتانە هەبن .

## هـ- لە رۆمانی ( دەغد و) دا:

ئەو ئێوارەی باوکی سەنگەر بۆ ماڵەوە گەڕایەوە, کەلای بەڕێوەبەری ئاسایشی زوبێر بوو, و نیگەرانییەکی زۆر بە روخسارییەوە دیاربوو, داوای لێکرابوو دەبێ دوای ڕۆژێکی تر ئامادەبێت, بۆیە سەنگەر لەبەر خۆیەوە دەڵێ: ((**من لای خۆمەوە کەوتمە بیری (هێمن) و پەیوەندیەکەمەوە هەر دەبێ بۆ ئەوە باوکم بانگ کرابێت ... ئەگینا کابرایەکی لە بیرچووی وەك باوکم لەم شارەیدا بەرێوەبەری ئاسایشی بۆ چییەتی ؟ ... لە لایەکی ترەوە دڵخۆشی خۆم بەوە دەدایەوە ، ئاسایشی ئێراق کەی ئەوەندە ناسك و لەسەرخۆیە هەواڵی من لە باوکم بپرسێت ... خۆ راستەوخۆ هەلدەکوتنە سەر ماڵمان و بە تێهەڵدان ڕام دەپێچن .** ))[136].

جۆری ئەم مۆنۆلۆگە راستەوخۆیە, چونکە کارەکتەر راستەوخۆ, لەگەڵ خۆی دەدویت و دوورە لەدەست تێوەردانی نووسەر, لە رێگەی ئەم مۆنۆلۆگەوە ئەوە دەردەکەوێت, کە سەنگەر تووشی دڵە راوکێییەکی زۆر هاتووە, چونکە بەڕێوەبەری ئاسایشی زوبێر باوکیان بانگکردبوو, و هۆکاری شلەژانەکەشی ئەوەیە, کە سەنگەر لەراستیدا پەیوەندی بە ( هێمن ) ەوە, هەیە, بەڵام لە هەمان کاتدا دڵنەوایی خۆی دەکات, کە ئاسایشی عێراق راستەوخۆ هەڵدەکوتنە سەر ماڵی خەڵکی, نەك بەو شێوەیەی کە لەگەڵ باوکی کردوویانە.

لە مۆنۆلۆگێکی تردا, کاتێ سەنگەر و تحسین ئەچن بۆ لای خودەیدە, بۆ ئەوەی راڤەی خەونەکانی بۆ بکات و رزگاری بکات, لەو ژنەی کە بەردەوام دێتە خەونییەوە, لە رێگەی هاتنەوەیان تحسین پێی دەڵێ: کوڕە ئەم مەسەلەیە بۆ خۆی گاڵتەی پێ ناکرێت تووش هاتنە ها ....., ئەویش لەدڵی خۆیدا دەڵێ: (( **بۆ خۆمیش دەمزانی تووش هاتووم**))[137]. جۆری ئەم مۆنۆلۆگەش راستەوخۆیە, کارەکتەر (سەنگەر) تووشی گرفتارێك هاتووە, کە خۆشی نازانێت گرفتەکەی چیە و چارەسەری گرفتەکەی لەکوێ دەست دەکەوێت, تا ئەو ڕادەی دایکیشی لەو گرفتەی زانیوە, بەڵام زیاتر بەلای ئەوەدا چووە, وا دەزانی سەنگەر تووشی گرفتی مەسەلەی دڵداری و ئافرەت هاتووە.

---

135– سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣ .

136– رۆمانی دەغدو، ل١٤ .

137– سەرچاوەی پێشوو، ل٥١ .

# * بەشی دووەم *

## تەوەری یەکەم:

☒ پەیوەندی کات لەگەل هونەری (دواخراو) و( پێشخراو) دا.

☒ هونەری دواخراو (فلاشباك) له رۆماندا.

☒ پێناسه و جۆرەکانی هونەری دواخراو.

☒ پراکتیزەکردنی جۆرەکانی هونەری دواخراو له رۆمانەکانی:

(کۆردەره – هیچ – پاشایان کوشت – راز – دەغدو ) دا.

## تەوەری دووەم:

☒ هونەری پێشخراو له رۆماندا.

☒ جۆرەکانی هونەری پێشخراو.

☒ پراکتیزەکردنی جۆرەکانی هونەری پێشخراو له رۆمانەکانی:

(کۆردەره – هیچ – پاشایان کوشت – راز – دەغدو)دا.

- **تەوەری یەکەم :**

## پەیوەندی کات لەگەل هونەری (دواخراو) و (پێشخراو)دا:

کات وەك توخمێکی هەرە گرنگی رۆمان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ هونەرەکانی گێڕانەوەدا هەیە، چونکە گێڕانەوە بەهۆی کاتەوە بەدیار دەخرێت و روونده‌کرێتەوە ، لەراستیدا (( رۆمان خۆی هونەرێکی زەمەنی یە و هەر لە سەرەتاوە رۆماننووسان پەییان بەوە بردووە, کە گێڕانەوەی رۆمان و بینای کاتی ئەو گێڕانەوەیە لە یەك جیا نابنەوە ))[١٣٨], بەهۆی بوونی پەیوەندی نێوان ئەم دووانە, رۆمان وەك بەبەر چاومانەوە وەك راستەقینە بزانین رۆماننووس ناتوانێت رووداوێکمان بۆ بگێڕێتەوە, ئەگەر ئاماژە بەکاتی رووداوەکان نەکات, بۆیە کات لە دەقی رۆمان دەکرێت بە دوو بەشەوە کە بریتین لە: **( کاتی حەکایەت و کاتی گێڕانەوە ).**

کاتی حەکایەت، ئەو کاتانە دەگرێتەوە, کە دەبێت رووداوەکانی رۆمانەکەی تێدا لە دایك بوو بێت, ((بەلام کاتی گێڕانەوە ئەو کاتەیە کە رووداوەکانی ناو رۆمانەکەی پیَ گێڕدراوەتەوە))[١٣٩]. کاتی حەکایەت ئەو کاتە مێژوویيانە دەگرێتەوە کە رووداوەکانی بەسەر چووە و روویانداوە نوسەری رۆمانەکە بە سەعات و رۆژەکانی هەفتە و مانگەکانی سالْ دیاریان دەکات لە رابردوو بەرەو ئێستا و داهاتوو لەسەر هێڵێکی ئاسۆیی دەروات، هەرچی کاتی گێڕانەوەیە نووسەری رۆمان لە خستنەڕوو پێشکەش کردنی رووداوەکان ئازادە چۆن چۆنی بەکاریان دەهێنی و مامەلەیان لەگەڵدا بکات و دەتوانی بە ئارەزووی خۆی بە چ شێوەیەکی جیاواز بیان گێڕێتەوە، کەواتە دەتوانین بلێین لەناو  رۆماندا جیاوازی لەنێوان ئەم دوو کاتە (کاتی حەکایەت و کاتی گێڕانەوە) هەست پێدەکرێت، چونکە دەبێت: (( کاتی حەکایەت بە زنجیرەیەکی بە دوای یەکدا هاتوودا بڕوات، بەلام مەرج نیە کاتی گێڕانەوە رەچاوی ئەم زنجیرەیە بکات. بۆیە زۆرجار گێڕەرەوە لە ئێستای گێڕانەوەدا دەستپێبکات و لەجیاتی ئەوەی بەرە و ئایندە بڕوات ، دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو، دواتر باز دەدات بۆ ئایندە دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی گێڕانەوە))[١٤٠]. واتە لێرەدا رۆماننووس رووداوەکانی لەسەر هێلێکی راست رۆمانەکەی ناگێڕێتەوە، بەڵکو بەو نەخشەو ئەندازەی, کە خۆی بۆ گێڕانەوەی رووداوی رۆمانەکەی داناوە، هەروەك دەردەکەوێت ((فۆرمالیستە رووسەکان یەکەم کەس بوون بنچینەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی کاتیان دانا، رەخنەگرە رۆژئاواییەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستدا لێکۆلینەوەکانی خۆیان لەسەر ئەم خاڵە چڕتر کردووە, بەباشترین شێوە بنیاتی کاتیان داناوە و هەوڵی فراوانکردن و گەشە پێدانیان بۆ داو، چەندین گۆشە نیگای جیایان پێکهێنا بۆ لێکۆلینەوە لەکاتی گێڕانەوە))[١٤١], بەهۆی ئەو جیاوازی یەی, کە لەنێوان کاتی گێرانەوە و کاتی چیرۆکدا هەیە, کە کاردەکاتە سەر دەق لەڕووی خێرایی یان خاوکردنەوەی

---

138– بینای کات لە سیَ نموونەی رۆمانی کوردی دا، نەجم خالید نەجمەددین ئەلْوەنی، ل٥٣ .

139– سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥ .

140– تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانی (ئێوارە پەروانە) ی (بەختیار عەلی) دا، جەلال ئەنوەر سەعید، ل٩٦ .

141– گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دا، د. پەری سالْح موفتی ل٩٥ .

تێکست, وەك ئەوەی هەندێ ڕووداوی ناو چیرۆك و ڕۆمان, كە ڕووداوەكە لەوانەیە چەندین ساڵ و مانگ چەندین هەفتە بخایەنێت, یان چەندین ڕۆژ بخایەنێت لەسێ یان چواردێری ناو چیرۆكەكە جێی دەكرێتەوە و هەندێ جاریش ڕووداوێك لەچەند ساتێك ڕوودەدات لەچەندین پەرە دەگێڕدرێتەوە، چونكە (لەكورتە چیرۆك كات مەودایێكی زۆری نیە و تەنیا بەشی ڕووداوە بچووكەكان دەكات))[١٤٢], بۆیە دەتوانین بڵێین كات لەرۆماندا كات و مەودایەكی زۆرتری هەیە, وەك لەچاو چیرۆك و كورتە چیرۆكدا هەیە بۆ ئەوەی ڕووداوەكانی بگێڕێتەوە, كە ڕووداویش پەیوەندی بەكاتەوە هەیە, ناتوانین ڕووداوێك بگێڕینەوە بەبێ باسكردن بە كات .

هەروەكو لە پێشتر باسمان كرد ڕۆماننووس ڕووداوەكانی ڕۆمانەكەی لەسەر هێڵێكی ڕاست ناگێڕێتەوە, بەڵكو بەو نەخشە و ئەندازەی, كە خۆی بۆ گێڕانەوەی ڕووداوی ڕۆمانەكەی دایناوە پاش و پێش یان دەكات بەو شێوەی خۆی نەخشەی بۆ كێشاوە لە زەینی ئەو هونەرانەی كە ڕۆماننووس سوودیان لێوەردەگرێت و بریتین لە:

١- دواخراو. ٢- پێشخراو.

## هونەری دواخراو ( فلاشباك ) لەرۆماندا:

هونەرێكی كاتە، كە هەریەك لەتوێژەرەكان لەلێكۆڵینەوەكانیان پەنایان بردۆتە بەر بەكارهێنانی زاراوەیەك بۆ ئەم بابەتە, ئەگەرچیش لەناوەڕۆكدا هەموویان یەك مەبەستیان هەیە, بۆ نموونە (د. نەجم ئەڵوەنی) لە كتێبەكەیدا زاراوەی (دواخراو) بەكاردەهێنێت بە پشت بەستن بەوەی, كە گێڕەرەوە كاتی ئێستا رادەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێك, كە لەڕابردوو ڕوویداوە, جگە لەوەش ئەو رابردووە لە زەمەنی ئێستای گێڕانەوە جێ دەكاتەوە)[١٤٣] . هەر خودی هەمان نووسەر لە كتێبێكی تر بەناوی (لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی شیكاری لە بارەی ڕۆمانی كوردییەوە), بۆ ئەم هونەرە زاراوەی (گەڕانەوە)ی بەكارهێناوە، كاتێ ویستوویەتی لێكۆڵینەوە بكات لە بنیاتی گێڕانەوە لە كورتە ڕۆمانی (ملازم تحسین و شتی تریشدا) . هەر لەبارەی ناو بردنی ئەم هونەرەوە "ڕێزان عوسمان مستەفا" لە نامەی ماستەرەكەیدا, بەناونیشانی (بنیاتی جۆرەكانی ڕووداو لە ڕۆمانی كوردی باشووری كوردستان دا ١٩٨٥–١٩٩٠)[١٤٤] و "كارزان موحسین قادر" لە ماستەر نامەكەیدا بە ناوی (سیما تازەكانی ڕۆمانی كوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٩١–٢٠٠٠)[١٤٥] دا ، زاراوەی (فلا شباك) یان بۆ ئەم هونەرە لە گێڕانەوە دا بەكارهێناوە . هەر بۆ ئەم هونەرەی گێڕانەوەی دواخراوی هەندێ لە توێژەران پەنایان بردۆتە بەر زاراوەی (گەڕانەوە) لەوانە "ئارەزوو محمەد عەلی" لە نامەی ماستەرەكەیدا

---

142– الالسنیة والنقد الادبي، د. موریس ابو ناضر، ص[٨٥] .

143– بینای كات لە سێ نموونەی ڕۆمانی كوردی دا، ، نەجم خالید نەجمەدین ئەڵوەنی، ل[١٥٩] .

14٤– بنیاتی جۆرەكانی ڕووداو لە ڕۆمانی كوردی باشوری كوردستاندا ساڵی ١٩٨٥–١٩٩٠، ڕێزان عوسمان مستەفا, لەبڵا وكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی , هەولێر، ٢٠١٠ ل[٤] .

14٥– سیما تازەكانی ڕۆمانی كوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٩١–٢٠٠٠، كارزان موحسین، ل[٨٧] .

14٦-ڕەگەزەكانی دراما لە شیعری لیریكی كوردی دا كرمانجی خواروو ١٩٨٠– ڕاپەڕین، پەروین عەبدوڵلا، چاپخانەی سەردەم, سلێمانی, ل[٢٣٥] .

(تەکنیك لە ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەراج دا) و "پەروین عەبدوڵڵا" لە کتێبەکەیدا بەناوی ( ڕەگەزەکانی دراما لە شیعری لیریکی کوردیدا کرمانجی خواروو ١٩٨٠ – راپەڕین)[١٤٦], و "جەلال ئەنوەر سەعید" لە تێزی دکتۆراکەیدا بەناوی (گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردی کرمانجی خواروو دا ١٩٩١ – ٢٠٠٣)[١٤٧] و "بوشرا کەسنەزانی"یش لە کتێبەکەیدا (پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا (١٩٩٥–٢٠٠٥)[١٤٨]. تەنیا "جەلال ئەنوەر سەعید" نەبێ لە بڕی گەڕانەوە, زاراوەی (گەڕاندەوە)ی بەکارهێناوە, و "ڕێزان ڕەحمان خدر" زاراوەی (پاشخەری) بەرامبەر بە (**Analepsis**) (جیرار جینیت) داناوە لە ژێر ئەو زاراوە وە پێناسەی ئەم هونەرەی کردووە, لە ماستەر نامەکەیدا بەناونیشانی (تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەراج دا)[١٤٩].

ئەم فرە زاراوەییە نەبۆتە کێشەیەك لای لێکۆڵەرانی کوردی, چونکە هەموویان لەواتا یەك مەبەستیان هەیە, کە مەبەست لێی: ((کردەیەکی دەروونی یە، کە کەسانی ناو چیرۆك هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کە بەهۆیەوە بۆ ڕووداوەکانی رابردوو دەگەڕێنەوە لە چوار چێوەی کات و ڕووداوەکانی ئێستا دا چالاکی پێدەبەخشن))[١٥٠]. ئەم فرە زاراوەیی یە لای لێکۆڵەر و توێژەرانی عەرەبیش هەیە لەوانەش (الاسترجاع – الاستژکار – فلا شباك، البعدیە، ... هتد)[١٥١] بەکاردەهێنن .

زاراوەی دواخراوی, کە (فلا شباك) یشی پێدەڵێن گەڕانەوەی زەین بۆ رابردوویەکی نزیك یان دوور ((ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگی دەرهێنەرە سینەماییەکانەوە، هاتووە، پاش تەواو بوونی وێنەگرتن، تێکەڵ کردنی وێنەکان دەستپێدەکات و ئیشی تیادا دەکرێ بۆ پێش و پاش خستنیان بێ ئەوەی کارەکە نارێك بێت . بە زۆری لە چوارچێوە هونەرییەکە و خستنەڕوویەکی شکۆ دار دەمێنێتەوە))[١٥٢], ئەمەش لە ڕێگەی هێنانەوەی هەندێك ڕووداو, کە لە رابردوو ڕوویانداوە و وەبیرهێنانەوەی لەکاتی ئێستادا .

## پێناسە و جۆرەکانی هونەری دواخراو :

دواخراوی ئەو ڕەوتە گرنگەی گێڕانەوەیە دەتوانرێ ماوەی کاتی گێڕانەوەکە درێژبکرێتەوە، کە نووسەر کاتی گێڕانەوەی ئێستا ڕادەگرێ و بەهۆی هۆشەوە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی رابردوو پێشتر بەسەریدا تێپەڕیوە و لەکاتی خۆی باسی نەکردووە، بەڵام ئێستا دەیانگێڕێتەوە و جیاوازی نێوانیان دیار دەکات، هەر لەو بارەیەوە (جیرار جینێت) دەڵێ : (( دواخراوی دەستهەڵگرتنی گێڕەرەوەیە لە ئاستی

---

147– گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجی خواروودا (١٩٩١–٢٠٠٣)، جەلال ئەنوەر، ل٢٧٩ .

148– پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا (١٩٩٥–٢٠٠٥) بوشرا کەسنەزانی، چاپخانەی لەریا سلێمانی, ٢٠١٢, ل٢١٧ .

149– تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەراج) دا، ڕێزان ڕەحمان خدر، ل١١٤ .

150– الحوار القصصی، فاتح عبدالسلام, ص١٣٥ و معجم المصطلحات الادبیة المعاصرة، د. سعید علوش، دار الکتاب اللبنانی بیروت ١٩٨٥، ص٩٧ .

151– تقنیات السرد في روایات احمد خلف، اریان عبدالقادر عثمان، رسالة الماجستر، کلیة اللغات جامعة صلاح الدین، اربیل، ٢٠٠٧، ص١٣٥ .

152– گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) دا، پەری ساڵح موفتی، ل٩٦ .

یەکەمی گێڕانەوە بۆ ئەوەی رووداوێ بگێڕێتەوە کە پێشتر پشتگوێی خستووە یان بەسەری تێپەڕیوە))[153] هەر سەبارەت بە دواخراوی کەسایەتیەکی شارەزایی ئەو بوارە (د. شجاع مسلم العانی) دەڵێ: ((دواخراوی ڕێگەیەکی گێڕانەوەیە, کە بریتییە لە هێنانەوەی رووداوێکی رابردوو، دەکەوێتە پێش ئەو خاڵە زەمەنییەی کە گێڕانەوە کە پێی گەیشتووە))[154]. هەروەها (سمیر المرزوقی) و (جمیل شاکر), هەمان بۆ چوونیان هەیە و سەبارەت بەم هونەرەوە دەڵێن: ((گێرانەوەی ئەو رووداوانەیە, کە پێش ئەو کاتە دەکەوێت, کە کاتێك گێرانەوەکە پێگەیشتووە. ))[155]

کەواتە دەتوانین بڵێین دواخراوی یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی گێرانەوە, کە گێڕەرەوە بەهۆی باسکردنی هەندێ رووداوی رابردوو کاتی گێڕانەوە درێژ دەکاتەوە, کە ئەمەش کردەیەکی هەروا لەخۆوە نییە, کە مەبەستی تایبەتی رۆماننووسی لە پشتەوەیە, ئەویش بە مەبەستی روونکردنەوەی ئەو رووداوانەی, کە بەمەبەست بێت یان بێ مەبەست دەرنەخراون یان روونکردنەوەی رابردووی کارەکتەرەکان.

## جۆرەکانی هونەری دواخراو:

زۆربەی ئەوکەسانەی کە لەبواری رۆماندا, پسپۆرن و شارەزاییان لە بارەیەوە هەیە, کاتێك باس لە (دواخراو)ی دەکەن, وەکو هونەرێك لە هونەرەکانی رۆمان, بەرەو وردەکاری ئەو هونەرە شۆڕدەبنەوە و دەیناسێنن و جۆرەکانی دیاردەکەن, ئەوا دابەشی سێ جۆری دەکەن, کە ئەمانەن:

**١- دواخراوی ناوەکی . ٢- دواخراوی دەرەکی . ٣- دواخراوی ئاوێتە .**

## ١- دواخراوی ناوەکی:

یەکێك لە پێناسەکانی دواخراوی ناوەکی ((**internal analepsis**)) دەڵێ: گەڕانەوەیە کە بۆ ئەو رووداوانەی رابردوو کەروویانداوە، بەڵام پێش ئێستا باس نەکراون لەکاتی ئێستای رۆمانەکەدا دەگێڕدرێتەوە))[156] . لە پێناسەیەکی تری دواخراوی ناوەکیدا ((گەڕانەوەی ناوەکی گێڕانەوەی ئەو رووداوانە دەگرێتەوە، کە پاش دەستپێکردنی گێڕانەوە دەکەون واتە لەڕووی زەمەنەوە گێڕانەوەکە دەستی پێکردووە، پاشان ئەو زەمەنە رادەگیرێ بۆ ئەوەی ئەو رووداوانە بگێڕێتەوە، کە لەکاتی دەستپێکردنی گێڕانەوەکەدا لە بیرکراوەیان دەرفەتی گێڕانەوە یان نەبووە))[157].

---

[153]– خطابة الحكاية– بحث في المنهج, جيرار جينيت, ت: محمد معتصم و عبدالجليل الازدي و عمر حلي, الطبعة الثانية, ٢٠٠٠ , ص٥١ .

[154]– البناء الفنى فى الرواية العربية فى العراق، د. شجاع مسلم دغيم العانى, رسالة دكتوراة,كلية الاداب – جامعة بغداد, ١٩٨٧, ص٦٢ .

[155]- مدخل الى نظرية القصة تحليلاً و تطبيقاً, سمير المزروقي و جميل شاكر, ص٧٦ .

[156]– مايكل تولان، روايت شناسى درامدى زبانشناختى، انتقادى، ص٨٥ .

[157]– لێکۆڵینەوەی شیکاری لە بارەی رۆمانی کوردییەوە، د. نەجم ئەڵوەنی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٠ .

١- **دواخراوی دەرەکی:** مەبەست لە دواخراوی دەرەکی گێڕانەوەی ئەو رووداوانەیە, کە دەکەوێتە دەرەوەی گێڕانەوەی پرۆسەی دەقی رۆمان، کە گێڕەرەوە کاتی ئێستای گێڕانەوەکە رادەگرێت و دەگەڕێتەوە سەر باسکردنی ئەو رووداوانەی, کە لە رابردوو روویانداوە، بەمەبەستی پێشکەشکردنی زانیاری زیاتر لەبارەی کەسایەتی و رووداوەکانی دەقەکەوە))[١٥٨]. واتە گێڕەرەوە (حیکایەتخوان), کاتی ئێستای گێڕانەوەکە رادەگرێت و دەست دەکات بە گێڕانەوەی ئەو رووداوانەی کە لەزەمەنێکی دوورو بەر لە دەستپێکردنی گێڕانەوەکە روویانداوە بە مەبەستی پێدانی زانیاری زیاتر بە خوێنەر لە بارەی کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەوە بەو مەبەستەی کە رۆماننووس خۆیی مەبەستیەتی .

## ٢-دواخراوی ئاوێتە:

مەبەست لە دواخراوی ئاوێتە ((دواخراوی ئاوێتە – **Mixed** )) بریتییە لەگێڕانەوەی رووداوەکانی پێش و پاش کاتی ئێستای رۆمانەکە))[١٥٩]. واتە لە تێکەڵکردنی هەردوو جۆری دواخراوی ناوەکی و دەرەکی پێکدێت . دواخراوی هەندێ جار لە رێگەی گێڕەرەوە هەندێ جاریش کارەکتەر لە رێی زەینی خۆی ئەنجامی دەدات بەو مەبەستەی, کە (( زیاتر رۆشنایی بخاتە سەر رووداوەکانی رابردوو لەکاتی ئێستادا ، بۆ ئەوەی خوێنەر بەو رۆڵەی کە کەسایەتیەکان لەناو گێڕانەوەکەدا دەیگێڕن ئاشنا بکات ))[١٦٠].

---

[158]– تحليل الخطاب الروائى (الزمن– السرد– التبئير) سعيد يقطين، المركز الثقافي العربى، بيروت الدار البيضاء، ١٩٨٩ ، ص٧٧-٧٨ .

[159]–تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانەکانی(عەبدوڵڵا سەراج)دا، رێزان رەحمان خدر، نامەی ماستر, کۆلێژی پەروەردە, زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر, ٢٠٠٧، ل١٤٤ .

[١٦٠] – گۆشە نیگا لە رۆمانەکانی سەبری سلێڤانی دا، د. بەیان ئەحمەد حسێن ئامێدی، چاپی یەکەم, چاپخانەی شەهاب, هەولێر, ٢٠١٣, ل٨ .

# پراکتیزەکردنی هونەری دواخراو لە رۆمانەکانی
# (کۆردەرە – هیچ – پاشایان کوشت – راز – دەغدو) دا :

## ١– دواخراوی دەرەکی:

## أ– لە رۆمانی (کۆردەر) دا:

سەنگەر لە رێگەی دیالۆگی ناراستەوخۆوە قسەکانی باوکی دەگێڕێتەوە سەبارەت بەو کارانەی کەسایەتیەکی لاوەکی رۆمانەکە, بەناوی (فتح الله) کە لەڕابردوو کردوویەتی دەڵێ: (فتح الله) پێش ئەوەی ببێت بە قەساو شوانی خەڵك بووە و بە شوانێکی دز و نامەردیش ناسرابوو, کە مەڕ و ماڵاتی خەڵکی بە دزیەوە فرۆشتووە پێش ئەوەش بیان فرۆشێت خۆییەکی زۆری بە ئاژەڵەکانی داوە بۆ ئەوەی ئاوێکی زۆر بخۆنەوە لەکاتی فرۆشتنیان, کە دواتر بۆتە هۆی دەوڵەمەند بوونی ئەمەش ئەرکی دواخراومان بۆ روون دەبێتەوە کە دەتوانێ کۆمەڵی زانیاری دەربارەی ژیانی رابردووی کارەکتەرەکانی بە خوێنەر بدات. باوکم دەیوت: (( **فتح الله پێش ئەوەی ببێت بە قەساو، شوانی خەڵك بووەو، بە شوانێکی دز و نامەردیش ناسرابوو، وردە ، وردە، ماڵاتی سەندوە و فرۆشتوویەتی، چەند رۆژێك پێش ئەوەی بیان فرۆشێت . خوێ یەکی زۆری بەو ئاژەڵە بەسەزمانانە ئەداو ئاوی لێ دەبرینەوە، ... تا رۆژی فرۆشتن ئاوی ئەخستنە بەر ماڵاتی تینوی خنکاو تا لە فرۆشتنا قورستر بن! ! ! .**))(١٦١)

هەر سەبارەت بە دواخراوی دەرەکی گێڕەرەوە قسەکانی دایکی سەبارەت بە رووداوی کوێربوونی (رەحمان) دەخاتەڕوو, کە ئەم رووداوە دەگەڕێتەوە بۆ رۆژانی رابردووی منالی, کە ڕەحمان منالێکی هەتیوو لاسار بووە, چووەتە سەر درەخت هێلکەی قەلەڕەشی دەرهێناوە, قەلەڕەشەکانیش چاویان دەرهێناوە, کە دواتر بۆتە هۆی کوێر بوونی:(دالگە) دەیوت: (( **کاتێك مندالْ بووە زۆر سەهەنەو چەتوونی کردووە ... رۆیشتووەتە سەر درەخت تا هێلکەی قەلەڕەشی لە هێلانە دەرهێناوە، قەلەڕەشەکانیش چاویان دەرهێناوە ... !! بەڵام رەحمانە کوێر ئاوڵە کوێری کردبوو... !** ))(١٦٢). لەم دەقەدا گێڕەرەوە کاتی ئێستای راگرتووە وگەڕاوەتەوە بۆ رووداوێکی رابردووی دوور بەر لە دەستپێکردنی گێڕانەوەی رۆمانەکە, کە زانیاری زیاتری دەربارەی رەحمان پێشکەش کردووین .

هەر لە رۆمانی کۆردەرەدا, کاتی گێڕەرەوە بە دواخراوی دەرەکی (فلاشباکی دەرەکی) هەندێ رووداوی گێڕاوەتەوە, وەك گێڕانەوەی رووداوەکانی ژیانی کەلای حەیدەری, کە باسی رەوشت و کاری داگیرکەر دەکات, کە چۆن بەکەمی دەڕواننە خەڵکی ژێر دەستەی خۆیانەوە, تاکو کاریان پێیە کاری لەگەڵ دەکەن ئەو کاتەی کە کاریان لەگەڵ تەواو بوو, تۆمەتباری دەکەن, کەلای حەیدەریش لە کۆتایدا بە دزی تۆمەتباری دەکەن و دەڵێ: (( **دە ساڵی رەبەق چێشت کەریان بووم، دوای دە ساڵ خزمەت ساڵێکیش بە**

---

161– رۆمانی کۆردەرە، ل٢٧ .

162– سەرچاوەی پێشوو، ل٧ .

**تۆمەتی دزی خستمیانە بەندیخانەوە ... ساوە الله حەزرەتی یوسف چەندە بێ تاوان بوو، منیش هەروا .... لێم گەڕێن ئێوە وەك من ئەم دایك خۆ گێیانە نا ناسن ... ! ! . ))**(١٦٣)

لەم دەقەی خوارەوەشدا, دواخراوی دەرەکی بەکارهاتووە, کە پەیوەندیان بە مێژووی دروستکردنی ئەم قەلاّیە و ژیان لە دەوروبەری ئەم قەلاّیەوە هەیە. کاتێك خالۆ حوسێن دەڵێ :

**((ئەم قەلاّیە حمە پاشای جاف دروستی کردووە بۆ زستانە هەوار، ئەڵێن رۆژ گارێك لە دامێنی ئەو گردەدا دوو سێ هەزار رەشماڵی جاف هەڵی دەداو سەر کۆمارەکانی جافیش لە خزمەت پاشادا دەست بەنەزەر دەوەستان . وەستایان لە ئەسفەهانەوە هێناوە قەلاّکەی پێ دروست کردووە. تا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر کەریم بەگی جاف سەرۆکی تێکرای جاف پێش ئەوەی نیشتەجێ ی کەلار ببێت هەر لەو قەلاّیەدا دەژیا. ))**(١٦٤)

## ب–لە رۆمانی (هیچ) دا:

ئەوەی لە دەقی ئەم رۆمانەدا بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە، کە رۆماننووس کۆمەڵێك دواخراوی بۆ گێڕانەوەی رابردوو بەکارهێناوە, لەکاتی ئێستای ئاستی سیستەمی گێڕانەوەی دەقەکە، واتە دوای تەواوبوونی گەڕانەوە بۆ رابردوو، دیسان زنجیرەی رووداوەکان بۆ ئەو شوێن وکاتە دەگەڕێتەوە، کە زۆربەی جار لە رێی دیالۆگی کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەوە گوزارشتی لێدەکرێت. وەك لە دیالۆگی نێوان محەی رێگر و حمە ناجەی رێگرە, کە حەمە ناجە داوا لە محە دەکات بچن دزی لە حاجی کەلەك بکەن، بەلاّم محە سەرەتا رازی نابێت و دەڵێت: وازم لەم کارە هێناوە, چیتر بەدوای ئەم کارەدا ناڕۆم, حەمە ناجەش بۆ رازیکردنی محە رووداوی دەست درێژی کردنەی کچێکی هەرزەکارەوە لەلایەن حاجی کەلەکەلەوە بۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: **((چەند ساڵێك لەمەوبەر پێش ئەوەی بچێ بۆ حەج و پشتوێنی زەردی لێ ببەستێ بەسەر سیروانەوە کەڵەکەوان بوو، خەڵکی دەپەڕاندەوە . جارێکیان باوك و دایك و کچێکی تازە پێ گەیشتوو دەیانەویست لە سیروان بپەڕنەوە. سەلمان گاحیز پێیان دەڵێت: کەڵەکەکەم هەر چوارمان هەڵ ناگرێت لە پێشدا دووانتان دەپەڕێنمەوە ، دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی تریان ، بەلاّم وا چاکە لە پێشدا ئێوە بپەڕێنمەوە و دوا جار بگەڕێمەوە سەر کچەکە تان ماشالاّ بە خۆیەوەتێ . باوك و دایکی لە خۆ بێ خەبەر سواری کەڵەك دەبن و دەپەڕێنەوە و سەلمان گاحیزیش بە پەلە خۆی دەگەیەنێتەوە ئەو بەرو کەڵەکی دەبەستێتەوە و یەکراست تاو دەداتە سەر کچە و لە ئامێزی دەگرێ و کچە هەرچی پەلە قاژێ دەکا خراپتر لەناو دەست و بازووانی پڕ هێزی سەلمان دا گیر دەبێت و زۆر ناخایەنێت هەرچی جلی کچە هەیە هەڵی دەتلیشێنێ و کچ ڕوت و قووت دەکاتەوە . باوك و دایکی داماویش لەو بەرەوە بە چاکی چاویان لە کچی بێ چارەیانە و گوێ یان لە زیرەو هاواریەتی . هەرچی دەپاڕێنەوە ، هەرچی خۆڵ دەکەن بە سەری خۆدا . سەلمان ئەوەی ویستی بە کچەی کرد. کچە هەر لە ژێر سەلمان ڕزگار بوو، یەکراست خۆی هاوێشتە سیروانەوە . دوای چەند رۆژێك لاشەکەیان دۆزی یەوە. ))**(١٦٥)

---

163– رۆمانی کۆردەرە، ل٥٥ .

164– سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥ .

165– رۆمانی هیچ، ل١٧–١٨ .

ڕۆماننووس ئەم دواخراوە دەرکییەی لە ڕێی کارەکتەرەوە پێشکەش کردووە و لەکاتی ئێستای گێڕانەوەدا، کە ڕووداوەکە پێش دەستپێکردنی ئێستای گێڕانەوەکە ڕوویداوە و زانیاری دەربارەی حاجی کەلەك دەخاتەڕوو, هەروەها خوێنەریش لەم ڕووداوە ئاگادار دەکاتەوە. واتە ئەم ڕووداوە لەچەند ساڵێك لەمەوبەر پێش گێڕانەوەکە ڕوویداوە، کەچی ئێستا ئەم کارەکتەرە بۆ محەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕازی بکات و تۆڵە لە حاجی کەلەك بکەنەوە, ئەویش بە دزینی ڕانەمەرەکانی زیانی پێبگەینن.

گێڕەرەوە لە ڕێگەی دواخراوێکەوە هاوڕێیەتی گیان بەگیانی محەی ڕێگر لەگەڵ مینە سینگ ڕووت و قالە مشەخۆر دەگێڕرێتەوە و دەڵێ:**((چەند ساڵێك لەمەوپێش دەکەونە داوی چەند تفەنگ چی یەکەوە و گەمارۆ دەدرێن و شپرزەیان دەکەن، زۆری نامێنێت دەست بگیرین. لە لایەکەوە چو دەستی غەیب تاقە تفەنگێك دێتە هانایانەوەو ، کەم کەم ئابلۆقە دەشکێنێ و مینە و قالەش لە دەست بگیری ڕزگار دەکات . مینە قالە لە ئازایی و مەردانەگی تەقە کەری نەناسراودا سەریان سوڕدەمێنێ و کێ بێ و لە خۆیەوە ، خۆی بخاتە ئاوا گۆبەنێکەوە بێ مەترسی . هەرچی لە خۆیان دەپرسی پرسیارەکانیان بێ وەڵام دەمایەوە. تا محە لێیان نزیك دەبێتەوەو دەڵێت بە نامەردیم دەزانی دە دوانزە تفەنگ دار پەلاماری دوو کەس بدەن ، بۆیە لە سەر تانم کردەوە. ))**[١٦٦] ئەم ڕووداوی تەقەکردنی تفەنگ چیەکان لە قالە و مینە سنگ ڕووت و بەهاناوە چوونی محە بۆ کاتی ڕابردوو دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەستپێکردنی ئێستای گێڕانەوەی ڕووداوەکە .

## ج- لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت) دا:

دواخراوی دەرەکی لەوکاتەوە دەست پێدەکات, کەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوە سەرکیەکان ڕادەگیرێت و دەست دەکرێن بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی, کە لە ڕابردوویەکی دوور ڕوویانداوە دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەستپێکردنی ڕۆمانەکە . لە ڕۆمانی پاشایان کوشت دا, کاتێك (ئەحمەد بەگی وەلەدبەگی) خالّی پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابان لەگەڵ خوشکە زاکەی باس لەوە دەکات, کە چۆن دەست بەسەر خێڵی جافدا بگرن، لە سەرەتادا خوشکە زاکەی بەوە ڕازی نابێت ئەمە بەرامبەر خێڵی جاف بکات و قسەی باوکی بیر دەکەوێتەوە بەهۆی دواخراوەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە باوکی بەرامبەر خێڵی جاف قسەی کردووە دووبارە لەکاتی ئێستادا بۆمان دەگێڕێتەوە: زۆر جار لە باوکم بیستووە و دەڵێ: **((- هیچ زەبروزۆرێك دەرحەق بە جاف ئەنجام نەدرێ باشترە . سەرتاسەری ڕۆژ هەڵاتی دەسەڵاتی ئێمە هەر هەمووی جافە. ئەگەر بێتو بیانەوێ لە دووبەرەکی و چەند بەرەکی ئێمەی باباندا لایەنگیری یەکێك یا بڕکەیەك بکەن، گۆبەندێکی گەورە دەنێنەوە ، یا بۆ خۆیان ڕاستەوخۆ سەر بەرز بکەنەوە گەورەترین گرفتاری دروست دەکەن ، چاکتر وایە پا نەنرێتە سەرکلکیانا. ))**[١٦٧] قسەکانی باوکی بەهۆی فلاشباکی دەرەکی بۆ خالّی دەگێڕێتەوە, کە جافەکان سنورێکی فراوانی ئێمەیان پێکهێناوە هەر خراپیەك بەرامبەر یان دەبێتە هۆی کێشەیەکی گەورە, بۆیە واباشترە بەخراپە بەلایەنەوە نەچین.

---

[166]- ڕۆمانی هیچ، ل٧٢ .

[167]- ڕۆمانی پاشایان کوشت، ل٩٢ .

گێڕەرەوەی هەمووشتزان بەهۆی فلاشباکەوە باسی خێڵی جاف دەکات و دەڵێ : **((ڕێچکەی ساڵانەی جافیش لەکاتی خۆیدا و بە ڕێگەی جاران دەهاتن و دەچوون لەناوچە دوور وڵاتەکاندا، تیرەکان لە یەکتر دوور نەدەکەوتنەوە، هەر کە لە گوزەرگای ناوخوان بەرەو شلێر و پانتاییی پێنجوێن دەکەوتنەڕێ, هەستیان بە هێمنیەکی زۆرتر دەکرد و بیرەکانیان بچووکتر دەبووەوە کەم و زۆر لە یەکتر دوور دەکەوتنەوە و بە ڕێچکەی جاراندا بە دۆڵ و بەندەنی چیاکاندا بەرەو خوار دەبوونەوە ... ))**[١٦٨]. لەم دەقەدا, گێڕەرەوە یەکڕیزی و تەبایی تیرەکانی جافی لە جاران نیشانداوە.

## د– لە ڕۆمانی (ڕاز) دا:

ئەو دواخراوەی تایبەتە بەبیرکردنەوە و زەینی پیرانەوە لەلایەن چەکدارانی ئاغا مەهندسیەوە بەدیل دەگیرێت بەهۆی خراپی ڕێگاکەوە بۆ ئەوەی بەرەو شوێنی بارەگاکە برۆن, کە دەبوایە سواری ولاغ بن, بەڵام فراولە ترسی خۆی رادەگەیەنێت, کە ناتوانێت سواری وڵاغ بێت, چونکە پێشتر سواری ولاغ نەبووە بەڵام پرۆفیسۆر بێ ترسی خۆی رادەگەیەنێت, کە ئەمە ترسی بۆ چییە کە گێڕانەوە لە ڕێگەی زەینی پیرانەوە دەبێت و دەڵێ: **((ئەوانەی نەیاندەزانی من منداڵی دێ یەکی لە بیرچووی شرۆڵی پیشێلکراوی یەکێك لەناوچەکانی کوردستانم بە ناوی (قادر ئاوا) نەیاندەزانی تا هەرەتی لاویشم لەسەهۆڵبەندانی زستانی سەقزدا بەسەر بردووە و لە یانەی سروشتدا فێری سوارکاری و ململانێی ژین بووم ئێمە و ولاخەکانی تر و تەواوی ئاژێڵەکان لەگەڵ یەکدا دەرو ئاشنابووین و ڕەشە بەرازم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە چەندان جار لەسەر ڕەفتاری دڕندە خوویانەی سەر و گوێلاکی یەکترمان شکاند بوو ڕەشە تۆز کاڵێك بەزەیی لە دڵ و دەروونیدا وەدی نەدەکرا بە تایبەت لە ئاستی ئاژیڵ و وڵاخدا یەکجاری بێ بەزەیی بوو. ئەو دەسەڵاتی بەسەر ئاژێڵدا دەلوا درێغی نەدەکرد دڵنیام ئەگەر بەسەر بەشەریشدا بیتوانیایە هەمانی دەکرد . زۆربەی شەڕەکانمان لەسەر وڵاخە بەرەڵڵا بێ خاوەنەکان بوو. لەزەتی لەوە دەبرد سفت و سەختی سەری زەکەری نێرەکەرە سەقەت و لەکارکەوتووەکانی دەبەست. نێرەکەر دوای ماوەیەك لە ئازاردا جێگەی بەخۆی نەدەگرت و، بەزمانی بێ زمانی دەهاتە لوشکە و پێشکە و پارانەوە، ڕەشەش بە دوایدا دەیدا لە چەپڵە و قاقاپێ دەکەنی، یا لەنێوبێخدا گونیانی شەتەك دەدا یا داری دەخستە کۆمیان، لە ڕەشە بەستن بوو، لە من و یەك دووانێك کردنەوە ، هێندە وەستاکارانە گرێی دەدا جارووبار گرێکە دەبووە گرێکوێرە و بۆمان نەدەکرایەوە بە ناچاری فەنەرمان بەکار دەبرد, کاتێك میزیان بەرەڵڵا دەبوو ئامێختەی خوێن میز فوارەی دەکرد.))**[١٦٩], بەهۆی ئەم دواخراویە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە د.پیران خەلکی گوندێکە بەناوی قادر ئاوایە, هەروەها ئاشکرا بوونی رەفتاری منداڵی کە سەروگوێلاکی یەکتریان شکاندووە . و نیشاندانی رەفتاری رەشەی دڵرەق بەرامبەر ئاژەڵ و وڵاخەکان دلرەقی بەرامبەریان کردووە و هۆی شەرەکانیان دەردەکەوێت, کەلەسەر وڵاخە بەرەلاکان بووەو بووەتە هۆی شەڕیان, هەروەها ئازاردانی کەر و ولاغەکان لەلایەن رەشەوە, کە زۆر بێ رەحمانە ئازاری ئاژەلەکانی داوە, کە دەبووە مایەی خۆشحاڵی (رەشە) بەوکارەی دەیکرد .

---

168– سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٥ .

169– رۆمانی راز، ل١١ .

لەم جۆری نموونەی دواخراوی دەرەکییە رۆماننووس وێنەی هەردوو دەسەڵاتی پیشان دەدات, دەیەوێت پێمان بڵێت, کە ئەم دوو دەسەڵاتە هەروەکو یەك وان لە زولم و زۆرداری بەرامبەر بە مرۆڤی کورد, کە لە رێگەی زەینی پیرانەوە بۆمان روون دەبێتەوە, کە د.پیران لەگەڵ هاورێیە دێریننا سەکانیەوە لە بەرلینەوە بۆ ئێران دێن, لە گوزەرنامەی ئەو وڵاتە دەست بەسەر دەکرێ و رەوانەی (قەسری قەجەری) دەکەن, کە لەنزیك بن میچەکەی زیندانی یەکە نووسرا بوو **(ئاخ لە دەست زەبرو زۆری رەزا شا)**[170] , لە رێی بیر و زەینی (د. پیران) ەوە بۆ رۆژانی فەرمانڕەوای سەردەمی ڕەزا شا دەگەڕێتەوە و ئەو رۆژانەی دەسەڵاتی هەبوو, فەرمانڕەوایی ئێرانی کردووە, **((ئاخ لە دەست ڕەزا شا چ دیارییەکی دیارەدەی بۆ بەجێ هێڵاوین ؟ لە پانتاییی دڵ و جەرگی شاری تاراندا وێنە و نموونەی بەندێکی راستەقینەی سەدەکانی ناوەراستی تارانی دوا هەناسەی سەدەی بیستەم قولەو دەرگە هەڵقەرێژەکەی بانگەوازێکی دەم هەراشانەیە بۆ چەپاوی بوون و باوەڕ و بیروڕای رۆشنبیران. ترسم لێ نیشتبوو وەك سەدان و هەزاران کەسی لەبیر چووی فەرامۆشخانەی قەسر قەجەر لە بیر بچمەوە و بکرێمە کەرپووچێك لە ملیۆنەها کەرپووچی تەڕ و نمداری لە ژێر باری گرانی ژمارەیەکدا ، چوگا جووت بەرەو سەر ئاو و ئاخور ، بەرێم کەن قوتابییە توودەیییەکانی هاوپۆلم زۆریان دەربارەی (قەسر) دەوت و زۆریشم بە پروپاگەندەی حیزبی توودە دەزانی و باوەڕم نەدەکرد ، خۆ خوا هەڵناگرێ، پیاو دەبێ هەق بڵێت شای دووەم رۆژئاوایانە تێدە فکرا و بەربڵاوانە دەینوارییە سازندەگیدا. ))**[171] لە رێگەی ئەم دواخراوە دەرەکییە, کە بەهۆی بیری کارەکتەرێکی, وەکو د. پیران لەناو شوێنی زیندانەوە سەردەمی ئێستای بەجێ هێشتووە, لە رێگەی زەینەوە بەرەو سەردەمی زۆرداری رەزاشا رۆیشتووە, دوایی بەرەو ژووری زیندانیەکەی گەڕاوەتەوە, کە سەردەمی کۆماری ئیسلامیە, و گەڕانەوە بۆ لای هاوپۆلەکانی, کە زۆر شتی لەوان دەبیست, کە بڕوای پێنەبوون سەبارەت بەو زیندانیە, کە پێشتر نەیبینیبوو, بەڵام ئەو ئێستا لەو شوێنەیە و بڕوای پێدەکات، چونکە بەوەی خۆی هاتۆتە ئەم شوێنەوە .

## هـ- لەرۆمانی (دەغدو) دا:

رۆماننووس لەم جۆرەیدا, هەوڵیداوە کاتی ئێستا رابگرێت و بگەڕێتەوە بۆ رابردوویەکی دوور بەر لە دەستپێکردنی گێڕانەوەی رۆمانەکە, تا زانیاری بدات لەبارەی کەسایەتی کەسایەتیەکان و رووداوەکانی دەقەوە لەو کاتەی کە خێزانی سەنگەر لە شارۆچکەی زوبیر بوون, سەنگەر ئاشنایی لەگەڵ کەسایەتیەکی, وەکو (خەمیس) پەیداکرد, کچی کولانەکەیان بەناوی خەیمە داوای هاورێیەتی لێکرد, ئەویش تووشی دڵە راوکێ و بێزاری و نا ئومێدی ببوو, کە بچیتە شوێنێکەوە یەکتر ببین, یاخود نەچێت, کە لە دڵە ڕاوکێ و گومان دابوو , نەوەکو تووشی کارێکی خراپتر بێ خۆیان خێزانێکی دوورخراوەن, بۆیە (خەمیس) پێی دەڵێ ئەمە شتێکی ئاسایی و ترس و دوودڵی دلەراوکێ پێناوێت و چیرۆکی بە دواکەوتنی خوشکی خەیمە, کە لەڕابردوو روویداوە لەکاتی ئێستادا دەگێڕێتەوە و دەڵێ : **((ترسی پێناوێ، خوشکە گەورەکەی خەیمە، کەوتە**

---

170– رۆمانی راز ، ل٣٢ .

171 -سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٣ .

**دوای ئەفسەرێکی بەغدایی و دایکیشی باشی لێ ناگێڕنەوە، باوکیشی چەندین ساڵە لە جێگەدایە ... ))**[١٧٢].

ساتی ڕۆیشتنی خوشکی خەیمە بەدوای ئەفسەرە عەرەبەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەستپێکردنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەوە .

لە شوێنێکی دیکەی دواخراوی دەرەکی نێو ڕۆمانەکە, کارەکتەرێکی تری نێو ڕۆمانی دەغدو ئەو مامۆستایەی, کە بۆ قوتابیەکانی ڕووداوێکی گەورەی مێژووی بۆ قوتابیانی دەگێڕێتەوە لە هێرشی ئەسکەندەری ماکدۆنی بۆ ئاسیاوە شەڕی گەورەی (ئەربائیلۆ), کە ڕوویداوە لە بناری قەڵای هەولێردا, هەزاران جەنگاوەری یۆنانی و ئێرانی بەیەکدا هاتوون و کوژراون, لە ئەنجامی ئەو شەڕە گەورەی نێوان هەردووکیان, کە ڕوویداوە و بۆ یەکەمجار ڕۆژ ئاوایەکان سەرکەوتوو بوونە بۆسەر ڕۆژهەڵاتیەکان بە درێژایی سەد ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە و دەڵێ: **((هەر لەم دەڤەرە دا بۆیەکەمین جار فەرهەنگی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات تێکەڵاو بووە هێرشی ئەسکەندەری ماکدۆنی بۆ ئاسیا لێرەدا شەڕی گەورەی (ئەربائیلۆ) ڕوویداوە لە بناری قەڵای هەولێر هەزاران جەنگاوەری یۆنانی و ئێرانی بەیەکدا هاتوون و لە ئاکامی ئەو شەڕەیدا گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە تەرزی ژیاندا ڕوویداوە و یەکەمین جارە ڕۆژئاوا بەسەر ڕۆژهەڵات سەرکەوتووە بە درێژایی سەد ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە ... ))**[١٧٣]

نووسەری ئەم ڕۆمانە ئەم دواخراوی دەرەکییەی خستۆتە ناو ڕۆمانەکە, کە ڕووداوی گەورەی ئەم شەڕە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەستپێکردنی گێڕانەوەکەی ڕۆمانەکە.

گێڕەرەوە لە ڕێگەی کەوتنە بیرەوە, کە باسی هاتنی شاڵاوی جەنگیزخان و هۆلاکۆ خانەوە دەکات, کە چۆن بە ئەسپ ئەو ڕێگایانەی بڕیووە گەیشتوونە شاری بەغدا و کاول و وێرانیان کردووە ئەو ڕووداوەی, کە لە مێژوودا باس کراوە لەکاتی هاتنیان ئەو شوێنانەیان لەناو بردووە کاولیان کردووە نەهامەتی یان بە دوای خۆیانەوە هێناوە. گێڕەرەوە ئەم ڕووداوە مێژووییەی خستۆتە ناو ڕۆمانەکەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خوێندنەوەی ڕۆمانی (دەغدو) و خوێنەر ئاشنایی بکات بەم ڕووداوە مێژووییە, کە ئەمیش ساتی ڕوودانی ئەو ڕووداوانە دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەستپێکردنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کە دەڵێ: **((کەوتمە بیری جەنگیزخان و هۆلاکۆ خانەوە، ئەو ڕێگە دوورەیان بە ئەسپ و ولاخ بڕیووە و گەیشتونەتە بەغدا وێرانیان کردووە، چ ئەمڕۆ لە دوێنێ دەچێ ... هۆلاکۆ خۆمالیەکان هەگیز لە بیانیەکان کەمتر نەبوونە. ))**[١٧٤]

لوسی یەکێکە لە کارەکتەرە لاوەکییەکانی نێو ڕۆمانەکە لە گێڕانەوە و بەسەرهاتی خۆی بۆ هاوڕێیەکەی ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە, کە لە تەمەنی شازدە ساڵانی لەلایەن دوو کەسەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەری بە شێوەیەکی وەحشیانە, وەکو دوو گورگی برسی پەلاماری دەدەن ئەم ڕووداوە کاریگەری دەروونی لای دروست ئەبێت, کە بۆتە هۆی دووبارە گێڕانەوەی بۆ کەسێکی تری ڕۆمانەکە, کە دەڵێ : **(( شانزە سالان بووم لەلایەن دوو کەسەوە لاقە کرام، هێندە وەحشیانە تێم بەربوون وەك دوو گورگی برسی دەم قەپۆز خوێناوی**

---

172– ڕۆمانی دەغدو، ل٢٣ .

173–سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١ .

174–س. پ، ل٢٠٠ .

**به جووته پێمەوە خەریك بوون ... ))**(١٧٥) ڕووداني ئەم ڕووداوە كە تاكی ئافرەت هەردەم پێیەوە دەناڵێنن لەلایەن هەندێ كەساني ناپێگەیشتووی كۆمەڵ, كە دواتر ئەنجامی نەخوازراوی لێ ڕوودەدات, ڕووداوی دەستدرێژی كردنە سەر لوسی دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەستپێكردنی ڕۆمانەكە .

## ٢- دواخراوی ناوەكی:

## أ- له ڕۆماني (كۆردەرە) دا:

بووني دواخراوی ناوەكی وەك تەكنیكێكی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا، هۆیەكە بۆ برەوسەندنی ئاستی سیستەمی گێڕانەوەی ڕووداوەكان. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا هەندێ لەو ڕووداوانە, كە پێشتر بەسەریاندا تێپەڕیوە و پەیوەندیان بە ڕووداوە سەرەكییەكەی ڕۆمانەكەوە هەیە لەكاتی ئێستای گێڕانەوەكەدا دەیگێڕێتەوە.

له دیالۆگی نێوان ئەكبەرو حوسەینی هاوپۆلی زەمان سەبارەت بە ڕووداوی گیربووني ئەو هەنارە گەورەی كە لە گیرفانی پانتۆڵەكەی زەمان گیربوو ئەم ڕووداوە پەیوەندی بە چەند ڕۆژێك لەمەوبەرەوە هەیە, كە تووشی زەمان ببوو و حوسێن بۆ ئەكبەری برای زەمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: **((- چەند ڕۆژ لەمەوبەر زەمان هەنارێكی گەورەی سەند بوو خستیە گیرفانی چاكەتەكەیەوە ... وا هەفتەیەكە ، لە گیرفانی دەرنایەت، كاتێك لە پۆلا هەڵی دەسێنە سەر تەختەی ڕەش كتاوێك ئەخاتە سەر گیرفانی ... هەنار هەنار نی یە گەلێك زلە باوەر ناكەم بەم ئاسانی یە بیهێنە دەرەوە ...))**(١٧٦) گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەی كە بەسەر زەمان داهاتووە دەگەڕێتەوە بۆ چەند ڕۆژێك لەمەوبەر, كە ببووە هۆی گیربووني لەناو چاكەتی پانتۆڵەكەی, كە دواتر بووە هۆی دڕانی چاكەتی پانتۆڵەكەی.

كەلای حەیدەری سەبارەت بە لەدەستدانی دوكانی سەروپای بۆ ئەكبەر دەگێڕێتەوە و دەڵێ: **(( بەرە بەیانێك كابرایەك هات و داوای كاسەیەك سەرو پێی كرد. منیش بۆیم پڕكرد و ڕۆشت، دوای چارەگێك گەڕایەوە كاسە سەر و پێشی هێناوە وتی نامەوێت. ! !. ناتەوێت بەخێر هاتی و خوات لەگەڵ ... ))**(١٧٧) لەم گێڕانەوەیەدا دواخراوی ناوەكی بەدی دەكرێت كارەكتەری لاوەكی لە باسی ڕووداوەكانی ئێستادا وەستاوە و ڕەوتی گێڕانەوەی بۆ بەرەبەیانێك بردووە ئەو بەرەبەیانیەی, كە كابرایەك كاسەیەك سەروپای لێدەكرێت, دوایی نەوتی تێدەكات و دەیهێنێتەوە, ئەویش دووبارە دەیخاتە ناو قازان (مەنجەڵ)ەوە, كە بە پلانی ساحێب دوكانەكەی بوو, كە چاوی لە دوكانە كە بوو كە لە ئەنجام بووە هۆی لە دەستدانی كڕیارانی و دواتر داخستنی دووكانەكەی و لە دوایشدا بووە چێشتكەر لای حاجی سەعیدی خاوەن دوكانەكە.

گێڕەرەوەی هەمووشتزان (ئەكبەر) ڕووداوی گرتنی باوكی عەبەكولە دەخاتەڕوو. كە بە دزینی ئازووقەی چێشتخانەی یانەی كۆمپانیاكان تۆمەتبار كرا. دواتر بەهۆی پارە و پولێكی زۆر توانیان ئازادی بكەن و دەڵێ:

---

175- س. پ، ل ٢٤٤ .

176- ڕۆمانی كۆردەرە، ل ٤٣ .

177- سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨ .

**((هەر پاری پار لەسەر ئازووقە دزینی چێشتخانەی یانەی کۆمپانیا  لەکەوەرا گرتیان ... بە چەند دەلاڵ ئینجا توانیان بە پارە و دەخەڵ بازی و فێڵ و تەڵەکە رزگاری کەن ... !! . ))**[۱۷۸]  ئەکبەر لە رێگەی دەستەواژەی (پاری پار) گەڕاوەتە دواوە دەستی لەگێڕانەوەی ئێستای رۆمانەکە هەڵگرتووە.  ئەم ماوەیەش کە بۆی گەڕاوەتەوە و باسی دەکات لە چوارچێوەی گێڕانەوەکە دایە لە دەرەوەی نیە . **((من کە لە ژیانما لە شاری خانەقین نەڕۆیشتبووە مە دەرەوە . جارێك  نەبێ ئەویش لەگەڵ گەشتی مەکتەب دا، بە باربووی مەکتەب من و چەند قوتابیەکی هەژاریان لەگەڵ خۆیان برد ... ))** [۱۷۹]. ئەکبەر لەم دەقەیەدا, دەگەڕیتەوە بۆ رۆژانی رابردووی منالی, کاتێ قوتابی بووە , لەگەڵ خۆیان بۆ گەشتی قوتابخانە یان بردووە.

ئەکبەر باسی فاتك دەکات دەربارەی مێردەکەی, کە دەمێکە لەسەر ساختەچیەتی گیراوە وە باسی ئاکار و ڕەوەشتی فاتك دەکات کە چۆن بووە ، کە فاتك هەر لەسەرەتاوە چاو لەدەربووە  و دەڵێ: **((فاتك دەمێك بوو مێردەکەی لەسەر ساختەچیەتی و سێ بەندیەتی  توند کرا بوو لە بەندیخانە ئەگەر چی فاتك هەر لەسەرەتاوە چاو لەدەرو عیشوە فرۆش بوو بەڵام کە لەم دوا دوایی یەدا تەنها ئەبێتەوە حەزی لەش و ئارەزووی سێکسی زۆری پێ دێنێت ... ))**[۱۸۰] ئەو کاتەش کە باس کراوە بۆ باسکردنی رووداوی گرتنی فاتك هەر دەگەڕێتەوە بۆ دوای خاڵی دەستپێکردنی گێڕانەوەی رۆمانەکە.

گێڕەرەوەی هەمووشتزان لەبارەی رووداوی مردنی دایکی یەحیا و هۆکارەکەیەوە, لە رێگەی دواخراوی ناوەکییەوە زیاتر شارەزایی دەدات بە خوێنەر بۆ ئەوەی بزانیت, کە یەحیا دایکی نەماوە و هۆکاری مردنەکەشی سەرەتا لای خوێنەر ئاشکرا نیە, بەڵام لە رێگەی دواخراوی ناوەکی هۆکارەکەی بۆ خوێنەر روون دەبێتەوە . **((یەحیا زەمانێك بوو دایکی مردبوو دەیان وت باوە ژنەکەی دەرمان خواری کردووە,  چونکە خۆی منداڵی نەدەبوو...))**[۱۸۱]

لە دیالۆگی نێوان ئەکبەر و هاوڕێی سەبارەت بە دەرچوونی لە بەندیخانە لە دوای دەرچوونیەوە چ کارێك دەکات ئەکبەریش هێشتا نازانێت چی بکات, بەڵام هاوڕێیەکەی پێشنیازی ئەوەی بۆ دەکات, کە خوێندنەکەی تەواو بکەت ، لەبەر خاتری دایکی و دەڵێ دوێنێ سەرنجت لە روخسارو پەژارەی (داڵگەت) دا, کە بوویتە مایەی بار قورسی بەسەر  قەلادو شکانییەوە ئەو کاتەی ئەکبەر بەهۆی (شەونامە)ی یاساغەوە گیرابوو. دایکیشی خەمێکی زۆری بۆ خوارد بوو.  **(دوێنێ سەرنجت لە روخسارو پەژارەی ((داڵگە)) ت دا، سەنگینی بەردە ئاشی ژیانت بەسەر قەلا دوشکانی یەوە هەست پێ نەکرد .... ؟ ))**[۱۸۲]  هاوڕێی ئەکبەر لەکاتی ئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ رۆژی دوێنێ ئەو ڕۆژەی, کە غەم و پەژارەیەکی زۆر لە دایکی ئەکبەری بەدی کردبوو لەکاتی ئێستادا بۆمان دەگێڕێتەوە .

---

178– رۆمانی کۆردەرە، ل۹۱ .

179– سەرچاوەی پێشوو ، ل۹۹ .

180– س. پ، ل۱۱۸ .

181– س. پ، ل۱۲۰ .

182– س. پ، ل۱۳۸ .

له دیالۆگی نێوان عەلی فەرمان و ئەكبەر, كە عەلی فەرمان دەگەڕێتەوە سەر باسكردنی كابرای قاچاخچی, كە تازە ئەكبەر لە دەرەوەی وڵات گەڕابوویەوە بۆ كەلار بەهۆی فلاشباكی ناوەكییەوە, كە لە رابردوودا فێڵی لە باوكی ئەكبەر كردووە, بەهۆیەوە بۆ ماوەیەك زیندانی كرابوو و دەڵێ : **(كابرا شەوێك لە شەردا لەگەڵ شورتەی گومرگ دا لەو رێگەوبانەدا كوژرا رۆحی بە جیهانی تاریكی شاد بوو .... !! ))**[١٨٣] عەلی فەرمان رووداوی كوژرانی كابرای قاچاخچی, كە چەند شەوێك لەمەوبەر لە شەردا كوژرا بوو لەكاتی ئێستادا رووداوەكەمان بۆ دەگێڕێتەوە, كە بەهۆیەوە زانیاریمان سەبارەت بە كوژرانی پیاوەكە دەبێت, كە یەكێك لە پێناسەكانی دواخراو ئەوەیە, كە ((چیرۆكنووس كاتی رووداوەكە دەپچڕێنێت، بۆ ئەوەی كورتە رووداوێكی تر پێشكەش بكات كە لە رابردوو روویداوە ))[١٨٤].

## ب- لە رۆمانی (هیچ) دا:

لەم رۆمانەدا, رۆماننووس ئەم جۆرە هونەرەی بەكارهێناوە, كە پەیوەندی بە ژیانی رابردووی چەند كارەكتەرێكەوە هەیە لەزۆر شوێندا بەكارهاتووە, تاوەكو كۆمەڵێ رووداو, كە بەشێكن لە رابردووی كارەكتەرەكان لەكاتی ئێستادا دەیان خاتەڕوو, وەك ئەو رووداوەی كە لە رێگەی سەید جەلیلی فەراشی خەستەخانە دەخرێتەڕوو دەڵێ : **(( ... بە ناخێری گیانم دوێ شەو چووم تەنتریۆت بێنم ، پای حەمەی پەریخان گاسن بریندار کردبوو ، چوومە سەرا ، گوڵچین و رەجەبی برین پێچ ئالأبوون بەیەكدا ، ناڵە و نووزە یان چودێڵەو با دووگوریس دەڕۆیشت . دوا براوە ، كە منی دی نەپەشۆكا ، وەك هیچ نەبوو بێت ، ئارام كە فەلێ لە باوەش رەجەب دەرهێنا و لەسەرخۆ خۆی پۆشتە كردەوە. ))**[١٨٥] ئەم رووداوە دوێنێ شەو روویداوە, بەڵام گێڕەرەوە لەكاتی ئێستای گێڕانەوە باسی دەكات, بۆیە بۆتە دواخراوی ناوەكی .

له دیالۆگی نێوان دایكی عارف و عارفی كوڕیدا, دایكی داوای ئەوەی لێدەكات, كە دەست هەڵگرێت و واز لە كاری خشت بڕین بهێنێت وعارفیش لە وەڵامدا دەڵێت: دەمەوێ نانی عارەقەی نێوچەوانی خۆم بخۆم، نەك نانی تاڵانكردن و چەتە و رێگری، هەر بۆیە لەرێگەی وشەی (لە بیرمە) دواخراوی ئەنجام دەدات و باسی رابردووی باوكی دەكات, كە دایكی هۆكار بووە كە باوكی دووبارە بگەڕێتەوە سەر كاری پێشووی . **((بەسە ، دایە ! بیبڕەوە . من دەمەوێت بە عەرەقی ناو چاوانی خۆم نان بخۆم ، نەك نانی چەپاوو تاڵان و خاوە . باش لە بیرمە ، باوكم تۆبەی كردبوو ، بە دەوری دزی دا نەدەڕۆیشت . تۆ بووی هەردوو پایت كردە كەوشێك و دەست بەرداری نەدەبوویت ، تا ئاوا بە تەواوی ئاڵووەی هەزار كاری رەواو ناڕەوا بوو. ))**[١٨٦] گێڕەرەوە لە رێگەی زەینەوە دەڵێ: (باشم لە بیرە ) دواخراوی ناوەكی ئەنجامداوە سەبارەت بە گێڕانەوەی گفتوگۆی نێوان دایكی و باوكی, كە دایكی هۆكار بووە باوكی بگەڕێتەوە سەر پیشەی جارانی, كە دزی جەردەیی بوو كە

---

183- س. پ، ل٢٢٧ .

184- پلۆت لە چیرۆكی كوردیدا ساڵی ١٩٩٥-٢٠٠٥، بوشرا كەسنەزانی، ٢٠١٢، ل٢١٨ .

185- رۆمانی هیچ، ل٤٣ .

186- سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣ .

بڕیاری وازهێنانی دابوو.  بەمەش هونەری دواخراوی ناوەکی زەمینە بۆ بەرەو پێش بردنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە خۆش دەکات و ناهێڵێت ئاستی سیستەمی گێڕانەوەکە بەرەو سستی بچێت .

عارف کارەکتەرێکی سەرەکی تری نێو ڕۆمانەکەیە, لەگەڵ گوڵچین دەکەوێتە دیالۆگەوە, گوڵچینش پرسیاری ئەوەی لێدەکات , کە کەسی دێیەکانی خۆیانی بە بەرچاو کەوتووە کە بێن بۆ یانەی  شەوانەی عەبدوڵڵا، ئەویش ڕووداوی کوشتنی ئیحسانی کوڕی مەلا (نەجمەددین)ی پێ ڕادەگەیەنێت, کە هەفتەیەك پێش ئێستا کوژراوە.  **((خۆ تۆ شەوان هەر لە عەبدوڵڵایت ؟ کەسی دەوروبەری خۆمان دەبینی .**

**– جار جار ئیحسانی کوڕی مەلا (نەجمەددین) م ئەدی ، بەڵام هەفتەیەکپێش ، لەماڵێك دا کوژراوە .**

**– کوڕەکەی باجی ئایشێ ؟**

**– ئا**

**– بێچارە ، باجی چەندی خۆش دەویست . باشە ، لەسەرچی ؟**

**– دەڵێن ، کابرایەك لە باوەشی ژنەکەی دا دەی بینی هەردوکیان قەلە پارچە دەکات .))**(١٨٧)

ڕۆماننووس ئەم دواخراوییەی لە ڕێی دیالۆگەوە پێشکەشکردووە لەکاتی ئێستای گێڕانەوەکە ڕووداوێکی پێشتر دەگێڕێتەوەو زانیاری دەربارەی کوژرانی ئیحسانی کوڕی مەلا (نەجمەددین) دەخاتەڕوو . واتە ئەم ڕووداوە لە هەفتەیەکی پێشگێڕانەوەکە ڕوویداوە، کەچی ئێستا ئەم کارەکتەرە (عارف) بۆگوڵچینی دەگێڕێتەوە .

## ج– لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)دا:

ئەو زەوارەی کە بەشەو دەچێتە لای پاشا بۆ ئەوەی ببینێت, کە پەیامێکی هەبوو دەیویست پێی ڕابگەیەنێت,  بەڵام لە سەرەتادا ڕێگرییەکی زۆری لێکرا, کە پاشا خەو تووە دەبێ بە ڕۆژ ببینێ,  پاش هەرا و هۆریایەکی زۆر پاشای بە ئاگاهێنا, کە چووە لای پاشا ڕووداوەکەی چەند شەوێك لەمەوبەر بۆ پاشا دەگێڕێتەوە و دەڵێ : **((قوربانەکەت بم چەند شەو پێش زەوارێك بووین لە قەسری شیرین و ناوچەی زەهاوەوە دەهاتینەوە، ڕێگەیان پێ گرتین و ڕووتیان کردینەوە و بردمانیانە لای گەورەی چەتەکان پرسی کوێنە ڕین ؟ من وەڵامم دایەوە:**

**– جافین**

**وتی :**

**جافن ؟**

**وتم :**

**بەڵێ جافین**

**وتی :**

**جافە گوێ بگرە نەمرم سەری پاشا کەتان بە ژێر سکی ئەسپەکەمدا هەڵواسم. ))**(١٨٨)

---

187– ڕۆمانی هیچ، ل٢٣٤ .

188– ڕۆمانی پاشایان کوشت، ل٤٤ .

رووداوی رووتکردنەوەی زەوارەکان و هەڕەشەی گەورەی چەتەکان لە پاشا چەند شەوێك پێشتر بووە, بەڵام بەهۆی گێڕانەوەی رووداوەکە لەلایەن زەوارەکە بۆ پاشا لەکاتی ئێستادا, کە بووەتە هۆی دروستبوونی دواخراوی ناوەکی لەنێو رۆمانەکەدا.

لەنموونەیەکی تری ئەم جۆرەدا, دوای ئەوەی پاشا هەڵدەداتە سەر خلە و دەیگرێت و پێی دەڵێ: **(خلە لە بیرتە هەفتەیەك پێش ئێستا چیت بەزەوارە جافەکەی لای ئێمە وتووە ... ؟(خلە) تەواوی هێزێك کە تێیدا مابووەوە، هەمووی لە دەم رِوویدا کۆکردەوە وتی :**

**باشم لە بیرە، هەمووی شەش شەو لەمەوبەر بوو چۆنم لە بیر دەچێ ))**(١٨٩) . گێڕانەوە و باس کردنی ئەو رووداوانە دەگەڕێتەوە بۆ رۆژانی رابردووی رووداوەکە, بەڵام دوبارە باسکردنەوەی لەکاتی ئێستادا, بووەتە هۆی دروست بوونی دواخراوی ناوەکی.

## د– لە رۆمانی (راز) دا:

دواخراوی ناوەکی لە رۆمانی رازی (خوسرەو جاف)دا, جۆری ئەم نموونەی خوارەوەمان بەرچاو کەوتووە لەنێو رۆمانەکە لە دیالۆگی نێوان فراولە و پیران, کە پیران پرسیاری ئەوەی لێدەکات کە بیر لەچی دەکەیتەوە لەم ساتەدا, ئەویش سەرەتا وەڵامی بە هیچ ئەداتەوە, ئەویش ئەڵێت ئەو هیچە خۆی شتێکە و فراولەش لە وەڵامدا دەڵێ: ((**بیرم لەوە دەکردەوە لەم گۆشەی دنیایەدا چ ئاسان ئینسان دەکوژرێت . سەیر لەوەشدایە کوشتنەکەشی کراوە بە شانازی و مافێکی رەوا بۆ هەردوولا هەرچی دەکەم دیمەنی خەڵتان لەخوێنی ئینسانەکانی بەیانیم لەبەر چاو ون نابێت. ))**(١٩٠) لەم دەقەدا, فراولە لە رێگەی بیرکردنەوە گەڕاوەتەوە بۆ کاتی ئەو بەیانیەی, کە یەکێك لەو دوو کەسە بەچەقۆ ئەوی تری دەکوژێت, پاشان دەسەڵاتداران هەر لەوێ ئەوی تردەکوژنەوە . ئەم دیمەنە لە بیری فراولە ماوەتەوە, بۆیە لەکاتی ئێستای گێڕانەوە باس دەکات, کە لەکاتی بەیانیەکە روویدابوو. هەرکاریگەری بەسەر دەروونی مابوویەوە, ببووە مایەی نیگەرانی و دووبارە باسکردنەوەی ئەم دیمەنە, کە دیمەنێکی خەمناك بوو لای فراولە .

## هـ– لەرۆمانی (دەغدو) دا:

سەنگەر سەبارەت بەسەردانیکردنی دایکی بۆ قوتابخانە, دەڵێ: (( **کاتێك قوتابی سەرەتایی بووم ، دایکم سەردانی قوتابخانەی دەکرد برێکی زۆر لە هاوپۆلەکانم توانجی بێ عەبایی دایکمیان تێدەگرت ناچاری شەڕ دەبووم ... و رِکم لە دایکم دەگرت، کە دێ بۆ قوتابخانە بەعەباوە بێت ... بە گوێی نەدەکردم دەیان وت حەجیە یەشتا تەڕو ... هەوس جولێنە بەتامە ... ))**(١٩١). لەم دەقەدا, گێڕەرەوە گەڕانەوەی ناوەکی بەکارهێناوە و ئێستای رووداوەکانی راگرتووە رەوتی گێڕانەوەکەی بۆ کاتی قوتابی قۆناغی سەرەتایی بردووە، واتە ئەو کاتەی کە قوتابی سەرەتایی بووە لە تەمەنی منداڵی بووە, باسی ئەو کاتانە دەکات, کە

189– سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١ .

190– رۆمانی راز، ل٥٦ .

191– رۆمانی دەغدو، ل٣٥ .

دایکی سەردانی قوتابخانەی کردووە,  تاکو  هەواڵی کوڕەکەی بزانێت لە قوتابخانە, هەروەها هۆکاری بەشەڕهاتنی لەگەڵ هاوڕێ قوتابییەکانی هەر تەنها لەسەر دایکی بووە,  کە عەبای نەپۆشتووە و بۆتە هۆی ڕوودانی ڕووداوی شەڕ لەگەڵ هاوپۆلەکانی دا .

سەنگەر لە ڕێگەی بیر لە خۆکردنەوە لەوەی تازە راگوێزراوە بۆ شارۆچکەی زوبێر لە خێزانێکی هەژارو کەم دەرامەت بوون. شتێکی وایان نەبوو بە دەستەوە,  نەکارێکی باشیشان هەبوو,  کە بیکەن بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان پێ بەڕێوە ببەن,  دواتر بەهۆی بازرگانیکردن و دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ خەڵك ماوەیەکی زۆر بەکاری بازرگانییەوە خەریك بوو, دواتر کە بووە مایەی وەدەستهێنانی پارەیەکی زۆر, بۆیە لەکاتی بیرکردنەوە لەخۆیەوە دواخراوێك بۆ ژیانی خۆی ئەنجام دەدات, کە بەهۆیەوە خوێنەر شارەزایی رابردووی دەبێت و کەپێش ئێستا چۆن بووە و ئێستاش چۆنە و دەڵێ : **گەڕامەوە ژوورەکەم، بیرم لە خۆم کردەوە، گەنجێکی بێ ناونیشان و بێ هۆزو عەشیرەت  لە پڕ بوومە خاوەن پارە و گەنجینەیەکی زۆرو، تا دوێنێ دینار و دولارم بە دەستی خەلکیشەوە نەدەدی و لە ڕێکخراوی حیزبیدا ئامادەی لە سێدارە و کوشتن بووم ، ...** ))[١٩٢]

زۆرجار کارەکتەرە سەرەکییەکان یارمەتی دەری کارەکتەرە لاوەکییەکانن, لەنێوئەم  ڕۆمانەشدا ڕۆماننووس ئەم لایەنەی پراکتیك کردووە, (تحسین)یش یەکێکە لە کارەکتەرە لاوەکییەکان, کە لە ژیانێکی خراپدایە و ژیانی گوزەر ناکات,  بەهۆی هەژاری یەوە ناتوانێت  پێویستییەکانی ژیانی دابین بکات, بۆیە ئەو باسەی سەبارەت بە قەرزکردنی بڕێ پارە لە خزمەکانی کە لەگەڵ ژنەکەی لەکاتی دوێنێ کردبووی ئەوا بۆ سەنگەری هاوڕێی  دەگێڕێتەوە و دەڵێ : ((**دوێنێ شەو باسی قەرزکردنم بەلای شیرینی خێزانمەوە کرد ، بەوە رازی نەبوو دەیوت ، هەرچۆنێك بێت ئیدارەی دەکەین، دوایی ناتوانین پارەی خەلکی بدەینەوە شەرمەزاری لای دوست و ئەحباب دەبین ...** ))[١٩٣]  لەم دەقەدا سەنگەر بە بیستنی ئەم قسانە یارمەتی دەدات و کارێکی بۆ دەدۆزێتەوە و دەبێتە مایەی خوشکوزەرانی بۆ تحسین, ئەمیش لە ڕێگەی قسەکانی دوێنێ وە بوو, کە لەگەڵ خێزانی کردبووی, کە لە ئێستای گێڕانەوەکە گێڕاویەتیەوە, بۆتە هۆی دروست بوونی دواخراوی ناوەکی .

## ٣– دواخراوی ئاوێتە:

### أ–لە ڕۆمانی (کۆردەرە) دا:

یەکێ لە خاسیەتە گرنگەکانی هونەری دواخراوی ئاوێتە ئەوەیە, کە رابردوو بە کاتی ئێستای گێڕانەوەکە دەبەستێتەوە, بۆیە لە ڕۆمانی (کۆردەرە) دا,  ڕۆماننووس لە ڕێی کارەکتەرەکانییەوە گێڕانەوەی رابردوو تێکەڵ بە گێڕانەوەی کاتی ئێستا دەکات لە دیالۆگی نێوان ئەکبەر و سمایل گوێ سیس, کە ئەکبەر هۆکاری ئەو جەنجاڵی و قەڵەباڵخیەی لێدەپرسێت لە کۆڵانەکەیاندا, ئەویش دەڵێ: (( **لەسەر قاچاخچی یەتی و ڕێچکەی قەتاری قاچاخچی دوو سێ ڕۆژ لەمەوبەر سێ کەسیان لەیەکتر کوشتووە وا ئێستاش شەڕیان**

---

192-ڕۆمانی دەغدو ، ل١٧٦ .

193– سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤ .

**كێشاوەتە ناو شارەوە ... !! . ))**[١٩٤] ڕووداوی دوو سێ ڕۆژ لەمەوبەر تێکەڵ بەکاتی ئێستای گێڕانەوەکە کردووە, کە بۆتە هۆی دروست بوونی جۆرێك لە جۆرەکانی دواخراوی, ئەویش دواخراوی ئاوێتەی پێدەڵێن .

هەر سەبارەت بە دواخراوی ئاوێتە لەم ڕۆمانەدا, ئەکبەر بەبێ ئاماژەکردن بە هیچ دەستەواژەیەکی تایبەت بە مۆنۆنۆلۆگ, یا نیشانەیەکی خاڵبەند دوای وەرگرتنی لە کۆلێژی ئەندازیاری لە ئەڵمانیا لە بیرهاتنەوەیەکی دا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی رابردووی ڕوونکردنەوەی حەزە شاراوە و ڕووناکی نەدیوەکانی لەبەر برسیەتی و هەژاری سەبارەت بە نیگار کێشی و باڵەخانە رازاندنەوە و جوانکاری و تێکەڵکردنی بە کاتی ئێستا, کە قوتابی بەشی بیناسازییە و دەڵێ: (( **من هەر لە منداڵیەوە مەیلم بەلای ساختمان و رازاندنەوەدا هەبوو, بەلام هەژاری و بێ دەردەتانی مۆڵەتی هیچ بیرکردنەوەیەکی نەدابووین، جگە لە بیر لە دەردی برسیەتی نەبێت ئەو دەمەش منداڵانە دەمووت با گەورە ببم و ببم بە (مهندس) یکی چاك شەرتە خانووی وا دروست کەم بۆ هەژاران هەرگیز لافاو نەتوانێ دیوارەکانی بخوسێنێتەوە بهروژێنێ بە سەریاندا ... لە نیگار کێشانیشدا ئەسپە پاشکاوەکانی بن سێوەری کۆردەرەم جوان دەکێشا... ))**[١٩٥]. ئەکبەر لە ڕێی زەینی یەوە لە ئێستا بۆ رابردوو دەگەڕێتەوە بۆ باسکردنی حەزو ئارەزووەکانی سەبارەت بە خوێندن و داهاتوویەکی گەش, کە لەمنداڵیەوە خەوی پێوە بینیوە ، وا ئێستا هاتۆتە دی و بەردەوامیش دەبێ لە ساڵانی داهاتووی خوێندنیشدا.

## ب– لە ڕۆمانی (هیچ) دا:

لەم ڕۆمانەدا, ژیانی رابردوو و ئێستای هەندێ لەکارەکتەرەکان لەڕێی هونەری دواخراوی ئاوێتەوە باسکراون و خراونەتەڕوو. وەك لە دیالۆگی نێوان محە و حەمەدا، کە محە باس لە زۆر کەسی خەڵکی گوندەکەیان دەکات، بۆ فێربوونی پیشەی دزی و زانینی چۆنیەتی دزیکردن و دەرگای کرانەوەی رزقیان، کە بەهۆی ئەمەوە دەبێت و دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ((**زۆر کەس هاتووەتە لام، وتوویانە، بەتەنهایی دزیمان پێ ناکرێت. چەند جارێك لەگەڵ خۆت بم بە، با زاتم بشکێ، بەڵکو خوا دەرێك لەئێمەش بکاتەوە. بۆ بەدبەختی بەگوێی چەند دانەیەکم کردوو لەگەڵ خۆم دا بردیانم. هەر ئەوەندە زاتیان شکا و دەمیان شیرین بوو، باوەڕ بکە، ئێستا تەڕوو وشك پێکەوە دەسووتێنن، نە ڕەحم، نە بەزەیی، نە ئابڕوو، هیچیان بۆ حەیسی یەتی دزی نەهێڵاوەتەوە.**))[١٩٦]. لەم دەقەدا, محە بەم قسانە ئاراستەی گێڕانەوەکەی بۆ رابردوو گەڕاندۆتەوە لەباس کردنی ئەو کەسانەی کە داوایان لێکردووە, کە لەگەڵ خۆیانی بۆ دزی ببات لە رابردوودا و پاشان بەکاتی ئێستای گێڕانەوەکەی بەستۆتەوە, کە دەڵێ ئێستا تەڕ و وشك پێکەوە دەسوتێن، بەمەش هەردوو کاتەکە ئاوێتە بوونە, کە بۆتە هۆی دروست بوونی ئەم جۆرە دواخراوییە.

هەروەها ئیحسان چیرۆکی دەوڵەمەندبوونی خۆی بۆ هاوڕێی عارف دەگێڕێتەوە و دەڵێ: ((**بە کاکی خۆم بڵێم، زۆر سادە و بێ گرێ. کە گەیشتمە ئەم شارە زۆر زەبەلاحە، زانیم چەند درهەم و عانەی باوکی چارەی**

194– ڕۆمانی کۆردەرە، ل١٥٤ .

195– سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨-٢٠٩ .

١٩٦– ڕۆمانی هیچ، ل١٥ .

١٩٧– سەرچاوەی پێشوو ، ل١٧٩ .

**دەردی من ناكا و نام گەیەنێتە هیچ قۆناغێك. كلاشم لێ هەڵ كێشا و شەقام كۆڵان بەكۆڵان گەڕام، تا لە شەریكەیەك دا كارێكم وەدەست هێنا و وردە وردە رەفتار و كردارم سەرنجی كاربەدەستانمی راكێشا و كاری سەندنی شتومەكی ڕۆژانەیان پێ سپاردم. خاوەنی شەریكەكە ئافرەتێكی بێوەژنی لوبنانی یە. مێردەكەی لەرووداوێك دا لەناوچووە. ئیتر وردە وردە باوەڕی بەمن زۆرتر بوو، تا بۆم دەركەوت، نە خەیر تەنها كارگێڕی نی یە و پێش ئەوەی كارفەرمام بێ، بۆ خۆی ئافرەتە و كەم كەم لەیەكتر نزیك بووینەوە. تا وای لێ هات گوێزامەوەماڵی ژنەو، ئێستاش پێكەوە دەژین. ئەمەش بەمنەوە دەی بینی، هەر هەموو هی ئەوە.))**(١٩٧)

لەم دەقەدا, گێڕەرەوە (كارەكتەر) رەوتی گێڕانەوەی رووداوەكانی بۆ رابردوو گەڕاندۆتەوە, كاتی باسی هاتنی بۆ ئەو شارە دەكات, هەروەها دۆزینەوەی كارێك لەكارگەیەك و پەیداكردنی پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتی خاوەن كارگەكە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ كاتی ئێستای گێڕانەوەكە (**ئێستا پێكەوە دەژین**)، كە بۆتە هۆی ئاوێتەبوونی هەردوو كاتەكە و بەهۆیەوە رەوتی رووداوەكان بەرەو پێش بچێت.

لە شوێنێكی دیكەی رۆمانەكەدا, كاتێ حەمدیەی خوشكی رەجەب باسی رووداوێ دەكات, كە لەڕابردوودا بەهۆی براكەیەوە بەسەری داهاتووە، كە بەرامبەر برێ پارە دەیداتە دەستی حازم بۆ كاری سێكسی، دواتر گەڕاوەتەوە كاتی ئێستای گێڕانەوەكە ڕووی لە گوڵچین كردووە, كە چارەنووسی ئەمیش لەخۆی باشتر نابێت. ((... **چواردە ساڵان بووم، دامی بەدەم گورگەوە. خوێن و گۆشتی خۆی ... تۆ دەمێ بەتەمای چی بیت؟**))(١٩٨). لەم دەقە بەهۆی گەڕانەوە بۆ كاتی رابردوو هاتنەوە بۆ كاتی ئێستا گێڕانەوە, كە بۆتە هۆی دروست بوونی ئەم جۆرە دواخراوییە, كە پێی دوترێت دواخراوی ئاوێتە.

## ج–لە رۆمانی (پاشایان كوشت) دا:

هەروەكو لە پێشتریش ئاماژەمان پێكرد, كە تێكهەلكێشكردنی رووداوەكانی كاتی رابردوو و ئێستایە بە مەبەستی بەرەو پێشچوونی گێڕانەوەكە بەرەو داهاتوو، واتە لەو حاڵەتە كاتی ئێستای گێڕانەوەكە لەلایەن حیكایەتخوانەوە رادەگێڕێت بۆ گێڕانەوەی هەندێ بەسەرهاتی رابردوو و هێنانەوەی بۆ كاتی ئێستا, كە بەرەو پێشچوونی پرۆسەی گێڕانەوەكە، ئەم ئاوێتە كردنەی رووداوەكان دەخوازێت .

هەر لە رۆمانی (پاشایان كوشت)دا, ئەو نامەیەی كە (شاسوار بەگ) بۆ (ئەحمەد پاشا) دەنێرێت, كە پێشتر (ئەحمەد پاشا) داوای هاوكاریان لە سەرۆك كۆمارەكانی جاف كردبوو, بۆ ئەوەی پشتگیریان بكەن, بۆتە هۆی دروستبوونی دواخراوی ئاوێتە, ئەویش بەبەكارهێنانی وشەی( لەمێژەوە – ئێستاش ), كە بۆتە هۆی ئەوەی بەردەوامی بە گێڕانەوەكە بدات ((**بۆ حوزووری گەورە پاشای كورد، ئەحمەد پاشای بابان پێشكێشە ... دوای دەست ماچكردن، باوك و باپیرم لە مێژەوە لەگەڵ میرەكانمان لە سوپای لەشكری بەبەدا رم لێدراو ڕموەشین بووگین، ئێستاش ئێمەی نەتەوەی ئەوان هەر واین، بەڵام دەمەوێ بە عەرزی پاشا بگەیەنم، ئەوەتەی ئێمەی جاف بووگین، سەرۆكی خۆمان بە پێیی بەرژەوەندو حەق بەحەقداری**

---

١٩٨ -رۆمانی هیچ, ل٢٠٦.

**هەڵبژاردووە... ))**[١٩٩] لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ بابانەکان دەخەنەڕوو, کە لەمێژە هاوکاری بابانەکان بوونە لەشەڕو سەنگەر بوونە لەگەڵیان و ئێستاش هەروان, لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هەر لە ژێر فەرمانی سەرۆکی خۆیانن, کە خۆیان بەحەق هەلیان بژاردووە .

## د – لە ڕۆمانی (ڕاز) دا:

ڕۆماننووس لەم نموونەی دەقەدا, پەنای بردۆتەبەر هونەری دواخراوی ئاوێتە, ئەویش چیرۆکی ئەو پیرەژنەی, کە منداڵەکانی بە بەر چاوییەوە تیر باران کراوە, کە بە(دایەگیان) ناسراوە, ڕۆماننووس دەیەوێت مەزولمیەتی مرۆڤی کورد لە سەردەمی زۆر رابردوو و سەردەمی ئێستا بە خوێنەری سەردەم پیشان بدات. واتە میللەتی کورد, چ لە رابردوو, چ لە ئێستادا هەر زوڵم لێکراو بووە. تەنانەت چاویان لە زارۆك و منالەکانیشیان نەپۆشیوە، ویستویەتی لە ڕێگەی (دایەگیان)ەوە زوڵمیەتی ناحەزان و داگیرکەرانی کورد پیشان بدات, کاتێ فراولەو موهندیس شانبەشانی یەکتر دەڕۆیشتن گەیشتنە درەختی (دایەگیان) لەو کاتە ئافرەتێکی پرچ ئالۆزی شێواو, وەکو هەموو ڕۆژانی تر کە دەیناڵاند (دایەگیان، ئای دایەگیان) لەکاتی بیستنی ئەم نالەیە فراوڵە پرسیاری ئەوەی لێدەکات کە ئەمە چییە, ئەویش چیرۆکی بەسەرهاتی ئافرەتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە: ((**– بەسەر هاتی ئەم ئافرەتە نیشانەیەکی دیاردە و لەبیرنەچوونی زولم و زۆری شەڕفرۆشان و تاوانبارانی شەڕە . دوو منداڵیان بەبەرچاویەوە تیرباران کردووە یەکێکیان هێندە منداڵ بوو دامێن و کەوای بەرنە دەدا و پەیوەستە دەیزیراند (دایە گیان ، ئای دایەگیان) لەو ڕۆژەوە ئەم ئافرەتە هەموو قسەیەکی بیرچووەتەوە جگە لە (دایەگیان) نەبێت))**[٢٠٠].

ڕۆماننووس لە ڕێگەی فلاشباکی ئاوێتەوە ئەوەمان نیشان ئەدات, کە مرۆڤی کورد, چ لە سەردەمی رەزا شا و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی بووەتە میوانی بەندیخانەکان, هەروەك لەباسی ئاغا رەمزی دەڵێ: لە سەردەمی رەزا شا کە کرابووە میوانی بەندیخانەوە, لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیشدا, هەر میوانی بەندیخانەکانی ئەڤین و قزل و حەسار و قەسری قەجەر بووە, بەهۆی ئەوەی کە تەنیا کورد بووە و چەندین جار خراوەتە بەندیخانە دوایی بەناچاری رووی کردۆتە کێوی داڵەهۆ. ((**چ لەسەردەمی ساواکی زەمانی شا و چ سەردەمی ساواکی ئێستاوە . چەندین جار کرابووە میوانی بەندیخانەی ئەڤین و قزل حەسار و قەسری قەجەر . لەم دوا دوایەشدا وەك هەر ئازادیخوازێك هاتبووە دەنگی بانگەوازی ئازادییەوە لە شاری کرماشاندا چاو ساقی دەم چەرمووی خەلکێکی زۆری گرتبووە ئەستۆ ... ))**[٢٠١].

## هـ– لە ڕۆمانی (دەغدو) دا:

سەنگەر لەڕێگەی بیرکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی, کە لە کوردستانەوە بۆ شارۆچکەی زوبێر دوور خرابوونەتەوە, لەگەڵ خێزانەکەی کە قوتابی زانکۆ بووە و بێ ئیش و بێ کار بوو ڕۆژانی خوێندنی بە

---

[199]– ڕۆمانی پاشایان کوشت، ل٩٩ .

[200]– ڕۆمانی ڕاز، ل١٣٦ .

[201]–سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤ .

هەژاری بردۆتە سەر و ڕۆژێکیان لەگەڵ خەمیسی هاوڕێی دەچنە سەر کاری لۆری بارکردن بە شەوانە, بۆیە لە ڕێگەی بیرکردنەوە گەڕاوەتەوە ڕۆژانی رابردووی, بەڵام لەکاتی ئێستادا بۆتە خاوەن ئەو کارەو چاو ساغی ئەو کارە کە بۆتە دەوڵەمەندی بۆی لەم ڕۆژگارەدا و دەڵێ: ((**بیرم کردەوە من لە گواستنەوەی ئەو کارتۆنانەیدا شەوێك لەگەڵ خەمیسی هاوڕێمدا وەك کرێکار کارم کردووە برە پارەیەکم بە دەست هێنا بوو ... لە لۆریەوە دەمان گوێزایەوە سەر تراکتۆرەکان ، ئێستاش وەك چاو ساغی ئەو کارەهاتوومەتەوە ...** ))[٢٠٢] ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەم وەبیرهاتنەوەیەدا لەکاتی ئێستادا زەینی کارەکتەری بەرەو رابردوو گەراندۆتەوە و لەدوایشدا گەڕاوەتەوە سەر هەمان خاڵی ئێستادا. بەم شێوەیە هەردوو کاتەکەی بەیەکتری گەیاندۆتەوە زۆر هونەریانە تێکەڵی یەکتری کردوون, کە بوونەتە هۆی دروستبوونی دواخراوی ئاوێتە لەم نموونەیەدا .

## دەکرێ بڵێین :

١- ڕۆماننووس لە ڕێی بەکارهێنانی دواخراوی ئاوێتەوە جۆرە ڕێکخستنێکی دیکە دەبەخشێتە پرۆسەی گێڕانەوە, بەمەبەستی جوانکاری و شارەزایی لە خستنەڕووی ئەم هونەرە و لێهاتووی شارەزایی لە داهێناندا .

٢-ڕۆماننووس لە بەکارهێنانی دواخراوی ئاوێتەدا, جگە لەرووداوە سەرەکیەکان سوودی لەرووداوە لاوەکیەکانی نێو ڕۆمانەکە وەرگرتووە و لە خزمەتی رووداوە سەرەکییەکاندا بەکاری هێناون, بۆ ئەوەی مەبەستەکانی خۆی لە ڕێگەی ئەمەوە پێی روونبکەنەوە .

## لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵ دەدات، ئەویش ئەوەیە بۆچی ڕۆماننووس پەنا بۆ هونەری دواخراوی دەبات ؟ بە مەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە رۆل و گرنگی ئەم هونەرە لە بینای هونەری ڕۆماندا لەچەند خاڵێك بخەینەڕوو:

١- بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە لەماوەی گێڕانەوەکە دروست بووە، پڕکردنەوە یان تاوەکو دەقەکە دوور بێت لە کەموکوڕی .

٢- دواخراوی هەندێك جاریش بەبیرهێنانەوەی رووداوێکی نزیکە، یان پێدانی واتایەکی تازەو وێنەیەکی تازەیە بە رووداو بەسەر هاتەکانی رابردوو.

٣- یەکێك لە هۆکارەکان پەیوەندی بە حاڵەتی دەروونی کارەکتەرەکانەوە هەیە, چونکە رووداو دیمەنەکانی رابردوو تاوی بۆدێنن و دەکەوێتە یادکردنەوەیان .

٤- ڕۆماننوس کاتێك هەست دەکات ڕەوتی گێڕانەوەکەی بەرەو سستی دەڕوات، هەوڵ دەدات بەهۆی ئەم هونەرەو و کۆمەڵی هونەری ترەوە جارێکی تر چالاکی ببەخشێتەوە بەڕێرەوی گێڕانەوەکەوە . واتە بەهۆی ئەم هونەرەوە کاتی گێڕانەوەکە لەکاتی حیکایەتەکە درێژ تر دەکات .

---

202- ڕۆمانی دەغدو، ل١٤٧ .

٥- زۆرجار رۆماننووس بۆ ئەوە ئەم هونەرە بەکاردەبات, تاوەکو خوێنەر شارەزایی رابردووی کارەکتەرەکان بێت لەڕابردوو لە ئێستادا .

٦- پەنا بردن بۆ دواخراوی بۆ ئەوەیە, کە خوێنەر هەست بە بێزاری نەکات .

٧- رۆماننووس بۆ ئەوە پەنا بۆ ئەو هونەرە دەبات, جگە لەو خالانەی سەرەوە باسمان کرد تاکو سیمایەکی هونەری و ئێستاتیکی بەدەقەکە بدات و ئەوە بسەلمێنێت, کەتەنیا گێڕانەوەی حیکایەتەکە گرنگ نییە بەقەد ئەوەی ئەو حیکایەتە بە چ شێوەیەك بگێڕدرێتەوە .

- ## تەوەری دووەم:

## هونەری پێشخراو لە رۆماندا:

پێشخراو رێکخستن و دروستکردنی رووداوێکە، کە بەشێوەیەك خوێنەر بۆ ئەو رووداوانەی لەداهاتوو روودەدەن ئامادە دەکات، پێشبینی چیرۆك بەشێوەی جودا لەخۆدەگرێت, رۆماننووس پەنا دەباتە بەر رەخساندنی هەلومەرجێکی دیاریکراو بۆ رووداوێکی دیاریکراوی داهاتوو بۆ ئەوەی پێش خوێنەر بکەوێت و لەرووی دەروونییەوە بۆ ئەو رووداوەی, کە روودەدات ئامادەیبکات . بەواتایەکی تر پێشخراوی ((پرۆسەیەکی گێڕانەوەیە کە مەبەست دەستنیشانکردنی رووداوێکە کە رووئەدات یان ئاماژە بۆکردنی پێشوەختە))[٢٠٣] .

ئەم جۆرەی رووداوە لەچاو جۆرەکانی دیکەدا بەشێوەیەکی کەم بەکاردێت. بەزۆری لەمەودای رۆماندا دێت، وەك لە چیرۆکدا. ئەمەش بەهۆی فرە رووداوی و ئالۆزی رۆمانەوەیە, کە بوار بۆ نووسەر دەرەخسێنێت لە پلۆتسازیدا رووداوەکان پاش و پێش بخات و هاوکات هێڵی ئاسایی رووداوەکەشی لە جێی خۆیی هێشتبێتەوە، بەڵام چیرۆك رووداوەکانی کەمن و نووسەر بۆبەکارهێنانی وەها پێشخستنێك دەبێت ئەوەندە کارامەیی هەبێت، کە پێشوەخت هەموو شت نەدرکێنێت ، تا مەیلی خوێنەر لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە هەبێت وابیر نەکاتەوە, کە هەموو شتەکان لە سەرەتا ئاشکران, چونکە ئەم شێوەیە خوێنەر لە خوێندنەوەی چیرۆك یا رۆمانەکە سارد دەکاتەوە, ئەگەر زیاد لە پێویست پێشوەخت زانیاری پێدرابوو, ئەگەر ئەو زانیاریانە کەمبوون, ئەوا خوێنەر بەردەوام بە دوای پێشخەرییەکان دەگەڕێت, کە روودەن کە پێشوەخت باسکراون, هەریەك لە نووسەران و رەخنەگران بەم شێوەیە پێناسەی ئەم هونەرەیان کردووە, لەو بارەیەوە (د.موریس أبو ناچر) دەڵێ: ((ئەگەر گەڕانەوەی رابردوو لەسەر ئەوە دابمەزرایە کە حیکایەتخوان پەنا بۆ گێڕانەوەی ئەو رووداوانە ببا، کە دەکەونە پێش کاتی گێڕانەوەی حیکایەتی یەکەم، ئەوە ئاییندە خواستن لەوە بەدەردەکەوێ حیکایەتخوان روو لەکۆمەڵێك رووداو دەکا, کە دەکەونە دوای ئەو کاتە، یان هێشتا گێڕانەوەکە پێی نەگەیشتووە، چونکە کاتەکەیان لە ئاییندەدایە))[٢٠٤].

هەروەها (جیرار جینیت) دەڵێ: ((مەبەستمان لەگێڕانەوەی پێش وەخت باسکردنی ئەو رووداوانەیە کە جارێ روویان نەداوە ، یان لەوانەیە لە ئاییندە روویدەن))[٢٠٥] . بێجگە لەمانە (برنار فالیت) دەڵێ: ((رەوتی پێشخراوی باسکردن و گێڕانەوەی رووداوێکی ئاییندەیە یان پێشبینی کردنی ئەو رووداوەیە))[٢٠٦]. واتە باسکردنی رووداوێکە لەکاتی ئێستای گێڕانەوە وەدی هاتنی رووداوەکە کەلەئاییندە رووئەدات, هەندێکجار وەکو پێشبینی مامەڵەی لەگەڵ کراوە سەرەڕای ئەوەی ئەو دوو ڕەوتە لە زۆر ڕووەوە لێك جیاوازن. پێشبینی بۆ ئاییندە بە چەند شێوازێکی جیاواز دەبێت ((بڕبڕەی پشتی ئەم شێوازی گریمانەیە، مەنەلۆج،

---

203 – بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا، ١٩٧٠–١٩٨٠، ئەحلام مەنسور، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ١٩٩٩، ل[٧٦] .

204– الالسنية والنقد الادبي في النظرية والممارسة، د. موريس ابو ناضر، دار النهار للنشر، بيروت ١٩٧٩، ص[٩٦] .

205– بنية الشكل الروائى، حسن بحراوى، المركز الثقافي العربي الدار البيضاء، بيروت ١٩٩٠، ص[٥٢] .

206 – تقنيات السرد، برنار فاليط، ت، رشيد بنحدو، الهيئة العامة للشؤن المطابع الاميرية ، ١٩٩٩, ص[١١٠–١١١]

مۆنتاجە، ڕووداوەکانی کاتی ئێستاشی ڕووداوێکی پێشبینی کراوە و لەوانەیە بێتەدی و لەوانەشە نەیەتەدی هەرچەندە هاتنەدییەکەش نزیکترە، هەر چۆنێك بێت دەتوانین بڵێین بەسەرهاتی چیرۆکی ئەم شێوازە گریمانێکی مەزنە و لەسەر ئەزمونێکی ڕاستەقینەی ڕابردوو رۆدەنرێت))(٢٠٧) ئەم شێوازی گریمانە پشت بەهەردوو هونەری مۆنۆلۆگ و مۆنتاج دەبەستێت بۆ ئەوەی پێشبینی ڕووداو بەسەر هاتێك بکات کە دەشێت لە ئایندەدا ڕوو بدات، ئەگەرچی ئەم گریمانەیە بۆ ئایندە باس لەڕووداوێکی ڕوونەداوی ئایندە دەکات, بەڵام پشت بە کۆمەڵێك ڕووداو دەبەستێت کە لە ڕابردوو و ئێستا ڕوویان داوە و ڕوودەدەن . یەکێکی تر لە شێوازەکان کە پێشبینی بۆ ئایندەی پێدەکرێت چ لە چیرۆك یا لە ڕۆمان بێت شێوازی بۆشاییە ((ئەگەر چیرۆکی شێوازی گریمان پێش بەسەر هات بکەوێ و پێشبینی داهاتوو بکات ئەوا چیرۆکی شێوازی بۆشایی دوای بەسەرهات دەکەوێ و چیرۆکەکەیان لە هۆیەکانی یان لە ئەنجام و شوێنەوارەکانی دەدوێت یان هەوڵی دووبارە پێداچوونەوە و لێك دانەوەیەتی ))(٢٠٨) . ئەم شێوازە دوای کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان پێشبینی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی هۆ و ئەنجام دەدرێت (( یا بەهۆی چیرۆکگێرەوە بەهۆی ڕاناوی کەسی یەکەمی بگۆوە ، کە پێش دەست پێکردنی گێڕانەوەکە هەموو ڕووداوەکان دەزانێت و بە پێی ئەوەش بەچاوپۆشین لە ڕیزکردنی کاتی ڕووداوەکان، دەتوانێت شتەکانی دیکەش بزانێت، وە یان لە ڕێگەی مووکاری کەسێك بۆ ئەو شتەی کە ڕوودەدات، وە یان بەهۆی نەخشە کێشانی ئەو کەسە داهاتوو لە بۆ داهاتوو لەبەر ڕۆشنایی ئێستادا ساز دەدرێت ))(٢٠٩). ئەمە ئەوە دەردەخات, کە پێشخراوی لە زۆربەی زۆری چیرۆکەکاندا لەلایەن کەسێکەوە ساز دەدرێت شوێنەکەی لەناو چیرۆکدا دەبێت . جا چ چیرۆکگێرەوە خۆی بێت یان کەسێکی دیکەی ناو چیرۆکەکە بێت ، چ بەهۆی ئەو زانیاری یە بێت کە چیرۆکگێرەوە دەیزانێت, یان بەهۆی مووکاری یان نەخشە کێشانی کەسێکی ناو چیرۆکە کە بۆ داهاتوو بێت. ئەمانە گشتیان باسی شتێك دەکەن, کە هێشتا ڕووی نەداوە، واتە دەکەوێتە پاش گێڕانەوەکان بۆ ئەنجامدانی ئەمەش پێویستە کاتی چیرۆکەکە ڕابگیرێت، کەچی تێکستەکات بۆخۆی هەر بەردەوام دەبێت . بۆیە لە ئەنجامدانی بەرامبەر بە خێرایی تێکستەکات سستی لە چیرۆکەکاندا دروست دەبێت . پێشخراوی بەتەواوەتی پێچەوانەی دواخراوییە ( فلاشباك) . واتە دواخراو ڕووداو بەسەر هاتی ڕابردوو دەهێنرێت بۆ ئێستای گێڕانەوە، بەڵام لە پێشخراوی بەسەر هاتی داهاتوو دەهێنرێت بۆ ئێستای گێڕانەوە بەهەردوو دیاردەکە (دواخراو) و(پێشخراو) ی دەوترێت (لیکترازانی گێڕانەوە)، واتە گێڕەرەوە لە ئێستادا دەست لەگێڕانەوەی ڕووداوە هەنووکەیان هەڵدەگرێت و لیکترازانێك دروست دەکات بەرەو ڕابردوو یان ئایندە، هەر بۆیە (سمیر فوزی حاج) دەڵێ (( ئەگەر فلاشباك بە واتای داباڕینی (تداعی) ڕووداوە ڕابردووەکان بێت، پێشخراوی داباڕینی ڕووداوە داهاتووەکانە، بەمەش زنجیرەی زەمەنی واقیعی تێکدەشکێت کە ((حیکایەتخوان لە نێوان دوێنی و ئەمڕۆ سبەینێ بەبێ جیاوازی هاتووچۆ

---

207– چیرۆکی هونەریی کوردیی (شێوە، شێواز، بونیاد)، زاهیر ڕۆژ بەیانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر, ١٩٩٧, ل١٨٢ .

208– سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢ .

209– بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەرێز سابیر، ل٣١٢ .

دەكات))[210] ئەم دیاردەیەش زیاتر لە رۆمانی شەپۆلی هۆشدا بەدیار دەكەوێت بە تایبەتی ئەو رۆمانانەی، كە پشت بە جیهانی زەینی كارەكتەر دەبەستن.

## خاسیەتەكانی پێشخراو:

گرنگترین خاسیەتەكانی هونەری پێشخراوی رووداو بریتین لەمانەی خوارەوە :

١– دروستكردنی حاڵەتی چاوەڕوانیكردنی رووداوەكانی ئاینده لەلایەن خوێنەرەوە .

٢– هونەری پێشخراوی كەمتر لە هونەری دواخراوی لە رۆمانی تەقلیدی بەكارهاتووە، چونكە لەجۆری ئەو رۆمانانەدا رەوتی گێڕانەوە زیاتر بەرەو رابردوو دەگەڕێتەوە كەمتر روو لە داهاتوو دەكات.

٣– پێشخراوی رووداوەكان، دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر پێش وەخت بزانێ، كە رێرەوی رووداوەكان بۆ كوێ دەچن و چارەنووسی كارەكتەرەكان بەچی دەگات .

٤– هەموو پێشخراوێك، دەبێتە هۆی پاشخستنی رەوتی گێڕانەوەی رووداوەكانی كاتی ئێستا و باسكردن و گێڕانەوەی ئەو رووداوانەی كە لە ئاینده روودەدەن .

هەندێ لە رەخنەگر و نووسەران پێیان وایە هونەری پێشخراوی ئاماژەكردنە بۆ ئەو رووداوانەی، كە دەشێ یان لەوانەیە لە ئاینده رووبدەن، بەڵام هەندێكی تر پێیان وایە ئەو رووداوەی كە باس دەكرێت دەبێت لە ئاینده ڕووبدات. لەبارەی ئەو رووداوەی، كە چاوەڕوان دەكرێت لە ئایندەدا رووبدات. (پەرێز سابیر) لەكتێبی (بینای هونەری چیرۆكی كوردی) دا، دەڵێ: ((مەرج نی یە هەموو جارەك بێتە دی، بەڵكو دەگۆڕێت بە پێی گۆڕانی رەوتی رووداوەكان و هەڵوێستی كەسانی ناو چیرۆكەكە، لە ئەنجامی كارلەیەككردنی چەند بنەمایەكی تایبەت بە چیرۆك چ لەناوەوە یا لە دەرەوەی چیرۆكدا روودەدەن و كاری تایبەتی خۆیان لە ئاراستەكردنی رووداو و دیاركردنی چارەنووسی كەسەكان دەبێت، بۆیە زۆر ئاسایی یە ئەم حاڵەتە هەروەك چۆن بەهۆی هاتنەدی ئەنجامە چاوەڕوان كراوەكە كە ساز بدرێت ، هەروەها شتێكی ئاسایی یە بەهۆی ناهاتنە دی ئەو ئەنجامەی چاوەڕوان كراوە ساز بدرێت))[211]. بەڵام (نەجم خالید نەجمەدین) لەكتێبی ((بینای كات لە سێ نموونەی رۆمانی كوردی)) دا بە پێچەوانەی بۆچوونەكەی (د. پەرێز سابیر )، دەڵێ: (( پێشخراو ئەو رووداوانەی ئاینده لەكاتی ئێستادا دەگێڕدرێتەوە، كە دەبێ لەكاتی خۆیان دا بەدی بێت و جێی گومان نەبن . لەبەر ئەوە هەرچی گێڕانەوەیەك كە باسی ئاینده دەكا و لەكاتی خۆیدا بەدی نەیەت ، یان لەوانەیە بەدی نەیەت، ناچێتە ناو چوار چێوەی پێناسەی پێشخراوەوە و ئەركەكانی لەناو تێكستەكە جیاوازی بێ لەئەركی ئەو رووداوەی، كە بەهونەری پێشخراو، لەكاتی ئێستا دا گێڕانەوەكەی پێشكەش دەكرێ . بە گوێرەی ئەم خاسیەتەش پێشخراو مانای پێشكەشكردنی ئەو رووداوە بەدی هاتووانەی ئاینده دەگەیەنێ كە پێش كاتی خۆیان لەكاتی ئێستای گێڕانەوەدا دەخرێتە ناو گێڕانەوە واتە تەنیا ئەو رووداوانە لەكاتی ئێستادا دەگێڕدرێتەوە كە مەرجە لە ئاینده روودەن نەك بە مانای پێشبینی كردنی روودانی ئەوان لەكاتی

210 – شەپۆلی هۆش لە رۆمانی كوردیی باشوری كوردستاندا (بە دیالێكتی كرمانجی ناوەراست)، (١٩٧٢–٢٠٠٢) دیار فایەق ، ل٤٣ .

211– بینای هونەری چیرۆكی كوردی، پەرێز سابیر، ل٣١٢ .

داهاتوودا))(٢١٢). له ئەنجامی ئەم ڕوونکردنەوەیەدا سەبارەت به ڕوودانی ڕووداوی داهاتوو یان ڕوونەدانی ئەو ڕووداوەی داهاتوو که لەکاتی ئێستای گێڕانەوە باس دەکرێت، ئێمەش دەگەینە ئەو ئەنجامە، که ئەو ڕووداوەی داهاتوو که لەکاتی ئێستای گێڕانەوەدا باس دەکرێت لەلایەن گێڕەوەوە, که بەهۆی ڕاناوی کەسی یەکەمی قسەکەرەوە یان لەلایەن یەکێ له کەسایەتییەکانی چیرۆك و ڕۆمانەوە ...، هەموو کاتێك له داهاتوودا ڕوونادات، بەڵام زۆربەی کات ئەو ڕووداوانەی که باسکراوە له داهاتوودا دێنەدی، واتا ناکرێ لەگێڕانەوەی دەقی ڕۆماندا مەرج بۆ ڕوودانی ئەو ڕووداوەی داهاتوو دابنرێت، چونکه لەزۆر ڕۆماندا باس لەڕووداوی ئاینده دەکرێت، بەڵام لەکاتی کۆتایی هاتنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکه ئەو ڕووداوەی که باس له ئاینده کراوە ئەو بەدی هاتنه لەڕۆمان یان چیرۆکەکه بەرچاو ناکەوێت ، که پێچەوانەی گەڕانەوەیە بەرەو دواوە، لەبەر ئەوە گێڕانەوەی ئاینده (له ئێستاوە بۆ ئاینده دەچێت، به شێوەیەك بەرەو پێش دەچێت ، که دەبێته هۆی بازدانی ئەو خاڵەی که گێڕانەوەکه پێگەیشتووە)(٢١٣). واته هەموو پێشخراوێك, دەبێته هۆی ئەوەی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی داهاتوو بەرەو پێش بچێت بۆ بینینی چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکان.

## جۆرەکانی هونەری پێشخراو:

## پێشخراو بەشێوەیەکی گشتی بەگوێرەی سیستەمی گێڕانەوەی ڕووداوە داهاتووەکان لەم جۆرانەی خوارەوە پێکدێ:

### ١- پێشخراوی ناوەکی :

ئەم جۆرە ڕەوته لەناو ڕۆماندا بەهەمان شێوەی دواخراو (فلاشباك) بەکاردێ تێکەڵی و ئاوێته بوونێکی گونجاو پێکدێ لەنێوانی حیکایەتی یەکەم و ئەو حیکایەتەی, که برگەی پێش ڕوداو کەوتنەکه ئەنجامی دەدات، واته گێڕانەوەی ڕووداوێ لەکاتی ئێستای گێڕانەوە و تێکەڵکردنی لەگەڵ ئەو ڕووداوەی داهاتوو, که لەکاتی ئێستادا باس دەکرێ و له ئاینده ڕوودەدات .

### ٢- پێشخراوی دەرەکی :

ئەو جۆرەیان تایبەته به گێڕانەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانەی پێشخستنیان تێدا بەدی دەکرێ و دەکەونه دەرەوەی کاتی سەرەکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکه ، بۆیه ئەمه هەروەکو دواخراوی دەرەکی (پاشخستن) لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازی ئەرکیان بەکاردێ .

### ٣- پێشخراوی دووبارەکراوە :

ئەو جۆرەیان بریتییە: لەگێڕانەوەی دووبارەکردنەوەی ڕووداوێك, که له داهاتوودا ڕوودەدات، بەڵام لەکاتی ئێستای گێڕانەوەدا چەند جارێك و لەچەند شوێنێکی جیاوازدا لەناو دەقەکه دووبارە دەبێتەوە .

---

212– بینای کات له سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا، نەجم خالید ئەلوەنی، ل٢٣٢-٢٣٣ .

213– الالسنية والنقد الادبي في النظرية والممارسة، د. موريس ابو ناضر، ص٦٩ .

# پراکتیزەکردنی جۆرەکانی پێشخراوی لە رۆمانەکانی (کۆردەرە – هیچ – پاشایان کوشت – راز – دەغدو) دا:

## ١- پێشخراوی ناوەکی:

## أ- لە رۆمانی (کۆردەرە) دا:

لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا، گێڕەرەوە دەست لەگێڕانەوەی ئێستای چیرۆکەکە هەڵدەگرێت و دەست بە گێڕانەوەی داهاتوو دەکات، بەمەش دژیەکییەك لەکاتی گێڕانەوەکە دروست دەبێ کاتی ئێستا سستوخاو دەبێتەوە داهاتووش خێرا دەبێت رۆماننووس تاڕادەیەکی باش پێشخراوی لە رۆمانەکانیدا بەکارهێناوە, کاتێ گێڕەرەوە کارەکتەری سەرەکی (ئەکبەر) ئاواتە خوازە گوڵی سور لەباخچەکەیان بچێنێت, باسی ئەوە دەکات, کە لەگەڵ رەزا چەند بنجێك گوڵیان هێناوە و لە قوژبنی ژوورەکەیان چاندویانە و رۆژانە بەردەوام ئاویان دەدات و چاو دێریان دەکات, تاکو لەفەوتان بیان پارێزێت, لەگەڵ ئەوەش دوعای هەڵنەکێشانی گوڵەکانی دەکرد کە گوڵەکانی هەڵنەکێشرێت . ((**رۆژانی هەینی لە دوورەوە هاتوچۆی نۆبەدارکەمان خستبووە ژێر چادێری یەوە ... دووعای خێرمان دەکرد کە گوڵەکانمان هەڵنەکشێت ... !** ))[٢١٤] . لەم دەقەدا, دەبینین ئەکبەر دوعای هەڵنەکێشانی گوڵەکان دەکات, بەلاّم ئەم رووداوە روودەدات. ئەم گولاّنە هەڵدەکێشرێت, لەلایەن نۆبەداری خانووەکەیان, کە بووە مایەی نیگەرانی زۆری ئەکبەر و گریانی برا بچووکی ئەکبەر بەهۆی هەڵکێشانی گوڵە سوورەکان لەلایەن نۆبەدارەکەوە و دەڵێ: ((**هێندەی نەخایاند شتێك درا بە سەرماو کەوتە ژێر پامەوە دار گوڵەباخەکانی هەڵکێشا بوو, پەژموردەو سیس بوو بوون ...** ))[٢١٥] ئەم رووداوی هاتنە دییە بەرای د.نەجم ئەڵوەنی، پێیدەوترێت پێشخراو ))[٢١٦].

ئەکبەر لەباسی برسیەتی و هەژارییەوە ئەوە دەزانیت, کە مرۆڤ بەهۆی برسییەتیەوە تووشی هەموو رووداوێ دەبێت, بۆیە لەباسی باوکی ترسی ئەوە دەکات, کە باوکی بەهۆی برسیەتیەوە تووشی رووداوێك بێت و نەتوانێت خۆی لێی دەرباز بکات و دەڵێ: ((**بێ کاری و برسیەتی چی بەسەر مرۆڤ داناهێنێ . کاری وانەبوو باوکم دەستی بداتێ ...** ))[٢١٧], هەروەکو ئەکبەر پێشخراوی رووداوی کردبوو, کە مرۆڤ بەهۆی برسیەتیەوە تووشی هەندێ کار دەبێت و دەبێتە مایەی تێکچوونی هەموو ژیانی, کە باوکی ئەکبەریش بەهۆی برسیەتیەوە تووشی کاری یاساغ بوو, دواتر بەهۆی ئەم کارەوە بۆ ماوەی شەش ساڵ زیندانی دەکرێت.

هەر سەبارەت بە پێشخراوی ناوەکی لەنێو ئەم رۆمانەدا, کاتێ ئەکبەر گفتوگۆ لەگەڵ یەکێ لە کارەکتەرەکانی نێو رۆمانەکە بەناوی (سەبری) یەوە دەکات, کە بە نیازە بیبات بۆ دەرەوەی وڵات ، کاتێ

---

214– رۆمانی کۆردەرە، ل٣٦ .

215– سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩ .

216– بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردی دا، د. نەجم خالید ئەڵوەنی، ل٢٣٢ .

217– رۆمانی کۆردەرە، ل٨٢ .

سەبری دەڵێ : **((تۆ دەبێ تا پانزە ڕۆژی چاوەڕوان بیت دوای پانزدە ڕۆژی تر کەشتی تایبەتی ئێمە دەگاتە بەندەر))**(٢١٨). ئەم قسانە, وەکو پێشخراوێك, چونکە دوای ئەو قسانە بە پێی پلانی کابرا جێبەجێ کراوە و بەدی هاتووە, کە ئەکبەر دەڵێ: **(( لەسەر کات بێ هیچ گیر وگرفتێك لەگەڵ چەند کەسێك دا سواری کەشتی بووین ... دوایی دوو سێ ڕۆژ دەریا پێوان گەیشتینە دوورگەی رودس))**(٢١٩).

ئەکبەر لەباسی دایکی کە تووشی نەخۆشیەکی توند هاتبوو, چەند ڕۆژێك هیچ ورتەیەکی لە دەمیەوە نەهاتۆتە دەرەوە, هەموو ئەندامانی خێزانی پێشبینی ئەوەیان دەکرد, کە دوا ڕۆژی بێت چاك نەبێتەوە تووشی ڕووداوی مردن ببێتەوە, بەڵام ئەکبەر لە ڕێگەی مۆنۆلۆگێکی ڕاستەوخۆوە, کە لەگەڵ خودی خۆی ئەنجامی ئەدات سەبارەت چاك بوونەوەی دایکی, کە دەیوت دالگە ئاوا بە ئاسانی نامرێت کە داوایی چاك بوونەوە لە خوای گەورە دەکات و کە دایکیان هەر بەشی ئەوان بێت و دەڵێ: **((نا ... نا خوا هەڵنا گرێ (دالگە) ئاوا بەم ئاسانی یە بەرێ ئەو نابێ بمرێت ... تا دەفر و دەوریی خەلکی بشۆرێت! ! ))**(٢٢٠), هەروەکو چۆن ئەکبەر باسی چاکبوونەوەی دایکی دەکرد لە بەرامبەر ئەوانەی کە بەدوا ساتی مردنی دایکیانەوە بوون، چاکبوونەوەی دایکی هاتەدی و باشتر لەجاران چاك بووە و بووە مایەی دووبارەگەڕانەوەی خۆشی بۆ خێزانەکەیان .

## لە ڕۆمانی (هیچ) دا:

لەم ڕۆمانەدا هەندێ باس و ئاماژە هاتووە، کە خوێنەر ئەخاتە حاڵەتی چاوەڕوانینەوە بۆ ئەوەی پەلە بکات بۆ ئاشکرا کردنیان، کە دواتر لەرۆمانەکە بەدی دێن . بۆ نموونە ئەو پێشخراوەی کە لە دیالۆگی نێوان محە و حەمە سەبارەت بەدزینی ڕانەمەڕەکانی حاجی کەڵەکەوە هاتووە, کە ڕانەمەڕێکی ئاوا نابێ یەك چەکداری لەگەڵ دابێت, بۆیە پێی باشە ئەو ڕۆژە هەرچاودێری بکەن . **((– با ئەوڕۆ هەر چاودێری و دیدەوانی بکەین, من ناڕواتە عەقڵمەوە ئاوا ڕانێك تەنها چەکدارێکی لە گەڵ دا بێت .**
**– خۆ منیش لەو بیرانە دابووم .**
**– کەواتە چاوەڕوان دەبین تا بۆمان ڕۆشن دەبێتەوە . ))**(٢٢١) لەم دەقەدا, ئەم پێشخراویەی محە دێتە دی کە ئاماژەی پێکردبوو, ئەویش بەهاتنی سێ سواری چەکداری دی لەکاتی ئێوارەدا لەکەوانەی ڕۆژ هەڵاتەوە, کە لە دوورەوە چاودێری ڕانەمەڕەکانی حاجی کەلەکیان دەکرد.

هەروەها سەید جەلیلی فەڕاشی خەستەخانەی لادێ کاتێ دیمەنی تێك ئالانی گوڵچین و ڕەجەبی برینپێچی عارەب بە چاوی خۆیەوە دەبینێ، بۆیە پێشبینی ڕووداوێ دەکات، کە بەهۆیەوە گوڵچین نەك تەنها خۆی، بەڵکو تایفەکەشی ریسوای زەمانە دەکات. **(( ئەم سەرتاشاوە ئاو ڕووی بۆ ئەم دێ نەهێڵاوەتەوە**

218 – ڕۆمانی کۆردەرە، ل٢٠٥ .

218– سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥ .

219– س. پ، ل٢٠٥ .

220- س. پ ، ل٤٥ .

221- ڕۆمانی هیچ، ل٢٥.

**سەرەنجام نەك تەنها خۆی ، تایفەکەشی ڕسوای زەمانە دەکا. ))**[222] لە دواییدا ئەو ڕووداوە دێتە دی, کە سەید جەلیلی فەراش ئاماژەی پێکردبوو، کە گوڵچین بەهۆی ئەو عەشقەی بۆ ڕەجەبی عارەب هەبوو, ڕەدووی دەکەوێت بۆ بەغدا، ڕەجەبیش بەرامبەر بڕێ پارە فریوی دەدات سەرخۆشی دەکات بۆ حازمی هاوڕێی، دواتر گوڵچین بەهۆی ئەو کارەیەوە لەبەرچاوی دەکەوێت و خۆی پێ تەلاقدان دەدات و ناتوانێت بگەڕێتەوە لادێ یەکەیان و خۆی دەکوژێت .

هەروەها پێشخراوێکی دیکەی ڕۆمانەکە, بۆ نموونە: گوڵچین دوای ئەوەی خۆی بە ڕەجەب بەتەڵاق دەدات، لەگەڵ حەمدیەی خوشکی ڕەجەب دەکەوێتە گفتوگۆوە, پێشنیاری ئەوە دەکات, کەموچەکەی لای دنحای بۆ تازەکاتەوە, بەڵام حەمدیەی خوشکی ڕەجەب پێشبینی ڕووداوی مردنی ڕەجەب دەکات و دەڵێ پێویست بەمە ناکات, کە ژیانی لە پەنجەکانی دەستت زۆر تری نەماوە .

**(( ئەگەر دەیەوێت، با مووچەکەی لای دنحای بۆ تازە کەمەوە**

**– تازە پیا راناگات . سەد نەخۆشی ڕووی تێ کردوە ...**

**نیگەرانی ئەو ڕۆژە مەبە، لە پەنجەکانی دەستت زۆر تری نەماوە ))**[223]

ئەم پێشخراوییە لە ڕێی پێشبینی کارەکتەری ناو ڕۆمانەکە لەلایەنە (حەمدیە) ەوە ئەنجامدراوە, دواتر لەناو ڕۆمانەکەدا دێتەدی، بۆیە لە جۆری پێشخراوی ناوەکییە .

## ج–لەڕۆمانی (پاشایان کوشت) دا:

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە, کە ڕۆمانێکی مێژووییە, دەبینین بەشێوەیەکی کەم گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەهونەری پێشخراوی و جۆرەکانیەوە سەرچاوەیان گرتووە, کاتێ نووسەر هەندێ لەو ڕووداوانە پێش ڕوودانیان دەخاتەڕوو وا لەخوێنەر دەکات, کە بەتەواوی هەست بەوە بکات لە ئایندە ڕوودەدات, لە دوای ئەوەی لە شەوێکی تاریکی بێ ئەستێرەدا, کاتێك (حەکیم) باشی ڕاپێچ دەکەن بۆ لای (عوسمان بەگ), ئەویش داوای ئەوەی لێدەکات و دەڵێ: دەمەوێ (عبدالله بەگ) بمرێ, کە (عبدالله بەگ) دوای ئەوەی لە شەڕی (گردەگروێ)دا, لە بەرەی بەرگریکردن لەبابانەکان بریندار ئەبێ. سەرەتا (حەکیم باشی) بەو کارەی ڕازی نابێت و دەڵێ بۆ بنەماڵەی بابانەکان هەموو کارێکم کردووە، بەڵام ئەم کارەم پێناکرێت, دوای هەڕەشەیەکی زۆری عوسمان بەگ, ئەویش بە کوشتنی کوڕەکەی بۆ ئەوەی بزانیت ژانی کورکوژران چیە و چۆن و چۆنییە، دوایی هەڕەشەیەکی زۆری (عوسمان بەگ), حەکیم باشی بەناچارییەوە ڕازی دەبێت, کە کارەکە ئەنجام بدات, ئەویش بەوەی هەموو ڕۆژ دەچێ بۆ چارەسەری و تیمارکردنی (عبدالله بەگ) . ((– **عوسمان بەگ دەستی لەسەر مشتی زێڕینی خەنجەرەکەی هەڵگرت و لەسەر کەمەی کورسییەکەی داناو گەلێك خوێنسارد و بێ دەربەست بێ ئەوەی ڕوو بەلای حەکیم باشییەوە بکات وتی :**

---

222– ڕۆمانی هیچ, ل٤٣ .

223– سەرچاوەی پێشوو ٢٣٧ .

**– دەزانم تۆو بنەماڵەی ئێوە هەرگیز کاری ناشایستەتان دەرحەق بە ئێمە لێ نەوەشاوەتەوە ، ئەمە بەچاکی دەزانم ، بەڵام ئەوەش دەزانم ئەوەی پیت دەڵێم موو بە موو ئەنجام نەدەیت ، وەك مریشك ملت هەڵدەكێشم، رەنگە بزانی ئەهلی گاڵتە و جەفەنگ و قسەی قۆریش نیم .**

**–جا قوربان ، ئەمەی بۆ چییە، هەرچی ئەمر بکەی بێ ئەملولا ، موتاعە .**

**– موتاعە ؟**

**– بەڵێ موتاعە ...**

**– هەرچی بێ ؟**

**– هەرچی بێ !**

**– دەمەوێ عەبدولا بەگ بمرێ ، بێ ئەوەی کەس گومان بکا و ئێمەش تووشی هیچ گۆبەنێك نەبین))**[٢٢٤] .

پێشخراوی ئەم رووداوە لە رۆمانەکە لەلاپەڕە (٨٠) هاتۆتە دی لەو کاتەی کە حەکیم باشی رۆژانە سەری لێ دەداو و دەرمانی جۆراو جۆری دەکردە زامەکەیەوە و تا دەهات حاڵی بەرەو خراپتر دەرۆیشت و لەدوایش جوانە مەرگ بوو: ((**عەبدوڵلا بەگ رۆژ بە رۆژ زەردتر و لاوازتر دەبوو، زامەکەی هاتبووە چڵك وكێم و سۆتووك بەلەشییەوە نەمابوو، حەکیم باشی بێ وچان، رۆژانە سەری لێ دەدا و زەرنیخ و دەرمانی جۆراو جۆری دەکردە زامەکەیەوە و تا دەهات هەناسەی تەنگ و ژمێراو دەهاتە دەرێ ...** ))[٢٢٥] ئەم کارەی (عوسمان بەگ)ی بابان ئەمەش بەهۆی ئیرەیی (عوسمان بەگ ), لەو خۆشەویستییەی نێوان (عبدالله بەگ) و (گوڵئەندام)ی کچی (ئەو رەحمان بەگ)ی میران, کە مارەبڕیشی بوو. ئەوەی لەم دەقەدا, باسکرا دەچێتە خانەی هونەری پێشخراوی ناوەکیەوە, چونکە باسکردنی رووداوێکی ئێستایە و تێکەڵکردنی لەگەڵ رووداوێکی داهاتوودا, بەمەش ئەو رووداوە هاتۆتەدی کەلەکاتی ئێستادا باس کراوە بەم جۆرە هونەرەش دەڵێن: پێشخراوی ناوەکی .

نموونەیەکی تر, لە پێشخراوی ناوەکی لەم رۆمانەدا, کە بۆتە هۆی ئەوەی کاتی ئێستای رابگرێت باس لەرووداوێکی داهاتوو بکرێت. کە بەپێی ئەو پلانەی کە ( ئەحمەد بەگی وەلەد بەگ) دەیخاتە بەر (ئەحمەد پاشا), کە بە دوای (ئەحمەد بەگی کەیخوسرەو بەگ) دا بنێرێت, بۆ ئەوەی بێتە دیدەنی، کە هاتیش دەست بەسەری بکەن, بۆیە لە نیاز خراپی بە دوایی ناردنی دەگەن لەناوخۆیان بڕیاری ئەوە دەدەن, کە (ئەحمەد بەگ) نەنێرن بۆ لای, چونکە لەوە تێگەیشتن کەبچێت بۆ دیدەنی دەست بەسەری دەکەن, بۆیە لەجیاتی ئەم چەند بەگزادەیەکی تر بنێرن هەر چۆنێ بێ ئەوان دەست بەسەر بکرێن باشترە لەوەی, کە (ئەحمەد بەگی کەیخوسرەو بەگ) دەست بەسەر بکرێن . ئەحمەد بەگ وتی : ((**ئێوە دەڵێن نەڕۆم، من وا دەزانم بڕۆم لە نەڕۆیشتنم سەنگین و سەلامەتر بێ، بێگومان ئەگەر نەڕۆم وا دەزانن ترساوم و زاتی ئەوەم نەبووە و بە تۆ قیاو لە قەڵەمم دەدەن، هەر سبەی دەکەومە رێ و دەڕۆم. کوێخا برا خاس هەستایە سەرپاو، سەر تیرەکانی تریش بەرزە پا هەستا و ئینجا برا خاس وتی :**

---

224– رۆمانی پاشایان کوشت، ل٧٨ .

225– سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨ .

**– قوربان گەورە و سەروەرمانی، بەڵام جارێك رەوانییە لە قسەمان دەرچیت ... هیچ نەبێ چەند کراسێکمان لە تۆ زۆرتر دراندوە و، تازە جگە لەمانیش کەیخوسرەو بەگی باوکیشت لە قسەی ئێمە دەرنەچووە .**

**– جا من کەی لە قسەی ئێوە دەرچووم، دەڵێم دەترسم بە ترساو بمدەن لە قەلەم . جگە لەمانەش من خراپەیەکم دەرحەق بە خێڵی بەبە نەکردووە .**

**– ئەمانە هەر هەمووی بە جێگەی خۆی، ئێمە بڕیارمان داوە لە جێی جەنابت چەند بەگزادەیەکی تر بنێرین بۆ پیرۆزبایی، ئەگەر تووش هاتن، تۆ و ئێمە دەتوانین ڕزگاریان بکەین، بەڵام ئەگەر تۆ تووش بێی، ئەوان و ئێمە ناتوانین تۆ ڕزگار بکەین . ))**[226]، لە دوایشدا ئەم پێشخراوی رووداوە روویدا، هەروەکو چۆن براخاس پێشبینی ئەم رووداوەی کردبوو، کە بەگزادەکانی جاف دەست بەسەردەکرێن لەوەی کە بۆچی (ئەحمەد بەگ) خۆیی نەهاتووە، هەروەك لە پێشتر ئاماژەیان بەم رووداوەکردبوو، لەچەند شوێنێکی نێو دەقی رۆمانەکە باس لە پلانەکەی (ئەحمەد پاشای بابان) کرابوو، کە بۆ (ئەحمەد بەگی وەلەد بەگ)ی دانابوو و لە دوایشدا ئەنجامیدا لە بری ئەوەی (ئەحمەد بەگ) نەچوو بوو بۆ دیدەنی، بۆیە هەموو بەگزادەکانی خستە زیندانەوە .

لە نموونەیەکی تری ئەم جۆرەدا، کاتێ (ئەحمەد پاشا) ی بابان نامەی بۆ هەموو سەرۆك تیرەکانی جاف ناردبوو، کە هیچ یەکێك لە سەرۆك تیرەکانی جاف نەچوو بوونە ژێر داوای نامەکەوە، بۆیە (ئەحمەد بەگی) خالۆی (ئەحمەد پاشا)ی بابان پلانی ئەوەی بۆ دادەڕێژێت، کە هەرچی باخ ومیوە و رەزو دارو درەخت ئەوانەی لە دامێنی هەورەمان و دۆڵ و بەندەنی هەورەمان هەیە ببڕن، چونکە ژیانی ئەوان بەسەر ئەو باخ و میوەو رەزانەیە دوایی نەمانی ئەو دارانە ژیانیان زەحمەت دەبێ . **(( ئەحمەد پاشا بەرز هەڵسایە سەرپاو هەردوو دەستی خستە سەر شانی ئەحمەد بەگی خالۆی، وتی:**

**–خەریکم تێ دەگەم چی دەڵێی، ڕۆشنبیری بکەرەوە.**

**– زۆر سادە و ڕەوان دەڵێم لە باتی تۆپ و تفەنگ وگوللە و باروت، بەتەور و تەورداس و داسەوە بۆیان بڕۆن و هێرش بۆ باخەکانیان ببەن، تا خۆیان . ئەگەر درەختەکانیان ببڕنەوە ، داماو و دەستەپاچە دەبن، تاڵی ئەوان نەمانی باخاتیانە .**

**– کورە خاڵۆ، تۆ زۆر لەوە هۆشیارتر و زرنگتری، وامن دەمزانی هەر لە سبەینێوە ئەوەی وتت دەیکەم، پێم وایە کارییەو بە چاکی دار دەدەم بەڕوحیاندا .**

**– هەر بۆ ئەمەیان بە گوێم دەکەیت، یا بۆ شتی تریش ؟**

**– با ، بۆ شتی تریش**

**– کەواتە با بەعەزرەت بگەیەنم، سەرۆك تیرەکانی جاف جگە لە دێنشینەکان، کە لەژێر دەستی خۆتانن، هیچ یەك لەسەر کۆمارەکان نەڕۆیشتنە ژێر داوای نامەکەت هەر هەموویان دەستەو نەزەر لە خزمەتی مندالێکدا ڕاوەستاون. ))**[227]، دوای باسکردنی ئەم رووداوە لەکاتی ئێستادا، لەماوەیەکی زۆر کورت ئەنجامی دەدەن، ئەویش بە بڕینی دارو درەخت و میوەی جافەکان لە هەورەمان، دوایی ئەمانیش شکاتی خۆیان لە ئەحمەد پاشای بابان دەکەن .

---

226– رۆمانی پاشایان کوشت، ل١٠٣-١٠٤ .

227– سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩ .

## د–له ڕۆمانی (ڕاز) دا:

له ڕۆمانی (ڕاز)یشدا, هاوشێوەی ڕۆمانەکانی تری (خوسرەو جاف) هونەری پێشخراوی ناوەکی بەرچاو دەکەوێت, کە بریتییە لە باسکردنی لە باسکردنی ئەو ڕووداوانەی لەکاتی ئێستادا باس دەکرێت لەکاتێکی داهاتووی نزیك یان دوور ڕوودەدەن. کاتێ تیمەکەی پرۆفیسۆر (ڕۆنشتاد) لەناو فڕۆکە دابوون . پرۆفیسۆر پرسیاری ئەوە لە (د.پیران ) دەکات کەی دەگەن بۆ ئێران, ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێ, کە نیو سەعاتی تر دەگەنە ئەستەنبۆل و بەپێی بەرنامەی ئەمشەو میوانی زانکۆی ئەستەنبوڵ دەبین, دواتر دوسبەی لەڕیش پان و دەموو چاوی گرژ و مۆن و پەژموردەی سەردەمدارانی لای ئێمە زیاتر هیچ نابینی. **((خەمی خەو مەخۆ . بەپێی بەرنامە ئەمشەو میوانی زانکۆی ئەستەنبوڵین . خەڵکی ئەو وڵاتەش لە بەرنامەی ڕۆژهەڵاتی سازکردنا مامۆستان . مەی و ماندووێتی و لەرزینی سینە وکەمەر و کەنینی ڕوخسار رووی نازەنین ڕوخساران، هەر هەموویان دەبنە لایەلایە و تەخت لێی دەخەوێ . دووسبەی لە ریش پان و دەموچاوی گرژ و مۆن و پەژموردەی سەردەمدارانی لای ئێمە زیاتر هیچ نابینی. ))**[٢٢٨], بەپێی ئەو پێشخراویەی کە (د.پیران) لەناو فڕۆکە باسی کردبوو, بۆ یەکەم جار دەگەنە ئەستەمبۆڵ, دوای دوو ڕۆژی تر دەگەنە ئێران, کە لەوێشەوە لە گوزەرنامەی ئێران چاویان بە پیاوانی دەسەڵاتدارانی ئێران دەکەوێت, کە ڕیشێکی پان و دەم و چاوێکی گرژ و مۆنیان هەبوو, د. پیران لەسەر نوێ نەکردنەوەی گوزەرنامەکەی بەدەستی ئەم پیاوانەوە لێی دەدرێت و ڕەوانەی زیندانی دەکرێت.

له پێشخراوێکی تری ناوەکیدا, کاتێ تیمە دێرینناسەکەی پرۆفیسۆر(ڕۆنشتاد) دەگەن بە وڵاتی ئێران. فراولەش وەکو یەکێك لە ئەندامی تیمەکە دەکەوێتە دیالۆگەوە لەگەڵ پرۆفیسۆر و ترسی خۆی بەرامبەر ئەم وڵاتە دەردەبڕێت, کە لەم وڵاتە خەڵك لەسەر هیچ دەکوژن. **(( ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە ئێمە سەر و کارمان لەگەڵ تاقم و دەوڵەتێکدا هەیە لەسەر هیچ خەڵك دەکوژن و دەبڕن...))**[٢٢٩], هەروەکو فراولە ترسی ڕووداوێ کردبوو, کەلەلایەن کار بەدەستانی دەوڵەتەکەوە خەڵك دەکوژرێن, کاتێ ئەو دوو کەسەی کە لە چایخانە بەشەر دێن, کە یەکیان ئەوی تری بە چەقۆ دەکوژێت, دواتر بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەك بە بەرچاوی خەڵکەوە چەکدارانی دەوڵەت ئەوەکەی تر دەکوژنەوە, کە ئەمەش نیگەرانی خەڵکی ئەو شوێنەی لێکەوتەوە, چونکە ئەو دیمەنەیان بەچاوی خۆیانەوە بینی, ئەویش کوشتنی دوو کەس و بردنەوەی دووتەرم لەیەك کات و ساتدا.

تیمەکەی ڕۆنشتارد بۆ ئەوە هاتبوونە ئێران, کە بگەن بە ڕازی زێرینەوە, کە پرۆفیسۆر دەڵێ ژیانی چوار هەزار کەسیش بخەیە مەترسی یەوە هێشتا کەمە بۆ گەیشتن بەم (ڕازی زێرینە), کە بۆ دەستکەوتنی ئەم ڕازە هەوڵ و ماندووبونێکی زۆری ئەوێت, تاکو بگەیت بە دەستی ئەم (ڕاز)ەوە, کە لە ڕێگەی ئەم (ڕاز)ەوە زۆربەی زۆری درۆ و دەلەسەی مێژوو خامەی خۆفرۆشی مێژوونوسانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و زۆربەی کاری ناتەواو لەڕاستی ترازاوی بەشەرییەت پاك کراوە دەخاتەڕوو و لەم باریەوە دەڵێ:

**(– جارێك ناتوانم زۆر بڵێم هێندە نەبێ – دەڵێم ئەگەربتوانین دەس لە(ڕازی زێرین) گیرکەین بەشەرییەتمان لە زۆر هەڵە وهەڵەشەییی هەزاران ساڵە دوور – خستووەتەوە !**

---

228– ڕۆمانی ڕاز، ل٢٢ .

229- سەرچاوەی پێشوو, ل٤١.

**– رازی زێڕین .**

**– ئا رازی زێرین**

**– داخۆ دەبێ جۆرە رازێك بێت ؟**

**– تامولٚ کەن، باوەڕتان هەبێت (رازی زێڕین) دەتوانێ دوور لەزەڕ و زۆر و ملهوری سەردەمدارنی سەر زەوی سەرلەنوێ بەشێوەیەکی راستەقینە مێژووی بەشەرییەت دووبارە بنووسێتەوە . پێچەکان هەڵداتەوە، نەزانراوەکان پەردە لەسەرلا دەدا و شریتی راستەقینەی دنیای ئەو سامان بۆ بخاتە گڕ. ))**[٢٣٠] , دواتر لەنێودەقی رۆمانەکە, ئەو پێشخراوە بەدی هاتووە, لە هەوڵە بەردەوامی یەکانی رۆنشتاد و هاوڕێ یەکانی( ئەردە شێرخان), کە تووشی ناخۆشی و رووداو دەردەسەری زۆربوون, کە دەستبەداری ئەم رازە نەبوون ، کە دواتر گەیشتن (بە رازی زێرین), کە بەهۆیەوە دوو گەشتیان ئەنجامدا یەکێکیان بۆ سەردەمی پاشاکانی میدیاوە گەشتی دووەمیان بۆ سەردەمی سەلاحەددین بوو . ئەم پێشخراوە ناوەکییەکە لە سەرەتادا باس کراوە دواتر هاتۆتەدی .

پێشخراوێکی تری ناوەکی لەم رۆمانەدا, لە رێگەی دیالۆگەوە شارەزایی کێشە و گرفتەکانی کارەکتەرەکانی نێو رۆمان دەبین, هەروەکو لە دیالۆگی نێوان (د.پیران) و (فراولە) هاتووە, کە پیران باسی ئەوە دەکات, کە بەزاهیر ببن ژن و مێرد, بۆ ئەوەی تووشی هیچ رووداوێك نەبن لەم وڵاتەدا, کە ببێتە مایەی کێشە لە بەردەم ئەو کارەی کە بەدوایدا هاتوونە. **((دەڵێم بۆ خۆمان لەم گێروگرفتە رزگار نەکەین ؟**

**–دەتوانین ؟**

**– ئا .**

**– چۆن چۆنی ؟**

**– گەلێك سادە وئاسان سبەی بە پێی شەرعیەتی ئیسلام شووم پێ دەکەیت و مارەت دەبڕم و تەواو.**

**– تەواو یانی چی ؟**

**– یانی حەقیان بەسەرمانەوە نابێ و دەبین بە ژن و مێرد ، وەك هەر ژن و مێردێکی تەواو. ))**[٢٣١]

لەسەرەتادا فراولە بەم شووکردنە رازی نەبوو, چونکە دەیوت ناتوانم ببم بە ژنی پیاوێك, کە ژنایەتیم پێ نەکرێت و ئازادی لە دەست دەدەم, دواتر لە درێژەی گفتوگۆکانیانەوە گەیشتن بە بڕیارێ, کە فراولە بە پێی شەریعەتی ئیسلام شوو بە (د.پیران) بکات, هەروەکو چۆن لەسەرەتادا باسیان کرد دواتر ئەم رووداوی شوکردنە بە (د. پیران) هاتۆتەدی لە ئایندەیەکی نزیك روویدا .

فراولە لە شوێنێکی دەقی رۆمانەکەدا ترسی رووداوێ ڕادەگەیەنێت, کە بەهۆیەوە تووشی رووداوێ دەبن و لەکاتی چونیان بۆ چیای (داڵەهۆ), دواتر ئەم پێشخراوی رووداوە هاتۆتەدی, کە لەلایەن خەڵکی نزیك ئەو ناوچەیە خەڵك لێیان کۆدەبنەوە و هەڕەشەیان لێدەکرێت کە یەك دوو ئاخوندی سەرسپی و سەرڕەش کە لەپێش خەڵکەوە شتیان راوەدەشاند, هەروەکو چۆن فراولە پێشتر ئاماژەی پێکرد پێشخراوییەکەی هاتۆتەدی . **((شەفیعی شانبەشانی کرێکارەکە لە ژوور ڕۆیشتە دەرەوە بەرەو کۆمەڵی هەرا و هوریا وەر پێ کەوت تا**

---

230 – رۆمانی راز ، ل٤٢ .

231– سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٧ .

**نزیکتر دەبۆوە تێکرایی تر دەبوو . یەك دوو ئاخوندی سەر سپی و  سەر ڕەش لە پێش خەڵکەوە شتیان ڕادەوەشاند و لە حیرس وجۆشدا ڕەگی ملیان چو چۆلەکە دەفڕی. ))**(٢٣٢)

## هـ- لە رۆمانی (دەغدو) دا:

لەم رۆمانەدا, چەند نموونەیەکی ئەم جۆرەمان بەرچاو دەکەوێت. سەنگەر,  وەکو کارەکتەرێکی سەرەکی نێو ئەم رۆمانە کاتیَ کێشەکانی خۆی بۆ تحسین ی هاوڕێی باس دەکات, کە بەردەوام شەوانە خەون بەروحێکی ئافرەتەوە دەبینێت و هەموو شەوێك دووبارە دێتە خەونییەوە تەنیا سێبەری ژنەکە دەبینێت لەخەودا, کە بێدەنگە و قسە ناکات, کە بۆتە هۆی نیگەرانی لە رۆژیشدا هەر بیری لێدەکاتەوە ئالۆزو پەرێشانی کردووە ، ئەم نهێنیەی خۆیی لای تحسین هاوڕێی باس دەکات, ئەویش بڕیاری ئەوە دەدات, کە ڕۆژی پێنج شەمە بچن بۆ (لالش)، و شەوێکیش لە ماڵی ئەودا بمێننەوە,  دواتر بۆ بەیانییەکەی بگەڕێنەوە .

**((- ئەوەی دێتە خەوی من رۆح بێت یا نا باشە بۆ لەناو ملیۆنەها مرۆڤدا ئەم رۆحە من هەڵبژێرێت ؟. ئەمە نیگەرانی کردووم .. بە دوای وەلامی ئەم پرسیارەیدا دەگەڕێم ..تۆ بڵێی ئەو کابرای فالگیری لای ئێوەیە بتوانێت وەلامم بداتەوە .کە دەڵێی ئەوە زۆرتر وەك پیرێك چاو ساقێك تێی دەفکرێن .**

**- هەرچی بێت ، ئەگەر دەزانی شتێکی لە دەست دێت دیتنیم بۆ ڕێك بخە ..  دەیخەی ؟ .**

**-ئەی چۆن پێنج شەممە بەرەو لالش دەرۆین، شەویَ لە ماڵی ئێمەی دەبین وبۆ سبەینیَ دەگەڕێنەوە باشە..؟))**(٢٣٣)  ئەوەی لەم دەقەدا باسکرا, کە لە دیالۆگی نێوان( سەنگەر) و(تحسین) دوایی لەناو رۆمانەکە بەرچاو دەکەوێت, ئەویش بە چوونی هەردووکیان بۆ (لالش) بەمەبەستی ڕاڤەکردنی ئەو خەونەی کە دێتە خەوی سەنگەر و چارەسەرکردنی ئەوگرفتەی کە سەنگەر تووشی هاتووە .

پێشخراوێکی تری نێو رۆمانەکە, لە دیالۆگی نێوان( تحسین ) و(سەنگەر)دا تحسین پێی دەڵێت,  ئەوەی کە تۆ دەیبینی بەردەوام کە دێتە خەونتەوە, کە بەهۆیەوە تووشی سەرگەدانی بوویت, ئەوە رۆحە و رۆحێکی سەرگەردانە, بەخت یارت بووە, رۆحێکی خێر خوازیشە. **((-ئەوەی کە تۆ دەیبینی رۆحەو رۆحێکی سەرگەردانەو بەختت یارە لە رۆحە  ئاشوفتە و بەد تەشەو توند خووەکان نییە و لەسەرخۆ ئارام  وە خێرخوازە ...))**(٢٣٤)   دوای ئەو قسانەی کە تحسین دەیکات هەمان شت روودەدات, ئەویش بە هاتنی رۆحەکە بۆ خەونەکەی سەنگەر, کە بەهۆیەوە گۆڕانکاری لەسەرتاپای ژیانی رووئەدات, لە کەسێکی قوتابی و بیَ کار ژیانی دەگۆڕێت بۆ کەسێکی دەولەمەند .

هەر سەبارەت بەم جۆری پێشخراویە, لەنموونەیەکی تردا,  خێزانی سەنگەر لەلایەن رژێمی بەعسەوە راگواسترابوونەوە بۆ شارۆچکەی زوبێر, کە بۆ ماوەیەك لەو شارۆچکە ژیان بەسەردەبەن, هەر لەوێشدا باوکی سەنگەر وانەی فیزیا بەکوڕی بەڕێوەبەری ئاسایشی ئەو شارۆچکەیە دەڵێتەوە, نمرەیەکی چاك بەدەست دێنێت, بۆیە باوکی کوڕە یارمەتیان دەدات و دەیان گوازێتەوە شاری موسڵ, لەوێشدا خێزانی سەنگەر بڕیاری

---

232- سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٢ .

233- رۆمانی دەغدو، ل٥٤ .

234-سەرچاوەی پێشوو، ل٥١ .

گەڕانەوە دەدەن بۆ كوردستان, چونكە شوێنی ژیانی خۆیانە هەر لەوێش لەدایك بوونە. وەك لەم دیالۆگەدا هاتووە:

**((– كەواتە با دووسبەی بڕۆین، سبەینێ بڕێك وشكە ئازوقە و خواردەمەنی دەخەمە نێو یەخچاڵی سەهۆی بەندەكەوە ...**

**نەمهێلا دایكم قسەكانی تەواو بكا :**

**–دایە غەمی من مەخۆن ... وا بزانن لە شارێكی دوور لە ئێوە دامەزراوم و كارمەندی دەوڵەتم ..ئەو دەم لە ئێوەوە دوورم و دەبێ خۆم كاروبارم ڕاپەڕێنم .. واتا؟**

**–منیش نیازم بەو هەناسە هەیە .. قوتابخانە داخراوە پێشم وا نییە دەم و دەستە بكرێتەوە، بگرە حاڵ و حەوسەڵەی وانە وتنەوەم پێوە نەماوە .. هەر دەوڵەت هاتەوە سەرخۆی، خۆم خانە نشین دەكەم .**

**–ئەگەرر وابێت دەگەڕێینەوە كوردستان، خۆ موسڵ موڵكی باوكی ئێمە نییە ...هەیە ؟. ))**[٢٣٥]

دوایی ئەم پێشخراویە هاتۆتەدی لەنێو دەقی رۆمانەكە . بەگەڕانەوەی دایك و باوكی بۆ كوردستان, لە دوای ئەمانیش گەڕانەوەی سەنگەر, كە پاش دایك وباوكی دەگەڕێتەوە بۆ كوردستان.

هەروەكو باسمانكرد پێشخراوی ناوەكی بەشێوەیەكی زۆر بۆ باسكردنی ئەو رووداوانەی كە لە داهاتوویەكی نزیك یان دوور روودەدەن لەنێو چیرۆك و رۆمان دا. لە دیالۆگی نێوان دەغدو و سەنگەردا, دەغدو باسی ئەوە دەكات، كە پاش نێو ساعاتی تر دزێك دێتە ماڵەكەیەوە بۆ دزی كە ئەو كابرایە لە راستیدا دز نییە, بەڵكو نەبوونی و هەژاری تووشی دزیكردنی كردووە و دەڵێ: **((تا نیو سەعاتی تر دزێك لە دیواری حەوشە تانەوە دێتە ماڵەوە ... ئەو كابرایە زاتە دز نییە نەداری ناچاری دزیكرنی كردووە ...))**[٢٣٦] , دوای ئەو قسانەی كە دەغدو كردوویەتی, دەبینین هاتنی دزەكە لەنێو رۆمانەكەدا بەرچاو دەكەوێت, هەروەكو چۆن پێشتر باسی كردبوو, كە نەبوونی و هەژاری تووشی دزیكردنی كردووە . كە دزی كردن دەردێكی كوشندەیە و تاكی كۆمەڵ هەندێ جار لەبەرنەبوونی تووشی ئەم كارە دەبێت، كەكارێكە رووداوی ناخۆشی بەدواوەیە.

## ٢– پێشخراوی دەرەكی:

### أ– لە رۆمانی (كۆردەرە) دا:

هەروەكو لە بەشی تیۆریدا باسمان كرد پێشخراوی گێڕانەوەی ئەو رووداوەیە، كە دەكەوێتە دوای ئەو خاڵەی كە گێڕانەوەی رۆمانەكە پێگەیشتووە. رووداوە پێشخراوەكان بە شێوەیەكی كەم و نادیار لەناو ئەم رۆمانە بەهۆی تەكنیكی پێشخراوی دەرەكی لەم رۆمانە دەگێڕدرێنەوە, وەك لە دیالۆگی نێوان ئەكبەر و رەزا كاتێ رەزا باسی ئەوە دەكات, كە دەڵێ: من ئەمشەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەكدا ئێشكگری دەكەم، چونكە دوژمنانی شۆڕش دەیانەوێ دژ بە شۆڕش بجولێنەوە، رەزا لێرەدا چاوەڕێی رووداوێ لە پردە ئاسنەكەی لای نەوتخانەكە دەكات, كە دوژمنانی كورد دەیانەوێت دژ بە شۆڕش ئەنجامی بدەن **(( من ئەم شەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەكدا ئیشك گیری پردە ئاسنەكەی لای نەوتخانەین ... دوژمنانی شۆرش دەیانەوێ دژ بەشۆرش**

---

234– رۆمانی دەغدو، ل١٠٤–١٠٥ .

236– سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥٨ .

**بجولێنەوە ... ))**[٢٣٧] , لەدوایشدا لەجیاتی پردە ئاسنینەکە بتەقێننەوە, کیتێبخانەکەی ناوشار دەسوتێنن. بەرامبەر بە سووتاندنی کتێبخانە لەلایەن کۆنەپەرستان زەهەراش وەکو ئافرەتێك رۆڵی خۆی نیشان دەدات و دەڵێ بەرامبەر بە کۆنەپەرستان نابێت بەزەیمان بەمناڵەکانیشیانەوە بێت هەموو یان لەناو ببرێن و ئەبێ لەم وڵاتە ریشەکێش کرێن لەناو ببرێن. لێرەدا دەبینین رۆڵی ئافرەت هیچی کەمترنیە لەبەرامبەر کۆنەپەرستان, کە ئەوانیش هاوشانی خەبات بوونە .

گێڕەرەوە لە باسی کارەکتەری لاوەکی (هەیاس) باسی ئەوە دەکات, کە پێش ئەوەی خانەنشین بکرێت تی تی ناو شەمەندەفەری نێوان خانەقی و قەرەخان بووە کە بەچەکمەرەش بەناوبانگ بووە و دەڵێ: (( **ئەمڕۆ بێ سبەی خۆم گەنج دەکەمەوە لێم گەڕێن، با ژن بهێنم زەردی من بۆ ئەو بێت و سووری ئەویش بۆ من ئاوا دەبێ، بە کوێرایی چاوی دوژمن ...))**[٢٣٨], لە هیچ شوێنێکی دەقی رۆمانەکە بەرچاو ناکەوێت,کە هەیاس ژنی هێنابێت. واتە ئەم پێشخراوییە لەنێو دەقی رۆمانەکە بەرچاو نەکەوتووە, بەڵکو دەکەوێتە دەرەوەی دەقەکەو هیچ پەیوەندیەکی بە رووداوە سەرەکییەکەی دەقەکەوە نییە.

## ب—لە رۆمانی (هیچ ) دا:

هەرچی پەیوەندی بەپێشخراوی دەرەکییەوە هەیە, ئەوا لەم رۆمانەدا, بەهیچ شێوەیەك بەکار نەهاتووە, بۆیە ئێمش لێرەدا ئاماژەمان پێ نەکردووە و نموونەمان بۆ نەهێناوەتەوە.

## ج— لە رۆمانی (پاشایان کوشت) دا:

رۆماننووس لەکاتی گێڕانەوەی رووداوە پێشخراوە دەرەکییەکانی ئەم رۆمانەدا لەچەند شوێنێکدا دەگەڕێتەوە گێڕانەوەی ئەم جۆرە رووداوانە مەبەستیشی زیاتر پەرەپێدان و دڕکاندنی رووداوێکی دەقی رۆمانەکەیە. بەم جۆرە پرۆسەی گێڕانەوە بەوەدەناسرێتەوە, کەوا لە خوێنەر دەکات بەردەوام بێت لە بەدواداچوونی چۆنیەتی روودانی رووداوەکە و خوێندنەوەی دەقی رۆمانەکە. هونەری پێشخراوی هەروەکو پرۆسەی گێڕانەوەی رووداوە پاشخەرییەکان کاتی گێڕانەوەی رووداوەکان تێدەشکێنی، بۆ ئەوەی ڕۆشنایی بخاتەسەر ئەو رووداوانەی, کەلە ئایندەیەکی نزیك یان دوور روودەدەن. هەروەکو ئەو پێشخراوەیەی, کە لەسەر زاری (حەمە پاشای جاف) خراوەتەڕوو و دەڵێ : ((**خلە لە بیرتە هەفتەیەك پێش ئێستا چیت بەزەوارە جافەکەی لای ئێمەت وتووە .؟**

**(خلە) تەواوی هێزێك کە تێیدا مابووەوە، هەمووی لە دەم ڕوویدا کۆکردەوە .**

**وتی:**

**—باشم لە بیرە هەمووی شەش شەو لەمەوبەر بوو چۆنم لە بیر دەچێ .**

**— سەری من دەکەی بە کەڵپۆزی ئەسپەکەتدا ؟**

**— بمتوانیایە دەمکرد .**

237— رۆمانی کوردەرە، ل٢٢١-٢٢٢ .

238 - سەرچاوەی پێشوو, ل٧٩ .

**– خۆ ئێستا من دەتوانم**

**– بێ شك هەقی خۆتە من تۆبم دەیکەم .**

**– خلە دڵنیابە بەگوێت دەکەم .))**(٢٣٩)

لەم دەقەدا, لەنێو رۆمانەکەدا هیچ ئەوە نابینرێت, کە ئایا (حەمە پاشای جاف) سەری خلەی رێگر، کە چەند شەوێك لەمەوبەر بە زەوارەکەی جافی گوتبوو کە سەری پاشاکەتان دەکەم بە کەڵپۆزی ئەسپەکەم, کە بەهۆی ئەوەی (حەمە پاشای جاف), بەهۆی ئەو قسانەی کردبووی هێرشی کردە سەری و چەکدارەکانی خلە کوژران و خلەش بریندارکرا، نا بینرێت کە بەکەڵپۆزی ئەسپەکەیدا کردبێ, کە (حەمە پاشای جاف), وەك بە خلەی گوت خلە دڵنیابە بەگوێت دەکەم, بەڵام ئەو رووداوە هاتەدی لەلایەن (حەمە پاشای جاف), کە هێزو پلانێکی وا ئامادە دەکات, کەپێشتر دەستی خۆی لە خلەی رێگر بوەشێنێت, کە خلە پێشتر پێش چەند رۆژێك پەیامی بەزەوارەکەی جافان ناردبوو بۆ (حەمە پاشای جاف).

## د– لە رۆمانی (راز) دا:

( د.پیران ) و (فراولە) هەروەکو لە پێشتر باسیان لێوە کردبوو, بۆ ئەوەی تووشی رووداوێ نەبن بەهۆی تێکەڵی و هاوڕێیەتی نێوانیان لەم وڵاتەدا, بۆیە بڕیاریان دا، کە ببن بە ژن و مێرد ژیانی هاوسەری پێك بهێنن . هەر بەڕووکەش ئەو ئاهەنگە بگێڕن, تا ئەو کاتەی کارەیان لەم وڵاتەدا تەواو دەبێت و دەگەڕێنەوە بەرلین, هەر لەو کاتەشدا (د. پیران) لە رێگەی مۆنۆلۆگێکی راستەوخۆ ترسی رووداوێ لەکاتی ئێستادا دەکات, کە لەلایەن لێپرسراوانی هوتیل دان بەمارە برینەکەیان دانەنێن و بیان خەنە ژوورێکەوە بەهۆی ئەو پلانەی کە ئەوان بۆیان دارشت بوو لای لێپرسراوانی ئوتێلەکە ئاشکرابن و دەڵێ: **((خورپەیەکی ترس کەوتە نێو دڵ و دەروونم و بیرمەوە، تۆ بڵێیی لێ پرسراونی هوتیل دان بەمارە برینەکەمان بنێن و نەمانخەنە ژوورێك.))**(٢٤٠).

دەبینین ئەو رووداوەی کە (د.پیران) چاوەڕێی دەکرد, لە هیچ شوێنێکی رۆمانەکە نەهاتووتە دی, بۆیە دەبێتە پێشخراوی دەرەکی.

هەر سەبارەت بەپێشخراوی دەرەکی, لەکاتی چوونی تیمەکەی رۆنشتاد بۆ چیای (داڵەهۆ) کە بەدوای دۆزینەوەی (رازی زێرین) (جامی جەم)ەوە کەوتبوون, کە لە (بەرلین)ەوە بۆی هاتبوون, لەرێگا لەلایەن تاخمە چەکدارێکەوە دەست بەسەر دەکرێن و دەخرێنە ناوماشینێکەوە, هەر لەو کاتەشدا فراولە بەدەنگێکی لەرزۆکەوە دەڵێ باش تووش هاتووین, هەروەها بیر لەوە دەکاتەوە کە لەلایەن ئەو تاخمە چەکدارەوە بکوژرێن.

**((سەرنشینانی سێ ماشینی پەرچەمدار، لە سکی ترومبێلدا بەسەریەکدا تێکەڵ بووبوون سەری پرۆفیسۆر و فراولە گۆنا بەگۆناکەوتبوو، فراولە بەدەنگێکی لەرزۆکەوە بەپرۆفیسۆری وت :**

**–پاش تووش هاتووین ، رەنگە خراومان بەسەر بهێنن ، وا نا ؟**

**– رەنگە .**

---

239– رۆمانی پاشایان کوشت ، ل١٥١ .

240– رۆمانی راز، ل٥١ .

**– ناترسی ؟**

**– ئەگەر بلێم ناترسم، درۆ دەکەم، بەڵام ئەم ڕێگەیەی گرتوومانەتە بەر دەبێ**

**بە تەمای لەمە خراوتریش بین .**

**–خراوتر دەبێ چی بێت، هەر مردنەکە نییە، وا خەریکە دەکوژرێین. ))**(٢٤١)

هەروەکو فراولە ترسی ڕووداوی خراپی کردبوو, کە لەلایەن ئەو تاقمە چەکدارەوە بکوژرێن, بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ڕووداوە ڕوونادات، بەڵکو ئەم چەکدارانە کە عەلی حەسەن سەرکردەیان بوو, لەلایەن (ئاغا موهندیس)ەوە,  ناردرابوون بۆ ڕزگارکردنی ئەمان لە دەست ئەو تاقمە کەسەی کە بیان گەینە چیای (داڵەهۆ) هەر بە خۆیان لە ڕێگادا کوشتنی ئەو تاقمە دێریننانسە بکەن, چەکدارانی (ئاغا موهندیسی) پێ تاوانبار بکەن، بەڵام بە ناردنی چەکدارانی ئاغا موهندیس نەتوانرا کارەکە لەلایەن ناحەزانی  کوردەوە جێبەجێ بکرێت, هەروەکو چۆن لە زۆر شوێن فراولە بیری لێدەکردوە .

## هـ– لە ڕۆمانی (دەغدو) دا:

لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس زۆربەکەمی هونەری پێشخراوی دەرەکی بەکارهێناوە, کە باسکردنی هەندێ ڕووداوە لەدوایدا ئەم ڕووداوانە نایەتە دی, وەك ئەوەی لەکاتی کۆبوونەوەیان لە یانەی مامۆستایان سەنگەر و هاوڕێیەکەی کاتێك یەکێك بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات و دەڵێ, کە تۆ بڵێیت ئەم دیوارە بەسەرمان نەکەوێتە خوارەوە. ((**یەکێك لەبن دیوارەکەدا بە دەنگی بەرز وتی تۆ بڵێیی ئەم دیوارە نەهەروژێتە سەرماندا ؟ .... دیارە عارەق خواردن نەگبەتیانە ... نەگبەت ! ! ))**(٢٤٢) . ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی ئەو دیوارەی, کە ئەمان لە ژێری دانیشتوون لەیانەی مامۆستایان, لەهیچ شوێنێکی ڕۆمانەکە بەرچاو ناکەوێت, لەکەوتنە خوارەوەی ئەو دیوارەی کە باسی لێکراوە. بۆیە دەبێت بە پێشخراوی دەرەکی .

## ٣– پێشخراوی دووبارەکراوە:

## أ–لە ڕۆمانی (کۆردەرە) دا:

لە ڕۆمانی کۆردەرەشدا, زۆر بەکەمی پێشخراوی دووبارەکراوە ئەنجام دراوە, هەروەکو خاڵۆ ڕەمەزان باسی ئەوەی دەکرد, کە ساڵێکی تر( مەلیك فەیسەل) دەچێتە سەر تەخت, کە خەلك لەهەژاری و نەهامەتی ڕزگاری دەبێت, ئەم پیتشخراویە لەچەند شوێنێکی دەقی ڕۆمانەکەوە, لەلایەن چەند کەسێکی تر ئاماژەی پێکراوە و دووبارەکراوەتەوە, هەروەکو لەم دەقەشدا هاتووە:  ((**دەڵێن ساڵی تر فەیسەل دەرواتە سەرتەخت دەبێ بە مەلیك. ))**[243] هەروها ئەکبەر دەڵێ :((**خاڵۆ ڕەمەزان ڕۆژمێری دەکرد کەی فیسەڵە بچکۆڵە . بڕواتە**

---

241– ڕۆمانی ڕاز، ل١٠٣.

242– ڕۆمانی دەغدو، ل١٥٤ .

243– ڕۆمانی کۆردەرە، ل٧٩ .

**سەر تەخت و بکرێ بەشاو خەڵکی بحەسێتەوە ... ))**[٢٤٤]. دواتر ئەم پێشخراوی رووداو روویداوە لەنێو رۆمانەکە, ئەویش بەهاتنی مەلیك فەیسەڵ بۆ سەر تەختی پاشایەتی, کە خەلك بەهیوای ئەوە بوون بەهاتنی (مەلیك فەیسەڵ) بۆ سەر تەختی پاشایەتی لە هەژاری و نەهامەتی رزگاریان دەبێت.

ئەکبەر لەچەند شوێنی رۆمانەکە باسی چوونە دەرووەی وڵات دەکات, بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی بڕوانامەی بەکەلۆریا, هەرچەندە رێگری زۆری لێدەکرا, بۆئەوەی نەتوانێت بچێت بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنەکەی, چونکە بەهۆی ئەو (شەونامانە)ی, لەلایەوە گیرابوون, کە لەلایەن مامۆستا هوشیارەوە لە رێگەی ئەکبەرەوە دەگەیشتنە دەست (عەلی فەرمان), کە بەهۆیەوە بۆ ماوەی دووساڵ زیندانی دەکرێت و بۆماوەی ساڵێکیش دەخرێتە ژێر چاودێرییەوە, لە زۆر شوێنی رۆمانەکە باسی رۆیشتنی دەکات, وەك لەم دەقەی خوارەوە, ئەم باسە لەگەڵ خاڵۆ حوسێن دەکات و ئارەزووی چونە دەرەوەی وڵات دەکات بەمەبەستی تەواوکردنی پلەی بەکەلۆریا, بە لام رێگری زۆری لێدەکرێت کە بچێت بۆ دەرەوە, بە بەهانەی ئەوەی کە باوکی تەسکەرەی نیە. **(( ئا فەرین رۆڵە بۆ هیمەتت , چەندم لاخۆش بوو وتیان دووهەم دەرچوویتە بەسەر عیراق داو دەوڵەت دەت نێرێتە دەرەوە بۆ خوێندن ...**

**– خاڵۆ حوسەین درۆیان عەرز کردوویت, دووهەم بەسەر لیوای دیالەدا دەرچووم نەك عێراق دەوڵەتیش نام نێرێتە دەرەوە .. ! !**

**– چۆن... ؟**

**– بە درۆوە دەڵێن باوکت پێناسی نی یە ... بەڵام لە راستی دا هەر لەبەر شەونامەکانی ناو دوڵ دوڵە... ))**[٢٤٥]

هەروەها لە شوێنێکی تری دەقی رۆمانەکە ئەکبەر دووبارە بیر لەچوونە دەرەوە دەکات بەبێ یارمەتی دەوڵەت.

**(( با دەوڵەتیش نەم نێرێتە دەرەوە مانای ئەوە نی یە چەرخ چەمەر بووە ...))**[٢٤٦] بۆ دواجار ئەم باسە لای دایکی دەکاتەوە و دەڵێ: **(( – داڵگە ... ؟**

**– گیانی داڵگە ... ! ! ! .**

**– حەز دەکەیت زانکۆ تەواو کەم، ببمە پیاوێکی لێهاتوو ناسراو ... ؟ .**

**( رۆلە یە قسەس ... کەیتەی ..؟.. بە ئارەزوی دیرینمە ... ! ! ! ) .**

**سا بزانە هەڵکی چاکم بۆ هەڵکەوتووە .. تا تۆیش و منیش بەو ئارەزووە بگەین .. ! ! .**

**– بیشەرام ... چوین ... ؟**

**– وەك دەزانیت تەسکەرم نی یە تا لەیرا زانکۆ تەواو کەم ... نا چاردەبێ بڕۆمە دەرەوەی وڵات**

**–یانی وە کورە بچیت ... !**

**– ئەوەیان گرنگ نی یە کوێ بێ بۆ ئێمە مانان بۆ هەر کوێ بڕۆین**

---

244– رۆمانی کۆردەرە، ل١٨٢ .

245- سەرچاوەی پێشوو ، ل١٥٦ .

246 - س. پ، ل١٥٩ .

**ئاسمان یەك رەنگە ...**

**– چەنێك وەپیت چت ..؟ شەش مانگ ... یە ساڵ ... ؟**

**نە داڵگە گیان نەشەش مانگ و نەیەك ساڵ ... بەڵکو چوار ساڵ**

**کەمتر نابێت ...**

- **ئەی داد بێراد ... دیت دیار و قیامەت کەفتین ..؟ کی ئیشت تا چوار**

**ساڵ تر منم ...؟**

**– داڵگە ئەم قسانە مەکە ... مەگەر تەنها هەر من لە دایکم دوور دەکەمەوە ؟**

**من هەڵێکم بۆ هەڵکە وتووە و نابێ لە دەستی دەم، لەوە دەچێت گرێی بەختم کرابێتەوە و**

**بەرەو دەرو دەروازەی ئومێد هەنگاو بنێم ، چاوێك بنوقێنێت چوار ساڵ تەواو بووە ... ))**(٢٤٧)

دواتر لەنێو دەقی رۆمانەکە ئەوە دەبینرێت, کە ئەکبەر دەچێت بۆ دەرەوەی وڵات و خوێدنی بەکەلۆریا لەشاری مەدرید تەواو دەکات.

## ب– لە رۆمانی (هیچ) دا:

لەم رۆمانەدا ئاماژەکردن بەرووداوێ تووش بوونی گوڵچین بەهۆی رەجەبەوە لەچەند شوێنی دەقی رۆمانەکەدا، لەرێی ئەم هونەرەوە دووبارەکراوەتەوە، ئەم پێشوەختەش چەندین جار دووبارەکراوەتەوە ئەوە وەبیر خوێنەر دێنێتەوە, کە ئاماژەی بۆ کراوە. بەم جۆرە رۆماننووس لەم دەقەدا لەرێی بەکارهێنانی هونەری پێشخراوی دووبارەکراوە پێش رووداوەکانی ئێستا دەکەوێ و باسی رووداوێك دەکات, کە لە ئایندە روو دەدات. لە دەقیکدا رۆماننووس لە رێی دیالۆگی نێوان پوورەی پەزەی ژنی محەی رێگر و حەمە ناجەی برای گوڵچین، کە ترسی رووداوێ دەکات, کە گوڵچین بەهۆی رەجەبی عارەبەوە تووشیی ببێ . **((گوڵچینی خوشکت فرە هاتوو چۆی خەستەخانەکە دەکا . لە ئاوایی دا بڵاوە دەڵێن، حەز لە (رەجەب) ی برین پێچ دەکا کابرایەکی چو (رەجەب) ی غەریبەی کەس نەناس لە کوێ و گوڵچین لەکوێ ؟ ))**(٢٤٨).

هەروەها پوورە پەزە لەدیالۆگێکی لەگەڵ گوڵچین, دووبارە ترسی تووش بوونی بەرووداوێ, کە بەهۆی رەجەب عارەبەوە دەردەبڕێت و دەڵێ: **((قسەی قۆڕ مەکە، رەجەب بێگانەیە، بێگانە، هەتاوەکو زمانی یەکتر نازانن ))**(٢٤٩).

لە شوێنێکی تری رۆمانەکە کاتێ سەید جەلیلی فەراشی خەستەخانە, کە دیمەنی جووت بوونی گوڵچین و رەجەبی عارەب دەبینێ, ئەویش پێشبینی رووداوێ دەکات کە گوڵچین بەهۆیەوە تووشی دەبێ و دەڵێ : **((سەرەنجام نەك تەنها خۆی ، تایفەکەشی رسوای زەمانە دەکا.))**(٢٥٠). پێشخراوی رووداوی تووش بوونی گوڵچین بەهۆی رەجەبەوە لەچەند شوێنێکی رۆمانەکە دووبارە بۆتەوە و لەئەنجامدا ئەو رووداوە روودەدات,

247– رۆمانی کۆردەرە، ل١٨٣ .

248– رۆمانی هیچ، ل٢٠ .

249– سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٣ .

250–س. پ ، ل٥٣ .

ئەویش ئەوە بوو, کە گوڵچین رەدووی رەجەبی عارەب دەکەوێت بۆ بەغا, بەهۆی ئەو عەشقە بێسنورەی کە بۆی هەبوو، دوای مارە بڕینیان، رەجەب بەرامبەر پارەیەکی زۆر لەگەڵ حەمدیەی خوشکی بۆ حازمی هاوڕێی سەرخۆش دەکەن, ئەویش کاری سێکسی لەگەڵ ئەنجام دەدات, بۆیە گوڵچین خۆی پێتەلاق دەدات و دواتر خۆی دەکوژێت .

لە نموونەیەکی تری ئەم جۆرەدا، کاتێ معاونە سوور بۆ لای مارف ئاغا دێت بۆ ئەوەی بەشەکانی خۆی ببات, کە بەڵێنی پێدا بوو پێیبدات، بەڵام ئەم بەشانەی پێنادرێ، چونکە محەی رێگر بەوە رازی نابێت کەبەشی مارف ئاغا بدات, لەو رانەمەڕانەی کە لە حاجی کەلەکی دزی بوو, کە بووە هۆی شەرمەزاری بوونی لای معاونە سوور, بۆیە مارف ئاغا بیر لە رووداوێ دەکات, کە بەهۆیەوە تووشی بکات و دەڵێ : **((قەینا محە باوەحیز ، ئەمەت لەسەر نەڕوا . ئا سەیرم کە ، بزانە چۆن نالّتی دەکەم ! ))**[٢٥١] لە شوێنێکی دیکەی رۆمانەکە مارف ئاغا دووبارە ئاماژە بەرووداوێ دەکات, کە تووشی محەی بکات و دەڵێ:**((سەگی هار چل رۆژ عومریەتی . محە دەگاتە نزای خۆی. ))**[٢٥٢], دوایی ئەم پێشخراوییە لەناو دەقی رۆمانەکە بەدی دێت, ئەویش بە سووتاندنی ماڵ و خانووەکەی و دەرکردنی ماڵ و مناڵەکەی لە لادێیەکەو, دواتر کوشتنی محە و دوو لە هاوڕێیەکەی لەخەودا بە دەستی پیاوانی مارف ئاغا, کە بۆی ناردبوون .

## ج– لەرۆمانی (پاشایان کوشت) دا:

هەرچی پەیوەندی بە هونەری پێشخراوی دووبارەکراوە هەیە, ئەوا لەم رۆمانەدا بەکار نەهاتووە, بۆیە ئێمەش لێرەدا ئاماژەمان پێ نەکردووە و نموونەمان بۆ نەهێناوەتەوە.

## د– لە رۆمانی (راز) دا:

هەندێ رووداو هەن لەچەند شوێنێ دووبارە کراونەتەوە, کە ئەرکی پێشخراوی لەنێو دەقی رۆمانەکە دەگێڕن, کە لەچەند نموونەیەکی کەم تێناپەڕن. پێشخراوە دووبارەکراوەکانی ناو دەقەکان کە پەیوەندی بە ژیانی کارەکتەرەکان لە ئێستادا هەیە, کە لە داهاتوویەکی نزیکدا روودەدات. کەسی وەکو فراولە کارەکتەرێکی سەرەکی ناو رۆمانەکەیە و دکتۆرای لە شوێنەوار ناسی رۆژهەڵات دا هەیە , زانیاری سەبارەت بە ئەفسانە و خورافەکانی ئەو ناوچەیە و شارەزایی ژیانی ئەوان بووە, لە ژیانی ئاسایی خۆیدا خەون بە رۆژە کۆنەکانەوە دەبینێ, هەر وەکو دەڵێ: **((نازانم بۆ دەزانم هەزاران ساڵ لە رۆژهەڵاتدا ژیاوم جارە و بارتێدەفکریم و دەچمە بیراو ئاشوفتە دەبم و دەمەوێ بزانم بۆ واتێ دەفکریەم ...))**[٢٥٣]. بیرکردنەوە لە بەکەنیزەبوونی لەچەند شوێنێ رۆمانەکە دووبارە کراوەتەوە, سیفەتی پێشخراوی وەرگرتووە, بۆ نموونە کاتێ لەگەڵ (د.پیران ) مەی دەخۆنەوە دووبارە لەساتی مەیخواردنەوە, هەمان هەستی بەکەنیزە بوونی لای دووبارە بۆتەوەو بە پیران دەڵێ: **((کێ دەڵێ من لەو سەردەمەدا نە ژیاوم یەکێك لەو کۆیلە کە نیزانە نە بووگم**

---

251–رۆمانی هیچ , ل٤٩ .

252– سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣ .

253– رۆمانی راز، ل١٠ .

**؟ ! ها ! کێ دەڵێ ))**[٢٥٤]. ئەم پێشخراویەی فراولە هاتۆتەدی, چونکە بەگەیشتنی بۆ شاری ئەکباتا لەلایەن پاسەوانانی دەروازەی شار دەگیرێ,  بۆ ماوەیەك لای ئەمان دەستبەسەر دەکرێ,  دواتر تەسلیمی (کیو مەرس)ی دەکەن، ئەویش وەکو کەنیزەیەك پێشکەشی شازادە (کۆرش )ی دەکات .

دوای دەستکەوتنی (جامی جەم) پرۆفیسۆر بەهاوڕێیەکانی رایدەگەیەنێ, کە لەسبەینێ وە دەست بەگەشت دەکەین, هەروەك دەڵێ : **((دەبێ ئەوەش بزانن گەشتە کەمان بێ مەترسی نابێت رەنگە تووشی دەردەسەرو سەر تیا چوونیش بین . دەبێ لەم ڕووەوە ئامادەیی هەر ڕووداوێك بن هەر کەسێك بۆ خۆی ئازادە دەتوانێت نەیەت هەتا وەکو وا بە چاك دەزانم بۆ تاقیکردنەوەش بووە یا بە تەنیا بۆ خۆم تێهەلکێشییەکی زمانی بکەم هەموو شتم بێتە دەست ، ئەو حەلە گەشتی شەش کەسی دەست پێ بکەین.))**[٢٥٥]  ئەم پێشخراوی ڕووداوە هاتۆتە دی، کە هەموویان لەکاتی گەیشتنیان بۆ دەروازەی شارەکە, لەلایەن پاسەوانانی دەروازە دەست بەسەر دەکرێن، کە سەرەتا فراولە دەست بەسەردەکرێت, دوایی رۆنشتادو هاوڕێیەکانیشی دەست بەسەردەکرێن، چونکە سووربوون لەسەر ئەوەی بچن بۆ ناو شارەوە, کە خەڵکەکەی ناوشار هەستیان پێکردن,  کە ئەوان خەڵکی ئەو شارە نین,  دواتریش تووشی ڕووداوی جۆراو جۆر دەبن,  هەروەکو لە سەرەتا ئاماژە بەم ڕووداوە لەلایەن پرۆفیسۆرەوە کرابوو.

## هـ- لە رۆمانی (دەغدو) دا:

بە شێوەیەکی کەم لەم رۆمانەدا, ڕووداو پێشخراویەکان دووبارەکراونەتەوە,  ئەویش لەنموونەیەك زیاتر بەرچاو ناکەوێت , کە لەچەند شوێنی ئەم رۆمانە باس لە چوونی (تحسین) و (سەنگەر) بۆ شوێنی (لالش) باسکراوە, بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو گرفتە و ناخۆشییەی, کە بەهۆی خەونەکەوە تووشی هاتووە, کە بچن بۆ (لالش), لەوێ ڕاڤەی خەونەکەی لەلایەن (خودەیدە)وە بۆ بکرێت . لە شوێنێکی دەقی رۆمانەکە بەم شێوەیە باس کراوە. **((- ئەی چۆن ... پێنج شەممە بەرەو لالش دەڕۆین ، شەوێ لەماڵی ئێمە دەبین و بۆ سبەینێ دەگەڕێینەوە باشە ... ؟ ))**[٢٥٦],  هەروەها لەم دەقەشدا چوونیان بۆلای خودەیدە لە( لالش) دووبارە کراوەتەوە, کە بچن سەردانێ ئەو شوێنە بکەن . **((-سووری لەسەر ڕۆیشتنەکەمان بۆلای خودەیدە؟**

**- بە ئەندازەی ئەم حەربەی بەلاوە گرنگە، کەواتە دوو سبەی دەڕۆین ... ))**[٢٥٧], هەروەها لە دەقێکی تر بەهەمان شێوە سەنگەر باس لەوە دەکات کە بەرەو لالش بەرێ بکەوێت و چاوی بە خودەیدە بکەوێت, بۆ ئەوەی ئەوەی بینویەتی بۆی بگێڕێتەوە . **((دوو هەفتەی کێشاو خەریك بووم  نائومێد دەبووم و بڕۆمەوە بۆ لای خودەیدە و ئەوانەی دیبووم بۆی بگێرمەوە . بڕیارمدا سبەینێ کە هەستام لە خەو بەرەو لالش بەڕێکەوم ...))**[٢٥٨], لەچەند شوێنی باس لە چوونی سەنگەر و تحسین بۆ  (لالش) دەکرێ, کە لەوێوە چاویان بە خودەیدە بکەوێ, لە دوایدا دەچن بۆ ئەو شوێنە و شەوێکیش لەوێ دەمێنەوە.

---

254- رۆمانی راز، ل١٠ .

255-سەرچاوەی پێشوو ، ل١٨٦ .

256- رۆمانی دەغدو، ل٤٥ .

257- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠ .

258- س. پ، ل٦١ .

# * بەشی سێیەم *

## تەوەری یەکەم:

☒هونەری کورتکردنەوە و هونەری لابردن لەرۆماندا .

١-هونەری کورتکردنەوە .

٢-هونەری لابردن .

☒پراکتیزەکردنی هونەری کورتکردنەوە لە رۆمانەکانی:

( کۆردەرە – هیچ – پاشایان کوشت –راز – دەغدو) دا .

☒پراکتیزەکردنی هونەری لابردن لە رۆمانەکانی:

( کۆردەرە – هیچ – پاشایان کوشت –راز – دەغدو) دا .

## تەوەری دووەم:

☒هونەری دیمەن و هونەری وەسف لە رۆماندا .

١- هونەری دیمەن .

٢- هونەری وەسف .

☒ پراکتیزەکردنی هونەری دیمەن لە رۆمانەکانی:

( کۆردەرە – هیچ – پاشایان کوشت –راز – دەغدو) دا.

☒پراکتیزەکردنی هونەری وەسف لە رۆمانەکانی:

( کۆردەرە– هیچ – پاشایان کوشت –راز – دەغدو) دا.

## • تەوەری یەکەم:

## هونەری کورتکردنەوە و هونەری لابردن لەڕۆماندا:

پەیوەندی نێوان گێڕانەوەکات و تێکستەکات و چیرۆکەکات و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو ماوەی, کە لەنێوانیاندایە لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەند تەکنیکێکی هونەرییەوە دروست دەبێت، ئەمانەش سروشتی خێرایی یا سستی کات لە چیرۆکدا دیاری دەکەن . جا بۆ بەدەستهێنانی خێرایی دوو تەکنیکی سەرەکی بەکاردەهێنرێت ئەوانیش ئەمانەن: **١– کورتکردنەوە. ٢– لابردن .**
کورتکردنەوە و لابردن تایبەتن بە خێرایی گێڕانەوە لە پرۆسەی گێڕانەوەدا .

### ١–هونەری کورتکردنەوە :

هەندێ جار نووسەری ڕۆمان بۆ ئەوەی خۆی لە باسکردنی هەموو شتێك رزگار بکات، پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی هونەری کورتکردنەوە ((کورتکردنەوە چڕکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانە، ئەوانەی لەچەند رۆژ و مانگ و ساڵێك ڕوویانداوە لەچەند دێرێك یان چەند لاپەڕەیەکی کەم بەبێ چوونە ناو درێژەی گوتەکان باسیان دەکرێت .))[٢٥٩] بەشێکی کەم نەبێت لەڕووداوەکان هیچی تری لێ ناگێڕێتەوە, هەروەها بەهۆی ئەم هونەرەوە زەمەنی (حیکایەت) کورتتر دەکرێتەوە, چونکە نووسەر وەك ئەوەی, کە بۆی هەیە ڕووداوەکانی چەند ساڵێك لەچەند لاپەرەیەکدا بگێڕێتەوە . بە هەمان شێوە بۆی هەیە ڕووداوی چەند ساڵ و مانگ و هەفتە لەچەند رستەیەکدا کۆبکاتەوە. هونەری کورتکردنەوە, وەکو یەکێك لە هونەرەکانی گێڕانەوە (فیلدینگ) بەیەکەم دۆزەرەوەی دادەنرێت کورتکردنەوەی وەکو هۆکارێکی گواستنەوە لەنێوان دیمەنەکانی ڕۆماندا بەکارهێناوە[٢٦٠]. کورتکردنەوەی گێڕانەوەش، کە زیاتر بەڕێگەی گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە ئەنجامدەدرێت و هێزی دووبارەکردنەوە لەدەقدا ناهێڵێت و وا لەڕووداوەکان دەکات, کە بەر لەوەی گێڕاەوە بە شێوەیەکی سروشتی و لە زنجیرەی ئاسایی ڕووداوەکان بگات بەکۆتایی بە شێوەیەکی نا سروشتی پەلە بکات, تا بگات بە ڕووداوەکانی داهاتوو[٢٦١]. بەهۆی هونەری کورتکردنەوە جیاوازی لەنێوان زەمەنی حیکایەت و زەمەنی گوتار دروست دەبێت، لە چیرۆك و ڕۆماندا، بە رستەیەك ، دەستە واژەیەك، یان چەند دیمەنێك کورت دەکرێتەوە، وەك ئاماژە پێدانێك زۆرجار لە ماوەی دیاریکراوە درێژەدا ڕووداوی لابەلا, یان هەندێ کاری ڕۆژانە و ئاسایی, کە بە هیچ شێوەیەك کارناکاتە سەر ڕەوتی گێڕانەوە لە چیرۆکەکەدا، لە ڕاستیدا درێژەدان بە گێڕانەوە، خوێنەر (وەرگر) هەست بە بێزاری دەکات چێژی دەقەکەی لا نامێنێت، بۆیە ئەم خێراییە گوزەرکردن بەسەر

---

259 – تجربة سليمان القوابعة الروائية، عبدالله مسلم الكسابة، دار اليازوري العملية للنشر والتوزيع الطبعة العربية، عمان– الاردن –٢٠٠٦ , ص١٣٣.

260– بناء الرواية، سيزا قاسم، ص٧٧ .

261– بنية السرد في القصصى الصوفي– المكونات، والوظائف، والتقنيات، د. ناهضة ستار، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٣ ، ص٨٧ .

ئەو دیمەن و ڕووداوانەد, کە گرنگ و پێویست نین, دەشێن کورت بکرێنەوە هونەرێکی زۆر بە کەڵکە و پێویستە نووسەر شارەزایانەوکارامانە بەکاریان بهێنێت.

## ئەرکەکانی هونەری کورتکردنەوە:

کورتکردنەوە کۆمەڵێ ئەرك لەناو گێڕانەوەدا دەگێڕێ، کە گرنگترینیان بریتین لە:

(( ١- تێپەڕینی خێرا بەسەر ماوەیەکی درێژدا.

٢- پێشکەش کردنێکی گشتی دیمەنەکان و بەیەکەوە گرێدانیان.

٣- پێشکەش کردنێکی گشتییانەی کارەکتەرەکی نوێ.

٤- پیشاندانی کارەکتەرە لاوەکیەکان لە دەقەکە, کە نووسەر ناتوانێ بە درێژی باسیان بکات.

٥- ئاماژە کردنێکی خێرا بە کەلێنە کاتییەکان و ئەو ڕووداوانەی لەو کەلێنانەدا ڕوویانداوە.

٦- پێشخستنی گەڕانەوە و دواخراو. ))[٢٦٢]

هەر ئەرکێك لەم ئەرکانە ئەوە دەردەخەن کەوا کورتکردنەوە, کە بە شێوەیەکی خێرا ماوەیەکی درێژی چیرۆکەکات باس دەکات و دەبێتە هۆی خێرایی چیرۆکەکات و سستی تێکستەکات، چونکە ئەو ماوەیەی لەنێوان ئەم دوو کاتەدا دروست دەبێ ئەوە دەردەخات, کە چەند دێرێکی کورت, کە لەوانەیە کاتی خوێندنەوەکەی چەند خوولەکێك نەخایەنێت بەسەر چەندەها ڕۆژ یان مانگ یان ساڵدا دەڕوات، یانی کاتی ڕووداوەکان هەمیشە بە خێرایی لە بەرەو پێشچوون دا دەبێت، کە چی تێکستەکات سست و لەسەرخۆ دەبێت.

## ٣- هونەری لابردن :

شانبەشانی کورتکردنەوە، لابردن دووەمین هونەری گێڕانەوەیە, لە پرۆسەی خێراییکردنی گێڕانەوەدا. لابردن بریتییە لە لابردنی ماوەیەك ، ئیدی ماوەکە درێژ بێ یان کورت لە ماوەی چیرۆکدا، کە نابێتە هۆی ڕێگرتن لەگێڕانەوەی ڕووداوەکان ، ئەمەش هونەرێکی دووەمی خێرایی گێڕانەوەیە ، گێڕەرەوە پەنای بۆ دەبات بۆ خێراکردنی گێڕانەوە و بازدان بەسەر ئەو ماوانەی لە حیکایەتدا بە مردوو دادەنرێت [٢٦٣]. نووسەر لە پێناوی خێراکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان پەنا بۆ هونەری لابردن دەبات ، وەك ئەوەی بە درێژی باسی سەردەمی منالّی کەسێك یان ڕووداوێك بکات, ئەوا پەنا دەباتە بەر ئەم هونەرە بە چەند وشە و دەستەواژەیەك, ئاماژە بەباسکردنی سەردەمی منالّی و ڕەت بوون بەسەر ڕووداوەکان دەکات, لە ڕێگەی هونەری لابردنەوە. بۆیە لابردن گواستنەوەیەکە لە ئاستێك بۆ ئاستێکی دیکە لە ئاستێکی بەرزی هونەریدا لە پێناو خێراکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان . زۆربەی ئەوانەی کە باسی هونەری لابردنیان کردووە وەکو (جیرار

---

262- بناء الرواية، سيزا قاسم، ص٧٨ .

263 - **بنية الشكل الروائي، حسن بحراوي، ص١٥٦، تقنيات السرد في النضرية والطبيق، امنه يوسف،الطبعة الاولى, دار الحوار للنشر والطبع سورية- لاذقية, ١٩٩٧., ص٨٥ ، تجربة سليمان القوابعة الروائية، د. عبدالله مسلم الكسابة، ص١٣٦ .**

26٤- بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردی دا، نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، ل٢٦٣ .

265 - تقنيات السرد، امنه يوسف، ص٨٥، تجربة سليمان القوابعة الروائية، د.عبدالله مسلم، ص١٣٦ .

جينيت) و (حسن بحراوي) و (د. سيزا قاسم) و (د. موريس ابو ناصر)، لەرووی جۆرەوە كردوويانە بە دوو بەشەوە : **١– لابردنی راگەیەنراو. ٢– لابردنی رانەگەیەنراو.**(٢٦٤)

**١– لابردنی راگەیەنراو :** ئەو لابردنەیە، كە گێڕەرەوە بە راشكاوی لە ماوە لابراوەكە دەدوێت و مەودای ماوە لابراوەكە دیاری دەكات، بە هەندێ دەستەواژەی زۆر كورت دەردەبڕێت، وەك لەماوەی چەند رۆژێك یان چەند مانگێك یان چەند ساڵێك روویانداوە، بەڵام چۆنیەتی رووادنی رووداوەكانمان پێناڵێت(٢٦٥). لەلابردنی راگەیەنراودا بەوەی، كە ماوەی رووداوەكە دیاریكراوە خوێنەر هیچ زەحمەتیەك لە بەدواداچوونی گێڕانەوەكەدا نابینێت .

**٢– لابردنی رانەگەیەنراو :** لێرەدا بڕی ماوەكە دیار نییە، بەمەزەندە و گریمانەیە، نووسەر دەڵێ: (ماوەیەكی كورت) یان (ماوەیەكی درێژ) كاتەكە ماوەی (چەند ساڵ و چەند مانگ) ە دیاری نەكراوە(٢٦٦). ئەم لابردنە، كە هاوشانی لابردنی دیاریكراوە، هەندێ لە ئەدگارەكانی بە دیار خران، بوونی لابردنی رانەگەیەنراو بۆ ئەو هۆیە دەگەڕێتەوە، كە گێڕانەوەكە توانای پابەندبوونی گێڕانەوەی یەك لە دوایەكی سروشتی رووداوەكان نەبێت، ناچار بێت لەبازدانی ناو بە ناو بەسەر ماوە مردووەكان لەناو چیرۆكدا (٢٦٧).

- **دەكرێ بڵێین رۆماننوس لەبەر چەند هۆكارێك پەنا بۆ هونەری(كورتكردنەوە) و هونەری (لابردن) دەبات، گرنگترین ئەو هۆكارانەش بریتین لە:**

١– بەهۆی كورتكردنەوە و لابردن، وەكو دوو هونەری گرنگی رۆمان، نووسەری رۆمان خۆی لەگێڕانەوەی رووداوە درێژ خایەن و كەم بایەخەكان رزگار دەكات.

٢– لە رێی ئەم دوو هونەرەوە (كورتكردنەوە – لابردن) زیاتر چێژ بە خوێنەر دەدا و زیاتر سەرنجی خوێنەر بۆ دەقەكە رادەكێشێ و ئارەزووی ئەوە دەكات، كە بزانێ ئەنجامی ئەو رووداوانە و چارەنووسی كارەكتەرەكان بەچی دەگات.

٣– نووسەری رۆمان پەنا بۆ ئەم دوو هونەرەی گێڕانەوە دەبات، چونكە هیچ نووسەرێك ناتوانێت هیچ رووداوێك، وەكو خۆیی بگێڕێتەوە ، چونكە گێڕانەوەی تەواوی رووداوێك ناكرێت و مەحاڵە لە رۆمانێكدا بتوانرێت بە دووروو درێژی باسی تەواوی رووادنی رووداوی رۆژێك یان مانگێك یان ساڵێك بگێڕدرێتەوە.

٤–لە رێگەی ئەم دوو هونەرەوە كاتی حیكایەت و كاتی گێڕانەوە هەرگیز هاوتەریب نابن، چونكە درێژی كاتی حیكایەت، دەبێتە هۆی كورتی كاتی گێڕانەوە ، بە پێچەوانەوەش درێژی كاتی گێڕانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی كاتی حیكایەت كورت تر بێت.

---

266 – كورتیلە چیرۆكی كوردی لە باشوری كوردستاندا (١٩٧٠–١٩٧٩)، ئازاد محەمەد سەعید، چاپی یەكەم، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٠٥ .

267– گێڕانەوە لە چیرۆكەكانی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)دا، د. پەری ساڵح موفتی، ل١١٩ .

# پراكتیزەكردنی هونەری كورتكردنەوە و لابردن لە ڕۆمانەكانی
# ( كۆردەرە – هیچ – پاشایان كوشت – راز – دەغدو) دا :

## أ– كورتكردنەوە و لابردن لە ڕۆمانی (كۆردەرە) دا:

### ١– كورتكردنەوە:

ئەكبەر پاش ئەوەی دەبێت بە شاگردی حوسێن مەردە, كە خاوەنی پاسی نەفەر هەڵگری دوڵدوڵ بوو. رۆژانە لەنێوان خانەقین و دەربەندیخان هاتووچۆیان دەكرد, جار بەجار شەو لە دەربەندیخان دەمانەوە و بووە هۆی ناسینی چەند كەسێك لەوانە مامۆستا هۆشیار, كە یەكێك بوو لەوانەی هانی ئەكبەری داوە, كە تاقی كردنەوەی پلەی ناوەندی بكات و سەر بكەوێت . ئەم برادەرایەتیە بووە هۆی گرتنی بەهۆی سەندووقە گەزۆكانەوە, كە ئەم سەندووقە گەزۆیانە لەلایەن مامۆستا هۆشیارەوە بۆ عەلی فرمان دەنێردران, كە شەونامەی یاساغی تیابوون, بۆیە كاتێ ئەكبەر لە ژووری زیندانیە دەڵێ: **((نزیكەی دوو مانگ لە هەمان جێگەدا گیردراین بە تەمای هاتنە گویی مامۆستا هۆشیار و گرتنی عەلی فەرمان ... ؟؟ بووین عەلی بووە دڵۆپێك ئاو چوو بە زەوی دا. ))**(٢٦٨) لەم دەقەدا, ئەكبەر باسی پێش ئەو دوو مانگەی نەكردووە, كە چۆن ژیانی لەو بەندیخانەیەدا بردووەتە سەرو و باسی رەفتاری جەلادەكانی نەكردووە, بەڵكو راستەو خۆ هاتووە باسی دوایی ئەو دوو مانگەی كردووە, كە دەڵێ بە تەمای هەواڵی هاتنە گوێی مامۆستا هۆشیار و گرتنی عەلی فەرمان بووین, كە بەهۆی ئەمانەوە تووشی رووداوی گرتن دەبێت و بۆ ماوەی دوو ساڵ بەند دەكرێ و ساڵێكیش لە ژێر چاودێری دەمێنێتەوە .

گێڕەرەوە لەباسی ژیانی یەكێك لە كارەكتەرە لاوەكیەكانەوە بەناوی كەلای هەیدەریەوە دەڵێ: **(( پەنجا ساڵ كۆێرەوەری و دەربەدەری و هەڵپەو تەقەڵای كەلایی هەیدەری بریتی بوو لە كەباب خانەیەكی بەنگەڵەیی و تفەنگێك و پاسكلێك ... ئەو نەپەیكەر سازبوو نە زەرِنگر ... بەو چاوە كزۆلانەوە . لە نیگار كێشێكی بە توانا و پەیكەر سازێكی پەنجەو زەرەنگەرێكی رێزەبین وردەكار تر بوو ..!! . هێندە بە وردی گۆشتی لە ئێسك دەكردەوە وەك هەزاران مێرووله ئێسكێك بكرێنێتەوە . ساف و لووسی دەكرد . بەوەیشەوە دەست بەردار نەدەبوو، ئیسكەكرِاوەكانی دەخستە ناو مەنجەڵەوە دەی كوڵاند و رۆنی لێ دەگرت و ئاوەكەشی دەكردە تریت و دەیفرۆشت !! ...))**(٢٦٩) لەم دەقەدا گێڕەرەوە لەباسی ژیانی ئەم كارەكتەرەدا, زۆر بەكورتی ئاماژەی بەو (پەنجا) ساڵەی كوێرەوەری هەوڵ و تەقەڵاو ماندبوون كردووە, بەهۆی پەنجا ساڵ كوێرەوەری و دەربەدەریەوە هەولەكانی لە ژیاندا سەر وماڵی تەنیا كەبابخانەیەك و تفەنگێك و پاسكیلێك بوو ...), بەمەش كاتی گێڕانەوە لەكاتی حەكایەت كورتركراوەتەوە.

268– رۆمانی كۆردەرە، ل١٣٤ .

269– سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤ .

## ٢- لابردن له رۆمانی (کۆردەرە) دا:

### أ- لابردنی راگەیەنراو:

ئەکبەر لەباسی نەبینینی رەزای ناشرینی جەبارەوە قسە دەکات, ئەو جەبارەی, کە جەلادی ژووری زیندانیەکان بوو . ئازاری ئەکبەری داوە, کاتێ ئەکبەر لە رۆژی یەکەمدا دەگیرێ و دەڵێ: برسیمە و گەورەی جەلادەکە فرمان بە جەباری جەلاد دەکات کە ئازاری بدات, ئەویش ئازاری جەستەی دەدات, لە شوێنی رۆمانەکە دووبارە ئاماژە بە ناوی ئەو جەلادە دەکات و دەڵێ : ((**بیست و شەش رۆژە رەزای ناشرینی جەبارم نەدیوە نان و ئاوم بەهۆی یەکێکی ترەوە بۆ دەهات هەر کە جەبارم دی ، دڵم داخورپا،... )**[٢٧٠], بەگوێرەی ئەم بڕگەیە, ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت, کە (ئەکبەر) ئەوا بۆ ماوەی بیست و شەش رۆژە گیراوە, هێشتا لە ژووری زیندانیە و لەنێوان کاتی گرتنی ئەکبەر و بینینی جەبار, کەلێنێکی بیست و شەش رۆژی دروست بووە . رووداوەکانی ناو ئەو ماوەیەی لەنێوان رۆژی یەکەم, تاکو رۆژی بیست و شەشەم دروست بووە باس نەکراوە, لەگێڕانەوەی رۆمانەکە لابراوە, بۆیە کاتی گێڕانەوە بچووکترە لەکاتی حەکایەتەکە .

کاتێ ئەکبەر دەچێت بۆ دەرەوەی وڵات, بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن, بەناسنامەیەك بەناوی (رشید مەجید)ەوە, چونکە رێگری لێدەکرا بەناوی خۆیەوە بچێت, بەهۆی شەونامەیاساغ بووەکانەوە, کە بۆماوەی دوو سال بەند دەکرێ, بەیارمەتی هاوڕێیەکانیەوە رەوانەوی دەرەوەی وڵات دەکرێ, لەوێشەوە کاك (صبری) یارمەتی دەدات و پێی دەڵێ: تۆ دەبێ پازدە رۆژ چاوەڕوانی بکەیت, تاکو کەشتی دەگاتە بەندەر, بۆیە ئەکبەر لە بڕگەی ئاماژە بە رۆیشتنی حەوت رۆژ لە پازدە رۆژەکە دەکات و دەڵێ : ((**حەوت رۆژم لە پازدە رۆژەکە تێپەڕاند ...**))[٢٧١] بەگوێرەی ئەم دەقەیە باسی رووداوەکانی ناو ئەو حەوت رۆژەی نەکردووە, کە چۆن ئەو رۆژانەی بەسەر بردووە و خەریکی چیبووە ؟ ... کە لە تێکستی گێڕانەوەکە لابردراوە .

### ب- لابردنی رانەگەیەنراو:

گێڕەرەوە لەباسی کەلای هەیدەری دەڵێ: ((**ماوەیەکی زۆر بوو کەلای هەیدەرمان لێ گوم بوو بوو ، نەلەکەبابخانەدا دەبینرا ... نەکۆترە برجیلەی گەردن خوێناوی بۆ دەهێناین ... وە نە باوکم دەی هەناردین بۆ کەللەپاچە ... سەرم سوڕ مابوو ، کەلای چی بەسەر هاتووە ... ؟** ))[٢٧٢]. لێرەدا لەجیاتی ئەوەی گێڕەرەوە کاتێکی دیاری کراو بۆ دیار نەمانی کەلای هەیدەری دیار بکات . دەبینین وشەی (ماوەیەکی زۆر بوو) . بەمەش خوێنەر بە وردی ئەو ماوە نازانێت چەندە, کە ئەم کارەکتەرە لاوەکیە دیار نەماوە، کە (ماوەیەکی زۆر بوو) هێنراوەتە ناو دەقی رۆمانەکەوە, بۆیە نازانرێت مەبەستی چەند رۆژە ؟.

---

270- رۆمانی کۆردەرە، ل٢٢ .

271- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٢ .

272- س. پ، ل٧٥ .

گێڕەرەوەی هەمووشتزان لە باسی خۆشەویستی نێوان (تەلا) و( فەیزک) دا, کە ئەم دووانە خۆشەویستی یەکتر بوون, بەلام بەهۆی ڕێگری باوکی کچەکە دوای ڕەتکردنەوە و نەدانی کچە بە کورەی دەکرد, بۆیە ئەمان بەنهێنیەوە خۆشەویستیان دەکرد و دەڵێ: **(( من دەمێك بوو دەمزانی ژوانی تەلاو فەیزك زۆربەی شەو بەسەریانەوە ... ماڵی فەیزەك لە حەوشی تەنیشتی ڕاستی ئێمەوە بوو ... فەیزەك دەهاتە سەر بان و بەردێکی بچکۆلانەی دەهاویشتە ناو حەوشەوە تەلای لەهاتنی خۆی ئاگادار دەکردەوە ... ))**[٢٧٣] لەم دەقەدا, لەجیاتی ئەوەی گێڕەرەوە کاتێکی دیاری کراو بۆ هەبوونی پەیوەندی نێوان ئەم دوو خۆشەویستە دیاری بکات, وشەی (دەمێك بوو) ی, بۆ ئەو کاتە بەکارهێناوە, کە ئەمەش ڕێگرە لەوەی بە ووردی ئەو ماوەیە دیاری بکرێت, کە بزانرێت خۆشەویستی نێوان ئەم دووانە چەند بووە ، کە دواتر هەردووکیان بۆی ڕۆیشتن و دوای ئەوەی کوڕە چەندین جار ناردبووی بۆ داوای کچە, بەلام هەیاسی چەکەڕەش لە کەللەی شەیتان نەدەهاتە خوارەوە رازی نەدەبوو .

## کورتکردنەوە و لابردن لە رۆمانی (هیچ) دا:

### ١-کورتکردنەوە:

نووسەر لەم ڕۆمانەدا, ئەم جۆرە هونەرە, واتە (کورتکردنەوە)ی بەکارهێناوە, لەپاڵ ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە چەندین ڕووداوی کورتی باس کردووە, کە ڕێچکەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی تیا خێرا دەکات, کە ئەو ماوە دووروو درێژەی ڕۆماننووس ناتوانێ باسی هەموو ڕووداوەکان بکات بەکورتی بەسەر ڕووداوەکە دەچێت، کە لەچەند وشەیەکی کەمدا ئاماژە بە ڕووداوەکان دەکات . وەك لەدیالۆگێکی نێوان محەی ڕێگر و نەنە خەجە, کە نەنە خەجە داوای لێدەکات واز لە دزی و جەردەی بهێنێت, لەو کاتەش بلە عەتار خۆی دەخاتە نێو گفتوگۆکانیانەوە, دواتر دەبێتە هۆی تووڕە بوونی محەو بەشەڕهاتنیان, محەش دەڵێ : **((- بلە باوەحیز ، زەمانێکە داخت لە دلمایە ، ئەمجارە ، دەت کەمە قوربانی ئەو بەیاخە ... ))**[٢٧٤], محە لە ڕێگەی وشەی (زەمانێکە) ئاماژە بە رق و قینەی ناو دلی خۆی بەرامبەر بلە دەکات، بەلام بە وردی ئەو ماوە نازانرێ چەندە. واتە ئەو ماوەیە بە شێوەیەکی گشتی و دیارنەکراو ئاماژەی پێکراوە .

لە بارەی ڕووداوێ دەستدرێژی سێکسی کردنە سەر کچێکی هەرزەکارەوە لەلایەن حاجی کەلەك، کە حەمە ناجە بۆ محەی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: **((... چەند ساڵێك لەمەوبەر پێش ئەوەی بچێ بۆ حەج بشتوێنی زەردی لێ ببەستێ بەسەر سیروانەوە خەلکی دەپەڕاندەوە ... ئەوەی ویستی بە کچەی کرد کچە هەر لە ژێر سەلمان گاحیز رزگار بوو، یەکراست خۆی هاوێشتە سیروانەوە . دوای چەند ڕۆژێك لاشەکەیان دۆزی یەوە . ))**[٢٧٥] لەم دەقەدا دووجار بە شێوەیەکی گشتی و کورت ئاماژە بە دوو کات کراوە . یەکەمیان پەیوەندی بە (چەند ساڵێك لەمەوبەر)ەوە هەیە، کە پێش ئەوەی حاجی کەلەك بۆ حەج بچێت پشتوێنی زەرد ببەستێ

---

273- ڕۆمانی کۆردەرە، ل٧٨ .

274- ڕۆمانی هیچ، ل٩ .

275- سەرچاوەی پێشوو ، ل١٨ .

کەلەکەوان بووە و خەڵکی دەپەڕاندەوە و دووەمیان پەیوەندی بە (دوای چەند ڕۆژێ) هەیە, کە تەرمی کچەیان لە سیروان دۆزیوەتەوە, کە لەتاوی ئەوەی کاری سێکسی لەگەڵ ئەنجامدرا خۆی فرێداوەتە ناو سیروانەوە . واتە کارەکتەری گێڕەوە ئەو ماوەیەی بەوردی دیاری نەکردووە, کە چەندە . تەنیا ئەوە نەبێ کە لە هەردووکیان ئاماژە بە (چەند ساڵێك و دوای چەند ڕۆژێك)ی کردووە . واتە ئەو ماوەیە بە شێوەیەکی گشتی خستۆتەڕوو.

دایکی عارف سەبارەت بە دیارنەمانی گوڵچین لەلادێیەکەیان بۆ محەی هاوسەری دەگێڕێتەوە و دەڵێ: **((گوڵچین چەند ڕۆژێکە گومەو دیار نی یە . تەواوی دێ و نێو خزم و خوێشی دوورو نزیکی بۆ پرسیار کراوە . بووە بە دڵۆپێك ئاو چووە بە زەوی دا ... ))**(٢٧٦) لەم دەقەدا ماوەی دیار نەمانی گوڵچینی خوشکی حەمە کورتکراوەتەوە لە ڕێی (چەند ڕۆژێکە) هوە, کە بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەی بۆ کراوە, بۆیە نازانرێ ئەو ماوەیە چەند. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا کەوتۆتە لابردنی ئەو ماوە دوورو درێژو کورتانەی, کە ڕەوتی گێڕانەوەکە دەشێوێنێ, یان پێویستی بە درێژبوونەوە و یان کورت بوون نیە لەناو ڕۆمانەکە لادەبات .

## ٢-لابردن لە ڕۆمانی( هیچ) دا :

سەبارەت بە هونەری لابردن لەم ڕۆمانەدا, بەهیچ جۆرێك بەکار نەهاتووە, بۆیە ئێمەش نموونەمان بۆی نە هێناوەتەوە.

## ج-کورتکردنەوە و لابردن لە ڕۆمانی(پاشایان کوشت) دا:

## ١- کورتکردنەوە:

سەردانی (حمە حەسەن) بۆ لای ( حەمە پاشا)ی جاف, لە سەر داوای (ئەحمەد پاشا) ی بابان، کە بگەڕێنەوە شوێن و هەوارگەی خۆیان, هەروەها گالیسکەیەك بەفری چیای (داڵەهۆ)ی ناوچەی خۆیانی بەدیاری بۆ هێنابوو. هەرلەو کاتەشدا (حمە پاشا) باسی ئەوە دەکات و دەڵێ: نەئیمانم بە خۆی و نە بەقسەکانی هەیە. (حەمە حەسەن) ی نێردراوی (پاشا), ئەویش ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ : **((سێ ساڵ ئازگارە ئیلاخم نەکردووە، تا لەگەڵ ئەحمەد پاشا تی نەگیرێم و نەبینە باعیسی کوشت و کوشتار، ئەو خراپەی دەرحەقمان کرد، دیارە هێشتا هەر لە ملهوری گەردن کێشیدا بەردەوامە. ))**(٢٧٧) (حەمە حسەن) ئاغا زۆر بەکورتی ئاماژەی بەو (سێ ساڵی) یەی داوە, کە تووشی نارەحەتی و کێشە هاتوونە. نەهاتووە باسی هەموو کێشەکانی بکات ئەو گرفتانەی کە لەئەنجامی ململانێوە تێیکەوتوون هەموو ئەمانەش بۆ ئەوە بووە, تاکو نەبێتە هۆی ڕووداوی شەڕی براکوژییەوە, ئەم نەرمی نواندووە بۆ ئەوەی نەبنە باعیسی شەڕو کوشتار .

عومەر پاشای نوێنەری (نەجیب پاشا) ی عوسمانی داوا لە حەمە پاشای جاف دەکات, کە سەرانەی ئەو چەندین ساڵەی نەیان داوە هەمووی پێکەوە بدەن, لەمەولاش حەقی هاتووچۆی گەرمیان و کوێستانیان نیە

---

276– ڕۆمانی هیچ، ل٨١ .

277– ڕۆمانی پاشایان کوشت، ل١٢٧ .

دەبێ لە شوێنی خۆیان نیشتەجێ و جێگربن نەچنە ناو خاکی ئێرانەوە (حەمە پاشا) ی جاف, لە وەڵامدا دەڵێ : ((**ئێمە هەزاران ساڵە کۆچەرین، وەك بازو هەڵۆی بەرزەفر لە هەر کوێدا ویستوومانە دابەزیوین، وا نازانم پەوەندی ئێمە نا فەرمانی بێ لە فەرمانی سوڵتان ...** ))(٢٧٨). گێڕەرەوە, لەسەر زاری (حەمە پاشای) جاف لە ڕێگەی دەستەواژەی (هەزاران ساڵە) ەوە کورتکردنەوەیەکی بەکارهێناوە, بە وردی دەستنیشانی ماوە و کاتی ئەو کۆچەرینەی نەکردووە, کە خێڵی جاف پێوەی خەریك بوونە. واتە بە وردی کاتەکەی دەست نیشان نەکراوە, تەنیا لە ڕێگەی دەستەواژەی (هەزاران ساڵە)ەوە ئاماژەی بۆ کراوە, کە نازانرێ ماوەکەی سەد ساڵ یان دووسەد ساڵ یان زیاترە.

گێڕەرەوەی بابەتی لە دیالۆگی نێوان ( کەیخوسرەو بەگ) و (مستریچ) دا, سەبارەت بە ڕەوشت و ئاکار و سیفەتی جافدا لەبارەی ژنانی جاف, کە ڕوویان بەهیچ کەس دانەپۆشیوە و عەبا و پێچەیان لەخۆ نەئالاندووە, کە (مستریچ) ی سەرسامکرد بوو, کە سەردانی زۆر شوێنی کردبوو, ئەم عاداتەی نەدیبوو, کە جافەکان هەیان بوو, ئەم ئاکار و ڕەوشتەی کە تایبەت بووە بە پێچە نەپۆشینی ئافەرەتانی جاف, کە (کەیخوسرەو بەگ) مێژووی ئەم عادتە دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژگاری زۆر کۆن و دەڵێ : ((**ئێمە جاف لەم ڕووەوە لەگەڵ خێڵ و عەشایری تردا جیاوازین ، ژنانی ئێمە هەرگیز لە هیچ کەس ڕوویان دانەپۆسیوە و عەباو پێچەیان لە خۆ نەئالاَن دووە ... ئەمە ڕەوشتێکە سەدان ساڵە لەناو ئێمەدا هەبووە هەتا ئیمرۆش هەر بەردەوامە .** ))(٢٧٩) لەم دەقەدا, گێڕەرەوە بە ووردی مێژووی ئەم عاداتەی دیاری نەکردووە, تەنیا ئەوە نەبێ کە لە ڕێگەی دەستەواژەی (سەدان ساڵە) ئاماژەی پێکردووە, باسی هیچی تری نەکردووە, کە ئافرەتانی ئەم ناوچەیە پێوەی خەریك بوونە, تەنیا ئەوەندە نەبێ, کە دەڵێ: ئەم ڕەوشتە سەدان ساڵە لەناو ئێمەدا هەبووە .

هەوسبازی (عوسمان بەگ) ی برای ((محمود پاشا)ی بابان ببووە, بنیشتی دەم و زاری خەڵك (عوسمان بەگ) بە زۆر و بە خواست دەستی دەخستە سەر زۆر لە ئافرەتانی مێردار و کچی جوان کیلەی دوورو نزیك و بەزمی شەوانە لەناو خەڵك دەنگی دابوویەوە, نارەزایی خەڵك بەرامبەر ئەو کارانە هاتبوونە قسە, چەندین جاریش سکاڵایان لای (محمود پاشا) ی بابان کردبوو, (عوسمان بەگ) یش چەندین جار ناردبوویە خوازبێنی (گوڵ ئەندام) ی کچی ئەو(رحمان بەگ), ڕازی نەبوونی باوکی, کە کچ بدات بەم جۆرە کەسانە, بۆیە گێڕەرەوە لە شوێنی دەقی ڕۆمانەکە لە سەر زاری (عوسمان بەگ) وە دەستەواژەی (دەمێکە)ی بەکارهێناوە بەرامبەر بەرقی (سلێمان پاشا) و دەڵێ: ((**عوسمان بەگ لە دەمێکەوە رقی سلیمان پاشای لەدڵ دابوو، بە هەڵی زانی جەزەربە و زەبر و زۆری خۆی پێ نیشان بداو پێی بسەلمێنێ بە زاوا هەڵنەبژاردنی یانی چی ؟ ...** ))(٢٨٠) , لەم دەقەدا, لە ڕێگەی دەستەواژەی (دەمێکەوە) ڕق وکینەی(عوسمان بەگ) بەرامبەر (سلیمان بە وردی دەست نیشان نەکراوە ماوەی ئەو ڕق و کینەیە چەندە, بەڵام هەست بەوە دەکەین هۆی دروست بوونی ئەم ڕق و کینەیە بەهۆی ڕەت کردنەوەی خوازبێنیەوە بووە, ئەویش نەدانی (گوڵ ئەندام) بەو

278– ڕۆمانی پاشایان کوشت، ل١٤ .

279– سەرچاوەی پێشوو, ل١٢٧ .

280– س. پ, ل٤٢ .

کەسایەتیە, بۆیە لە هەوڵی ئەوە دابوو پلانێك دابنێت و زەبری خۆی لێبدات . بەوەی کە بزانێ بە زاوا هەڵ نەبژاردن چییە ؟ . ئەویش ئەوە بوو, کە چەند رۆژێك دەست بەسەری بکەن و لای خۆیان بیهێڵنەوە, کە لە دوایش ئەم کارە دەکات.

## ٢-لابردن:

### أ- لابردنی ڕاگەیانراو:

لە نموونەی جۆری ئەم رۆمانە, لە وەسیەتی (کەیخوسرەو بەگ) بۆ کورە گەورەکەی (سلیمان بەگ), کە دەڵێ: ئەوەی دەڵێم بیگرە گوێ, دوای ئەوەی من مردم مەرۆن بەدوای مەرگی (عبدالله بەگ) وە لەگەڵ بنەماڵەی (بەبە) نەکەونە بەرامبەر یەکو خەنجەر لە دەست ...، گێرەوەی بابەتی دەڵێ: بە دوومانگ پاش وەسیەتەکە (کەیخوسرەو بەگ) ی جاف ماڵئاوایی کرد و (سلیمان بەگ) ی کوری جێگەی گرتەوە: (( **بەدوای ئەم وەسیەتەدا بەدوو مانگ ، کەیخوسرەو بەگ ی جاف ماڵ ئاوایی کردووە سلیمان بەگ ی کوری جێگای گرتەوە** ... ))[٢٨١] لەم دەقەدا, دوو مانگ لەرووداوەکە لابراوە, واتا گێرەوەی بابەتی راستەوخۆ هاتۆتە سەر باس کردنی ماڵ ئاوایی کردنی (کەیخوسرەو بەگ) و دەڵێ بە دوو مانگ پاش وەسیەتەکە ماڵ ئاوایی کرد، بەڵام رووداوی ئەو دوو مانگەی لە رۆمانەکەدا هەیە باس نەکراوە . لە لابردنی راگەیەنراو گێرەوە تیایدا بە ڕاشکاوی لە ماوە لابراوەکە دەدوێت لە زەمەنی چیرۆکەکە بەڕونی و ئاشکرایی، کە بەهۆی هەندێ دەستەواژەی زۆر کورتەوە دەردەبڕێت, وەك ئەو زەوارەی کە لەلایەن چەتەکانەوە ڕووت کرابوویەوە دەیویست بگات بۆ لای خزمەتی پاشای جاف، بەڵام لەلایەن دارودەستەی پاشاوە ڕێگری لێدەکرا, کە بەم شەوە درەنگە نابێت بچێت بۆ لای پاشا لە شەوێکی ئاوا درەنگدا, کە ئەویش هەر دەیوست بچێت بۆ لای پاشا دەیووت : (( **توێ هەر ئێستا بڕۆمە خزمەتی، سێ شەو و ڕۆژە بە ڕێگاوەم تا خۆم گەیاندووتە ئەیرا و ، ئێوەش بەرتان لێ گرتووم** ... ))[٢٨٢] , لەم دەقەدا, زەوارەکە باسی رووداوەکانی ئەو سێ شەوە و رۆژەی نەکردووە, کە لەرێگادا تووشی بووە ناخۆشی و نەهامەتەکانی ڕێگای باس نەکردووە, راستەوخۆ هاتۆتە سەر ئەوەی کە دەڵێ (سێ شەو رۆژە) بە ڕێگاوەم, تاکو بگەمە خزمەتی پاشا,کە دەیویست پەیامەکە بگەیەنێت بە پاشا، کە لەسەرەتادا رێگری لێدەکرا, لەلایەن پاسەوانانی پاشاوە, بەمەش کاتی گێڕانەوە بچووکتر دەبێت لەکاتی حەکایەت .

### ب- لابردنی رانەگەیەنراو:

لابردنی رانەگەیەنراو بۆ ئەو هۆیە دەگەڕێتەوە, کە گێڕانەوەکە توانای پابەندبوونی گێڕانەوەی یەك لە دوای یەکی سروشت و رووداوەکانی نەبێت و ناچار بێت لە بازدانی ناوە بەناوە بەسەر ماوە رابردووەکاندا لەناو دەقدا[٢٨٣]. بازدانیش لەسەر بڕی ماوە لادراوەکان دەبێت و بەشێوەیەکی ورد دیار ناکرێت, وەك لەنموونەی

---

282 – رۆمانی پاشایان کوشت، ل١٤

283 -سەرچاوەی پێشوو ,ل١٤٢ .

284- بنیه الشکل الروائی، حسن بحراوی، ص١٦٢ .

لابردنی دیاری نەکراوی رۆمانی (پاشایان کوشت), کاتێ ئەو زەوارەی جاف, کە بە هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر رازیکردنی پاسەوانانی شەو لەکاتی درانگانی شەو توانی بگات بە پاشاکەیان, رووداوی رووتکردنەوەی خۆیان بۆ پاشاکەیان بگێرێتەوە و هەروەها پەیامی سەرۆکی چەتەکان, کە پێی راسپاردرابوو بۆ پاشای جاف بگێرێتەوە, کە دەڵێ: **((قوربانەکەت بم چەند شەو پێش زەوارێك بووین لە قەسری شیرین و ناوچەی زەهاوەوە دەهاتینەوە ، رێگەیان پێی گرتین و رووتیان کردینەوە ... ))**(٢٨٤) لەم دەقەدا, لە رێگەی دەستەواژەی (چەند شەوێك پێش) لابردنی رانەگەیەنراو بەکارهێنراوە, چونکە زەوارەکە باسی رووداوی ئەو چەند پێش شەوەی نەکردووە, کە ئەمانەن لەرێگاوە تووشی بوون, هەروەها باسی ناخۆشی و نەهامەتیەکانی شەوەکانی رابردووی نەکردووە, کە چۆن ئەم شەوەیان بەسەر بردووە .

## ج– کورتکردنەوە و لابردن لە رۆمانی (راز) دا:

### ١– کورتکردنەوە

ئەم هونەرە لە رۆمانی (راز) یشدا بەکارهاتووە, (فراولە) و (د.پیران), وەکو دوو کارەکتەری سەرەکی و بەشدار بووی تیمەکەی (رۆنشتاد), لەکاتی چوونیان بۆ وڵاتی ئێراندا لەناو فرۆکەدا, (د.پیران) باسی ئەوە لەگەڵ (فراولە) دەکات, کە ژیانی هاوسەریەتی هەڵبژێرێت, بیر لە ماڵ و منداڵ بکاتەوە, کە تەمەنێکی کەمیان بە بەرماوە, فراولەش لەو گرفتە دەروونیەی, کە تێی کەوتووە رزگاری دەبێت، کە چی فراولە لە وەڵامدا پێی دەڵێ : **((– یانی بەم حیسابە، دووبارە خۆم بخەمەوە نێو چوار چێوەی قەفەسەوە ، سی ساڵی ڕەبەقە لە بەند و کۆتی کتاو وخانەدا خۆم پێچ دەدەم، سی ساڵ بەس نەبوو ؟ ئێستایش دیسان خۆم بخەمە تەلبەنێك لەوە خراوتر ؟ نەخێر کاکە ، ئەمەیانم پێ ناکرێ، هەر نەبێت، جارێك پێم ناکرێت . ))**(٢٨٥) لەم دەقەدا, مەبەستی لەم قسانە (سی ساڵی) رەبەقە ژیانی خۆی بە خوێندنەوەی کتێب لەکتێبخانە بردۆتە سەر بە دووروو درێژی نەهاتووە, باسی ژیانی خۆی بکات چۆن ژیاوە و لە چ قوتابخانە و زانکۆیەك خوێندنی تەواو کردووە. تەنیا زۆر بەکورتی ئاماژەی بەو ساڵانەی خوێندنی خۆی داوە, نەچۆتە سەر باسکردنی شتی تر, بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر شارەزایی دەربارەی ئەم کارەکتەرە هەبێت.

پرۆفیسۆر بەردەوام هەوڵی ئەوەی دەدا, کە نهێنی رازی زێرین بدۆزێتەوە, بۆیە لەگەڵ تیمەکەی دێن بۆ وڵاتی ئێران, لەوێشەوە بۆ چیای (داڵەهۆ)، کە ئەنگوستیلەیەکی پێبوو, بە کلیلی رازی زێرینی دەزانی, دوای ئەوەی پرۆفیسۆر ئەنگوستیلەکە دەدات بە دەستی فراولە و دکتۆر پیرانەوە, بۆ ئەوەی نوسراوی سەر ئەنگوستیلەکە بخوێننەوە, دوای ئەمانیش هانس دەیخوێنێتەوە, دوای خوێندنەوەی یەکە یەکەی تیمەکە, پرۆفیسۆر (رۆنشتاد) دەڵێ : **((– بەڵێ ئازیزان ! ئەوەی خوێندتانەوە بێگومان راستە و من بۆ خۆم باوەڕم کردووە . بۆیە چەندان ساڵە عەودالی ئەو چەند رۆژەم . وەك خۆندتانەوە لە ژێر پلەی بیست و یەکەمینی لای**

---

284– رۆمانی پاشایان کوشت، ل١١٤ .

285– رۆمانی راز، ل١٩ .

**راستەوە ، دوو هەزار و چوار سەد ساڵە (رازی زێرین) ی تێدا شاراوەتەوە. ))**[٢٨٦], لەم دەقەدا, ئاماژە بە ماوەی (دوو هەزار وچوار ) ساڵ کراوە, کە تەمەنی پاراستنی (جامی جەم) ە لەلایەن موبەدی موبەدانەوە . نەوەکو بکەوێتە دەست دوژمنانی وڵاتی ماد, وەکو لە رۆمانەکە باسکراوە.

ئەو پیاوانەی, کە بە فەرمانی (موهندیس), لە نزیکی ئەشکەوتەوە چادریان هەڵدابوو فرمانیان پێکرابوو, کە کەس نزیکی ئەشکەوتەکە نەکەوێتەوە. لەگفتوگۆیی نێوان خۆیان باسی دیار نەمانی هەڵۆی چیای داڵەهۆ دەپرسن : **((– کورینە چەندین رۆژە قریوەی هەڵۆکە نابینم . ئێوە چی ...؟**

**یەکێکی تریان وەڵامی دایەوە .**

**– کورە ، منیش زەمانێکە چاوی بۆ گڕ دەدەم ، گوێی بۆ هەڵدەخەم نەدەبینم و نەدەبیستم ، تۆ بڵێی لێی قەو مابێت ؟ ))**[٢٨٧] لەم گفتوگۆیەدا, دووجار ئاماژە بە دیار نەمانی هەڵۆکەی چیای داڵەهۆ دەکرێت, کە لەرێگەی (چەندین و زەمانێکە) ئاماژە بە دیار نەمانی ئەو هەڵۆیە لە ئاسمانەوە دەکرێت .

لە کاتی گەشتی یەکەمی تیمی دێریناسانا, بۆ دۆزینەوەی(رازی زێرین), پرۆفیسۆر پێیان رادەگەیەنێت, کە ئەو گەشتەی ئەوان دەیکەن بێ مەترسی نابێت. لەوانەیە تووشی رووداوێ بن, بۆیە پێیان دەڵێ کە هەریەکێ لە ئێوە ئازادە دەتوانێت نێت بۆ ئەم گەشتە و وام پێ چاکترە بۆ خۆم تەنیا گەشتی یەکەم بکەم, دوایی گەشتی شەش کەسی ئەنجام بدەین, بۆیە هانس پێی دەڵێ : **((– پرۆفیسۆر ، ئێمە وا شەش حەوت مانگە سەر گەردان و وێڵانی وڵاتان و هەردو کێو نین بۆ ئەم ساتە ئیستا پاشگەزبین. ناقوربان لەم شانازییە بێ بەشمان مەکە، مەرگ و ژیانمان یەکە. ))**[٢٨٨] , لەم دەقەدا, (د. هانس) ئاماژەیەکی خێرایی بەو ماوەیە داوە, کە تیمەکەی ئەوان لە ولاتی ئەوروپاوە بەرەو ئێران هاتوون, بێئەوەی بە دووروو درێژی باسی ئەو رووداوانە بکات, لەکاتی هاتن یان بۆ وڵاتی ئێران تووشی هاتوون.

## ٣–لابردن لە رۆمانی (راز) دا:

پاش بەدوا داچوونمان بۆ ئەم رۆمانە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم هونەرە لە رۆمانەکەدا سوودی لێنە بینراوە.

## ه–کورتکردنەوە و لابردن لە رۆمانی (دەغدو) دا:

### ١–کورتکردنەوە:

لەم رۆمانەدا, نووسەر باسی بەسەر هاتی رووداوی بەعەرەب کردنی میللەتی کورد دەکات, کە خێزانی سەنگەر, وەکو یەکێك لە خێزانە دوورخراوەکانی کورد تووشی بە عەرەب کردن هاتوون، کە کاتەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ (زەمانێکە), کە بە عەرەب کردنی موسڵ دەستی پێکردووە, چونکە ئەو ماوە دووروو

286– رۆمانی راز، ل٦٢ .

287– سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩ .

288– س. پ، ل١٨٦ .

درێژەی, کە ڕۆماننووس ناتوانێت باسی هەموو ڕووداوەکانی بکات, بۆیە شتێکی ئاساییە پەنابەرێتە بەر هونەری کورتکردنەوە, وەکو گێڕەرەوە دەڵێ : (( **زەمانێك بوو بە عەرەب کردنی موسڵ دەستی پێکردبوو . باوکیشم وەك سەدان مامۆستای کوردی دیکە دوور خرابوویەوە . دوو مانگ لە پێش ئێمە دا بۆ شاری (زوبێر) ی لای بەسرە نێردرا بوو ، خانوویەکی بچکۆلانەی بەکرێ گرتبوو ، منیشی بۆ هەمان قوتابخانەی کەوانەی فیزیایی تیادا دەوتەوە گوێزرا بوومەوە .))**(٢٨٩) لەم دەقەدا, گێڕەرەوە لە ڕێگەی کورتکردنەوەیەك باسی چیرۆکی دوورخراوەی خێزانەکەی دەکات, کە بەهۆی سیاسەتی ڕژێمەوە بەعسەوە دوورخرا بوونەوە بۆ شارۆچکەی زوبێر, کە لەوێشەوە خانووێکی بچکۆلانەیان بەکرێ گرتبوو .

دەغدو لە چیرۆکی بەسەر هاتی ژیانی خۆی, کە بۆ سەنگەری دەگێڕێتەوە, کە پاش ئەوەی دەکرێت بە کۆیلە و ژیانێکی ناخۆش بە کۆیلایەتی دەباتە سەر, کە لەلایەن شاژنی پاشا سار گۆنەوە, کە فەرمانی بەیەکێ لە دار و دەستەکانی دابوو, کە دەغدو بە کۆیلە بفرۆشێتە شارەکانی ترەوە, دوای گەڕانەوەی پاشا سارگۆن, ئەم کارە ئاشکرا دەبێت، کە هەموویان سزا دەدات، بۆیە لەگێڕانەوەی بەسەر هاتی ژیانی خۆی لەچەند دێڕێکی کەمدا باس دەکات, لەجیاتی ئەو ماوە دووروو درێژەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەشکەنجەو ئازاردان بۆتەوە, لەلایەن کۆیلە فرۆشانەوە, کە دواتر فرۆشرا بوو بە میرزادەی بابلەوە و دەڵێ: **((نزیکی دوو ساڵ لە حەرەمسەرای ئەو میرزادە بابلیە دا مامەوە ، لەو میرزادەیە کوڕێکم بوو ، بە نەخۆشی لەرز و تا مرد ... ))**(٢٩٠) , دەغدو باسی چۆنیەتی بەسەر بردنی ئەو ژیانەی کە لەحەرەمسەرای ئەو شازادە بابلییە بردۆتە سەر باس نەکردووە، کە چۆن بردۆتە سەر تەنیا دەڵێ: نزیکەی دووساڵ لەحەرامسەرای ئەو میرزادەیەدا مامەوە. بۆیە کورتکردنەوە بریتییە لە ((گێڕانەوەی چەند ڕۆژ یان چەند مانگ و ساڵێك لە ژیانی کەسەکانی ناو چیرۆك بە شێوەیەکی کورت لەچەند ووشەو دەر بڕینێکی کەمدا ))(٢٩١) واتە گێڕەرەوە ماوەیەکی درێژ لە ژیانی ئەو کەسانە لەچەند دێڕێکی کورت دەردەبڕێت و ماوەیەکی درێژ دەگرێتەوە لە کاتێکدا تێکستەکە, چەند دەربڕینێك یان چەند دێڕێك یا جاری وا هەیە چەند وشەیەك دەگرێتەوە, بۆیە چیرۆکەکات خێراتر دەبێت .

شۆخە, وەکو یەکێك لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانی دەغدو، کە هاوپۆڵی سەنگەر بوو, لەکاتی یەکتر ناسینی لەگەڵ سەنگەردا بەم شێوەیە باسی ژیانی تایبەتی خۆی دەکات و دەڵێ: **((زەمانێکە لە مێردەکەم جیابوومەتەوە و گەڕامەوەتەوە بۆ کوردستان ئەو ساڵە لە هەولێردام و هاوکلاسی تۆم. ))**(٢٩٢) شۆخە لە ڕێگەی وشەی (زەمانێکە)ەوە باسی ڕووداوی جیابوونەوەی خۆی لەگەڵ مێردەکەی دەکات, کە بێئەوەی بە دووروو درێژی باس لە ژیانی تایبەتی خۆی بکات, کە چۆن ژیاوە لەگەڵ مێردەکەی و کارو پیشەی مێردەکەی چی بووە و لەکوێ بووە, چۆن لەگەڵ مێردەکەی ژیاوە, منداڵی هەبووە, ئەو منداڵانەی هەیان بوونە کوڕ بوون یان کچ, باسی خۆشەویستی نێوان خۆی و مێردەکەی نەکردووە و هۆکاری جیابونەوەیان چی بووە ؟

---

289– ڕۆمانی دەغدو، ل ٥ .

290– ، سەرچاوەی پێشوو, ل ٧٩ .

291– مدخل الى نظرية القصة تحليلا وتطبيقا، سمير المرزقي و جميل شاكر، دارالشؤون الثقافية العامة, بغداد, ١٩٨٦, ص ٨٥ .

292– ڕۆمانی دەغدو، ل ١٦٣ .

به وردی ساڵی جیابوونەوەی نێوان خۆی و مێردەکەی دیاری نەکردووە. بەمەش کاتی گێڕانەوە لەکاتی حەکایەتەکە کورتر کراوەتەوە.

کاتێك، شاسارگۆن لە شەڕدا دەگەڕێتەوە هەواڵی دەغدو دەپرسێ، دار و دەستەکەی پێیدەڵێن: دوای ڕۆیشتنی تۆ ئەویش هەڵاتووە، بەڵام شاسارگۆن بەمە باوڕ ناکات و فەرمان دەدات ئەوانەی لە دەغدووەوە نزیکن بیانخاتە زیندانەوە, لە سەرەنجامدا یەکێك لە زیندانییەکان ئەوە ئاشکرا دەکات، کە یەکێك لە پیاوەکانی شاژن بە ئەمری شاژن دەغدویان دوور خستۆتەوە و فرۆشتویانە بەکۆیلە فرۆشان و دەڵێ : **((قوربان گیان ... دوای ئەوەی جەنابت لە شاری نەینەوا وەدەرکەوتی، بەپێی فەرمانی شاژن، کە زەمانێك بوو چاوەڕوانی لەشکر کێشێکەی جەنابت بوو... ))**[293] لەم دەقەدا, گێڕەرەوە لەسەر زمانی کارەکتەرەی ناو ڕووداوی چیرۆکی ڕۆمانی دەغدودا وشەی (زەمانێك) بووی بەکارهێناوە، کە شاژن زەمانێك بووچاوەڕێی ڕۆیشتنی لەشکری شای بۆ دەرەوەی شار کردووە, دوایی ڕۆیشتنی ئەو دەغدوی فرۆشتووە بە کۆیلەفرۆشان.

توکولتی یەکێك بوو لە جێبەجێکەرانی فەرمانی شاژن، کە بە فەرمانی شاژنی سارگۆن کاری ئەکرد, توکولی لەگێڕانەوەی بەسەر هاتی ڕووداوی فرۆشتنی دەغدو بۆ شاسارگۆن دەگێڕێتەوە و دەڵێ : **((دوای دوو ڕۆژ لە شەوێکی درەنگدا بەندەو دوو کەسی تر کە ئێستا ئەوانیش زیندانین (دەغدو) مان دەست و دەم و چاو بەست و لە کوشك وە دەرمان برد و فرۆشتمانە کۆیلە فرۆشێك ... ))**[294] لەم دەقەدا, دیارە کە باسی ڕووداوەکانی ناو ئەو دوو ڕۆژەی نەکردووە، کە لە حیکایەتەکەدا هەیە و لێرە لابردراوە یەکسەر هاتۆتە سەر گێڕانەوەی ڕووداوەکانی دوای ئەو ماوەیە، کە ئەویش ڕووداوی بەکۆیلە فرۆشتنی دەغدوە, کە لەدەقەکەدا باس کراوە .

سەنگەری لە باسی وێنەگرتنی ئەو مللوانەکە لایلۆنانە و هەرزان فرۆشانە و تێکەڵکردنی لەگەڵ ملوانکەی گرانبەها و گەوهەری گران بەها, کە تێکەڵ یان بەیەك دەکاو وێنە یان دەگرێ بۆ ئەوەی کەس هەستیان پێنەکات, کاتێ وێنەکان دەشواتەوە کە ئەم بەدەستی کەوتبوون لە ڕێگەی دەغدووەوە, کە سەرجەم ژیانی گۆڕا لە کەسێکی هەژارەوە بۆ کەسێکی دەوڵەمەند, دواتر باس لە هێنانەوەی وێنەکانی دەکات, کە چەند وێنەیەکی سووتابوون لە وێنەکان و دەڵێ: **((دوای دوو ڕۆژ وێنەکانم هێنایەوە کە وردبوومەوە زۆریان باش دەرنەچوو بوون و چەند دانەیەکیش سووتا بوون ... ))**[295], لێرەدا گێڕەرەوە ڕۆژی یەکەمی لاداوە و هاتۆتە سەر باسکردنی ڕووداوی ڕۆژی دووەم, ئەویش سووتانی چەند دانەیەك لە وێنەکانی بوو. واتە باسی ڕۆژی یەکەمی لە تێکستەکە بردۆتە دەرەوە .

---

293– ڕۆمانی دەغدو ، ل٨١ .

294– سەرچاوەی پێشوو ، ل٨١ .

295– س. پ، ل١١٨ .

## ٢- لابردن

## أ-لابردنی رانەگەیەنراو:

سەبارەت بەم جۆری لابردنە لە رۆمانی (دەغدو)دا ئەم نموونەی خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین: ئەویش ئەوەیە کاتێ دەغدو لە باسی هێنانەوە و ئازادکردنی خۆی لەلایەن شاسارگۆنەوە, کە شاسارگۆن هەوڵ و بەردەوامییەکی زۆریدا, تاکو دەغدو بدۆزێتەوە بۆ سەنگەری دەگێڕێتەوە و دەڵێ: **((دوای چەند رۆژ من و نبوئیدیان گەیاندە بەر دەستی شا سارگون، دوای چەند پرسیارێك لە نبو ئید، بە تومەتی هاوسەر بوونی من فەرمانی کوشتنی دا,...))**(٢٩٦). لەم دەقەدا, لەجیاتی ئەوەی گێڕەرەوە ( دەغدو) کاتێکی زانراو بۆ بردنیان بۆ لای شاسارگۆن دیارییکات, کە بەهۆی پیاوەکانی شاسارگۆن ئازادکران, دەبینین (دوای چەند رۆژ)ی بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەو کاتە بەکارهێناوە, ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بەوردی ماوەکە لای خوێنەر روون و ئاشکرانەبێت, کە چەند رۆژێك بووە کە دەغدویان بردۆتە لای شاسارگۆن.

## ب- لابردنی راگەیەنراو:

لەم رۆمانەدا, ماوەی رووداوە لابراوەکان بەوردی دیاری کراوە, هەروەکو دەغدو سەبارەت بە فەرمانڕەوایی باوکی لەوڵاتی ماددا دەڵێ: **((باوکم پەنجا و سێ ساڵ پاشایەتی کردووە بە دوای مردنیدا ...))**(٢٩٧) , دەغدوی گێڕەرەوە, باسی فەرمانڕەوایی پێش ئەو پەنجا و سێ ساڵەی نەکردووە, کە لەلایەن باوکی یەوە ئەو وڵاتە بەڕێوەچووە، چۆنیەتی بەڕێوەبردنەکەی باس نەکردووە, تەنیا ئاماژەیەکی (پەنجاو سێ ساڵە) دەکات. بەمەش گێڕانەوەکە کورتکراوەتەوە و جولانەوەی تێکستەکە بەو لابردنە خێرا بووەتەوە .

لە شوێنێکی تری ئەم رۆمانەدا، لابردنی راگەیەنراو بەکارهاتووە, ئەویش ئەوەیە کە دایکی سەنگەر سەبارەت بەرووداوی دیار نەمانی کچی خوشکی و زاوای خوشکەکەی, کە چوونەتە دەرەوەی وڵات, ئەوا دایکی سەنگەر, وەکو یەکێ لە کارەکتەرەکانی نێو رۆمانەکە ماوەی دیار نەمانی ئەو ژن و مێردە بە وردی دیاری دەکات, کە لە دەرەوەی وڵاتن هیچ هەواڵ و گفتوگۆیەکیان لەگەڵ خوشکەکەی نەماوە, کەبۆتە هۆی نیگەرانی هەموو خزم و کەسەکانی بە تایبەتی دایکی کچەکە و دەڵێ: **((ئەو خوشکە قوڕ بەسەرەم دیت چی بەسەر هات ؟ ئەوە مانگێکە هیچ جۆرە هەواڵی لە کچە کەی نازانێت نە کچ وەڵامی دەداتەوە ... نەمێردەکەی ... نازانین چییان بەسەر هاتووە ...))**(٢٩٨), لەم دەقەدا, دایکی سەنگەر هەواڵی ونبوونی خوشکەزاکە و مێردەکەی, کە لەدەرەوەی وڵاتن ماوەکەی دیارکردووە کە (مانێگە), کە باسی پێش ئەو ماوەی نەکردووە، کە ئەمان هەواڵیان هەبووە یان نا، کە بەمەش کەلێنی کاتی لەنێوان پێش ئەو ماوە لابراوە .

---

296- رۆمانی دەغدو ، ل٨٣ .

297- سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥ .

298- س. پ، ل١٦٥ .

- ## تەوەری دووەم:

## هونەری دیمەن و هونەری وەسف لە رۆماندا:

### ١- هونەری دیمەن:

دیمەن یەکێکە لە هونەرەکانی سستی گێڕانەوە, کاتێك دروست دەبێت, کە کاتی گێڕانەوە و کاتی حەکایەت یەکسان دەبن بەپێچەوانەی کورتکردنەوە، دیمەن زۆر بە وردودرێژی و بە زۆرترین وشە و رستەوە باس لەرووداوەکان دەکات، لە کورتکردنەوەدا رووداوەکان لاوەکین، هەرچی دیمەنە رووداوەکانی تیادا سەرەکین و دەرکەوتنیان بنەمای رێرەوی رۆمانەکەیە, واتە دیمەن بۆ گێڕانەوەی بابەتێك بەکاردێت کە پێویستە بە درێژی باسی بکرێت, ئەویش بەهۆی گرنگی بابەتەکەوە. لەرووی چەمکی هونەر ییەوە, دیمەن ئەو هونەرەیە (( گێڕەرەوە تیایدا هەڵوێستە گرنگەکان لەرووداوی ناو رۆمان هەڵدەبژێرێ و دەیخاتەڕوو، بەشێوەی شانۆ گەرییانەی چڕو تەواو دەیخاتە بەردیدی خوێنەر، وای لێدەکات کەوا بزانێ، کە گێڕانەوەکە لە گەشەکردن وەستاوە.))(٢٩٩) , بەمەش دیمەن لە خزمەتی گێڕانەوەدا دەبێت و بەشێك لەپێکهاتەی گشتی گێڕانەوە پێك دەهێنێ(٣٠٠).

دیمەن لەناو رۆماندا بایەخێکی زۆری هەیە و لەگەڵ وەسفدا بە دوو هونەری سەرەکی بیناسازی ئەم ژانرە ئەدەبی یە دادەنرێت و تەنانەت هەندێ رەخنەگر دیمەن لە وەسف بە سەرەکی تر دادەنێت و بڕوایان وایە, کە ((دیمەن ئەو جوڵانەوە بنەڕەتییەیە کە جوڵانەوەکانی تری گێڕانەوە لە دەوری ئەو بنیات دەنرێت.))(٣٠١) کورتکردنەوە بەوەی, کە جێگەی ماوە کورتەکان لەرستە کورت دەکاتەوە, دەبێتە هۆی خێرایی لەگێڕانەوەدا, لەچاو کاتی گێڕانەوەی حەکایەت، کەچی لە دیمەندا بڕی ماوە کورتەکان درێژ دەبێتەوە و کاتی گێڕانەوە و کاتی حەکایەت یەکسان دەبن، چونکە لە دیمەندا زۆر بە وردیی و دووروو درێژی باس لەرووداوەکان دەکات, وەك خۆیان دەگوێزرێتەوە, هەروەها کارەکتەرەکان بە شێوەیەکی وا دەخاتەڕوو هەست بەوە دەکرێت, کە قسە دەکەن و بیردەکەنەوە بەمەش (( گێڕانەوە لە سسترین دۆخەکانیدا دەبێت و جۆرە گونجانێك لەنێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی حەکایەتدا دروست دەبێت.))(٣٠٢)

لە رێگەی دیمەنەوە زیندوویەتی بە دەقی رۆمان دەبەخشرێت، بۆیە نوسەرانی بواری رۆمان بەکاریدەهێنن ، چونکە هەستێکی وا بەخوێنەر دەبەخشێ وا هەست دەکات، کە خۆی یەکێکە لە بەشداربووانی رووداوەکانی ناو دەقەکە . زۆر جار رۆماننووس دیالۆگەکانی ناو دەق زۆر دەکات و درێژیان دەکاتەوە, جا بەهەر هۆیەك بێت, ئەمەش مەبەستێکی خۆی تێدایە, کە دەیەوێت لە رێگەی ئەو دیالۆگ و گفتوگۆیە درێژانەوە دیمەن بسازێنێت. (( بەم واتایەش چڕی بەکارهێنانی دیالۆگەکان دەبنە پێکهێنەری سەرەکی دیمەن.))(٣٠٣) لە رێگەی درێژکردنەوەی دیالۆگەوە

---

299- تقنیات السرد، امنه یوسف، ص٨٩ .

300- جمالیات التشکیل الروائی، د. محمد صابر عبید, د. سوسن هادی جعفر البیاتی, دار الحوار للنشر والتوزیع سوریة, ٢٠٠٨.

301- بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردی دا، نەجم خالید نەجمەددین ئەلوەنی، ل٣٣٩ .

302- بناء الروایة، دراسة مقارنة في ثلاثیة نجیب محفوظ, سیزا قاسم، ص٩١ .

303- بونیاد . زمانگەی لە خوێندنەوەی رۆماندا ژانی گەل وەك نموونە، محەمەد نوری ئەحمەد، ل١٤٥ .

دەبێتە زیادبوونی کەسێتی، ڕووداو، بابەتەکان، ئەم زیادەیەش دەبێتە وردەکاری و تایبەتمەندییەك, کە دروست بوونی وێنەی دیمەنی لێدەکەوێتەوە، لێرەدا دیالۆگ هەم ئەرکی خۆی وەکو دیالۆگ دەبینێت و هەم دەبێتە هۆی ئەوەی دیمەنمان بۆ بسازێنێت. واتە لەم حاڵەتەدا خوێنەر هەست بە گفتوگۆیی کارەکتەرەکان دەکات و وێنەی جوڵانەوە و هەڵسوکەوتیانی لەلادروست دەبێت, لە زۆربەی ڕۆماندا دیمەن بەکاردەهێنرێ, بۆ خستنەڕووی ڕاستەوخۆیی لە گێڕانەوەدا، هەروەها دەبێتە هۆی دەرخستنی ڕووداوی کاریگەر لە ڕۆماندا.

هەروەك چۆن دیمەن لەبواری سینەما و درامادا گرنگە و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە, کەهەستی بینەر (تەماشاکەر) دەجوڵێنێت وکاریگەری لەسەر هەڵوێست و بیرکردنەوەکانی دەبێت، ئاواش لەچیرۆك و ڕۆمان کاریگەری لەسەر هەڵوێست و بیرکردنەوەی خوێنەری چیرۆك و ڕۆمان دەبێت واتە, لە ((دیمەندا خوێنەری چیرۆك وەك شانۆ سەیری چیرۆك دەکات و چاودێری چۆنیەتی جوڵانەوەی کارەکتەرەکان دەکات. ))[٣٠٤] دیمەنی هونەری ڕۆمان گۆڕان و وەرچەرخان بەسەر خوێنەردا دێنێت و لە خوێنەرێکەوە دەیکاتە تەماشاکەرێکی ئاسا ، هەروەها هێندەی تر دەق بەرەو پوختی و ڕێکی دەبات بە جۆرێك هەڵوێست و دڵ و دەروونی کەسێتی ڕووداوەکان بە تەواوی ڕۆشندەکاتەوە.

هەندێکجار دیمەنەکان لەشێوەی ڕاپۆرت خۆیان دەنوێنن و دیمەنی سەرەتا، دیمەنەکانی دوای خۆی تەواو دەکات بەمەش دەڵێن: ((دیمەنی ڕاپۆرتی بۆ ڕێخۆشکردنی گێڕانەوەی دیمەنەکانی دواتر و ئامادەکردنی هۆشی خوێنەریش ، بۆ ئەوەی ڕووداوەکانی داهاتووی لەلا کتوپڕ نەبێت. ))[٣٠٥], پێشکەش دەکرێت و بێئەوەی گێڕەرەوە هیچ قسەیەکیان لەسەر بکات .

## دەتوانین بڵێین گرنگترین ئەرکەکانی دیمەن ئەمانەن :

**١-** دیمەن دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی ماوەی گێڕانەوەی هەندێ ڕووداوی گرنگ و بایەخدار, کە بەشێوەیی ئەو گێڕانەوەیە ڕووبەری چەند بڕگە و لاپەڕەیەك لە ڕۆمانەکە پڕبکاتەوە.

**٢-** لە دیمەندا بەهۆی سستی گێڕانەوە، کاتێك دروست دەبێت، کە کاتی چیرۆك و کاتی گێڕانەوە یەکسانبن.

**٣-** ئەو دیمەنە دراماییانە, ڕۆڵێکی جیاوازیان دەبێت لە بەرەو پێشبردنی ڕووداوەکان و پەردە لادان لەسەر سروشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان.

**٤-** دیمەن زیندویەتی بە دەق دەبەخشێ و هەستێك لای خوێنەر دروست دەکات و وا هەست دەکات خۆی یەکێك لە بەشدار بووانی ڕووداوەکانە.

**٥-** لە دیمەندا کارەکتەرێك یان زیاتر، یەك لە دوای یەك، بەشدارن لەگێڕانەوەی ڕووداوی ناو دیمەن.

**٦-** لە دیمەندا بایەخ و پرسیار لەلای خوێنەر دەوروژێنێت و لە هەمان کاتیشدا پشوویەك بەخوێنەر دەبەخشێت لە بەدواداچوونی ڕێڕەوی گێڕانەوەکە.

دیمەن یەکێکە لەلایەنەگرنگەکانی سەرکەوتنی ڕۆمان لەئەنجامی پێویستییەك لە پێویستییەکان بەکاربهێنرێت و ئەو دیمەنانەی کە جێگەی گرنگ و بایەخ نین و پێویست نین ئەرکێکی تایبەتی ناگێڕن ئەمە لایەنی بێهزی لە ڕۆمان دەنوێنن, کە دەبێ نووسەر زۆر بە ئاگاییەوە بەکاریبهێنێت و زۆر بەکارهێنانی دیمەن لەوانەیە زۆر پەسەند نەبێت. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت دیمەن لایەنێکی گرنگی سەرکەوتنی ڕۆمان دەنوێنن، ئەگەر لە ئەنجامی پێویستییەك لە سنورێکی دیاری کراو بەکارهات ، ئەوا ئەرکی دیاری کراوی خۆی دەبینێ, وەك ئەوەی لەسەرەوە چەند ئەرکێکی دیمەنمان دیاری کرد.

---

304- بناء الرواية، دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ، سيزا قاسم، ص٩٠ .

305- چیرۆکی هونەریی کوردی، (شێوە، شێواز، بونیاد)، زاهیر ڕۆژ بەیانی، ل٣٧ .

# پراکتیزەکردنی هونەری دیمەن لە ڕۆمانەکانی
# ( کۆردەرە – هیچ – پاشایان کوشت – راز – دەغدو) دا:

## أ– لە ڕۆمانی (کۆردەرە) دا:

دیمەن یەکێکە لەهونەرە بەرفراوانەکانی ڕۆمانی (کۆردەرە)، کەتەنیا ئاماژە بەچەند نموونەیەك دەدەین. لە یەکەم دیمەنی ئەم ڕۆمانەدا گێڕەرەوە باس لە دیمەنی بەیەکگەیشتنی عەباس و ئافرەتی کلیلداری خانووەکە دەکات, ئەو خانووەی کە حەوزی ماسی تیابوو, عەباسیش بە مەبەستی راوکردنی ماسی بەدزییەوە بۆ ئەو شوێنە دەچوو، گێڕەرەوە بەم شێوەیە باس لەم دیمەنە دەکات و دەڵێ: ((**عەباس ئۆقرەی لێ بڕا بوو گەلێك دەترسا ، ژنەش خەریك بوو دەگەڕایەوە ... عەباس بە دەم گریانەوە سوێسك ئاسا دەرپەڕی و ... ژنەش لە ترسا ... پەشۆکا داردەستی ئاڵاندە عەباسا و دەنگی گریانی عەباس و جنێو دانی ژنە و قریوەی قازەکان تێکەڵ بوو بوون.** ))[٣٠٦]

گێڕەرەوە بەوردی باسی دیمەنی دەرهێنانی هەنارە گیربووەکە و دڕاندنی گیرفانی چاکەتەکەی زەمان دەکات، کە خوێنەر هەست بەوە ناکات، کە ڕووداوی ناو ڕۆمان دەخوێنێتەوە، بەڵکو وەك فلیمێکی سینەمایی ئەو ڕووداوە, لەو کاتەدا دەبینێ و دەڵێ : (( **چەقۆی لە داڵگە وەرگرت و چونکە دەیزانی چاکەت دڕاندنی زەمان کارێکی ئاسان نی یە ... دەستی دەلەرزی بەلایەوە گوللە بڕین دەرهێنانی گەلێك لا ئاسانتر بوو, جگە لە ئەمانە ئەو بە چاو ساق هەڵبژێراو بوو ! ! چەقۆی خستە ناو گیرفانەوە و خەریك بوو نم نمی عارەق بە ناوچەوانی یەوە بەرەو دڵۆپەکردن دەچوون لە ناکاو وتی :**

**– ئەو چرایە نزیك کەنەوە ... چرایان هێنایە بەرەوە دووبارە چەقۆی لەناو هەنارا گیرکرد و چەپ و راستی پێ دەکرد وەك دکتۆرێك منداڵێکی مردوو لە سکی دایکیدا بهێنێتە دەرەوە پارچە پارچە توێکڵە هەناری دەر دەهێنا، لە ناکاو چەقۆ لە هەنار دەرچوو ! ! ! شیڕەی دڕاندنی گیرفان هات ئێمەش هەموو پێکەوە و تمان – ئاخ خ خ ! ! نەنکم چەپۆکێکی ئاڵاندە سەر خاڵۆ سیف الله دا ئەویش لە شەر ما سوور بوو بووەوە ...** ))[٣٠٧]

گێڕەرەوە, کە خۆی کارەکتەرە و ڕووداوەکانیش پێشکەش دەکات, دیمەنی بەشەڕهاتنی دایك و باوکی و لێدانی دایکی لەلایەن باوکییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: (( **باوکم پرچی داڵگەی لە ژووردا ڕادەکێشا ، لەشی داڵگە ژوورەکەی گزو دەدا ... ئێمەی بێ دەردەتانیش زیڕەمان دەگەیشتە حەوت نهۆمی ئاسمانی کەڕوکوێر لە تاوا ڕامان دەکردە دەرەوە ، تا هاوسێکانمان بگەنە فریای داڵگە ... دووبارە دەرۆیشتینە ژوورەوە دەست و پای باوکمان بە ماچ و فرمێسك تەڕ دەکرد...**))[٣٠٨], ئەم دیمەنە زۆر کاریگەری دەبێت بەسەر منداڵەکان,

---

306– ڕۆمانی کۆردەرە، ل٣١ .

307– سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧ .

308– س. پ، ل٤٩ .

ئەکبەر لە باسی ئەم دیمەنە دەڵێ تادوا هەناسەم تا ئەو دەمە دەمێنم ئەو زیرەی بەنەك بچرینی زەمان لە بیر ناکەم .

ئەکبەر باس لە دیمەنێ دەکات, کە دایکی دەیەوێت دەستی بەڕێوەبەری قوتابخانە ماچ بکات, بۆ ئەوەی کورەکەی لە قوتابخانە وەربگیرێت، کە بۆ هەر قوتابخانەیەك دەچوون دەیان وت شوێنمان نەماوە و ناتوانین قوتابی وەربگرین . **(( بە هەر دژواریەك بوو داڵگە زۆر پاڕایەوە و دەگریا و دەیویست دەستی مودیرەکە ماچ بکات ... پەلاماری دەستیدا ، کابرای مودیر، دەستی کێشایەوە ...))**[309] ئەم دیمەنەش بەبەرچاوی ئەکبەرەوە بوو, بۆیە زۆر کاریگەری بەسەرەوەمایەوە و باسی دەکات.

لە دیمەنێکی تردا ئەکبەر باسی دەکات, ئەویش ئەوکاتەی لە ژووری زیندانییە, کە بەهۆی شەونامەی یاساغەوە دەگیرێت . داوای قومێ ئاو دەکات, بۆیە لەلایەن جەلادی ژووری زیندانیەوە زللەیەکی لێدەدرێت و دەڵێ: **(( دام لە دەرگا ، نەکەرەتێك ، دوو سێ و چوار جار تەقەی پام هاتە گوێ ، خرنگە خرنگی کێڵۆن کلیل بەرز بووەو دەر لەگەڵ جیرەیەکی وشك دا چەرخاو ، لایتیکی دەستی ژووری رۆشن کردەوە ، بەڵام من بەرامبەرەکەم نەدەدی ، ئەوەندەم زانی ئاگر لەبن گوێم کرایەوە و چریکەم لێ هەستا، زللەکە هی دەست و بازوییەکی بەهێزو زەلام بوو . گەردەنم نەیتوانی سەرم راگرێ ، سەرم بێ خاوەن دای بەدیوارا.))**[310]

ئەکبەر لە دیمەنێ باسی بەیەك شادبوونی لەگەڵ دایکی دەکات، کە پاش وەرگرتنی پلەی بەکەلۆریا لەدەرەوەی وڵات گەڕایەوە بۆ کوردەرە و دووبارە بە دایکی شادبوویەوە . **((بە ئەسپایی رۆیشتمە ژوورەوە ... داڵگە بەسەر لاکێشێکی تەختەوە راکشابوو خەوی لێکەوتبوو، چاویلکەکەی لە تەنیشتیەوە دانابوو، لەسەرخۆ لێی نزیك بوومەوە ، لەسەر چۆك لێی دانیشتم، دەستم برد ئارام هەردوو دەستیم گرت و ماچم کردو بۆنم کرد ، دیسان ماچم کرد ... داڵگە پەشۆ کاوانە لە خەو راپەڕی، وەك یەعقووب و بۆنی کراسەکەی یوسفی کردبێ ... بۆنی منی دەرك کردبوو، لە پێ دەکوتا بۆ چاویلکەکەی، چاویلکەکەم دابەدەستییەوە سەرسامانە تێی دەنواریم وای دەزانی خەوێکە لەخەوە هەمیشەییەکانی .... دیسانەوە ورد بوەوە سەرگۆی پەنجەکانی بەسەر و سورەتما دەخشاند و بە پەلەو شپرزانە دەستی بەروخسارما دەهانی ..... ئینجا ناڵاندی :**

**– ئەکبەر ڕووڵە ... یوسف گوم بوی داڵگە ... بیەڵە بۆنت کەم ... قەزاو گیرت بام ... ئەی خودا کروکرو شوکر وە قاپیت .... ئێرەنگە یوسف هاتیەتەو ... رووڵە ئەرا وا وەپیم کردی ... تو وتیت فەقەت چوار ساڵ ... شوکر خودا دیارو قیامەت نەکەفتین ئەکبەرم دیەو ... شوکر خودا ... ))**[311]

## ب– لە رۆمانی (هیچ) دا:

لەم رۆمانەدا, رۆماننووس ئەم جۆرە هونەرەی بەکارهێناوە. لەنێوان هەندێ لەرووداوە گرنگەکانی ناو رۆمانەکە، تاوەکو رەوتی گێڕانەوەی رووداوەکان درێژ بکاتەوە، وەکو وێنەیەك بیان خاتەڕوو. بۆ نموونە رۆماننووس لەم دیمەنەدا رووداوی بە شەڕهاتنی حەمە ناجە لەگەڵ بلە عەتار و نێوانی کردنی نەنە خەجە

---

309– رۆمانی کۆردەرە ، ل٩٢ .

310– سەرچاوەی پێشوو ، ل١٢٣ .

311– س. پ، ل٢٢١ .

دەگێڕێتەوە و دەڵێ: **((محە ڕاپەڕی یەخەی بلەی گرت ، بلە مێزەری کەوتە مل و سویر بوییەوە، محەش هاتە وێزەی داو هەی شەپەلاخی پیا دەماڵی .لەم نیخە نیخەدا نەنە خەجێ تەشتی لەسەر داگرت و بەیاخی تەڕی سەی سۆنە لە تەشت دەرهێناو بەیاخ چۆڕ – چۆڕ ئاوی پیا دەهاتە خوارەوە .... بەیاخی نا وەسەر سنگی محەوە ، وتی :**

**– بیکە بۆ خاتری ئەم بەیاخە ، دەست بەرداربەو خالۆ برایم هیچی نەوتووە . محە بەیاخی سپی زەردهەڵگەڕاوەی لەنێوان پەنجە لەرزۆکەکانی نەنە خەجێ دا دی ئاواڵەی کردووە ، دەستی لە یەخەی بلە عەتار بەردا. ))**[312] لەم دەقەدا, ڕۆماننووس ڕووداوەکەی, وەکو وێنەیەك لای خوێنەر دروست کردووە، بۆ ئەوەی سەرنجی بەلای ئەو ڕووداوە رابکێشێ، وەکو ئەوە وابێ لەناو ئەو کەڤالەدا بژی .

هەروەها گێڕەرەوە ڕووداوی هێرشکردنە سەر ماڵی محەی جەردە لەلایەن پیاوانی مارف ئاغاوە بەر پەرچدانەوەی محە بەرامبەر بە پیاوانی ئاغا, لەشێوەی دیمەن خستۆتەڕوو . **(( پیاوانی ئاغا بێ محە گەڕانەوەیان ئاسان نەبوو . محەش تیکەیێك نەبوو بە ئاسانی قووت بدرێت . ڕاوێژ یان دەستی پێ کردو وەعدەو سوێن قورئان خواردن ... محە سەر گەرمی ڕاوێژ بوو . لە پڕ تەقەیەك کراو محە لەگەڵ تەقەدا لە ترێکی بەست و سەرو قژی هەڵپروسکاو بەچۆکدا کەوت و مەنگ و گێژ هەستایەوە خۆی دایەوە بن دیواری سەربانەوەو محە زانی تەقەکەرەکە لە کوێ دا خۆی شاردۆتەوەو بە دوای پەنجا فلسی یەك لە لەشی دا گەڕا . ڕاوێژ کەرانیش دەست ڕێژیان دەست پێ کردبوو . محە دەی ویست خۆی دەرباز کاو نەشی دەویست لێیان بکوژێت . تەقەکەری سەربان زانی محەی نەپێکاوە . لە ترسا ئۆقرەی نەدەگرت . دەی زانی سەنگەر بە سەنگەر نابێتە هاولفی محە . لە چاو تورکانێکدا خۆی هاوێژتە خوارەوە. محە دەستی لە کارا دابوو ، بە کڵۆك شکاوی خستی یە خوارەوە . ))**[313]

لە دیمەنێکی تردا گێڕەرەوە باس لەڕووداوی دەستدرێژیکرنی سێکسی بۆسەر گوڵچین بەیارمەتی ڕەجەب هاوسەری و حەمدیەی خوشکی, کە بەرامبەر هەندێ پارە بۆ حازمی هاوڕێی سەرخۆش دەکەن, بۆ ئەوەی کاری سێکسی لەگەڵ بکات ، کە ئەم ڕووداوە بە شێوەی دیمەن خراوەتەڕوو . **(( ڕەجەب و حەمدی یە هاتن بەلایەوە . ڕەجەب ئازا لە ئامێزی گرت و بەرەو ژووری نووستن بردی و بەسەر سیسەمەکەدا ڕای خست . حەمدی یە هاتە یارمەتی یەوە . دوو کەس پارچە پارچە جلەکانیان لەبەر داکەند . ڕووت و قووتیان کردەوە چو ئەو ڕۆژەی لە دایك بوو بوو ... حازم خۆی ڕووت کردبوییەوە ، دەمێك بوو چاوەڕوانی ئاوا هەلێك بوو . لەشی نیوەگیانی گوڵچینی لە ئامێزکرد و لە کاتێك دا سەرو زوڵف و سنگ و بەرۆکی گوڵچینی ماچ باران دەکرد لینجاوی دەم ولا کەلاوەی حازم تك تك دەتکایە سەر لەشی گوڵچین دا . ڕەجەب کامێرای ئامادە کردبوو ، لە هەر جوولانەوە یێك وێنەیەکی دەگرت . حەمدی یە هەردوو دەستی بێ هێزو گیانی گوڵچینی لە گەردنی حازم دا هەڵ قەداو ، ڕەجەب لە کارا دابوو ، ئیتر بە هەموو جۆرێك لە حازم و گوڵچین وێنەی دەگرت . ))**[314] لەم دەقەدا ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەم دیمەنەوە کەسایەتی هەریەکە لە ڕەجەب و حەمدیەی

---

312– ڕۆمانی هیچ، ل٩ .

313– سەرچاوەی پێشوو، ل٦١ .

314–س. پ، ل١٦٦-١٦٧ .

خوشکی دەردەخات، کە بڕوایان بە هیچ بەهایەکی ڕەوشی نییە, ڕەجەب گوڵچینی خێزانی بۆ پارە دەیخاتە بەردەستی کەسانێکی وەکو حازمی داوێن پیسەوە بۆ ئەوەی کاری سێکسی لەگەڵ ئەنجام بدات .

ڕۆماننووس ئەم جۆرە هونەرەی بەکارهێناوە, تاوەکو ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە پیشان بدات و کارەکتەرەکانیش, وەك نمایشکاریێ دەربخات لەنێو ئەو ڕووداوانەی وەکو (دیمەن) دەری دەخات .

## ج- لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت) دا:

دیمەنی دوو لەتکردنی (لووا) بەدەستی (عەبدوڵلا بەگ), کە لە ڤیستیڤاڵی شمشێربازی, کە لە دەرەوەی شاری سلێمانی لەلایەن میرنشینی بەبە سازکرابوو, ئەم دیمەنە لە گۆشەنیگای گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە دەگێڕدرێتەوە و دەڵێ: **(( عەبدولا بەگ لە لووا دوور کەوتەوە و قەدەرێك لە دوورەوە ڕاوەستا دەینواڕییە ناوەراستی لوواکە، لە پڕ بەتاو بەشمشێری ڕووتەوە چوپڵنگێکی بریندار ، کە گەیشتە نزیکی لووا لە پڕە بەرزبووەو ، چوو بە ئاسماندا و بە تەواوی تواناییەوە لەگەڵ هێزو قورساییی لەشیدا شمشێری داهێنایەوە . شمشێر ئاسمان و لووای پێکەوە تلیشاندو دوو لەت کرد. ))**[٣١٥]

ڕووداوێکی تری نێو ڕۆمانەکە، بەشێوەی دیمەن خراوتە بەرچاو, کە خوێنەر وەکو تەماشا چیێك دەتوانێت هەموو ووردەکاریەکان ببینێت، چونکە گێڕەرەوە هەندێ جار بەشێوەی کورت و هەندێ جار بەشێوەی درێژدادڕی دەچێتە ناو ڕووداوەکان و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە . لەوانەش ڕووداوی کوشتنی دێوە سپی بە دەستی پیرە مێردێکەوە، کە لە گۆشە نیگای گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە دەگێڕدرێتەوە و دەڵێ: **((پیرە مێرد وەك پەلامار بدا، هەردوو دەستی کردەوە چەند هەنگاوێك ڕۆیشتە پێشەوە و سێ چەپڵەی لەسەر یەك لێ دا . وتی جیهان پاڵەوان کاتێك هێرشی دێوە سپیی دی بەرەو ڕووی هات، فرزو چالاك و زرنگ خۆی کێشایەوە لاوە ، لەهەمان کاتدا دەستی لە کارا دابوو، بە تەواوی هێزیەوە شمشێری لە نەرمەی سنگی گیر کرد و ریخۆڵەی ڕاداوە سەر زەوی . دێوە سپی چو کێوێك هەرەس دەکا بەدەم تەپا و تلەوە تۆپی ))**[٣١٦].

لە دیمەنێکی تردا گێڕەرەوە باسی ڕووداوی کوشتنی (حەمە بەگ) بە دەستی فارسی عەزیزی و شاوەیسی دەکات, کە بەپلانی تیرەی کەرەم وەیسی (بنەماڵەی عەزیز بەگ ) بوو.

**(( فارس پشتوێنی لە ملی پاشا کردەوە و بەرەو ستوون ڕۆیشت و خەنجەری لە کێلان دەرهێنا و بە هەموو هێزی خۆی دای هێنایەوە و دای لەسەر پۆپەی دڵی پاشا و لە جێگەی دەمی خەنجەرەکەوە خوێن بازەرەقەی بەست و ڕووی فارسی خوێن ئالوود کرد . شاوەیسیش بۆ ئەوەی لە فارس کەمتر نەبێ، چەند خەنجەرێکی ماڵی بەسنگ و سکی پاشادا، پاشا هەر بە هەمان خەنجەری یەکەم گیانی سپارد بوو، سەرجەم پازدە خەنجەریان لێ داو لە دەوار هاتنە دەرەوە. ))**[٣١٧]

---

315– ڕۆمانی پاشایان کوشت، ل٢٨ .

316– سەرچاوەی پێشوو ، ل١١٤ .

317– س. پ، ل٢٠٢ .

## د– لە ڕۆمانی (ڕاز) دا:

لەم ڕۆمانەدا, گەلێ ڕووداو بەشێوەی دیمەن خراوەنەڕوو, ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە کاتێ گێڕانەوە لەگەڵ کاتی حەکایەت جۆرە گونجان و یەکسانیەك لەنێوانیان دروست بێ . بۆ نموونە گێڕەرەوە بەم شێوەیە باسی جل لەبەرکردنی کارەکتەری سەرەکی بەناوی (فراولە) دەکات و دەڵێ: ((**بەسەر پەنجەکانی پزووی دامێنەکەی گرت و لاقی ڕاستی ڕووت و ساف سۆڵ و مەڕمەڕینی خست بازنەی داهێنەکەیەوە و بەدوایدا لاقی چەپیشی وردە وردە دامێنەکەی بەرەو سەرهەڵکێشا. دامێن لە خڕی و مڕیی کەفەڵ و سمتیدا گیری کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا و تەواوی ڕیخۆڵەی گەدەی بەرەو ناو سنگی کێشایە سەرەوە . دامێنی چەرخاندو چرخاند . تا لەناو قەدی قۆپچەکانی داخست . زنجیری لا کەمەری دامێنیکەی چوشەقی هەورێکی لاقلێشا و دەمی کردبووەوە لەپێك لە گۆشتی کەمەری، لەنێوان دوو لای زنجیردا دەرپۆقیبوونە دەرەوە ساف و سۆلیی خاوەن لەش و لاری وە دەرخس...** ))(٣١٨) لەرێگای ئەم دیمەنەوە, کە لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە هاتووە, بۆتە هۆی ئەوەی کاتی گێڕانەوەکە درێژ بکرێتەوە و ڕووداوەکان گرنگی پێبدرێت, هەروەها دروست بوونی جۆرە یەکسانیەك لەنێوان کاتی گێڕانەوە و کاتی حەکایەت .

بڕینی کەرواتەی ملی (د. پیران) بەفەرمانی ئەفسەری گوزەرنامەی ئێران و گاڵتە پێکردنی هاوڕێیانی, کە پێی دەڵێن بە کامێراکەیان وێنەیەك بۆ یادگاری بگرین. ئەم ڕووداوەی بڕینی کەرواتەی ملی کار دەکاتە سەر دڵ و دەروونی و کە مافی پێشێلکراوی خۆی لەم دیمەنە باس دەکات و دەڵێ : ((**پزیسکەی تیشکی کامیرا پەیتا پەیتا ساڵۆنی بریسکاندەوە ڕق و کەنینم تێکەڵ بوو بوو. نەمدەزانی بگریم، یا پێ بکەنم . زۆرتر گریان قورگی گرتم و چوومەتاسدا. چ بە ئاسانی لە وڵاتی خۆتدا ماف و بوونت پاشێل دەکرێت! خۆم بە دۆمەڵانێکی بێ ڕەگو ریشە هاتەبەرچاو. لە باوانی ئازیزانما گومان لێکراو، سەد خۆزگەم بەتاوانبار دەخوازێ و، دەمزانی بە تاوانی گومان بەرکولانە یەکالا دەکریمەوە . هاوەڵەکانم نەیاندەزانی وا وردەوردە خەریکین تووش دەبین. لێیانم نەدەگرت، وا تێ دەفکرین . هۆیەك نەبوو تا گرفتار بین . هەڵە و هەڵەشەیەك و گوناهێك رووی نەدابوو، تا دووچاربین لەم ببرانەدا بووم خزمەی پاژنەی چەندان پۆستاڵێك هاتە گوێم، کامێرەکانیان لە دەستی پرۆفیسۆر ڕۆنشتاد فراولە هەڵپروچکاند، هەروا دەمنواڕی، شریخە لە بناگوێم هەستا و چاوم بریسکایەوە . چاویلکەکەم چەندان گەزی شا بازەرەقەی بەست و تەواوی پایە و کۆڵەکەی ناو داڵانەکە لەبەر چاومدا دەسووڕانەوە . خۆم لەسەر پا نەگرت و چو داهۆڵ لە زەویدا گرمۆڵە بووم . ئاگام لە نووکی پۆستاڵێك بوو لە کاجێرەم کەوت . هەناسەم سوار بوو . ڕەشایی و تارماییەك هاتە سەر چاوما و بێ ئاگا بوورامەوە.**

))(٣١٩) لەم دیمەنەدا (د. پیران) وەکو گێڕەرەوەیەك و کارەکتەریکی ڕۆمانەکە دەیەوێ وێنەی زولم لێکراوی خوی و زوڵم و زۆرداری ئەو کۆمارە بە خوێنەر بناسێنێت ,کە ئەمەش بۆتە ئەوەی کە ماوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکە درێژببێتەوە .

لە دیمەنێکی تردا گێڕەرەوەی هەمووشتزان بەم شێوەیە باسی تێکەڵ بوونی فراولە و موهندیس دەکات دەڵێ : ((**ئەردەشێر تفەنگەکەی لە باوەشی دوورخستەوە بەرەو پرچە زەردەکەی فراولە درێژکرد و نەرم و**

---

318– ڕۆمانی ڕاز، ل٧ .

319– سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧ .

**نیانی پەنجەکانی لە پشتی گەردنیدا بەربەڵلاکرد و وردە وردە بەسەر گۆی پەنجەکانی لا گەردنی نازونەوازش دەکرد و پەنجە درێژەکەی دەستی بن گوێی چەپی و تاو تاویش نەرمەی گوێی نەرم نەرم بە دوو پەنجەی دەگرت و بەردەدا. فراولە دەم دەم چاوی دا دەخست و دیسانەوە دەیکردەوە حەپەی سەگەل و بیگرەو بەردە تاك تاك تەقەی تفەنگ لە دوور دەهات. ئەردەشێر وەستاکارانە دەستی لەکاردابوو. چاوی چو چاوی ماری ((بوا)) نێچیری بەگیرهێنابێ، تادەبوو تەلیسماوی دەنوا. دەستی بەرەو خوار کردبووەوە وگەیاندووبیە نەرمینەی بەرۆکی و ویستی سەرگۆی پەنجە لە گویێ مەمانی بخشێنێت، مەمکدانەکەی چو دەروازەی قەڵای سەنگ باران شوورەیەکی سفت و سەختی لە دەوری تۆپەڵی مەمکیدا دەور تا دەور بەستبوو. فراولە هەناسەی تاوی سەند بوو. ئەردەشێر نەیدەویست تیژوتوند حورمەت و لووتبەرزی و سەلاریی مەمانی بشکێنێت، دەستی ئازایانە بەرەو خوارتر کردەوە و خۆی لە ململانێی قەڵا گیریی مەمانی دوورخستەوە و بێ دەربەست لە ئازاری برینەکەی ئەو دەستە کەشی لە کەمەری گیرکرد و توند لە ئامێزی گرت و لێوی خستە سەر لێوە هەڵئاوساوەکانی و بەتەواوی توانا و ئارەزوویەوە مژی و مژی، لێو و زمان ودەم و دانیان ئامێختەی یەك بوون. ))**(٣٢٠)

## **هـ- دیمەن لە رۆمانی (دەغدو) دا:**

هونەری دیمەن لەم رۆمانەشدا لە زۆر شوێن بەکارهاتووە, ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین :

دیمەنی گرتنی توکولتی و بردنی بۆ لای شاسارگون و کوشتنی توکولتی لەلایەن شاسارگون بە ئەنجامدانی تاوانی فرۆشتنی دەغدو بەکویلەفرۆشان لەکاتی چوونی شا سارگون بۆ دەرەوەی شار, کە لەلایەن گێرەرەوە هەمووشتزان دەگێردرێتەوە: **((شەش حەوت مشکی برسی گۆشت خۆریان لەناو قەفەسێکدا داناوە جەلادیش چەقۆ بەدەست ئامادەیە ... شا روو بە (توکولتی) : (خۆ چاك دەزانی کاری ئەو مشکە برسیانە چییە ... تا ساتێکی تر سکت کون دەکەین، ئەو مشکە برسییە گۆشت خۆرانەش دەئاخنینە ناو سکتەوە، خۆ لەم کەلتورە کۆنەی ئاشووریانە بێ ئاگانین ... (توکولتی) دەیزانی لەنێوان ژیان و مەرگدا پەلە قاژییەتی خۆڵی ژێر پاتبم، ئەگەر نەمکوژی راستیەکەت عەرز دەکەم ..**

**- قوربان، بەندە فەرمانی شاژنم ئەنجامداوە ، لەم تاوانە گەورەیەدا بەندە بێ تاوانم ... من کۆیلە و سەرسوپوردەی شاو شاژنم ..**

**- خۆشەویستی شاتان تیا بردووە، دەڵێی بێ تاوانیشی و سەرسوپوردەی شایشیت ؟**

**شا سارگون، قژی شێواوی توکولتی دەگرێ و شمشێری زێرینی لە کێران دەکێشێ و قورگی توکولتی دەبرێتەوە.**

**خوێن لە شادەماری گەردنی توکولتی فەوارە دەبەستی و دەکەوێتە سەر زەوی . ))**(٣٢١)

دیمەنی ئازاردانی ئافرەتێکی دووگیان بەدەستی یەکێ لەو پیاوە درندە و دڵرەقەکان بەناوی مامۆستاوە, کە سەنگەر و هاورێ, کە لە ماڵی ئەو پیاوە دەبن, مەرج کردن لەسەر ئەوەی کە ئەو ئافرەتە دووگیانە کچی

---

320- رۆمانی راز، ل١٥٩ .

321- رۆمانی دەغدو، ل٨١-٨٢ .

ئەبێت یان کوڕ, کە گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەیگێڕێتەوە و دەڵێ: **((دوو ئافرەت ڕۆیشتبوونە ژێر باڵی ژنێکی سك پڕەوە ... ژنە گەڵاو گەڵا بە دژوار بەرێوەدەچوو .... نرکەو ناڵەو ئاهی لێ دەبیسترا .. لە تەنیشت سەریرەکە کراسیان لە بەری ژنە داماڵی، ورگێکی هەڵئاوساو دیار بوو، ... رێچکەیەکی خوێن بەسەر رانیدا بەرەو خوار تا نێو پەنجەکانی پای داکشابوو سۆلەکانی سوور بوون لە خوێندا ، دوو ژن، ژنە یان بەسەر سەریرەکەوە ڕاکشاندو دوو لنگی ژنەیان خستە سەر نیوە بازنەی تایبەتی لنگ و پا ... زێی ژنە دەمی کرد بووەوە پۆپەی سەری منداڵ بە ئەندازەی ریالێك وەدەرکەوتبوو ... ژن دەیقیژاند و دوو ژن هانی زۆر کردن و مقانیان دەدا ... مامۆستا وەك مامانێك لەناو گەلی ژنەیدا راوەستابوو، جارەوبار دەست و پەنجەکانی لە لێوی زێی ژنە گیر دەکردو، ئینجا سەری بەرز دەکردەوە بە دانیشتوانی دەوت:**

**– دەی بڵێن ... کورە یا کچە ؟**

**– ژنەی ئاوس، قیژەی دەگەیشتە ئاسمان، مامۆستا قاقا پێدەکەنی، خوێن لە پەنجەکانی دەچۆڕا ، لە زێی ژنەوە ڕێچکەی خوێنە لەسەریرەکەوە دەچۆرایە سەر مەڕمەڕی سپی هۆڵەکە ... یەکێکیان وتی :**

**– کورە ...**

**– بینە دوو هەزار دولار ...**

**سەری منداڵ یەشتا نەگەیشتبووە تەواوی بازنەکەی سەر، ئەو کاتە ژاناوی تری ساتی منداڵ بوونی ژنانە ... قیژەی ژنە و پێکەنینی مامۆستا تێکەڵاو بوو بوون ، دانیشتوانەکە برێك سەرسام و، برێك غەمگین، برێك بە دەم پێکەنین. ))**[٣٢٢] رۆماننووس ویستوویەتی رەخنە لە خاوەنی ئەو جۆرە عەقڵ و نەخۆشانەی مرۆڤ بگرێ, کە تووشی بوون, بۆیە بەشێوەی دیمەن لە رۆمانەکەی باسی کردووە.

322– رۆمانی دەغدو، ل ١٨٣ .

## ٢–هونەری وەسف لە رۆماندا:

وەسف، وەك هونەرێكی تایبەت بەسستكردنەوەی گێڕانەوە، بریتییە لەئامرازێكی بنەڕەتی بۆ وێنەگرتنی شوێن و وەسفی كارەكتەرەكان و بەجولێنەری سەرەكی رووداوەكان دادەنرێ.

(( وەسف مەحاڵە لە هیچ رۆمانێكدا بەرچاو نەكەوێت, باسكردنی شتەكان لەخۆیدەگرێت و بەهۆی زمانەوە وێنەیان دەكێشرێت))[٣٢٣] ئامانجیش لەم كارەدا ، بەخشینی وێنەیەكی زەینییە [٣٢٤] لەسەر دیمەنێك یان كارەكتەرێك یان هەستێك ... بە خوێنەر[٣٢٥] زۆرجار سستیی گێڕانەوە بەهۆی وەسفەوە، كەوا دەردەكەوێ پرۆسەی گێڕانەوە لە گەشەكردن وەستاوە . ئەمەش بواری لە بەردەم گێڕەرەوە كردۆتەوە, تا بە راناوی (ئەو) زۆر لە وردەكاری پەیوەندیدار بە وەسفی كارەكتەر و شوێنی ناو رۆمان لەچەند لاپەڕەیەكدا پێشكەش بكات ، ئەمەش پێی دەوترێ((وێنەی وەسفی))[٣٢٦] ((هەر كاتێك كە رۆماننووس هەستی كرد تەوژمی رووداوەكان بە خێرا بەرەو پێش هەڵدەكشێت ، ئەو كاتە پێویستی بەوە دەبێت بەری ئەو تەوژمە بگرێ و هەتا ماوەیەكی دیاریكراو خێرایی گێڕانەوەكە بوەستێنێ ، لەم حاڵەتەدا پەنا بۆ وەسف دەبات بۆ ئەوەی جۆرە پشوودانێك بە گێڕانەوە كە بدات))[٣٢٧] ((وێنەی وەسفی لە رۆمانی تەقلیدیدا جیاوازە لەگەڵ رۆمانی شەپۆلی هۆشی نوێدا، چونكە لەم جۆرە رۆمانەدا (وەسفی گێڕراو) جووڵاو هەیە، كە تیایدا وەسفەكە دەبێتە بەشێك لە گێڕانەوەكە و كاتەكەیان تێكەڵ بەكاتی رووداوەكان دەبێ لێیان جیا نابێتەوە))[٣٢٨] كەواتە دەتوانین بڵێین, كە هەر رۆمانێك بەسەر (وێنەی وەسفی) و (وێنەی گێڕراو)دا دابەش دەبێت, كە جیاوازی نێوانیان بریتییە لەوەی یەكەمیان وەسفی بارێكی جێگر و نەجوڵاوە دەكات و دووەمیان وەسفی كردار و فیكرو هەڵوێست باری دەروونی كارەكتەرەكان دەكات[٣٢٩] واتە دەكرێت دەقێك دروست بكەین تەنها بریتیی بێت لە(وەسف)ێكی رووت، بەڵام ئەستەمە دەقێك بە تەنها گێڕانەوە بێت و وەسفی تێدا نەبێت[٣٣٠]. لەبەر ئەوەی وەسف هونەرێكی كاتییە لەناو رۆماندا دەورێكی گرنگ لە بینای كاتی دەقدا دەگێڕرێت، بۆیە ناتوانین بە شێوەیەكی ڕەها بڵێین بەكارهێنانی وەسف دەبێتە هۆی نەمانی جوولانەوەی كات لە هەموو دەقەكەدا، چونكە ئەم بۆ چوونە ئەوەمان لەبیر دەباتەوە, كە برگە وەسفییەكان كورتبن یان درێژ لەكاتی وەستانی یاسستكردنی تەوژمی كاتی گێڕانەوەكە رۆڵی ئەوە دەگێڕن كاتی گشتی دەقەكە بەردەوام بێ و هاوكات

---

[323]– متعه الرواية، دراسة نقدية، د. احمد زياد محبك، دار المعرفة، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان, ٢٠٠٥، ص٣٥ .

[324]– تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، أمنة يوسف, ص٩٣-٩٤ .

[325]– معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب، مجدي وهبة وكامل المهندس، مكتبة لبنان, الطبعة الثانية, ١٩٨٤, ص٢٣٨ .

[326]– تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، أمنة يوسف, ص٩٣ .

[327]– تەكنیكی وەسف لە رۆمانەكانی (بەختیار عەلی)دا، كاروان مەهدی عوسمان، نامەی ماستەر, كۆلێژی زمان، زانكۆی كۆیە ، ٢٠٠٨، ل٢١ .

[328]- تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، أمنة يوسف, ص٩٣,٩٤ .

[329]– السرد والوصف، جيرار جينيت، ت: مهند يونس، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد(٢)، ١٩٩٢، ص٥٢ .

[330]– بنية النص السردي من منضور النقد الادبي, د. حميد لحداني، المركز الثقافي للطباعة والنشر والتوزيع, الطبعة الثالثة,٢٠٠٠ , ص٧٨ .

زەمەنی خوێندنەوەی دەقەکە درێژ بێت,  هەروەها (د. مراد عبدالرحمن مبروك) بە گوێرەی جوڵانەوەی وەستانی کاتی گێڕانەوە ، وەسف دەکات بە دوو بەشەوە و دەڵێ : ((... وەسف دەکرێ بە دوو بەشەوە یەکەمیان جووڵاوەیە، کاتی گێڕانەوەی تێدا دەجولێتەوە, ... دووەمیان وەستاوە و کاتی گێڕانەوەی تێدا دەوەستێت ...))[331] کەواتە دەتوانین بڵێین: ڕۆماننووس لەیەکەمیان وەسفی دەروونی کارەکتەر و فیکری و حاڵەتی زەینی کارەکتەرەکان دەکات,  وەسفی کردارێك یان کارەکتەرێك دەکات کە کاتی گێڕانەوە تێدا بەردەوامە . بەڵام لە دووەمیان ڕۆماننووس وەسفی شتێك یان کارەکتەرێك یان پێکهاتەیەك دەکات, وێنەی دەکێشێت و ئاماژەی پێ دەکات, کە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان ڕادەوەستێ و بەرەو پێش ناچێت . لەبەر ئەوەشە لەیەکەمیان بزاوتی گێڕانەوە بەرەو پێش دەچێت, بەڵام لە دووەمیاندا بزاوتی گێڕانەوە ئەوەندە سستدەبێت, کە خوێنەر وا هەستبکات لە شوێنی خۆی وەستاوە .

## ئەرکەکانی وەسف

**زۆربەی رەخنەگران سێ ئەرك بۆ وەسف دەست نیشان دەکەن . ئەوانیش بریتین لە:**

١- **ئەرکی جوانکاری و رازاندنەوە** : دانەر تیایدا بایەخ  بەجوانکاریی وشە و دەربرینەکانی دەدات، بۆیە ڕەخنەی کۆنیش جوانی شێواز لە جوانیی وەسفدا دەبینێت .

٢- **ئەرکی واتایی (راڤەیی)** : زیاتر بایەخ بە رەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان دەدات و ئامانجی وێناکردنی کارەکتەر ناو ڕۆمان و دەرخستنی کردارەکانی و دیاریکردنی هۆکارەکانی رەفتارو کردارە کانییەتی، ئەمەش لەڕوانگەی وەسفکردنی ژینگەی کارەکتەر و ئەو شتانەی کە باگراوندییان بۆ دروست کردووە[332].

٣- **ئەرکی چەواشەکاری (بەهەڵە دابردن)** : واتا ڕۆماننووس بە جۆرێك، خوێنەر تێکەڵ بە جیهانی خەیاڵی ڕۆمانەکەی دەکات وای پیشاندەدات, کە ئەو ڕووداو ئەو کارەکتەرەکانەی وەسفی دەکات، ڕووداو کارەکتەری واقیعیی و راستەقینەن ))[333], ئەمەش بایەخ دان بەوردەکاری و رواڵەتی دەرەوە، ڕەنگە پتر لەئەرکێك لە بڕگەیەکدا کۆببێتەوە، بە تایبەتی هەردوو ئەرکی راڤەکاری و چەواشەکاری، چونکە بەزۆری پێکەوەدێن بە تایبەتی لە ئەدەبی واقیعیدا .

وەسف بە حوکمی پێوەندییەکانییەوە بەرەگەزەکانی تری هونەری ڕۆمانەوە ، زۆر جۆری لێ پەیدا بووە، بەپێی پێوەندیی بە لایەنەکانی ترەوە، بۆیە **بە پێی پێوەندیی بە شتە وەسفکراوەکانەوە** دوو جۆرە :

331- بناء الزمن في الرواية المعاصرة، د. مراد عبدالرحمن مبروك، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٨، ص٩٣-٩٤ .

332- نظرية البنائية في النقد الادبي، د. صلاح فضل، دار الشؤؤن الثقافية العامة, بغداد,١٩٨٧, ص٤٤ .

333- تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، أمنة يوسف, ص٩٦ .

١– **وەسفی سادە** : بریتییە لە وەسفی بەشێك یان هەندێك لەپێكهاتە و حاڵەت و دەركەوتەی وەسفكراوكە, بە وەسفی **(الانتقائی)** ناونراوە .

٢– **وەسفی درێژ** : بریتییە لە وەسفی هەموو یان زۆربەی پێكهاتەو حاڵەت دەركەوتەكانی وەسفكراوەكە, بە وەسفی **(الاستقصائی)** ناسراوە .

((**بەڵام وەسف و پێوەندییەكەی بە وەسفكەر** ، دوو جۆرە :

١– **وەسفی بابەتی ((موضوعي))** گێڕەرەوە بە تەواوی بێلایەنە و ئەوەی دەیبینێت وەسفی دەكات. ئەم جۆرە وەسفە لە ڕۆمانی واقعیدا دەبینرێ, كە تیایدا گێڕەرەوەی تەقلیدی وەسفی پێكهاتە و ڕەگەز جیاوازەكانی وەسفكراوەكە دەكات , بۆ تێگەیشتن لەلایەنەكانی شوێن و كارەكتەرەكانی ناو ڕۆمان .

٢– **وەسفی خودی ((انطباعي))** ئەم جۆرە وەسفە زیاتر وەسفی كارەكتەرەكان, كە لەهەردوو لایەنی دەروونی و هەڵسوكەوتە دەرەكیەكانی كارەكتەرەكان دەدوێت))[٣٣٤] بەمەش خوێنەر بە كۆمەڵێك زانیاری دیاری كراو ئاشنا دەبێت.

((بەڵام بە پێی پێوەندییەوە بە واتاوە سێ جۆرە :

١– واتای پەرش و بڵاو لە بەشەكانی وەسفدا .

٢– وەسف پێش واتا بكەوێت .

٣– واتا پێش وەسف بكەوێت))[٣٣٥]

ئەوەی, كە گرنگە ئەوەیە هەموو جۆرەكانی وەسف پەیوەندییان بەكارەكتەر و شوێنەوە هەیە لەناو دەقدا وەسفی ئەم دوو توخمە دەكرێت .

## ١–وەسفی شوێن لە ڕۆماندا :

شوێن بە دیارترین ڕەگەزی هونەری دەژمێردرێت لەناو ڕۆماندا زۆرجار شوێن لەلای ڕۆماننووس ڕۆڵی ڕەگەزی سەرەكی ڕووداوەكان لەخۆ دەگرێت بە جۆرێك كارەكتەرەكانی ناو ڕۆمانەكە ناتوانن دەست بەرداری شوێن بن, چونكە سەرچاوەی جوڵێنەری ڕووداوەكانی ناو ڕۆمانە هەر بەو پێیەی (حسن بحراوی) ئاماژەی بۆ دەكات كاتێك دەڵێ : ((ناتوانین لەناو ڕۆماندا دەست بەرداری شوێن بین, چونكە سروشت و ڕەگەزی سەرەكی شوێن لەوەدایە چەمكی هەمە چەشن لەخۆ بگرێت تەنانەت لە زۆر كاتیشدا مەبەستی هەموو كارەكەیە))[٣٣٦], بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەوە كە زۆرێك لە ڕۆماننووسان شوێن دەكەنە سەنتەری هەڵقوڵانی ڕووداوەكان هەر لەوێشەوە ڕووداوەكانی كارەكتەرەكانی ناو ڕۆمان ئاراستە دەكرێت . بە هەبوونی كارەكتەر لەناو شوێندا ، بۆیە لە ڕۆماندا وەسفكردنی شوێن, وەسفكردنی ئەو ڕووبەڕوو پانتایەیە,كە كارەكتەرەكان تێیدان و جووڵە و هەڵسوكەوتەكانیانی تیا ئەنجامدەدەن. واتا دەبێت بە شێوەیەك وەسفی شوێن بكرێت كە خوێنەر بتوانێت لە ڕێگەیەوە بە كارەكتەرەكان ئاشنا بێت, لەمبارەیەوە (ڕینەویلك و ئۆستن وارین) پێیانوایە: ((وەسفی شوێن

---

[334]– بناو الروایە، سیزا قاسم، ص١٠٩ .

[335]– قضایا الروایة الحدیثة، جان ریكاردو, ت: صباح الجهیم, ص١٣٧ .

[336]– بنیە الشكل الروائی، حسن بحراوی، ١٩٩٠، ص٤٢ .

دەبێت شێوەیەکی خوازراو گوزارشت لە کارەکتەر بکات، چونکە ماڵی مرۆڤ درێژکراوەی مرۆڤ خۆیەتی، ئەگەر وەسفی ماڵەکەیت کرد ، ئەوا وەسفی خۆیت کردووە))[٣٣٧] واتا کارەکتەر و شوێن تەواوکەری یەکترن و پێکەوە لکاون، دەکرێت شوێنەکان بێ کارەکتەر بن, بەڵام کارەکتەر بێ شوێن بوونی نییە، وەسفکردنی شوێن لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی تر دەگۆڕێت و ئەم گۆڕانەش بەپێی جیاوازی جۆری ڕۆمانە. لە ڕۆمانی تەقلیدیدا، شوێنی گرنگییەکی گەورەی لە بونیادی گێڕانەوەی ڕۆماندا هەیە، لاپەڕەیەکی زۆری لەبونیادی ڕۆماندا داگیر دەکات و لەگەڵ شوێنە وەسفکراوەکانی تردا فەزای گشتی ڕۆمانەکە پێکدێنێ. بەڵام لە ڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا ڕۆماننووس تەنها ئاماژەیەکی خێراو لە ناکاو بە شوێنی ڕووداوەکان دەکات[٣٣٨] زۆر جار بەهۆی وەسفی شوێنەوە ژیانی تایبەتی کارەکتەر تیشکی دەخرێتە سەر لە ڕۆماندا و پەردە لەسەر لایەنە شاراوەکانی لادەدرێت . لەمبارەیەوە (بەلزاك) ((وەسفی شوێن بە حەقیقەتی کارەکتەر دەبەستێتەوە پێوایە شوێن ئاوێنەیەکە بۆ ئارەزوو سروشتیەکانی و بۆیەش شوێن لە توانایدایە شرۆڤەی ژیانی کارەکتەر بکات))[٣٣٩] لە وەسفکردنی شوێن سەرکەوتن ((تا رادەیەك بەندە بە شارەزایی ڕۆماننووس لەو ناوچەو شوێنانە کە کردونیەتە گۆرەپانی ڕووداو کارەکتەرەکانی))[٣٤٠]. ئەمە ئەگەر شوێنەکە شوێنێکی واقیعی بێت ڕۆماننووس بە دەستکارییەکی کەمەوە گواستبێتەوە ناو ڕۆمانەکە، بەڵام ئەگەر شوێنەکە خەیاڵی یا فانتازیا بێت دروستکراوی بیری ڕۆماننووس بێت, ئەوا پێویستە ڕۆماننووس ئاگاداری وردی هەبێت و گونجانێکی دروست لەنێوان ئەو کەرستانەی لە شوێنەکەو خودی شوێنەکە هەن دروست بکات. هەموو ئەم بۆ چوونانە، گرنگی شوێن و وەسفی شوێنە لە ڕۆمان و لە پرۆسەی گێڕانەوە دەردەخەن .

## ٢- وەسفی کارەکتەر لە ڕۆماندا :

وەسفی کارەکتەر لە ڕۆماندا بریتییە لەوەسفکردنی وێنەی کارەکتەر یا وەسفکردنی سروشت و خوڕەوشتی کارەکتەر، واتا وەسف یا هەڵوەستە لەسەر ڕووکاری دەرەوەی مرۆڤ دەکات و تیشك دەخاتە سەر ئەندامەکانی لەش، یا هەڵوەستە لەناخی مرۆڤ دەکات و تیشك دەخاتە سەر لایەنەکانی مەعنەوی و دەروونی و ڕەوشتییەکانی (( پەیوەندییەکانی نێوان وەسف و کارەکتەر هەروەها نێوان سروشتی کارەکتەر و بابەتی وەسف و خودی وەسفکراو پەیوەندییەکی پتەو بەرچاوە))[٣٤١], وەسفکردنی کارەکتەر بەتایبەتی لە ڕۆمانی کۆندا بایەخی خۆی هەیە و ڕۆماننووس پێش ئەوەی کارەکتەرێکی تازە بهێنێتە ناو ڕووداوەکانەوە ڕێرەوی گێڕانەوە ڕادەگرێ وەسفی جەستە و کورتەیەك لە ژیانی کارەکتەرەکە دەکات . هەروەها جلوبەرگیش

---

337– نظرية الادب، اوستن وارين و رينية ويلك، ت: محى الدين صبحي، ص٢٨٨ .

338– تقنيات السرد، امنه يوسف، ص٩٣ .

339– بناء الرواية، سيزا قاسم, ص١١٤ .

340– بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردی دا، تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان, زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٣ز.

341– في الوصفي، فيليب هامون, ت: سعاد التريكى , الطبعة الاولى , مطبعة سوتيبيا, تونس, ٢٠٠٣, ص٢٠٣ .

نیشانەیەکی باش بووە بۆ دەرخستنی چین و ئاستی ژیانی))[٣٤٢] , بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا کێشانی وێنەی کارەکتەر پەیوەندی بە لێهاتوویی ڕۆماننووسەوە هەیە، کە تەنها بە وەسفێکی رووکەش کارەکتەرەکان ناوەستێت، بەڵکو ئاماژە بە هەندێ تایبەتمەندی هاوبەش دەکات لەنێوان رەگەزی مرۆڤدا[٣٤٣]. ئەم جیاوازییەی نێوان ڕۆمانی کۆن و نوێ لە بارەی وەسفی کارەکتەردا پەیوەندی بە بۆچوونی ڕۆماننووسە کۆن و نوێکان هەیە لە بەرامبەر چەمکی کارەکتەر، کە لە ڕۆمانی کۆندا بریتی بووە لە کارەکتەری راستەقینە واتە کەسێك لە گۆشت و خوێن, ئەمەش لەو بڕوا قووڵانەیە کە دەبێ کارەکتەری ڕۆمان لاساییکەرەوەی واقیعی مرۆڤایەتی دەوروبەر بێت، لاساییکردنەوەش پشت بەلێکچوونێکی تەواو ببەستێت لەنێوان دوانەی کاتی گێڕانەوە و کاتی حیکایەتدا [٣٤٤] , بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا کارەکتەر وەکو (ڕۆلان بارت) دەڵێ: ((جگە لە دروست بوێك لە کاغەز هیچی تر نییە))[٣٤٥]. هەروەها لە ڕۆمانی کۆندا بە جۆرێك وەسفی باڵاو دەنگ و جل و بەرگ و کێش و حەزو ئارەزوو شادی و سەرکێشیەکانی کارەکتەر دەکرێت، تا وەك بوونەوەرێکی زیندوو, کە بوونێکی فیزیکی هەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت .

---

342– الفن الروائي، ديفيد لودج، ت: ماهر البطوطي، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة, الطبعة الاولى بدون مكان، ٢٠٠٣، ص٧٨-٧٩ .

343– السرد عند الجاحظ(البخلاء نموذجا)، فادية مروان احمد الونسة، اطروحة دكتورا، كلية الاداب, جامعة الموصل، ٢٠٠٤, ص١٨١-١٨٠.

344– تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، امنة يوسف, ص٢٥ .

345-مدخل الى التحليل البنيوي للقصص, رولان بارت,ت: د. منذر عياش, د. م, ١٩٩٣, ص٧٢ .

# پراكتیزەكردنی هونەری وەسف لە ڕۆمانەكانی

# ( كۆردەرە – هیچ – پاشایان كوشت – راز – دەغدو) دا:

## أ- وەسفی شوێن لە ڕۆمانی( كۆردەرە) دا :

لەبەر ئەوەی ئەم ڕۆمانە، بە ڕۆمانی كەسیەتی دادەنرێت و زۆربەی ڕووداوەكانی پەیوەندی بە ژیانی ئەكبەری شاكەس و هەندێ كارەكتەری ترەوە هەیە، كە زیاتر گێڕەرەوە دەیانهێنێتە سەر شانۆی ڕووداوەكان ، بۆیە دەبینین زۆر بەكەمی وەسفی شوێنی تێداكراوە, ئەو شوێنانەی كە لەم ڕۆمانە وەسفكراون بریتین لە: **(ژووری زیندانی, ژووری هوتیل, وەسفی شاری خانەقین ... هتد.)**

ئەكبەر وەسفی ئەو ژوورە دەكات, كە تیایدا زیندانی كراوە و دەڵێ : **(ژوور تاریك بوو ، هیچم نەدەدی تا كەوتمە پەلە پرتێو دەست و پەل بە چوار دەورا كێشان ، بۆم دەركەوت ژوورێكی سەخلەت و تەنگ و گەلێك بچكۆلانەیە بە دژوار دەتوانم پێ راكێشم ... ))**[346] لەم دەقەدا ڕۆماننووس، نەك تەنیا ویستویەتی لەڕووی بینای كاتەوە، بۆ ماوەیەك كاتی ڕووداوەكان راگرێ، بەڵكو بە شێوەیەكی بنەڕەتی مەبەستی ئەوەبووە, كە لە ڕێی وەسفەوە ژووری زیندانیەكە بە خوێنەر ئاشنا بكات .

لە نموونەیەكی تری وەسفی شوێندا (ئەكبەر) وەسفی ئەو ئوتێلەمان بۆ دەكات, كە لە دەرەوەی وڵاتدا تیادا ژیاوە و دەڵێ : **(( هوتێلە كە لە دارو تەختە دروستكراو بوو لە هەر كوێ یەوە بجوولانەوە ترپەی پا لەگوێ یدا دەنگی دەدایەوە ... ))**[347] لەم دەقەدا, ئەكبەر وەسفی ئوتێلە كەمان بۆ دەكات, كە چەند شوێنێكی خراپ بووە, كە بووەتە هۆی ئەوەی ماوەیەكی كەم كاتی ڕووداوەكان راگرێ، دواتر دەست بە گێڕانەوەی ڕووداوەكان بكات.

نووسەر بەم جۆرە وەسفی شاری خانەقین دەكات و دەڵێ : **((شاری خانەقین چون ئافرەتێكی ئازیز مردوو دەست بە ئەژنۆ لە ژێر هەوری تاڵی پڕ گاڵە گاڵی پایزدا ، لافاوی كۆردەرە ، شاری دوو شەق كردووە ، لەگەڵ خۆیدا تواناو تاموڵی بردووە ، شار لە تاوا كراسەكەی دادریوە ، فرمێسكی هەل هەلە دەكات ... ! غەم تا ناخ و مۆخی سەر ئێسكی بڕیوە ، چ شارێكی دڵ فراوان ... !! . وەك دایكێكی میهرەبان ، سفرەی بوو دیاری بۆ ئێمە و لێقەوماوان داخستووە ، سنگ و بەرۆكیشی بۆ لافاو ڕاخستووە ...))**[348] ئەم وەسفە, وەسفێكی جوڵاوە, چونكە تێكەڵی گێڕانەوە بووە بەهۆی رستەكانی(لافاوی كۆردەرە ، شاری دوو شەق كردووە- فرمێسكی هەل هەلە دەكات- سنگ و بەرۆكیشی بۆ لافاو ڕاخستووە) ئەمانە وایان كردووە ئەم جۆرە وەسفە كاتی گێڕانەوەی ڕووداوەكان رانەگرێت, بەڵكو بەهۆی گێڕانەوەكە دەرفەت بۆ روداوەكان رەخساوە بەرەو پێشەوە بچن.

---

346- ڕۆمانی كۆردەرە، ل١٢١ .

347- سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦ .

348- س. پ, ل١٤١ .

هەروەها گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی ئێوارەی شاری خانەقین دەکات و دەڵێ : **((ئێواران زەردی خۆر بەرەو سووردی دەرۆیشت تا لە ئاسۆدا خوێناوی دەبوو ، وەك خۆی بلاوێنێتەوە و شیوەنی شەوگارێکی درێژ بگێڕێ ، سەری تەعزیمی بەسەر ئەژنۆکانی یەوە نا ئومێدانە دائەهێنایەوە ... ))**[٣٤٩] ئەم وەسفەش، کاتی گێڕانەوەی رووداوەکانی راگرتووە و رۆماننووس ویستوویەتی جۆرە وەستان و ئارەزوویەکی تایبەت لای خوێنەر دروست بکات بۆ ئەوەی بزانێت دوای ئەو ڕاگرتنە، رێڕەوی رووداوەکان بە کوێ دەگات .

## ب- وەسفی شوێن لە رۆمانی (هیچ) دا:

وەسفی شوێن لەم رۆمانەدا، کەمتر لە وەسفی کارەکتەر بایەخی پێدراوە، ئەویش تەنیا لەچەند نموونەیەك زیاترمان بەرچاو نەکەوتووە, کە بریتین لە: **(وەسفی خانووی حازم, وەسفی خانووی حەمدیە, وەسفی سروشتی ناوچەی گەرمیان, ... هتد. )**

گێڕەرەوە بەم جۆرە وەسفی خانوو ناو ماڵی حازم دەکا و دەڵێ : **(( خانووەکەی زۆر زل و لەندەهوور پەردەی گوڵەنگ داری بەکەلپدوون پێچراو چو لاگیرەی کلاوزەر لە چەپ و راستی پەردە مەخمەڵەکاندا شۆڕکرابوییەوە. دیوەخانێکی گەورەی پان و پۆڕ لە دیوەخانەکەی ماڵی مارف ئاغا ئاچوخ ترو بەربلاوتر دەنوا . چەند جۆر قەنەفەی رەنگاورەنگی لێ دانرابوو، بەرگەکانی وێنەی کەڵەکێوی و سەگی راوی وتفەنگ و راوشکاری تیادا دەبینرا. لە دەوروبەردا مێزو تەپڵەکی گەورە و بچووك بەسەلیقەو ەدانرابوو. ))**[٣٥٠] ئەم وەسفە درێژە، تا ماوەیەکی دیار کاتی گێڕانەوەکەی راگرتووە و نەیهێشتووە رووداوەکان بەرەوپێش بچن، رۆماننووس ویستوویەتی لە رێی وەسفی کەرستەکانی ناو ماڵەکەی حازم ئاستی ئابووری پیشان بە خوێنەر بدات.

هەروەها گێڕەرەوە لەوەسفی خانووەکەی حەمدیەی خوشکی رەجەب دا دەڵێ : **(( خانووەکە لە دوو نهۆم پێك هاتبوو. لە نهۆمی یەکەم دا تەواوی دەرگای ژوورەکان بەسەر حەوشێکی ناوەندی دا دەیان نواڕی. لەناوەراستی حەوشەکەدا حەوزێکی شەش سووچی بە مەڕمەڕ رووپۆشکراو دامەزرابوو. لە چەقی حەوزەکەدا پەیکەری منداڵێکی بەردینی باڵدار لە زەکەریەوە ئاو فەوارەی دەبەستە نێو حەوزەکەوە. هۆڵێکی دەم کراوە، دوو گوڵتەی دوانزە سووچی دارین تەواو قەد بەکۆنگرەیەکی رەنگاو رەنگەوە چەسپابوو بەبن میچەکەوە. لەبندەستی هۆڵەکەوە پاپلیکانەیەك بەدوو پێچ دەکشایە نهۆمی دووهەم . ژوورەکانی نهۆمی دووهەم دەی نواڕی یە حەوشەی ناوەندی خوارەوە . راڕەوێکی دوو مەتری بە بەر ژوورەکانی دا سەر تا سەر دەگوزەرا. ))**[٣٥١] رۆماننووس لەم وەسفەدا, نەك تەنیا ویستوویەتی لەرووی بینایی کاتەوە، بۆ ماوەیەك کاتی رووداوەکان راگرێ، بەڵکو مەبەستی ئەوەی بووە, لە رێگەی ئەو وەسفەوە دیسان باری ئابووری ژیانی حەمدیەی خوشکی رەجەب نیشان بدات, کە بەهۆی کاری (سۆزانیکرنیەوە) توانیبووی پارە و پولێکی زۆر پەیدا بکات و جۆرە خانوێکی وا بکرێت .

---

349– رۆمانی کۆردەرە، ل٣٧ .

350– رۆمانی هیچ، ل١٢١ .

351– سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٦ .

هەروەها لەم رۆمانەدا, لەکۆمەڵێ پەرەگرافدا وەسفی سروشتی ناوچەی گەرمیانمان بەرچاو دەکەوێت, کە هەمووی تەنیا گێڕەرەوە( رۆماننووس) ئەنجامی داوە، وەك لەم دەقەی خوارەوە گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی ئەستێرە و مانگ و شەوی ئەو ناوچەیەی کردووە و دەڵێ : **((ئەستێرەکان لەرزۆك و ژلێژاو لە دوورەوە دەهاتنە بەرچاو مانگ ساردو بێ رەنگ، بە ئاسپایی بێ دەنگ . جارجار نیونیگا لەتوێی هەورە خرۆشاوەکانەوە، شەرمەزارانە، چو هەتیوێکی ئاوارە، ئاوڕێکی زەبوونانەی دەدایەوە. هەورەکان توند و تیژو بێ ئامان، چو درندە ئەفسانەیی یەکان بە یەك دا ئاڵان و جوێ دەبوونەوە . شەو تاریك و ڕێی باریك. سامی بێ دەنگیی شەو نیشتبووە دڵان و باری لەسەر لێوان. ))**[٣٥٢] ئەم وەسفە جوڵاوە, چونکە نەبووەتە هۆی وەستانی زەمەنی گێڕانەوە و دابرانی وەسفەکە لە ڕێرەوی ئەو گێڕانەوەیە .

لە وەسفێکی هەمان جۆردا گێڕەرەوە تابلۆیەکی رازاوە بۆ کاتی خۆر بەرەو ئاوابوونی دێنیەکە پێشکەش دەکات و دەڵێ: **((خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت، دیسان شەوێکی تاریك وسووت و کوێرو بێ دەرەتان . دیسان لە دایك بوونی ڕۆژێکی دی سەرتاپا پڕ لەژان، ڕۆژێکی ئامێتە بە ئێش تا مۆخی ئێسك. شەوێکی دی هاواری دڵۆپی سوێری فرمێسك . داڵە بۆگەن خۆرەکان، بەسەر ئاسمانی دێ وە داڵەش قڕانیانبوو. بێ زەحمەت و تەقەلا شاباڵەکانیان پەخش وبڵاوکردو ێوەو چاوی برسی و چاو چنۆکیان بریبویە گیان لەبەرانی نێو دێ))**[٣٥٣] ئەم وەسفەش جوڵاوە, چونکە نەبووەتە هۆی ئەوەی, کە لەرووی زەمەنەوە رووداوەکان بوەستن, بەڵکو بەهۆی گێڕانەوەکە دەرفەت بۆ رووداوەکان رەخساوە بەرەوپێشەوە بچن و نەوەستن.

هەروەها گێڕەرەوە لەم پەڕەگرافەشدا, وەسفی خۆرئاوابوونی ناوچەی گەرمیان دەکات و دەڵێ : **سووریی ئاسۆی خۆراوابوون، مژدەی ئومێدی لەباردەخست وگەرمیی دڵ و دەروونی خۆش باوەڕانی لەیەخچاڵی ناڕەوایی دا ساردو سڕو ڕچاو لێ دەکرد، چو دەمی مەنسووری تیکەتیکە هەڵواسراو، بە هەزاری ناخی چەوساوەکانی ڕێگای دێ شڕۆڵە باران نەدیوەکەی گەرمیان، وەك دووکەڵی ترومبێل و کەشتی یە شارەکانی جیهانی سەرمایەداری لە ئاسمان دا پەخش دەبویوە و مەرگی بێ دەنگی هەزاران ئۆخەی نەکردووی لە بیر دەبردەوە. ))**[٣٥٤]. ئەم وەسفەیە لەوانەیە تەنیا بۆ ئەو خرابێتە ناو دەقەکەوە، کە رۆماننووس دەیەوێ پشوویەك بە خوێنەری رۆمانەکەی بدات و تا ماوەیەکی کەم و دیار کاتی گێڕانەوەی رووداوەکان رابگرێت . و لابردنیشی کار ناکاتە سەر شێوەی دروستبوونی رۆمانەکە و گێڕانەوەکە تێك نادات و خوێنەر تووشی شلەژان ناکات .

## ج- وەسفی شوێن لە رۆمانی (پاشایان کوشت) دا:

زۆربەی وەسفەکانی شوێن لەم رۆمانەدا بە وەسفی وەستاو دادەنرێت, چونکە لەکاتی دەستپێکردنی ئەو وەسفانەدا، رەوتی کاتی گێڕانەوە دەوەستێ خوێنەر هەست بەوە دەکات, کە بەتەواوی گێڕەرەوە

352– رۆمانی هیچ، ل٢١ .

353– سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨ .

354– س. پ، ل٥٠ .

دەستی لەگێڕانەوەی ڕووداوەکان هەڵگرتووە. گرنگترین ئەو شوێنانەی کە لەم ڕۆمانە وەسفکراون بریتین لە:
**( دەواری میر کەیخوسرەوبەگ, ئەشکەوت, دەشتی هەمەدان, ... هتد .)**

گێڕەرەوە لە وەسفی دەواردا دەڵێ: **((دەواری ڕەنگین لە دووازدە لاوە بەزەویدا شەتەك درابوو. لە پۆپەکەیەوە فوازەکانی بەرەو خوار داهاتبووە خوارەوە ، تا بەرەو خوار دەهات تەختەکەی بەربڵاوتر دەبوو هەر سووچی فوازێکی بە گوریسێکی ڕەنگین بەمێخێکدا ئاڵابوو ، ناوی دەوار لە هەر چوارلاوە رازا بووەوە ، لەناوەراستەوە کۆڵەکەیەکی تێ هەڵدرابوو ، قەد و قامەتی تەنەی کۆڵەکەکە نەخش و نیگاری شێرو پڵنگ و جانەوەرانی جۆراو جۆری لێ هەڵکەنرابوو . سەنگینی تەواوی دەوارەکە لە چەقی سەرەوە کەوتبووە سەر کۆنگرەیەکی زیوینی سەر ستوونی کۆڵەکەکە گوڵەنگی ڕەنگاورەنگی گەورە و بچووك لە سووچی هەر گۆشەیەکەوە شۆڕ بوو بوووە ...))**(٣٥٥) ئەم وەسفە بۆ ماوەیەکی درێژ بۆتە هۆی وەستانی کاتی گێڕانەوەو مەبەستی سەرەکی نووسەریش، لەم وەسفە ئەوەیە, کە وێنەیەکی وەستاوی ئەو دەوارە بخاتە ناو ڕۆمانەکەوە, ئەگینا هیچ کاریگەریەکی لەسەر گەشەکردنی ڕووداوەکان نیە و لابردنی کار ناکاتە سەر شێوەی دارشتنی ڕۆمانەکە .

هەروەها گێڕەرەوە بەمجۆرە وەسفی ئەشکەوت و کەل و پەلەکانی ناو ئەشکەوتەکە دەکات, کە میرزای تیا دەژیا و دەڵێ: **((ئەشکەوتی بێ دەرودەروازە لەچەند گۆشە و کەناریدا چەندین کیتاوی تێدا هەڵخرابوو... گۆزەیەکی ئاو لە سووچێکدا سێ کوچکەیەکی بەردین دووکەڵ ڕەشیانی کردبووەوە . لووایەکی بۆر هەڵگەڕاو راخرابوو ...))**(٣٥٦). ئەم وەسفە، هەتا ماوەیەکی کەم ڕێی لەکاتی گێڕانەوە و پەرەسەندنی ڕووداوەکان گرتووە, لە ڕێگەی وەسفکردنی کەلوپەلەکانی ناو ئەشکەوتەکە و ڕۆماننووس ژیانگوزەراندی میرزا پیشان بە خوێنەر دەدات.

لە لایەکی تر نووسەر گرنگی بە وەسفکردنی سروشتی جوانی دەشتی هەمەدانی داوە, وەك دەڵێ :
**((سەرما سۆڵەی بەرەبەیانی سەرەتای پایزی دەشتی هەمەدان ، خاك و خۆڵی ڕچاندبوو ، خرمەی سمی ئەسپەکان وەك لە بەر دەڵاندا سم بنێن ، وا دەنگی دەهات ، زەردەی خۆرپە لە بەفر نیشتووەکانی چیای هەمەدانی دەبریسکاندەوە ، دەشتی دوور و دۆڵ دەربەندە دوورەکان ، شین لە چاودا دەنوان و مووچرکەی سەرمای دەخستە لەشەوە ... ))**(٣٥٧) ئەم وەسفە وەستاوە و بەشێکە لەوەسفی درێژ، کە بووەتە هۆی ئەوەی جارێکی ترکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان تووشی وەستان ببێ . هەروەها نووسەر بەم جۆرە وەسفی پۆلێ دار خورماکانی دەشتی هەمەدان دەکات و دەڵێ : **(( پۆلێ دار خورماکان ساقاتەکەی کەوانەی کردبوو ، هێندە بەری پێگەیشتووی پێوە ئاوێزان دەشەکایەوە ، باڵندەو پەلەوەرەکان هێندە ئاوی خورۆمانی شەرا ئاسای گەیشتویان خواردبووەوە . مەست و شەیدا چریکە و چریوەیان سەر خۆشی تێدا وە دەردەکەوت . ))**(٣٥٨) ئەم وەسفەش، هەتا ماوەیەکی کەم ڕێی لەکاتی گێڕانەوە و پەرەسەندنی ڕووداوەکان گرتووە. لەم

355– ڕۆمانی پاشایان کوشت، ل١٢ .

356– سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥ .

357– س. پ، ل١١٥ .

358– س. پ، ل١٢٦ .

جۆره وەسفەدا جۆره پەیوەندی و هەماهەنگیەك لەنێوان سروشت و باڵندەكان بەدی دەكرێ لە دەربڕینی خۆشی باڵندەكانی بە چریكە و جریوەنانەوە و گواستنەوەی خۆشیەكانیان بۆ دەوروبەریان, كە ئەمەش یەكێكە لە سیفەت و تایبەتمەندی یەكانی سروشت .

## د– وەسفی شوێن لە ڕۆمانی (ڕاز) دا:

سەرەتا گێڕەرەوە وەسفێكی جوانی ئەو هۆڵە لەبەرلین دەكات, كە دێریننا‌سی جیهانی كۆنفراسێكیان تێدا ئەنجامدا و دەڵێ : ( **هۆڵەكە هەزار كەسێكی تێ ترنجابوو . نەخش و نیگارو بنمیچ پایەكانی بە جوانی ئەندازەو وردەكاری و زەرافەتی میعماری سەردەمی ڕێنەسانسی نیشان دەدام ...** ))[359] ئەم وەسفە, بە وەسفێكی وەستاو بابەتی دادەنرێت، چونكە كاتی گێڕانەوەی ڕووداوەكان ڕاگیراوە دەرفەتی پێنەدراوە بەرەوپێش بچێت. لابردنیشی كار ناكاتە سەر ڕەوتی ڕووداوەكان و شیرازەی گێڕانەوەكە نا شێوێنێ .

هەروەها ڕۆماننووس وەسفێكی جوانی واقیعی شاری ئەسفەهان دەكات و دەڵێ : (( **لە خۆرِا نەوتراوە ، ئەسفەهان نیوەی جیهان، منارەی جوان هەڵچووی بە ئاسماندا ، گومەزی بازنەیی و هێلكەیین و ڕەحەتی نەوتی نەخش و نیگارداری جۆراوجۆر ، پرد و گۆرەپان و حەوزو فوارەی جوان و بازارچەی گەورە و بچووك ...**))[360] ئەم وەسفە كورتە ، تا ماوەیەكی كەم بووەتە هۆی وەستانی كاتی گێڕانەوەكە و ڕووداوەكانیش دواخراون ڕێ لە گەشە كردنیان گیراوە .

هەروەها گێڕەرەوە لەكاتی گەشتی كارەكتەرەكانی بۆ شاری ئەكباتان وەسفیكی جوان و ڕازاوەی دیوەارەكانی ئەو شارە دەكات و دەڵێ : ((**شار بە دیوارە ڕەنگاوڕەنگەكانیەوە چو خانمێكی جلوبەرگ ڕەنگین لە دەشتێكی چەند فرسەخیدا ، بەسەر چەندان تەپۆڵكە و بەرزاییەوە لەنگەری خستبوو . حەوت دیواری بەرز و بۆڵەندی یەك لە دوای یەك بە دەوری شاردا مارپێچ بازنەیان دابوو . هەر دیوارێك بە ڕەنگێك ، هەر سەد گەزێك قوللەیەكی چاودێری و دیدەوانی ڕوو بە دەرودەشت چەندان . سەربازی كڵاو ئاسنی تیا وەدی دەكرا . نێوان هەر دیوارێك دوو سەد گەز ماوەیان هێشتبووەوە و باڵا جۆگەیەك ئاوی تیا دەگێڕا . لە چوار لای شارەوە چوار دەروازە لە شوورەكانەوە كرابووەوە ...** ))[361] ئەم وەسفە وەستاو بابەتیە لەجۆری وەسفی درێژە، كە بووەتە هۆی ئەوەی كاتی گێڕانەوەی ڕووداوەكان لە بەردەوامیدا بوەستێت . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەركی واتایی (ڕاڤەیی) بینیوە, كە ڕۆماننووس ویستوویەتی لە ڕێی ئەم ڕۆمانەوە لایەنی شارستانی بە تایبەتی لە بیناسازی و لایەنی سەربازی ئەو وڵاتە بخاتەڕوو .

گێڕەرەوە لە پەرەگرافێكی تر دووبارە وەسفی ئەم شارە دەكات و دەڵێ : ((**... قولە حەوت ڕەنگەكەی شار نە دەگەیشتە پانوپۆڕی و ڕازاوەییی ساختمانی باخچەی هەڵواسراوی شاری بابل دا ، بەڵام لە زەرافەتكاریدا بە شاكارێكی میعماری دەژمێررا ، بە تایبەت ڕەنگەكانی ئاوی چاوی دۆست و دوژمنی سەندبوو**

---

359– ڕۆمانی ڕاز، ل١٢ .

360– سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣ .

٣٦١– س. پ، ل١٩٣

**. زیگوراتێکی مەوزوون پلەی جوان داتاشراوی مەڕمەڕین لەهەر چوار لاوە نهۆمەکانی بەیەکەوە پێوەند دەدا سەرکەوتنی هەموار دەکرد . نهۆمی پێنجەمین سپی و شەشەمین زیوین و دوانهۆمیش ئاڵتوونین لە هەر چوار لاوە دەبینرا بریقەی چەندان فەرسەخ دەڕۆیشت و ڕێبواری سەرسام دەکرد. ))**[٣٦٢] ئەم وەسفە وەستاو بابەتیە, گێڕەرەوە ئەنجامی داوە, هەتا ماوەیەکی درێژ خایەنی ڕێژەیی ڕێی لەکاتی گێڕانەوەو پەرەسەندنی ڕووداوەکان گرتووە.

هەروەها ڕۆماننووس سروشتی ناوچەی داڵەهۆی لەبیر نەکردووە, کە شوێنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەیە, بۆیە وەسفێکی جوانی سروشتی ئەو ناوچەیە لەشێوەی دیمەن دەخاتەڕوو. **(( ماشینەکەمان بە ژێر سێبەری دارو دروختدا تێ دەپەڕی ، چل و پەلوپۆی درەختەکانی چنگیان کردبوو بە یەکدا . سێوەڕێکی کرکای کرک سەری ڕێگەکەی داپۆشیبوو . تاو تاو هەتاو لە زەوی دەکەوت . ئاو بەسەر تاشە بەردەکاندا خورکەفی دەکرد و دەهاتە خوارەوە پلوسکی جادەکەی دەبڕی ، زۆربەی زۆری گا بەردەکان توێژێکی سەوز دایانی پۆشیبوو . دار بەڕووی سەدان سالەچەندان باوەش نەدەگەیشتە قەد و قامەتیا ، جۆرێك بە زەویدا چەسپابوون لق و پەلوپۆ و گرێ گریەکانی ئالابوون بەیەکدا ، داستانی سەدانساڵیان دەگێڕایەوە. ))**[٣٦٣] ئەم وەسفەش وەستاو بابەتییە جۆرێکە لە وەسفی درێژ ، کە بووەتە هۆی ئەوەی جارێکی تر کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان تووشی وەستان ببێت .

## هـ- وەسفی شوێن لە ڕۆمانی (دەغدو) دا:

وەسفی شوێن لەم ڕۆمانەدا بایەخێکی کەمی پێدراوە و پانتایەکی ئەو تۆی لەچاو ڕۆمانەکانی تری ئەم نووسەرەدا بۆ تەرخان نەکراوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وردی لەوەسفکردن چ ئەو وەسفانەی کە کورتن و چ لەوانەی درێژن هەیە. کە هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی ڕێی لەکاتی گێڕانەوە و پەرەسەندنی ڕووداوەکان بگرێت. بۆنموونە: سەنگەر بەم جۆرە وەسفی خانووە تازەکەیان لەموصل دەکات : **(( خانووەکە بریتی بوو لە دوو ژوور و هۆڵێك و نمایەکی خنجیلانەی هەبوو .. بڕی سەد و پەنجا مەترێك باخچەی لە پێشەوە و لە بنە دەستی دیواری شورەی شاری نەینەوادا بوو...))**[٣٦٤]. ئەم وەسفە وەستاو بابەتیە, هەتا ماوەیەکی کەم ڕێی لەکاتی گێڕانەوە و پەرەسەندنی ڕووداوەکان گرتووە.

سەنگەر لە دەقێکی تر بەم شێوەیە وەسفی ژوورەکەی خۆی دەکات: **(( ژوورەکەم هێشتا بۆنی گەچ و ڕەنگ و هەڵمی ساردی دەدا, تەنها پەنجەرەیەکی ڕوو بە ڕووی دیوارەکەی نەینەوای تیا بوو, کە دەمکردەوە بەردە چوار سووچەکە جوان داتاشراوەکانی شورەکە پڕی گلێنەم دەبوون .. ئاوێنەیەکی تەواو قەدی بە باڵای خۆم بەدیواری ڕوو بە ڕووی پەنجەرەکەوە داکوترابوو ... ))**[٣٦٥]. ئەم وەسفەش وەستاو بابەتیە, بۆتە

---

362– ڕۆمانی راز، ل[١٩٩–٢٠٠] .

363– سەرچاوەی پێشوو ، ل[١٠٧] .

**364**- ڕۆمانی, دەغدو, ل[٣٥] .

٣٦٥ - سەرچاوەی پێشوو, ل[٣٧] .

هۆی ئەوەی جارێکی تر کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان تووشی وەستان بێت, کە ڕۆماننووس ویستوویەتی لەڕێی ئەم وەسفەوە باری ئابووری خێزانی سەنگەر بە خوێنەر نیشان بدات.

هەروەها گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی خانوو کەل و پەلەکانی ناو خانووەکەی شۆخە دەکات:
**(( خانوویەکی بچکۆلانەی چەند خنجیلانە رازێنراوەتەوە, یەك دوو تابلۆی رەنگاو رەنگ, لە رەنگی پەردەی پەنجەرەکە بە دیواردا هەڵواسراوە .. سێ تاك موبیلیا ڕوو بە تەلەفزیۆنێك دەزگای ئستریو زیرەکانە بەشێك لە دیوارەکەیان داپۆشیبوو...))**[٣٦٦]. ئەم بڕگە وەسفیەش, هەمان ڕۆڵی وەسفەکەی تری گێڕاوە, بەڵام لێرەدا بۆ ماوەیەکی کەمتر کاتی گێڕانەوەکەی ڕاگرتووە.

## ٢- وەسفی کارەکتەر :

## أ- وەسفی کارەکتەر لە ڕۆمانی(کۆردەرە) دا:

**بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین جۆرەکانی وەسف لەم ڕۆمانە بکەین بەدوو بەشەوە:**

١- وەسفی وەستاو.

٢- وەسفی جوڵاو.

### ١- وەسفی وەستاو:

لەم جۆرە وەسفەدا, بە تەواوی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان رادەوستێ, تا ئەو کاتەی کە وەسفی کارەکتەرەکە کۆتایی دێ و ئەرکەکەی خۆی بەجێ دەگەیەنێت . بۆ نموونە ئەکبەر لە وەسفی عەبەی هاوڕێی قوتابخانەیدا دەڵێ: **(( سورو سپیو گۆشتن و بازۆڵە دارو تێرو پڕ ))**[٣٦٧] ئەم وەسفە کورتە و بووەتە هۆی ئەوەی, کە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان تا ماوەیەکی کەم بووەستێ و بەرەو پێش نەچێت .

هەروەها گێڕەرەوە لە وەسفی ئەو ئافرەتەی کە کلیداری خانەی (فتح الله) قەساودا دەڵێ : **((ئافرەت چ ئافرەت، دەڵەدێوێکی نا حاڵی دەنگەرەی جنێو فرۆش...))**[٣٦٨] ئەم وەسفەش رێی لە بەرەوپێش چوونی کاتی ڕووداوەکانی گرتووە و ماوەی وەستانەکەی کورتە، چونکە لێرەدا وەسفێکی کەمی شکل و شێوەی پیشانی خوێنەر داوە . یا کاتی ئەکبەر وەسفی مامۆستای سرودی دەکات و دەڵێ: **((زارو پەرێشان ریش هاتوو کولکن ژاڵێژاوو پرچ چلکن. ))**[٣٦٩] ئەم وەسفەش وەسفێکی وەستاوە, بۆتە هۆی ئەوەی تاماوەیەکی کەم کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بووەستێ.

لەم دەقەدا, ئەکبەر وەسفی (مستەفا) دەکات, کە لە ڕێگەی چوونی بۆ دەرەوەی وڵات بینوویەتی دەڵێ : **((کابرایەکی چوار پەل قەویی تێك سمراوی پەل و پۆ بڵاو دانیشتبوو دەستەی ناوەراستی کورسی یەکەی**

---

٣٦٦ -ڕۆمانی, دەغدو, ل١٧٢ .

367- ڕۆمانی کۆردەرە، ل٨٦ .

368- سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٨ .

369-س. پ، ل١٥٨ .

**داگیر کردبوو ، ڕواڵەت و سەرو گوێلاکی زۆر لە ئەسپ دەچوو. ))**[٣٧٠] ئەم وەسفەی مستەفا, کە ئەکبەر کردوویەتی ڕێی لە پەرەسەندنی ڕووداوەکان گرتووە و نەیهێشتووە بەرەو پێش بچێت. شەماڵ لە وەسفی (ئەلوەندا) ی کچی ئەکبەردا دەڵێ : **((جوانکیلە و لە سەرخۆ پێست ناسك و ئاوڕ ئارام ... پەرچەم ڕەش و نیگا گەش و ڕەزا شیرین و نازەنین کەنێن ... ))**[٣٧١] ئەم وەسفە دەرەکیەش تا ماوەیەکی کەم، کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕاگرتووەو پشوویەکی پێداون بۆ ئەوەی جارێکی تر دوای وەسفەکە دەست پێبکاتەوەو بەرەو پێش بچێت .

## ٢- وەسفی جوڵاو:

لەم جۆرە وەسفەدا، ڕۆماننووس زیاتر هەڵدەستێت, بە وەسفکردنی کردار و فیکرو هەڵوێست و باری دەروونی کارەکتەرەکان و ئەو وەسفانەش دەبنە بەشێك لە گێڕانەوەکە و کاتەکەیان تێکەڵ بەکاتی ڕووداوەکان دەبێ لێیان جیانابێتەوە, بۆ نموونە گێڕەرەوە بەم جۆرە وەسفی کرداری (فتح الله) لەڕابردوو دەکات و دەڵێ : **((فتح الله پێش ئەوەی ببێت بە قەساو، شوانی خەلك بووەو، بە شوانێکی دزو نامەردیش ناسرابوو، وردە، وردە ماڵاتی سەندوەو فرۆشتوویەتی، چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی بیان فرۆشێت . خوێ یەکی زۆری بەو ئاژەڵە بەسەزمانە ئەدا ئاوی لێ دەبرینەوە ، .. تا ڕۆژی فرۆشتن ئاوی ئەخستە بەر ماڵاتی تینوی خنکاو تا لە فرۆشتنا قورستر بن !!! ))**[٣٧٢] لەم دەقەدا، گێڕەرەوە لەوەسفی ڕواڵەت و ڕووخساری ئەو کارەکتەرە دوور کەوتۆتەوە خەریکی خستنەڕووی کرداری نەشیاوی ئەو کارەکتەرە بووە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەهەموو سیفەتەکانی هەبووە، لە بەر ئەوە ئەو وەسفە بووەتە وەسفێکی جوڵاو, لە ڕێی ئەمەوە کاتی گێڕانەوەکە بەردەوام بووە ڕێی لە پەرەسەندن و بەرەوپێش چوونی ڕووداوەکان نەگرتووە . ئەکبەر بەم جۆرە وەسفی فیکرو هەلوێستی باوکی عەبە دەکات و دەڵێ: **((هێندە نۆکەر سفەتانە بۆ ئینگلیزەکان دەستی نابوو بە سنگیەوە و سەری شۆڕ کردبوو چاویشی حیز بوو بوو ... لەگەڵ هەر فرین و هەڵتەکانێکدا هەزار بەڵێ قوربانی بۆ لە خۆی گەورە تری تیادا دەخوێنرایەوە))**[٣٧٣] , لەم دەقەدا, ئەکبەر کە باسی باوکی عەبە دەکات, باسی سیفەتی دەکات و بە نۆکەر ناوی دەبات بۆ ئینگلیزەکان و کردارەکانی بەدیار دەخات, کە سەر شۆڕ و چاو حیزبوو. ئەمەش پەیوەندی بەلایەنی دەروونی هەیە و هەلوێستی بەدیار دەخات, کە هەردەم ئامادەبوو بۆ خزمەتکردن لەخۆی گەورەتر, ئەم وەسفکردنە گێڕانەوەی تێدایە و کۆمەڵێ زانیاری دەربارەی کارەکتەر باوکی عەبە بە خوێنەر دەدات, وەسفەکەش کاتی گێڕانەوەکەی بەرەو پێش هەڵکشاوە و پەرەی بەڕووداوەکان داوە . گێڕەرەوە بەمجۆرە وەسفی کارەکتەرێکی تری ڕۆمانەکە بەناوی هەڵۆ دەکات و دەڵێ : **((... لە زۆر شت دا بیروڕای تایبەتی خۆی هەبوو ... لە سەرەتای زۆر قسەیدا مەرحەبایەکی دەکرد ، هەرمەرحابەی بکردایە ، مانای ئەوەبوو شتێکی پێیە بۆ وتن ... گاڵتەی بە زۆر شت دەکرد و زۆر شتی لەگەڵ**

---

370- ڕۆمانی کۆردەرە، ل١٩٠ .

371- سەرچاوەی پێشوو, ل٢٣٦ .

372- س. پ ، ل٢٨ .

373- س. پ ، ل٨٧ .

**یەکتردا بەراورد دەکرد و هەڵیدەسەنگاند ...))**[٣٧٤] گێڕەرەوە لایەنی دەروونی هەڵۆمان بۆ دەردەخات لە ڕێگەی ڕستەی (**گاڵتەی بە زۆرشت دەکرد**) بەکارهێنانی وشەی (**گاڵتە**) بۆتە هۆی نیشاندانی سیفەتی کارەکتەرەکە .

## ب– وەسفی کارەکتەر لە ڕۆمانی (هیچ) دا:

وەسفەکانی کارەکتەر لەم ڕۆمانەدا دەکرێت بە دوو بەشەوە :

١– وەسفی وەستاو.

٢– وەسفی جوڵاو.

## ١– وەسفی وەستاو:

لەم ڕۆمانەدا, ڕۆماننووس لەبەر جەنجەڵی گێڕانەوە و پرۆسەکانی مۆنۆلۆگ و فلاشباك لەزۆر شوێن پەنا دەباتە بەر پرۆسەی وەسفکردن، بەمەش جۆرێك لە وەستان یان خاوبوونەوەی بەرەو پێشچوونی کاتی ڕوودەدات.

بۆ نموونە گێڕەرەوە بەم جۆرە وەسفی معاونەسوور دەکات : ((**... معاونە سوور سەروگوێلاکی زۆر لە بۆق دەچوو، ڕوخسارو ڕوویەکی شل وشێوا وو بێ موو، چاوشەلەقاو، لێو سورەوە بوو. ))**[٣٧٥] ئەم وەسفە, تا ماوەیەکی کەم، کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕاگرتووە و پشوویەکی پێداون بۆ ئەوەی جارێکی تر دوای وەسفەکە دەست پێبکاتەوە و بەرەو پێش بچێت.

هەروەها گێڕەرەوە لە پەرەگرافێکی تر, بەم شێوەیە وەسفی ڕەجەبی مێردی گوڵچین دەکات لەو کاتەی دەچێتە لای حازمی هاوڕێی بۆ ئەوەی یارمەتی بدات . ((**ڕەجەب خومار و گێژو مەنگ و ڕیش هاتوو و چلکن . چمکێك لەکراسەکەی لە پانتۆڵەکەی هاتبووە دەرەوە، زنجیری پانتۆڵەکەی ئاواڵە و دەرپێ یەکەی لە چڵك دا ڕەشی دەکردەوە. جووتێك سۆلی بەنووکی پەنجەی پایەوە، بە زەوی دا ڕادەکێشا، پاوپلی، نینۆکەکانی لەچڵك دا توێژێك دای گرتبوو . جگەرەیەکی بەرماخی بەپەنجە لەرزۆکەکانیەوە گرتبوو، لە عاستی هەردووکونە لووتیەوە سمێڵ و پەنجەکانی لە دووکەڵ دا زەردبببوونەوە))**[٣٧٦] لەم دەقەدا, گێڕەرەوە وەسفی دیمەنی دەرەکی ڕەجەب دەکات، وەسفەکەش بووەتە هۆی وەستانی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان, تا ئەو کاتەی کە وەسفەکە کۆتایی هاتووە.

## ٢– وەسفی جوڵاو:

وەسفی جوڵاوە ئەو وەسفەیە, کە لەگەڵ ڕەوتی گێڕانەوەدا باس دەکرێت, کە نابێتە هۆی ڕاگرتن و وەستاندنی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان, چونکە وەسفەکە لەگەڵ گێڕانەوەکراوە و جووڵەی تێدایە. بۆیە ڕەوتی بەرێوەچوونی ڕووداوەکان تووشی خاوبوونەوە نەهاتووە و بەڵکو وەسفەکە لە چوارچێوەی گێڕانەوەدا

---

374– ڕۆمانی کۆردەرە,ل١٦٥ .

375– ڕۆمانی هیچ، ل٤٨ .

376– سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٧ .

دەرفەتی پێدراوە بەرەو پێشەوە بچێت و نەوەستێت. بۆ نموونە گێڕەرەوە بەم جۆرە وەسفی (حەمە ناجە) دەکات: ((**حەمە ناجە، حەمە لالیشیان پێ دەوت، وەختی خۆی لە شەڕدا پای پێکرا بوو،کاتێ هەنگاوی دەنا پای لەلاوە بۆ پێشەوە دەبرد. ئەو لەنگی یە لە خرزی و چالاکی حەمەی کەم نەکردبۆوە، بالای باریکی خۆش ئەندامی بە چاکی وە دەردەخست.** ))[٣٧٧] ئەم وەسفە دەرەکییە, وەسفێکی جولاوە , چونکە لە چوارچێوەی پرۆسەی گێڕانەوەکە ئەنجامدراوە و جوولەی تێدایە( هەنگاوی دەنا, پای لەلاوە بۆ پێشەوە دەبرد), بۆیە کاری نەکردۆتە سەر راگرتنی کاتی گێڕانەوەی رووداوەکان , بەڵکو هەر بەرەو پێشەوە رۆیشتوون و نەوەستاون.

هەروەها گێڕەرەوە لە وەسفی (قالە) دەڵێ: ((**قالە سەری برۆشتایە، نوێژی نەدەرۆیشت . ئاشقی ئافرەت بوو، بەتایبەت نەختەکێك گۆشتن . مانگی جارێ لێی دەهات و ئاشوفتە دەبوو . چ رۆژێ قسەو رەفتارو رەوتی تێك دەچوو، چوکەڵەگایەك دەی پرمان و لە هات و چۆدا زرمەو گرمەی دەهات. کە گۆرانی دەوت بەیتەکانی هەر هەمووی هەوەس جولێن و شەهوەت ئەنگێز بوو.** ))[٣٧٨] ئەم وەسفەش, وەسفێکی جولاوە, چونکە گێڕەرەوە ئەو وەسفەی لەگەڵ رەوتی گێڕانەوە گرێداون و بەردەوام دەبێ, مێشکی خوێنەر بەلای کۆمەڵێ زانیاری دەربارەی کارەکتەر رادەکێشێ.

گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی مەلا سەید حەکیم دەکات و دەڵێ : ((**ئەم مەلا سەیید حەکیمە، گۆزەیەك خوێنی بە دەستەوەیە، دۆڵ بە دۆڵ و دێ بە دێ، دەی گێڕێت. بڵێ خانەوێران، چ شەرێك بەم خەڵکە دەفرۆشێت ؟ خەڵك، نان نی یە بیخوات، هێزی نی یە هەڵسێ و بڕوا، شەوێك نا شەوێك، چەند دەست خاڵی یەك گلێر دەکەیتەوەو باسی رۆسەمی زاڵ و دێوە سپی و زوحاك و نەورۆزو کاوەناوێکیان بۆ دەکەیت...**
))[٣٧٩] دیارە گێڕەرەوە لەرێگای وەسفی کردارو رەفتارەوە باسی مەلا سەید حەکیم دەکات, کە چۆن لەپێناو بەرژەوەندی خۆی خەڵك دەروتێنێتەوە, ئەم وەسفەش وای نەکردووە کاربکاتە سەرکەمکردنەوەی خێرایی کاتی گێڕانەوەی رووداوەکان و لە هەمانکاتیشدا خوێنەری تووشی بێزاری نەکردووە, چونکە کاتی گێڕانەوەی رووداوەکانی خاونەکردۆتەوە, بەڵکو لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدا رووداوەکان لە رەوتی بەرەوپێشچوونی خۆیان نەکەوتوون.

هەروەها لە رێی گواستنەوەی دیمەنی (مارف ئاغا) لەکاتی بیستنی رووداوی کوشتنی دوو لە پیاوەکانی بە دەستی (محەی رێگر) دا, بەم شیوەیە وەسف دەکرێت: ((**... ئاغا شپرزەبوو، رووخساری چوپێستەی خۆشەکراوی لێ هات و رەش داگەڕا و ژلێژاوانە هەستاو وتی:...**))[٣٨٠] ئەم وەسفە, وەسفێکی جولاوە, کە لەرێیەوە وێنەیەکی فۆتۆکۆپی دەموچاوی کارەکتەر (مارف ئاغا) گیراوە, کە بەهۆیەوە رووداوەکان بەرەوپێشەوە رۆیشتوون و نەوەستاون.

---

377– رۆمانی هیچ ، ل١٣ .

378–سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦ .

379– س. پ، ل٤٩ .

380– س. پ، ل٦٠ .

## ج –وەسفی کارەکتەر لە رۆمانی (پاشایان کوشت) دا:

لەم رۆمانەدا, جۆرێك لە جۆرەکانی وەسفی کارەکتەر رۆماننووس کە زیاتر بەکاریهێناوە، ئەویش وەسفی سادەیە. وەسفی سادە ئەم جۆرە وەسفە بەوە جیادەکرێتەوە, کە لەریگای وەسفی کورت و زاڵ پێشکەش دەکرێن, کە تەنها هەندێ پێکهاتەی وەسفی بچووکی تێدایە، ئەمەش ئەو کاتە دەبێت, کە دەست هەڵدەگرێت لە سیفەت و پاژەکان وەك کورتکردنەوە لەکاتی وەسفکردنی کارەکتەرەکان لەسەر پێکهاتەی وەسفی زۆر کورت، وەك (**پیاوێکی کورت**) (**ژنێکی لاواز**) (**کچێکی قەڵەو**)[٣٨١] ، لەم جۆرە وەسفەدا وەسفی شت و کەل و پەلێك, یا کارەکتەرێك دەکرێت زۆر بە کورتی وێنەی بۆ دەکێشرێت, لەگەڵ ئەوشدا کاتی گێڕانەوەی رووداوەکان ڕادەوستێ و بەرەو پێش ناچێت . نووسەر لە (رۆمانی پاشایان کوشت)دا, هەوڵیداوە ئەم جۆرە وەسفە وێنە بکێشێت لەناو کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەکەیدا رۆماننووس وێنەی کارەکتەرەکانی بە شێوەیەك کێشاوە کەوا هەست دەکەی. لەبەر دەمتایە خودی گێڕانەوەی ئەم جۆرە وەسفە پەیوەندی بە بوونیادی گێڕانەوە و ئارەزووی رۆماننووسە, گێڕەرەوەی رۆمانەکە کە نووسەر خۆیەتی, کە وەسفێکی کورتی گوڵ ئەندام دەکات و دەڵێ : ((**رووی پەڕی ئاسای گوڵ ئەندام**))[٣٨٢] بە هەمان شێوە گێڕەرەوەی رۆمانەکە لە وەسفی میرزادا دەڵێ : ((**پرچ و زولف ئالۆزو خولاوی**)) بەم شێوەیە وەسفی میرزای کردووە . بۆ ئەوەی خوێنەر بەم جۆرەکارەکتەرە ئاشنا بکات کە لەناو رۆمانەکەدا هەن.

لە نموونەیەکی تردا گێڕەرەوەی رۆمانەکە وەسفێکی کورتی پیرەمێردەکەی سەر سەکۆکە دەکات, کە خەلکی لێی خڕببونەوە و دەڵێ: (( **پیرەمێردێکی سەرووریش و زولف ئالۆز** ))[٣٨٣] لەم نموونەیەدا (ئەحمەد پاشای بابان) لەگەڵ (ئەحمەد بەگی خەزنەدار) گفتوگۆ دەکەن سەبارەت بە پێدانی مووچە بەسەربازانی بەبە, کە (ئەحمەد بەگی خەزنەدار) وێنەیەکی کورتی ئەو شتە وەسفکراوە تێکەڵ بە ڕەوتی گێڕانەوەکە دەکات, بەڵام لە کاتێکدا کە وەسفی دیالۆگییە لەنێوان گفتوگۆی ئەو دوو کەسایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت و دەڵێ : ((**چەکدار و سەرباز وەك سەگ وان تا برسیان بێ باشتر پەلامار دەدەن** ))[٣٨٤] لە پاڵ پێکهاتەکانی تری ناو رۆمانەکەدا رۆماننووس بایەخی بە وەسف داوە بە تایبەتی ئەم جۆرە وەسفە, کە بۆ ئەوەی وێنەیەکی کورت و پڕ مانا بە خوێنەر ببەخشێت .

---

[381]– الوصف في الرواية العراقية (دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف (١٩٣٧–١٩٤٠) رسالة ماجستر، عبدالامير فيلى الساعدى، كلية الاداب، جامعة بغداد، ٢٠٠٠، ص٤١ .

[382]– رۆمانی پاشایان کوشت، ل٢٠ .

[383]– سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦ .

[384]– رۆمانی راز ، ل١٣٤ .

## د- وەسفی کارەکتەر لە رۆمانی (راز) دا:

وەسفەکانی کارەکتەریش لەم رۆمانە بریتین لە: (وەسفی وەستاو + وەسفی جولاو)

### ١ - وەسفی وەستاو:

د. پیران وەسفێکی جوانی هوسێن ئاغا دەکات. ئەو هوسێن ئاغایەی کە بە فەرمانی ئەفسەری گوزەرنامەی ئێران کە رواتەی مللی پیران بە مقەست دەکات بە دوو کەرتکەوە. دەڵێ: **((کابرایەکی چڵکن سەروریش پۆخڵی چاو شەڵەقاو کە دووکەڵی جگەرە دەست و پل وپێ و لەوس و سوێڵ و پیشی ژێر لێوی زەرد کردبووەوە ...))**(٣٨٥). ئەم وەسفەی هوسێن ئاغا لەلایەن د.پیرانەوە, بۆتە هۆی ئەوەی جلەوی کات شل بکات, یاخود خاوی بکاتەوە و کاتی گێڕانەوەکە لە جووڵە بوەستێنێ و رێی لە پەرەسەندنی رووداوەکان بگرێت.

گێڕەرەوە لەشوێنێکی دیکەی رۆمانەکەدا, کاتێ وەسفی یەکێکی تر لەکارەکتەرە سەرەکیەکان بەناوی فراولە دەکات و دەڵێ: **((فراولە رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو ، بێ تاقەتی و بێ حەوسەڵەگی لە روویدا ، کەم و زۆر نیشتەجێ بووبوو. ))**(٣٨٦) , ئەم وەسفە دەرەکییە بۆتە هۆی ئەوەی کاتی گێڕانەوەی رووداوەکان بۆ ماوەیەکی کەم بووە ستێ و بەرەو پێش نەچێت .

هەروەها گێڕەرەوە لە وەسفی یەکێ لەپیاوەکانی هارپاك دا دەڵێ : **((پڕ بە دەرگە نێرە حەیتەیەکی زل زەلام ، ناوشان پان ، بازۆڵە ئەستوور ، سنگ فراوان ، هەر بازۆڵەیەکی سەرین متەکایەك دەبوو . خۆ مایچەکانی گەردنی چو ڕەگی دار بەڕوو پێچیان خوارد بووەیەکدا ، سنگی بەرد ئاشت لەسەر بشکاندایە, ... ))**(٣٨٧) ئەم وەسفەی گێڕەرەوە رێی لە بەرەو پێش چوونی کاتی رووداوەکان گرتووە, تا ئەو کاتەی کە وەسفی کارەکتەرەکە کۆتایی دێ و ئەرکەکەی خۆی بەجێ دەگەیەنێ .

### ٢- وەسفی جولاو:

رومانتووس لەوەسفی هەندێ لە کارەکتەرەکانی رۆمانەکەیدا, بەردەوامی بەگێڕانەوەکە داوە, وەك لە وەسفی دکتۆر خالید دەڵێ : **((دکتۆر خالید رەنگی زەرد هەڵگەڕابووەوە ، دەماری ملی هەستابوو ، پرووزەی عەرەق بە روویەوە دەبریسکایەوە ، دەستە سرەکەی لە گیرفان دەرهێنا و رووی سری و چەند قوم ئاویشی خواردەوە ، ئارامتر وتی: ...))**(٣٨٨) ئەم وەسفە دەرەکیە جولاوە، چونکە نەبۆتە هۆی راوەستانی کاتی گێڕانەوەکە، بەڵکو درێژەی پێداوەو بەرەو پێشی بردووە .

گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی ئاخوندەکان دەکات و دەڵێ : **((یەك دوو ئاخوندی سەر سپی و سەرڕەش لە پێش خەڵکەکەوە شتیان ڕادەوەشاند و لە حیرس و جۆشدا ڕەگی ملیان چو چۆلەکە**

---

385- رۆمانی راز، ل٢٥ .

386- سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤ .

387- س. پ، ل٢٠٦ .

388-س. پ, ل١٥ .

**دەفڕی.)**[٣٨٩] گێڕەرەوە لەم دەقەی ڕۆمانەدا حاڵەتی تووڕەیی و شت راوەشاندنی دوو ئاخوندە سەر سپییەکە بەرامبەر دکتۆر شەفیعی و کرێکارەکانی دەکات . ئەم جۆرە وەسفەش , بۆتە جۆرێك لەوەسفی جولاو رێی لە بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە نەگرتووە .

## هـ- وەسفی کارەکتەر لە ڕۆمانی (دەغدو) دا:

سەنگەر لەم دەقەدا, وەسفی دایکی دەکات, لەکاتی چوونیان بۆ شارۆچکەی زوبێر، دەڵێ : **((دایکم ژیر بوو بوویەوە ، چاوی سوور هەڵگەرابوو ، دەینواڕیە ئەو خەڵکانەی لە ملاو لەولای سکەکە دابوون))**[٣٩٠], لەم دەقەدا سەنگەر وەسفێکی بابەتی دایکی کردووە، و ئەم وەسفەش وەسفێکی جولاوە, نەبۆتە هۆی راگرتنی کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان.

گێڕەرەوە لە وەسفی دوو سێ سەربازی ناو شەمەندەفەرەکەدا دەڵێ : **((دوو سێ سەربازی تەپڵە سووری باڵا بازووی چاو زاقی پەلا ماردەر هاتنە نێو فار گونەکەوە ... ))**[٣٩١], گێڕەرەوە لەم دەقەشدا وەسفێکی بابەتی بۆ ئەو دوو سێ سەربازەی کردووە, کە دێنە ناو فارگۆنی شەمەندەفەر لەئێستگەی سەماوەدا, لەجۆری وەسفی وەستاوە، چونکە بووەتە هۆی وەستانی کاتی گێڕانەوەکە و رێی لە پەرەسەندنی ڕووداوەکان گرتووە .

هەروەها سەنگەر لە وەسفی خەمیس دەڵێ: **((خەمیس ، لە هۆزی (شەمەر) بوو ، کردار و رەفتاری و هەتاوەکو گفتاریشی (بەدو) یانە بوو ، بە دەنگی بەرزو بە پەلە قسەی دەکرد ...))**[٣٩٢] جۆری ئەم وەسفە وەسفێکی جولاوە ، چونکە نەبووتە هۆی وەستانی کاتی گێڕانەوە، بەڵکو درێژەی پێداوە و بەرەو پێش بردووە .

هەروەها سەنگەر لەشوێنێکی تری ڕۆمانەکە بەم شێوەیە وەسفی (خەیمە) دەکات و دەڵێ: **((لە گەرەکەکەماندا ، کچێکی چاو مەستی تەپو تۆلا لەکاتی هاتوچۆکانەی دەزانی و دەهاتە بەر دەرگەکەیان و، بە چاوانی یەخەی پێدەگرتم شەرفرۆشانە ئاماژەی دەکرد. ))**[٣٩٣] جۆری ئەم وەسفەش جولاوە, چونکە نەبۆتە هۆی وەستانی کاتی گێڕانەوە, بەڵکو درێژەی پێداوە و بەرەوە و پێشی بردووە .

---

389– ڕۆمانی راز، ل٧٢ .

390– ڕۆمانی دەغدو، ل٦ .

391– سەرچاوەی پێشوو، ل٧ .

392– س. پ، ل٢ .

393– س. پ، ل٢١ .

# ئەنجام

# ئەنجام

## لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە کۆمەڵێ ئەنجام کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١– لە رۆمانی (کۆردەرە– هیچ– راز– دەغدو)دا, هەردوو جۆری دیالۆگی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەبینرێت، بەڵام لە رۆمانی (پاشایان کوشت)دا, جۆری دیالۆگی راستەوخۆ زۆر بەکەمی دەبینرێت, ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی رێژەی دیالۆگە ناراستەوخۆکان لەم رۆمانەدا زۆربن. هەروەها هونەری دیالۆگ سەرەرای بینینی ئەرکی جۆراوجۆر، ئەرکی هاوسەنگ کردن و لەیەك نزیکبوونەوەی نێوان کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوە دەگێڕێت.

٢– مەبەستی رۆماننووس لە دیالۆگەکاندا گفتوگۆی حیکایەتەکە نیە، بەڵکو مەبەستی گەیاندنی ناوەڕۆکەکەیەتی لەرووی مەسەلەی نەتەوایەتی و کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

٣– لە رۆمانی (کۆردەرە– هیچ– راز– دەغدو)دا, هەردوو جۆری مۆنۆلۆگ بەکارهاتوون، بەڵام لەرۆمانی (پاشایان کوشت)دا زۆر بەکەمی هونەری مۆنۆلۆگ بەکارهاتوون و لە جۆری ناراستەوخۆن و زۆرنین بەناو ناخی کارەکتەرەکان قوڵ نەبۆتەوە. ئەو مۆنۆلۆگانەی کە لە رێی راناوی (ئەو)ەوە پێشکەش کراون, دەچنە خانەی مۆنۆلۆگی ناراستەوخۆ, ئەوانەش کە لە رێی راناوی (من)ەوە پێشکەش کراون, بە مۆنۆلۆگی راستەوخۆ دادەنرێت و مۆنۆلۆگە راستەوخۆکانیش قوڵبوونەوەی زۆریان تێدا هەیە.

٤– هەندێ مۆنۆلۆگ هەن بەشێوەی پرسیارن و هەندێکی دیکەش بەشێوەی ئاسایی مۆنۆلۆگ پێشکەش کراون.

٥– بەکارهێنانی هونەری دواخراوی دەرەکی و ناوەکی و ئاوێتە, لەهەریەکە لەم رۆمانانەدا بەشێوەیەکی جیاواز بەکارهاتووە, وەك لە رۆمانی (کۆردەرە– هیچ– راز– دەغدو), نووسەر بۆ هەر جۆرێکی هونەری دواخراوی پشتی بەچەند نموونەیەك بەستووە, بەڵام لەرۆمانی (پاشایان کوشت)دا, رێژەی بەکارهێنانی ئەم هونەرە زۆر کەمە. لەچەند نموونەیەك زیاتر بەکارنەهاتووە.

٦– نامە و بیرەوەرییەکانی (ئەکبەر) کارەکتەری سەرەکی لە رۆمانی (کۆردەرە)دا بوونەتە هۆی:

أ– دواخراوی دەرەکی پتر هەر لەم رۆمانەدا بەکاربێت و هەر ئەمەش بووەتە هۆی رێکخستنی کاتی گێڕانەوەکە.

ب– هەردوو راناوی (من) و (ئەو) تا رادەیەك بە رێژەیەکی یەکسان بەکاربێن.

٧– گێڕانەوەی رووداوەکان بەهۆی هونەری پێشخراوی دەرەکی و ناوەکی و دووبارەکراوە, وەك یەك لە رۆمانەکاندا بەکارنەهاتووە, لە رۆمانەکانی (کۆردەرە– هیچ– راز– دەغدو) دا, رۆماننووس ئەم هونەرەی بەهەرسێ جۆرییەوە لە رۆمانەکانی بەکارهێناوە, بەڵام لە رۆمانی (پاشایان کوشت) دا, تەنیا پێشخراوی دەرەکی و ناوەکی بەکارهێناوە.

٨– رۆماننووس بۆ ئەوەی بەکورتی باسی هەندێ رووداوی لاوەکی و کەم بایەخ بکات پەنای بردۆتەبەر هونەری کورتکردنەوە و لابردن, بەمەش بۆتە خێراکردنی کاتی گێڕانەوە و رەوتی رووداوەکان.

٩- هونــەری دیمــەن لــە رۆمانەکانــدا بەهــەردوو شــێوەی دەرکــەوتووە، یــەکێکیان لــەڕێی دیــالۆگی نێــوان کارەکتەرەکان ئەنجامدراوە, ئیدی لەبارەی هەر رووداوێکەوە بووبێ. دووەمیان لە رێگــەی کــامێرەی هونــەری, بەگرتنی وێنەی رووداوەکان بەشێوەیەکی زیندوو تاك وتەرای لە جووڵە و هێمای کارەکتەرەکان دەبینرێ.

١٠- کارەکتەرەکان لەناو دەقی رۆمانەکاندا, بایەخێکی تریان پێدراوە، چـونکە بەمەبەسـتی ئـەو کارەکتەرانـە خراوەتــەڕوو. کارەکتــەرەکان مێــژووی میللەتەکــەی خۆمــانن، لەلایــەکی تــردا نــەوەی ئــەمڕۆیانی پــێ هوشیارکردۆتەوە، ئەگەرچی هەندێ جار بەناو کێشە کۆمەڵایەتەکانـدا شـۆڕدەبێتەوە، ئـەویش مەبەسـتی ئـەوە بووە مەسەلە مرۆڤایەتیەکان بخاتەڕوو.

١١- رۆماننووس لە وەسفی کارەکتەرەکانی زیاتر گرنگی بەوەسـفی شـێوەی دەرەوەی کارەکتــەرەکانی داوە، کەمتر چۆتە ناخی کارەکتەرەکان و وەسفی ناوەوە و بیرکردنەوەکانی کردووە.

١٢- وەسفی شوێن لە هەندێ رۆمانەکاندا زۆربەکەمی بەکارهاتووە, بەتایبەتی لە رۆمانی (هیچ و دەغـدو) دا، بەڵام بەگشـتی وەسـفی شـوێن لـە رۆمانەکانـدا زیـاتر وەسـفی دەرەوەی شـوێن کـراوە, زۆر بەکـەمی وەسـفی ناوەوەی شوێنەکان کراوە.

١٣- هەروەها وێنە وەسفیەکانی سروشت، تەنیا ئەرکی رازاندنەوەی دەقەکانیان پێ سپێردراوە و لابردنیشیان کارناکاتە سەر ڕێڕەوی گێڕانەوەی رووداوەکان، بەڵکو بەهۆی بوونیانەوە کاتی خوێندنەوەی دەقەکان درێژ دەکات، وەك لە توێژینەوەکەمان ئاماژەمان پێکردووە.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان:

### رۆمانەکان


١-پاشایان کوشت، خوسرەو جاف، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٢-دەغدو، خوسرەو جاف، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، ٢٠١٣.

٣-راز، خوسرەو جاف، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١١.

٤-کۆردەرە، خوسرەو جاف، مطابع دار الجماهیر للصحافة، بەغدا، ١٩٨٩.

٥-هیچ، خوسرەو جاف، چاپخانەی (الحوادث)، بەغداد، ١٩٩١.


### کتێبەکان


١-ئەندێشە جوانەکانی رۆح لە چیرۆکی هونەری کوردیدا، رەوف حەسەن، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر، ٢٠٠٥.

٢-بەرەو ئاستانەی رۆمان و گۆشە نیگاکان، عەبدوڵڵا سەڕاج، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٧.

٣-بنیاتی جۆرەکانی رووداو لە رۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا ساڵی (١٩٨٥-١٩٩٠)، رێزان عوسمان مستەفا، لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر،٢٠١٠.

٤-بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپیەکان)ی بەختیار عەلی، سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی، چ١، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩.

٥-بونیاد. زمانگەری لە خوێندنەوەی رۆماندا ژانی گەل وەك نموونە، محەمەد نوری ئەحمەد، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦-بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا , ١٩٧٠ - ١٩٨٠ ، ئەحلام مەنسور، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ١٩٩٩.

٧-بینای هونەریی چیرۆکی کوردی ، پەرێز سابیر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٠.

٨-بینای کات لەسێ نموونەی رۆمانی کوردیدا (ژانی گەل، شار، راز)، نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٩-پلۆت لە چیرۆکی کوردیدا ساڵی ١٩٩٥-٢٠٠٥، بوشرا کەسنەزانی، چاپخانەی لەریا سلێمانی، ٢٠١٢.

١٠-تەکنیکی گێڕانەوە لە رۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، جەلال ئەنوەر سەعید، بەڕێوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٩.

١١-چیرۆکی نویێ کوردی، حەسەن جاف، چاپخانەی علاء، بەغداد،١٩٨٥.

١٢-چیرۆکی هونەری کوردیی (شێوە، شێواز ، بونیاد)، زاهیر رۆژ بەیانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧ .

١٣–ديداری رۆمانی كوردی، كۆكردنەوه و ئاراستەكانی گۆشە نیگا لەگێڕانەوەی رۆمانی (باڵندەكانی دەم با)دا، سیامەند هادی، چاپی یەكەم، چاپخانەی شەهاب– هەولێر، ٢٠١٣.
١٤–رەگەزەكانی دراما لە شیعری لیریكی كوردی دا كرمانجی خواروو ١٩٨٠– ڕاپەڕین، پەروین عەبدوڵلا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
١٥–رۆمان و پیشەی نووسینی رۆمان، ئەدوارد بلشن– دایاند وبنتفاید، وەرگێڕانی بۆ عربی سامی محمد ئەژی گۆران لە عەرەبییەوە كردویەتی بە كوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی، بەغدا، ١٩٨٢.
١٦–كورتیله چیرۆكی كوردی لە باشووری كوردستاندا (١٩٧٠–١٩٧٩)، ئازاد محەمەد سەعید، چاپی یەكەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر, ٢٠١٣.
١٧–گفتوگۆ لە رۆمانی كوردیی كرمانجی خوارووددا (١٩٩١–٢٠١٣)، د. جەلال ئەنوەر سەعید، چاپخانەی كەمال، سلێمانی، ٢٠١٣.
١٨–گۆشەنیگا لە رۆمانەكانی سەبری سلێڤانی دا، د. بەیان ئەحمەد حسێن ئامێدی، چاپی یەكەم, چاپخانەی شەهاب, هەولێر, ٢٠١٣.
١٩–گێڕانەوە لە چیرۆكەكانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دا، د. پەری ساڵح موفتی، بلاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەكەم، هەولێر،٢٠١٢.
٢٠–لێكۆڵینەوەی شیكاری لەبارەی رۆمانی كوردییەوە، د. نەجم ئەڵوەنی، دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠١.
٢١–نووسینەكانم لە بواری رەخنە و لێكۆڵینەوەدا سالانی ١٩٥٥–١٩٨٨، حسێن عارف، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.
٢٢–هەنبانە بۆرینە– هەژار، فەرهەنگی كوردی– فارسی، چاپ ششم، تهران، ١٣٨٨.

## نامە زانكۆییەكان:

### أ– نامەی دكتۆرا:

١– بینای شوێن لە دوو نموونەی رۆمانی كوردیدا، تانیا ئەسعد محەمەد ساڵح، نامەی دكتورا، كۆلیجی زمان، زانكۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٦.
٢–شەپۆلی هۆش لە رۆمانی كوردی باشوری كوردستاندا ( بە دیالێكتی كرمانجی ناوەراست) (١٩٧٢– ٢٠٠٢) ، دیار فایەق، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی، سكولی زمان, ٢٠١٣.

### ب– نامەی ماستەر:

١–تەكنیكی گێڕانەوە لە رۆمانەكانی (عەبدوڵلا سەراج) دا, رێزان رەحمان خدر, نامەی ماستر, كۆلێژی پەروەردە, زانكۆی سەلاحەدین, هەولێر, ٢٠٠٧.
٢–تەكنیكی وەسف لە رۆمانەكانی (بەختیار عەلی)دا, كاروان مەهدی عوسمان, نامەی ماستر, كۆلێژی زمان, زانكۆی كۆیە, ٢٠٠٨.

٣-سيما تازەكانى رۆمانى كوردى لەنێوان سالآنى (١٩٩١-٢٠٠٠)، كارزان موحسين قادر، نامەى ماستەر كۆلێژى زمان، زانكۆى سەلآحەدين، هەولێر، ٢٠٠٩ .

## گۆڤارەكان

١-تەكنيكى دايەلۆگ لـە هەنـدێ نموونـەى هاوچـەرخى كورتـە چـيرۆكى كورديـدا، د. نـەجم خالـد نجـم الـدين، گۆڤارى زانكۆى زانستە مرۆڤايەتيەكان، ژمارە(٢٤)، هەولێر، ٢٠٠٥.
٢-تەكنيكى شەپۆلى هۆش لە رۆمانـەكانى (حەسـار و سـەگەكانى بـاوكم)ى (شـێرزاد حەسـەن)، مـەهاباد ازاد، گۆڤارى (واتە)، ژمارە (٤)، سالى يەكەم تەمووزى ٢٠٠٨.
٣-رۆمان چييە؟ مالكم برادبـرى، وەرگێرانـى لەفارسـييەوە جـەواد مسـتەفا سـتۆپەى، گۆڤـارى رامـان، ژمـارە (٤٨)، حوزەيرانى ٢٠٠٠.
٤-شێوەكانى تەكنيك لە چيرۆكى سالآنى دواى ١٩٧٠، حسێن عارف، گۆڤارى (رۆشنبيرى نـوێ)، ژمـارە(٦٣) ، ١٩٩٧.

## سەرچاوە عەرەبيەكان

## الكتب

١-اساليب السرد في الرواية العربية ، د. صلاح فضل ، دار المدى للثقافة والنشر ، دمشق ، ط١، ٢٠٠٣.
٢-اشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد – د. يوسف و غليسي – الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف – الطبعة الاولى, ٢٠٠٨ .
٣-الألسنية والنقد الأدبي في النظرية والممارسة، د. موريس ابو ناضر ، دار النهار للنشر، بيروت ١٩٧٩.
٤-بناء الرواية ( دراسة مقارنة في ثلاثية نجيب محفوظ) سيزا قاسم ، دار التنوير للطباعة الطبعة الاولى، بيروت, ١٩٨٥.
٥-بناء الرواية، د. عبدالفتاح عثمان ، مكتبة الشباب، مصر ، ١٩٨٢ .
٦-بناء الزمن في الرواية المعاصرة ، د. مراد عبدالرحمن مبروك , الهيئة المصرية العامة للكتاب ، ١٩٨٨.
٧-البناء الفني لرواية الحربية في العراق (دراسة لنظم السرد والبناء في الرواية العراقية المعاصرة) ، د. عبدالله ابراهيم ، الطبعة الاولى ، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٨.
٨-بنية السرد في القصصي الصوفي- المكونات، والوظائف، والتقنيات، د. ناهضة ستار، اتحاد الكتاب العرب، دمشق,٢٠٠٣ .

٩-بنية الشكل الروائي، حسن بحراوى، المركز الثقافى العربي الدار البيضاء، بيروت ١٩٩٠.
١٠-بنية النص السردى من منظور النقد الادبي، د. حميد لحمدانى، المركز الثقافي للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٠.

١١–تاريخ الرواية الحديثه, ر. م. البيريس، ت: جورج سالم، الطبعة الاولى، منشورات عويدات، بيروت – لبنان، ١٩٧٥.

١٢–تجربة سليمان القوابعة الروائية، د. عبدالله مسلم الكسابة، الطبعة العربية، عمان– الاردن، ٢٠٠٦.

١٣–تحليل الخطاب الروائي ( الزمن – السرد – التبئير ) سعيد يقطين، المركز الثقافي العربى، بيروت الدار البيضاء ، ١٩٨٩.

١٤–تقنيات السرد ، برنار فاليط، ت، رشيد بنحدو، الهيئة العامة للشؤن المطابع الاميرية، ١٩٩٩.

١٥–تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، امنة يوسف، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والطبع سورية– لاذقية،١٩٩٧.

١٦–تيار الوعي في الرواية الحديثة، روبرت همفري، ترجمة دكتور محمود الربيعى، دار المعارف، مصر، الطبعة الثانية ، ١٩٧٥.

١٧تيار الوعي في الرواية العربية الحديثة، دراسة اسلوبية، د.محمود غنايم، الطبعة الثانية دار الجيل، بيروت، ١٩٩٣.

١٨–تيار الوعي في الرواية المصريه المعاصرة ، د. محمود الحسينى، مطبوعات الرافعي – طنطا – ١٩٩٥ .

١٩–جماليات التشكيل الروائى، د. محمد صابر عبيد، د. سوسن هادى جعفر البياتى، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية، ٢٠٠٨.

٢٠–الحوار القصصي تقنياته و علاقاته السردية، فاتح عبدالسلام، الطبعة الاولى ، المؤسسة العربية للدراسات والنثر ، بيروت ، ١٩٩٩ .

٢١–خطابة الحكاية– بحث في المنهج، جيرار جينيت، ت: محمد معتصم و عبدالجليل الازدي و عمر حلي، الطبعة الثانية، ٢٠٠٠.

٢٢–دليل النقاء الادبي .. اضاءة لاكثر من سبعين تيارا و مصطلحا نقديا معاصرا – د. ميجان الرويلي – د.سعد البازعي – المركز الثقافي العربي – الطبعة الخامسة – ٢٠٠٧ .

٢٣–الرواية العراقية وقضية الريف ، باقر جواد الزجاجى، دار الحرية للطباعة ، العراق بغداد ، ١٩٨٠ .

٢٤–الزمن والسرد القصصي في الرواية الفلسطينية المعاصرة بين ١٩٧٣–١٩٩٤، د. محمد ايوب, دار سندباد للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠١.

٢٥–الشعرية – تزفيطان طودوروف – ترجمة : شكري المخبوت و رجاء بن سلامة – دار توبقال للنشر – الدار البيضاء – الطبعة الثانية ، ١٩٩٠.

٢٦–شعرية الخطاب السردى، محمد عزام، مطبعة اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ،٢٠٠٥.

٢٧–الفن الروائي، ديفيد لودج ، ت: ماهر البطوطي، المجلس الاعلى للثقافة ، المشروع القومى للترجمة , الطبعة الاولى, بدون مكان ، ٢٠٠٢.

٢٨–فنون الادب، توفيق الحكيم، مكتبة الانجيلو المصرية ، ١٩٦٨.

٢٩–في الوصفي، فيليب هامون، ت: سعاد التريكي، الطبعة الاولى، مطبعة سوتيبا، تونس، ٢٠٠٣.

٣٠–القصة السيكولوجية، (دراسة في علاقة علم النفس لفن القصة)، ليون أيدل، ترجمة، محمود السمرة، بيروت، ١٩٥٩.

٣١-قضايا الرواية الحديثة، جان ريكاردو، ت: صباح الجهيم، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق، ١٩٩٧.

٣٢-قضايا فن الابداعى عند ديستويفسكى ، م. ب. باختين ، ترجمة: د.جميل نصيف التكريتى، وزارة الاعلام، بغداد ، ١٩٨٦ .

٣٣-متعه الرواية ، دراسة نقدية ، د. احمد زياد محبك ، دار المعرفة ، الطبعة الاولى ، بيروت- لبنان ، ٢٠٠٥.

٣٤-مدخل الى التحليل البنيوي للقصص, رولان بارت, ت: د. منذر عياش, د. م, ١٩٩٣.

٣٥-مدخل الى نظرية القصة تحليلاً و تطبيقاً، سمير المرزوقي و جميل شاكر، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦.

٣٦-معجم مصطلحات الادب – مجدى وهبة، مكتبة لبنان ، ١٩٧٤.

٣٧-معجم مصطلحات الادبية المعاصرة، د. سعيد علوش، دار الكتاب اللبناني بيروت ، ١٩٨٥.

٣٨-معجم مصطلحات الادبية في اللغة والادب, مجدي وهبة وكامل المهندس, مكتبة لبنان, الطبعة الثاني, ١٩٨٤.

٣٩-النص والأسلوبية بين النظرية والتطبيق، عدنان بن ذريل، من منشورات اتحاد الكتاب لعرب، ٢٠٠٠.

٤٠-نظرية الادب، اوستن وارين و رينيه ويلك، ت: محى الدين صبحي، مطبعة خالد الطرابيشى، بدون مكان الطبع، ١٩٧٢.

٤١-نظرية البنائية في النقد الادبي، د. صلاح فضل، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.

٤٢-النقد الادبى، الجزء الاول في اصول النقد ومبادئه، احمد امين، دار الكتاب العربى لبنان الطبعة، ١٩٦٧.

٤٣-النقد التطبيقى والتحليلى، د. عدنان خالد عبدالله، دار الشؤون الثقافة العامة ، بغداد ، ١٩٨٦.

٤٤-النهايات المفتوحة، دراسة نقدية في فن انطوان تشيكوف القصصي، شاكر النابلسي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر, ط٢, بيروت, ١٩٨٥.

## **نامه زانكۆييەكان (الرسائل الجامعية):**

### أ- اطروحة دكتوراه:

١-البناء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم دغيم العاني، رسالة دكتوراه، كلية الأداب- جامعة بغداد، ١٩٨٧م.

٢-السرد عند الجاحظ (البخلاء نموذجا)، فادية مروان احمد الونسة، اطروحة دكتوراه، كلية الأداب، جامعة الموصل، ٢٠٠٤.

### ب- رساله ماجستير:

١- البناء الفني في الرواية التاريخية العربية (١٨٧٠-١٩٣٩)، خالد سهر محي الساعدي، رسالة ماجستير، كلية الأداب- جامعة بغداد، ١٩٨٩م.

٣- تقنيات السرد في روايات احمد خلف، اريان عبدالقادر عثمان، رسالة ماجستير، كلية اللغات جامعة صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٧.

٤- الوصف في الرواية العراقية, دراسة نقدية في تقنية بناء الوصف (١٩٣٧-١٩٤٠) رسالة ماجستير, عبدالامير فيلي الساعدى, كلية الاداب, جامعة بغداد,٢٠٠٠.

## گۆڤار و رۆژنامه:

١-التحليل البنيوي للسرد، د. سامية احمد اسعد، مجلة الاقلام، العدد الثاني، السنة الرابعة العشرة، ١٩٧٨.

٢- تقنيات السرد في عالم الحجيلي الروائي، نضال الصالح، ج (الاسبوع الأدبي)، العدد (٩٩١)، ٢٠٠٦.

٣- تيار الوعي، الارهاصات الاولى للرواية الجديدة، د. سلمية خليل، مجلة المخبر، ابحاث في اللغة والادب الجزائرى- جامعة محمد خيضر- بسكرة، عدد: (٧)، الجزائر، ٢٠١١ .

٤-السرد والوصف، جيرار جينيت، ت: مهند يونس، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد (٢)، ١٩٩٢.

٥-السردية حدود الفهم، بول بيرون، ت: د. عبدالله ابراهيم، مجلة (الثقافة الاجنبية)، بغداد، العدد (٢)، ١٩٩٢.

## كتێبه فارسی یه‌كان

١-روايت داستان ( تئورهای پايه‌يی داستان نويسی ), محمود فلكی, چاپ اول, نشر بازتاب نگار, تهران-١٣٨٢.

٢-روايت شناسی درامدی زبانشناختی، انتقادی، مايكل تولان، ت: سيده فاطمه علوی و فاطمه نعمتی، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، تهران، (١٣٨٦ش-٢٠٠٧م).

٣-عناصر داستان، جمال مير صادقی، انتشارات سخن، چاپ پنجم، تهران، ١٣٨٥.

أقليم كوردستان - العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين- اربيل

# فنون السرد في روايات خسرو جاف

رسالة
مقدمة الى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين- اربيل
وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في الأدب الكوردي

من قبل
سمير احمد ابراهيم بكالوريوس - جامعة صلاح الدين- أربيل-٢٠٠٧

بإشراف
أ. د. عبدالله ئاگرين

ريبەندان ٢٧١٤ الكوردية ربيع الأول ١٤٣٦ الهجرية كانون الثاني ٢٠١٥ الميلادية

## ملخص البحث

الرواية جنس أدبي مستقل، بأستطاعتها استيعاب عدد من المواضيع و الاحداث، الذي يدور في ذهن الراوي . لأن الرواية في كل الاحوال نرى فيها مواضيع متنوعة، و يجب أن ترد بشكل دقيق و هذا يتم بواسطة فنون اشكال السرد، وهذا البحث مثل بحث طريقة (التحليل التطبيقي ) محاولة لتحديد (( فنون السرد في روايات خسرو جاف )).

ومضمون الروايات (كوردەره – هيچ – پاشايان كوشت – راز – دەغدو ) عموما مأخوذة من المجتمع الكوردي. يتحدث عن الام و مشاكل الفرد الكوردي و المشاكل السياسية و الاجتماعية و الاقتصادية. هذه الرواية تتضمن مدخل و ثلاثة أقسام، و كل قسم يحتوي على محورين، المدخل الأول يتحدث عن تعريف وتأريخ السرد الادبي و أهمية و دور السرد في النقد الادبي مع طريقة السرد في الرواية .

**القسم الاول :** هذا القسم يحتوي على محورين اساسين، في المحور الاول تعريف و تأريخ فن الحوار في سرد الرواية المعنية، و بعدها فن الحوار و أنواعه في الرواية التطبيقية. وفي المحور الثاني قدمت تعريف و تأريخ فن المونولوج في الرواية، و بعدها المونولوج و انواعه في الرواية التطبيقية.

**القسم الثاني :** هذا القسم يتكون من محورين، المحور الاول يتحدث عن تعريف و انواع الاسترجاع. هذا الفن بأنواعه مطبقٌ في الروايات ، وفي المحور الثاني تحدثت عن التعريف وأنواع الاستباق في الروايات، ثم أنواع هذا الفن مطبقة في الروايات.

**القسم الثالث :** وهذا القسم انقسم على محورين، المحور الاول يتحدث عن فن الأختصار و الحذف من الناحية النظرية، مع تطبيق كل واحد من هذه الفنون في الروايات . وفي المحور الثاني حددت دور كل واحد من المنظر و الوصف من الناحية النظرية مع تحليل و تطبيق هذه الفنون في الروايات المعينة.

وفي نهاية البحث وصلنا الى عدد من النتائج بالاضافة الى تدوين المصادر و ملخص البحث قدمته باللغتين العربية و الانكليزية .

Kurdistan Region-Iraq
Ministry of Higher Education
and Scientific Research
Salahaddin University -Erbil

# The Narrative Techniques in The Novels of Khusraw Jaff

**A Thesis**

Submitted to the Council of the College of Languages-University of Salahaddin-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish Literature

**By**

Samer Ahmad Ibrahem B.A.- Salahaddin Univeristy - Erbil -2007

**Supervised By**

**Prof. Dr. Abdullah Agrin**

**January 2015 A.D.** **Rabia Al-Awal 1436 Al-H.** **Rebandan 2714 K.**

# Abstract

Like an independent genre, novel contains several subjects and happenings that come into the mind of the novelist. Though, different subjects can be found in novel in different circumstances, it should be narrated precisely due to the help of the Techniques of narration. This study, like a practical analysis, is an attempt to state ((The Techniques of Narration in Khusraf Jaf's Novels)). Generally, the contents of the novels like (Kodara, Hich, Pashayan Kusht, Raz, and Daghdu) have been quoted from the Kurdish society; it deals with the problems, suffers, and severe life of Kurdish people, it also deals with their political, social, and economical issues.

The study falls into an introduction and three chapters, each chapter consists of two sections.

The introduction, deals with the definition, the history of literary narration, its importance and role of the narration in literary criticism, and the way of narration has also been stated.

The first chapter consists of two main sections; in the first section, the definition and the history of monologue in narrating novel have been indicated; then, the technique and the kinds of monologue have been applied to the novels, while in the second, the definition and history of the techniques of monologue have been exposed, after that, the kinds of monologue have been applied to the novels.

The second chapter consists of another two chapters; in firs chapter the definition and the types of flashback (or analepsis) have been dealt with, after that, its kinds have been applied to the novels, while the second chapter deals with the definition and the kinds of flashforward (or prolepsis), then, they have been applied to the novels.

The third chapter was also divided into two chapters; first chapter deals with the techniques of contraction and omission in narration theoretically with applying each of them to the novels, while the second stated the role and importance of point of view and description theoretically with analyzing and applying them to the specific novels.

Finally, the study ends with conclusion and list of the sources. Then, the abstract of the research have been translated into both; the Arabic and the English languages.